# ناسینی

# هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم





نووسینی

نهاد جلال

بەرگی سێیەم

# ناسینی هاوەڵانی

# پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )

نووسینی

نهاد جلال حبيب الله

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: مێژوویی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی

بەرگ: سێیەم

نرخ:

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# ئەو هاوەڵانەی ناویان

# بە پیتی (ب)

# دەست پێ دەکات

باذام (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە مەولای پێغەمبەر (ﷺ) بووە.[1]

باقوم (رضي الله عنه)

باقووم رۆمیە، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) وەفاتی کرد، لەبەرئەوەی میراتگری نەبوو پێغەمبەر (ﷺ) میراتەکەی دا بە سوهەیلی کوڕی عەمر.[2]

باقومی رۆمی (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵە هەریەك لە باقووم و باقوول هاتووە،[3] ئەم هاوەڵە رۆمییە،[4] فەرموودەیەکی لێوە گێردراوەتەوە کە مینبەرەکەی پێغەمبەری (ﷺ) دروست کردووە، بەڵام ئیبن حەجەر ئەو ریوایەتە بە لاواز دادەنێت.[5]

دەوترێت لە رۆمەوە بە رێی دەریادا هاتووەو گەیشتوەتە مەککەو لەوێ کەعبەی بۆ قورەیش بنیادناوەتەوە.[6]

طەبەرانی لە (المعجم الأوسط) هێناویەتی لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە (رضي الله عنه) کە پێغەمبەر (ﷺ) لای دارخورمایەك وتاری دەدا و پاڵی پێوە دەدایەوە، پێی وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیسلام تەواو بوو–تەواو بڵاوبووەتەوە– و خەڵکی زۆر بون و

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص265.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص266.
3 - أسد الغابة، ج1، ص245.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1203.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص265.
6 - أخبار مكة للأزرقي، ج1، ص157.

لە هەموو ئاسۆکانەوە خەڵکی دێن بۆ لات، بەڵکو فەرمان بکەیت شتێ دروست بکرێ تا لەسەری دیار و لەبەرچاو بیت، ئەویش بە کەسێکی فەرموو، ئایا مینبەر دروست ئەکەیت؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ناوت چیە؟ وتی فلان، فەرمووی تۆ هی ئەم کارە نیت، کەسێکی تری بانگ کرد و پرسیاری لێکردو هەمان جۆر روویدا، ئینجا کەسێکی تری بانگ کرد و پێی فەرموو ئایا مینبەر دروست ئەکەیت؟ وتی بەڵێ إن شاء الله، ، فەرمووی ناوت چیە؟ وتی ئیبراهیم، فەرمووی دەست بکە بە دروست کردنی، ...).[1]

بەڵام بە گێڕانەوەی صەحیحی ئیمامی بوخاری و بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکانی هاوەڵان ئەو کەسەی مینبەرەکەی دروست کردووە کۆیلەی ئافرەتێك بوو،[2] ئەو ئافرەتەش یەکێك بوو لە پشتیوانان،[3] لە هەندێ سەرچاوەدا ناوی ئەو کەسەی مینبەرەکەی دروستکردووە بە باقوم هاتووە.[4]

لە صەحیحی بوخاریدا لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە هاتووە ئافرەتێك بە پێغەمبەری (ﷺ) وت ئەی پێغەمبەری خوا شتێکت بۆ دروست نەکەم لەسەری دابنیشیت؟ چونکە من کۆیلەیەکم هەیە دارتاشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر ئەتەوێ باشە، ئەویش دەستی کرد بە دروستکردنی.[5]

---

[1] - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 5369، أسد الغابة، ج1ص70.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 440، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13979.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 2011، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13979.

[4] - معرفة الصحابة لإبن منده، ص306، أسد الغابة، ج1ص70، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص21.

[5] - صحيح البخاري، الرقم 440، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13979.

ئیبن حەجەر دەڵێت لەوانەیە ئەمە هەر ئەم هاوەڵە بێتو ناوی ئیبراهیم و نازناوەکەی باقووم بووبێت.[1]

لەو ئەگەرەی ئیبن حەجەرەوە ئەو ئەگەرەی تریش هەیە لەوانەیە ئەو کەسە بە باقووم ناسرابێت و دواتر کە موسڵمان بووبێت ناوی خۆی گۆڕیبێت بە ئیبراهیم.

ئیبن حەجەر لە شەرحی صەحیحی بوخاریدا بە وردی باسی دروستکردنی مینبەرەکەی پێغەمبەری (ﷺ) هێناوە، باس لە هەریەك لە ئیبراهیمی نەجار و باقوم و تەمیمی داری دەکات، ئەو ریوایەتەی باسی باقوم دەکات بە لاوازی داناوە، ئەوەشیان باسی تەمیمی داری دەکات سەنەدەکەی بە جەید داناوە،[2] لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە دەڵێت باقوم داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تا لەسەر شێوازی ئەو مینبەرەی لە شام بینیویەتی مینبەرێکی بۆ دروست بکات، ئەویش راوێژی کرد بە هاوەڵان و ئەوانیش پێیان باش بوو مینبەرەکە دروست بکات، عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب وتی من کۆیلەیەکم هەیە پێی دەوترێت کیلاب، زۆر ئیشکەرە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بینێرە با بەردەستی بۆ بکات، ئەویش ناردی و ... مینبەرەکەیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروست کرد.[3]

دواتر ئیبن حەجەر دەڵێت بەڵگەی دروست نیە لەسەر ئەوەی تەمیمی داری دروستی کردبێت، بەڵکو پێی وایە بەڵگەی راست لەسەر ئەوەیە مەیموون دروستی کردبێ، دەشڵێت گونجاو نیە چەند کەسێك دروستیان کردبێت، چونکە مەدینە یەك

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص21.

2 - فتح الباري بشرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، ج2، ص398.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص250.

دارتاشی کارای هەبووە، بەڵام دەکرێت ئەو یەك کەسە وەستاکە بووبێت و ئەوانی تر هاریکار و بەردەستی بووبن.[1]

دەکرێت بڵێین:

یەکەم: بیرۆکەی دروستکردنی مینبەر لە شامەوە وەرگیراوە.

دووەم: کەسێك ئەم بیرۆکەی خستوەتەڕوو کە زۆر سەردانی ڕۆمی کردووە.

سێیەم: کەسانێ بەردەستییان کردووە بۆ دروستکردنی مینبەرەکە.

بۆ وەرگرتنی وردەکاری زیاتر سەبارەت بە دروستکردنی مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بڕوانە (فتح الباري: باب التأذين عند الخطبة).

## بەحیرای راهیب(رضي الله عنه)

یەکێکە لەو کەسانەی لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبدا هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[2]

ئیبن ئەثیر سەبارەت بە هاتنی ئەم هاوەڵە گێڕانەوەیەك دێنێت: کاتێك موسڵمانانی حەبەشە زانییان پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمانان لە جەنگی بەدردا سەرکەوتن، داوای مۆڵەتیان کرد لە نەجاشی تا بچنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ژمارەیەك لەوانەی لای نەجاشی بوون و بڕوایان هێنابوو بە نەجاشییان وت مۆڵەت

1 - فتح الباري بشرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، ج2، ص399.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص271.

بدە بە ئێمەش با بچین بۆ لای ئەو پێغەمبەرەو بزانین ئەو کەسەیە کە لە کتێبەکەماندا باسی کراوە؟ ئەوەبوو چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و لەگەڵیدا بەشداری غەزای ئوحود بوون، ریوایەتێ لە موقاتیل و کەسانی تریشەوە دێنێ کە وتویانە ئەوانە 40 کەس بوون، سی و دوو کەسیان لە گەڵ جەعفەری طەیاردا هاتن، هەشت کەسیشیان لە شامەوە هاتن (بوحەیراو ئەبرەهەو ئەشرەف و تەمام و ئیدریس و ئەیمەن و نافع و تەمیم)، ئەمە گێڕانەوەی ئەبوو مووسا بوو کە ئیبن ئەثیر هێناویەتی، ئیبن ئەثیر دەڵێت ئەگەر مەبەستی بە بوحەیرا یەکێکی تری جیا لەو بوحەیرایە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) بە منداڵی بینی، ئەوە ئەگەری هەیە ئەم هاتنی وەفدە راست بێت.[1]

ئیبن حەجەر دەڵێت وادیارە ئەمە بوحەیرایەکی ترە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی لە خاکی شام دیوە، بەڵام ئەم بوحەیرایەیان لە حەبەشە بووە، باکووری وڵات لەکوێ و باشووری لەکوێ، ئاساییە دوو کەس یەك ناویان هەبێ.[2]

بەڵام بەپێی هەموو سەرچاوەکان جەعفەری طەیار (رضي الله عنه) و موسڵمانان لە فەتحی خەیبەردا هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[3] دیاریشە غەزای ئوحود لەپێش فەتحی خەیبەر روویداوە، بۆیە هاتنی ئەو کەسانە لەگەڵ جەعفەری طەیار بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەشداری کردنیان لە غەزای ئوحوددا، بەپێی سەرچاوەکان هەڵەیەو راستی تێدا نیە، دەشکرێ ئەو ئەگەرە دابنێین ئەو کەسانەی تر (واتە ئەو

[1] - أسد الغابة، ج1ص71.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص22.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص486، الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص242، أسد الغابة، ج1ص421، سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1ص206.

40 کەسە) بەجیا و بەبێ جەعفەر هاتبن، وەك چۆن ئیبن حەجەر باس لەوە ناکات هاتنی ئەو کەسانە لەگەڵ جەعفەردا بووبێت.[1]

ئیبن ئەثیریش پێی وایە ئەم بەحیرایە جیایە لەو بەحیرا راهیبەی کە پێغەمبەر (ﷺ) پێش پێغەمبەرایەتی بینیویەتی چونکە ئەو بەحیرا راهیبە تا ئەو کاتە نەژیاوە.[2]

ئیبن حەجەر فەرموودەیەکی هێناوە کە لە بەحیراوە گێڕدراوەتەوە.[3]

## بەحیری ئەنماری (رضي الله عنه)

یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)،[4] دەوترێت نازناوەکەی ئەبووسەعدی خەیرە،[5] لە پشتیوانان بوو.[6]

ئەبوسەعدی خەیری ئەنماری دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إن ربي وعدني أن يدخل الجنة من أمتي سبعين ألفا بغير حساب، ويشفع كل ألف لسبعين ألفا، ثم يحثي ربي ثلاث حثيات بكفيه)،[7] (پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەم بە بێ لێپێچینەوە بخاتە بەهەشتەوەو هەر هەزاریان شەفاعەت

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص22.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 251.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص271.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص272.
5 - أسد الغابة، ج1، ص251.
6 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1945.
7 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18595، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 1945،

بکەن بۆ حەفتا هەزار کەس –لە ئوممەتەکەم– پاشان پەروەردگارم بە مشتەکانی خۆی سێ مشتی پڕ هەڵدەدات– تا بیانخاتە بەهەشتەوە–).

ئەم فەرموودەیە لە رێی ئەبووئومامەشەوە گێردراوەتەوەو ئیمامی ترمذی هێناویەتی و فەرموودەکەی بە حەسەن داناوەو ئیبن حیببانیش لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی.[1]

بەدر ئەبووعەبدولا (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە مەولای پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بە ئەبوو عەبدولڵا ناسراوە.[2]

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، ئیبن ئەثیر ئەو فەرموودەی هێناوە کە بەدر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دانەوەی قەرزی پێش وەسیەت دانا، هەروەها برایانێ لە هەردوو سەرەوە بران بێ لە برایانێ کە تەنها لە باوکەوەن میراتی وەردەگرن.[3]

بەدری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

فەرموودەیەکی لێوە گێردراوەتەوە کە ئیبن حەجەر لە تەفسیرەکەی ئەبوشەیخەوە هێناویەتی لە عەبدولای کوڕی بەدرەوە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (من أحب أن يبارك له في أجله وأن يمتعه بما خوله فليخلفني في أهلي خلافة حسنة).[4]

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 2420، سنن ابن ماجة، الرقم 4283، صحيح ابن حبان، الرقم 7253، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21575.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص272.

3 - أسد الغابة، ج1، ص253.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص272، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1193.

بەدری کوڕی عەبدوڵای موزەنی (رضي الله عنه)

ناوی بەدری کوڕی عەبدوڵای موزەنیە،[1] فەرموودەیەکی لێوە گێڕدراوەتەوە دەڵێت لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووم، پێم وت ئەی پێغەمبەری خوا من کەسێکم زۆر هەوڵ دەدەم کەچی رزقم دەست ناکەوێ و سامانم زیاد ناکات، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو ( ئەی بەدری کوڕی عەبدوڵا هەرکات بەیانی هەستایت بڵێ بسم الله على أهلي ومالي اللهم رضني بما قضيت لي وعافني فيما أبقيت حتى لا أحب تعجيل ما أخّرت ولا تأخير ما عجّلت) منیش ئەوەم دەوت، ئیتر خوا بەرەکەتی خستە سامانمەوەو زیادی کرد و قەرزەکانم دایەوەو خۆم و ژن و منداڵمی دەوڵەمەند کرد.[2]

هەمان ئەم فەرموودەیە بە گێڕانەوەی تر هاتووە و ئەلبانی بە تەواو لاوازی داناوە.

بەدری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی بەدری کوڕی عەبدوڵای خەطە میە،[3] لە پشتیوانانە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە ئەو کوڕەشی کوڕێکی بوو ناوی نا بەدر.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص272.
2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1191، أسد الغابة، ج1، ص253.
3 - أسد الغابة، ج1، ص252.
4 - الآحاد و المثانى لابن أبي عاصم، الرقم 1942.

بەدر فەرموودەیەكی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە كە دەفەرموێت (خمس من سنن المرسلين : الحياء ، والحلم ، والحجامة ، والسواك والتعطر)،[1] (پێنج شت لە سوننەتی پێغەمبەرانە، شەرم و نەرمونیانی و كەڵەشاخ و سیواك و بۆنی خۆش لەخۆدان).

بەرائی كوڕی عازب (رضي الله عنه)

ناوی بەرائی كوڕی عازبی كوڕی حارثی كوڕی عەددییە،[2] ئیبن عەبدولبەر پێی وایە ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەكان،[3] بەڵام ئیبن ئەثیر دەڵێت لە ئەوسیەكانە،[4] راستتر وایە لە ئەوسیەكانە، ئیبن سەعدیش بە ئەوسی هێناویەتی.[5]

كونیەكەی ئەبووعمارەیە، دەوترێت بەڵكو كونیەكەی ئەبووعەمرە،[6] دەشوترێت كونیەكەی ئەبوطوفەیلە، یان دەوترێت ئەبوو عومەرە، بەڵام زیاتر ئەبوعمارە هاتووە.[7]

هەریەك لە ئەوس و عازبی باوكیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون.[8]

---

1 - الآحاد و المثانى لابن أبي عاصم، الرقم 1942، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1192، ضعفه الألباني في ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 2858.

2 - البداية والنهايةلإبن كثير، ج8، ص328، تاريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص365.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص155.

4 - أسد الغابة، ج1، ص258.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص17.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

7 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب ، ج1، ص155.

8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

دەوترێت دایکی ناوی حەبیبەی کچی ئوم حەبیبەیە، دەشوترێت بەڵکو ناوی ئوم خالیدی کچی ثابتی کوڕی سینانە.[1]

بەرائی کوڕی عازب برایەکی هەبوو بە ناوی عوبەید کە لە جەنگەکانی جەمەل و صفین و نەهرەواندا لەگەڵ بەرائی برایدا لە سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری کرد.[2]

براکانی تری بریتی بوون لە یوونس و عازب و یەحیا، خوشکێکیشی هەبوو بەناوی ئوم عەبدوڵا.[3]

هەروەها بەرائی کوڕی عازب کچێکی هەبوو بە ناوی حەفصە،[4] کچێکی تریشی هەبوو بە ناوی تەحیا.[5]

بەرائی کوڕی عازب دوو کوڕی هەبوو بە ناوی یەزید و سوەید، یەزید فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، هەروەها سوەیدیش فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوەو دواتریش بووبوو بە ئەمیری عمان و یەکێك بوو لە والیە زۆر چاکەکارەکان.[6]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص364.
2 - أسد الغابة، ج1، ص258.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص365.
4 أسد الغابة، ج3، ص561.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص281.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص296.

بەرائی کوڕی عازب خاڵۆیەکی هەبوو بە ناوی کەثیر، بەراء دەڵێت خاڵۆم ناوی قەلیل بوو (واتە کەم) پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی لێنا کەثیر (واتە زۆر).[1]

لە غەزای بەدردا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی نەدا هەریەك لە بەرائی کوڕی عازبو ئیبن عومەر بەشداری بکەن، چونکە تەمەنیان کەم بوو.[2]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە بەرائی کوڕی عازب لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردووە، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو تا ئەوەی لە چواردە غەزادا کە پێغەمبەر (ﷺ) تیایاندا بەشدار بوو ئەمیش ئامادەیی هەبوو.[3]

بەڵام بەپێی گێڕانەوەیەکی واقیدی هاتووە یەکەم غەزا کە هەریەك لە ئیبن عومەر و بەرائی کوڕی عازب تیایدا بەشدار بوون بریتی بوو لە غەزای خەندەق.[4]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە لە غەزای خەندەقدا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی دا بە بەرائی کوڕی عازب بەشداری بکات، چونکە ئەوکات تەمەنی پانزە ساڵ بوو، بەڵام پێش خەندەق ڕێی نەدابوو بەشداری غەزاکان بکات.[5]

بەرائی کوڕی عازب باسی هەڵکەندنی خەندەقەکەی غەزای خەندەق دەکات و دەڵێت پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لەگەڵ ئێمەدا خۆڵی دەگواستەوەو خۆڵ سپیایی سەر سکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) داپۆشیبوو، ئینجا ئەم شیعرەی دەوتەوە:

---

1 - أسد الغابة، ج4، ص483.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص367.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص156.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص368.

اللهم لولا أنت ما اهتدينا

ولا تصــدقنــا ولا صلينــا

فــأنزلن سكينــة علينــا

و ثبــت الأقدام إن لاقــينـا

إن الألى قــد بغــوا علينــا

و إن أرادوا فــتنـــة أبــينـا [1]

بەرائی کوڕی عازب ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری هەڵکەندنی خەندەقەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقەکەدا گابەردێکمان هاتەڕێ کە پاچ و خاکەناز چاریان نەدەکرد، سکاڵا برایە لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هات، جلەکەی سەرشانی داناو دواتر دابەزی، پاچەکەی (زەنگنەکەی) گرتو فەرمووی بسم الله، دای لە بەردەکە سێ یەکی بەردەکە شکا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی الله أكبر کلیلەکانی شامم پێ درا، سوێند بەخوا وا لەم شوێنەمەوە کۆشکە سوورەکانی دەبینم، ئینجا فەرمووی بسم الله و دانەیەکی تری لێدا، سێ یەکی تری بەردەکە شکا، فەرمووی الله اكبر کلیلەکانی فارسم پێ درا سوێند بەخوا وا مەدائین دەبینمو کۆشکە سپیەکەی لەم شوێنەمەوە دەبینم، پاشان فەرمووی بسم الله و دانەیەکی

1 - صحيح البخاري، الرقم 2702، صحيح مسلم، الرقم 3453، صحيح ابن حبان، الرقم 4605، سنن الدارمي، الرقم 2413، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18306، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9985، مسند الروياني، الرقم 320، مسند الطيالسي، الرقم 740، التوحيد لابن مندة، الرقم 351، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص71.

تری لێدا پاشماوەکەی تری شکاو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی الله أكبر كلیلەکانی یەمەنم پێ دران، سوێند بەخوا وا لەم شوێنەمەوە دەرگاکانی صەنعا دەبینم.[1]

بەرائی کوڕی عازب زۆربەی کاتەکانی خۆی لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەسەر دەبرد، ئەوەتا دەڵێت لە هەژدە دەرچوونی پێغەمبەردا (ﷺ) هاودەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوم.[2]

بەرائی کوڕی عازب لە رێککەوتنی حودەیبیەدا بەشداری کرد، وەك خۆی دەڵێت لە رۆژی حودەیبیەدا سەدو چواردە وشترمان پێ بوو، حودەیبیەش بیرێك بوو، لەوێ لاماندا و چی ئاوی تێدا بوو دەرمانکرد تا هیچی تیا نەما، پێغەمبەر (ﷺ) لە لێواری بیرەکەوە دانیشت و داوای بڕێك ئاوی کرد، ئاوەکەیان بۆ هێناو بڕێکی خستە دەمی و لە دەمی رادا، دواتر ئاوەکەی ناو دەمی کردە ناو بیرەکەوە، چاوەڕێمان کرد هێندەی نەبرد خۆمان تێر ئاومان لێ خواردەوەو دواتریش وڵاخەکانمان تێر ئاو کردن.[3]

بەرائی کوڕی عازب دەڵێت جارێك پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی حەسەنی لە قەلادۆشکانی دانابوو و دەیفەرموو (اللهم إني أحبه فأحبه) خوایە من خۆشم ئەوێت دەی تۆیش خۆشت بوێت).[4]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18316، السنن الكبرى للنسائي، الرقم8584.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3404، مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 2167.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3560، صحيح مسلم، الرقم 4552، سنن الترمذي، الرقم 3800، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7893، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19598، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18209، صحيح ابن حبان، الرقم 7072، مسند الروياني، الرقم 374، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2518.

بەرائی کوڕی عازب دەڵێت حارثی کوڕی عەمر (کە بڕوا وایە مامی یان خاڵی بێت) منی لەگەڵ خۆیدا برد کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەرکێکی پێ ڕاسپاردبوو، وتم مامە گیان پێغەمبەر (ﷺ) تۆ بۆ کوێ دەنێرێت؟ وتی ناردوومی تا بڕۆم بدەم لە گەردنی پیاوێك کە باوەژنەکەی خۆی مارە کردووە.[1]

هەروەها بەرائی کوڕی عازب باسی ڕووداوی بەنی قورەیضە دەکات دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژەدا بە حەسسانی کوڕی ثابتی فەرموو هێرش بکەرە سەر بێباوەڕان–بە شیعر– چونکە جبریل لەگەڵتدایە.[2]

بەرائی کوڕی عازب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلیددا نارد بۆ یەمەن، دواتر لەبریدا عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد،[3] دیارە بەرائی کوڕی عازب لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا بەشدار بووە وەك خۆی دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) عەلی نارد بۆ یەمەن من لەگەڵیدا بووم.[4]

بەرائی کوڕی عازب بەسەرهاتێکی حەجی ماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەو حەجەدا بووین کە تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) حەجی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوەندی ڕێدا دابەزی و فەرمانی کرد نوێژ بکەن، دەستی عەلی گرت و فەرمووی ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی ئایا بۆ هەر باوەڕدارێك من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی (فهذا ولي من أنا

1 - أسد الغابة، ج1، ص 497.
2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج4، ص131.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج5، ص104.
4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج5، ص130.

مولاه ، اللهم وال من والاه ، اللهم عاد من عاداه)،[1] دەی ئەمە وەلی هەر کەسێکە کە من مەولای بم، خوایە لەگەڵ ئەو کەسە بە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەو کەسە بە کە دژیەتی).

بەرائی کوڕی عازب دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) بەردەوام بوو لە غەزاکاندا، لە ساڵی بیست و چواری کۆچیدا ناوچەی رەی فەتح کرد،[2] هەروەها هاودەم بە ئەبوو مووسای ئەشعەری لە غەزای توستوردا بەشدار بوو.[3]

دواتر بەرائی کوڕی عازب لە ناو سوپای خەلیفەی باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبوطالیبدا بوو و بەشداری هەریەك لە جەنگی جەمەل و صفینی کرد و لە جەنگی نەهرەوانیشدا دژ بە خەواریجەکان لە سوپای عەلیدا بەشدار بوو.[4]

بەرائی کوڕی عازب دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی بۆ خۆی دروست کرد و مایەوە تا لە سەردەمی ئیمارەتی موصعەبی کوڕی زوبەیردا کۆچی دوایی کرد،[5] ئەمەش لە ساڵی حەفتا و دووی کۆچیدا بوو.[6]

سەبارەت بە ساڵی مردنەکەی، ئیبن کەثیر دەڵێت بۆچوونێ هەیە دەڵێت لە ساڵی حەفتاو دوو یان حەفتا و سێ یان حەفتاو چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە،[1]

---

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 115، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18115، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 116.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص156.

3 - أسد الغابة، ج1، ص258، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ص157.

5 - أسد الغابة، ج1، ص258.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

ذەهەبی دەڵێت بەرائی کوڕی عازب لە ساڵی حەفتاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە،[2] بەڵام بۆچوونی زیاتر لەسەر ئەوەیە لە ساڵی حەفتاو دووی کۆچی وەفاتی کردووە.

رایەکی تر دەڵێت بەرائی کوڕی عازب دواتر لە کووفەوە گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ کۆچی دوایی کرد.[3]

تەمەنی بەرائی کوڕی عازب:

هەرچەندە سەرچاوەکان تەمەنی بەرائی کوڕی عازبیان باس نەکردووە، بەڵام دەتوانین بە نزیکەیی تەمەنی دیاری بکەین:

لە غەزای خەندەقدا بەرائی کوڕی عازب تەمەنی پانزە ساڵان بووە، غەزای خەندەقیش لە ساڵی پێنجی کۆچیدا روویداوە، واتە لە ساڵی یەکی کۆچیدا کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کردووە بۆ مەدینە تەمەنی بەرائی کوڕی عازب نزیکەی دە ساڵان بووە، لە کاتی بەدر و ئوحودیشدا تەمەنی کەم بووە بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) رێی نەداوە بەشداری ئەو غەزایانە بکات، ئەمەش بەڵگەیەکی دروستە لەسەر ئەوەی بەرائی کوڕی عازب بەشداری ئوحودیش نەبووە.

زۆرترین ساڵ لەسەر مردنەکەی هاتبێت ساڵی 72ی کۆچیە، واتە کاتێك بەرائی کوڕی عازب کۆچی دوایی کردووە تەمەنی نزیکەی هەشتاو دوو ساڵان بووە.

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص328.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص300.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص17.

پەندو وانە:

خاکیبوون و گەورەیی پێغەمبەر (ﷺ) بەدیدەکەین کە چۆن لە کاتی سەنگەر و ماندووبوونی موسڵمانانو لە هەڵکەندنی ئەو خەندەقەدا بەشدار بووە و هێندە خۆڵی گواستوەتەوە تا تۆزو خۆڵ سەر سنگی داپۆشیوە، ئەمە هەم بەرپەرچدانەوەی ئەو بیرە شێواوەی هەندێ رێبازی ناردوستە کە پێیان وایە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و ئەرکی پەرستش واجب نیە، هەم وانەیەکە بۆ سەرکردەکان.

خۆشەویستی عەلی کوڕی ئەبووطالیب واجبێکی سەرشانی هەر موسڵمانێکە وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لەو فەرمووده صەحیحەدا ئاماژەی پێ داوە، هەروەك خۆشەویستی حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلیش واجبی هەر موسڵمانێکەو ئەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) خۆش بوێت واجبە ئەوانیشی خۆش بوێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لە خوا کردووە رقو دوژمنایەتی هەبێت بەرامبەر بە دوژمنانیان.

بەرائی کوڕی حەزم (رضي الله عنه)

یەعلای کوڕی ئەشدەق دەڵێت گەیشتم بە دە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، لەوانە بەرائی کوڕی حەزم و عەبدوڵای کوڕی جراد کە دەیانوت پێغەمبەر (ﷺ) لە هەر سەد وشترێك دوو جیزعەی لێ وەردەگرتین–بۆ زەکات.[1]

ئیبن حەجەر لە (الإصابة) دا دەڵێت یەعلای کوڕی ئەشدەق یەکێکە لە لاوازە مەتروکەکان.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص278.

بەرائی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی بەرائی کوڕی عەمری کوڕی عەبدورەحمانی کوڕی عوبەیدی خەزرەجیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[1] لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردووە.[2]

بەرائی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی بەرائی کوڕی مالیکی کوڕی نەضرە،[3] لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار،[4] برای ئەنەسی کوڕی مالیکە لە سەری باوکیەوە،[5] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی شەریکی کوڕی سەمحا، دایکی ناوی سەمحایە.[6]

هەرچەندە بۆچونێك پێی وایە ئەنەس و بەرائی کوڕی مالیك دایکیشیان یەك بووە،[7] بەڵام ئیبن حەجەر دەیسەلمێنێت تەنها لە سەری باوکەوە برا بون.[8]

بەرائی کوڕی مالیك دەنگێکی خۆشی هەبوو و لە زۆر گەشتی پێغەمبەردا (ﷺ) لەگەڵیدا دەچوو،[9] هەروەها لە هەموو غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری کردووە جگە لە غەزای بەدر.[10]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص279.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص279.
3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص153
4 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص209.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص281-282.
6 - أسد الغابة، ج2، ص601.
7 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص153، البطقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص17، أسد الغابة، ج1، ص259.
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص280.
9 - أسد الغابة، ج1، ص260.
10 - أسد الغابة، ج1، ص259.

پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بەوە دابوو بەرائی کوڕی مالیك نزای گیرایە، بەراء تەواو تامەزرۆی جیهادی ڕێی خوا بوو، جارێك ئەنەس چوو بۆ لای بەراو و سەیری کرد شیعر دەڵێتەوە، ئەویش وتی براکەم شیعر دەڵێیتەوە لەکاتێکدا خوای گەورە لەبری شیعر چاکتری بۆ داناویت کە قورئانە؟ ئەویش وتی دەترسیت خوا لەناو جێگەدا بممرێنێ لەکاتێکدا بە تەنها نەوەدو نۆ بێباوەڕم کوشتووە جگە لەوەی لەگەڵ هاوەڵان بێباوەڕی ترم کوشتووە؟[1]

ئەنەسی کوڕی مالیك ئاماژە بەوە دەدات کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی بەرائی کوڕی مالیك ئەگەر سوێندی خوا بدات، خوای گەورە سوێندەکەی بەجێدەگەیەنێت (کم من أشعث أغبر ذي طمرين لا يؤبه له لو أقسم على الله لأبره منهم البراء بن مالك).[2]

بەرائی کوڕی مالیك دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە غەزای یەمامەشدا ڕۆڵێکی کارای گێڕا.[3]

لە جەنگی یەمامەدا موسڵمانان لەبەردەم باخێکدا کە بە دیوار دەورە درابوو گیریان خواردبوو، بەرائی کوڕی مالیك وتی هۆ موسڵمانان من بەرزبکەنەوە تا بچم بۆیان، ئەوەبوو بەرزیان کردەوەو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت و جەنگا تا

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص197- 198.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3871، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3876، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 10062، مشكل الآثار للطحاوى، الرقم 575، أخبار أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2516، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذی، الرقم 3854.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص155

دەرگاکەی کردەوەو موسڵمانان توانییان بچنە ناوەوە و سەربکەونو دواجاریش موسەیلەمە کوژرا.[1]

جۆری سەرخستنەکەشی ئەوەبوو کە خستیانە سەر تەختێك(قەڵغانێك)و بە رمەکان بەرزیان کردەوە تا فڕێیان دا بەودیودا و لەوێ هەستایەوەو کەوتە کوشتنی بێباوەڕان تا چوو دەرگاکەی کردەوە.[2]

خالیدی کوڕی وەلید لە جەنگی یەمامەدا بە بەرائی کوڕی مالیکی وت هەستە، ئەویش هەستا و وتی ئەی خەڵکی مەدینە ئەمڕۆ بەس خوای گەورە وبەهەشتتان بۆ هەیە و بەتەما مەبن بگەڕێنەوە شارەکەتان، ئینجا هەڵمەتی برد و خەڵکیش کەوتنە شوێنی و دایان بەسەر خەڵکی یەمامەدا و سەرکەوتن.[3]

بەڕاء لەو جەنگەدا تووشی بوو بە تووشی کەسێکەوە کە پێی دەوترا گوێدرێژی یەمامە، چونکە زۆر زل و قەبە بوو، بەرائیش هێرشی بۆ برد و بە شمشێر دای لە هەردوو قاچی، کابراش لەسەر ئەژنۆ کەوت، ئینجا کوشتی، پاشان شمشێرەکەی خۆی هەڵگرت و بە شمشێرەکەی کابرا جەنگا تا شمشێرەکەی شکا.[4]

لە جەنگی یەمامەدا هێندە جەنگا تا نزیکەی هەشتاو ئەوەندە جار بریندار بوو، ئەوەبوو یەك مانگ لای خالیدی کوڕی وەلید بوو تا برینەکانی چاك بوونەوە.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة ، ج1، ص281-282.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص268.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص281.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، 281.

5 - أسد الغابة، ج1، ص260.

گەرموگوڕی و نەترسی بەرائی کوڕی مالیك لە ئاستێکدا بوو ئەمیری باوەرداران عومەری کوڕی خەططاب نامەی نووسی و فەرمانی کرد بەرائی کوڕی مالیك نەکەنە سەرکردەی سوپا، چونکە گوێی لیٚ نیەو بەردەوام پێشڕەوییان پیٚ دەکات.[1]

دواجار لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە قەڵای توستور شەهید بووە.[2]

دەوترێت لە ساڵی بیستی کۆچی بووە، دەشوترێت بەڵکو لەپێش بیستی کۆچی بووە، یان دەوترێت لە ساڵی بیست و سێی کۆچیدا بووە، باس لەوەش دەکریٚ هورمزان بەرائی کوڕی مالیکی شەهید کردووە.[3]

وەك پێشتر باسمانکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بەوە دابوو ئەگەر بەرائی کوڕی مالیك سوێندی خوا بدات خوا سوێندەکەی ناخات، ئەوەبوو جاریٚ لە غەزایەکدا موسڵمانان بەدەست بێباوەڕانەوە گیرۆدە بوون، موسڵمانان وتیان ئەی بەرائی کوڕی مالیك پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژەی بەوە داوە ئەگەر سوێندی خوا بدەیت خوا سوێندەکەت ناخات دەی نزامان بۆ بکە، ئەویش وتی خوایە سوێندت دەدەم گەردنی ئەو بێباوەڕانە بدەیتە دەستمان و دوای ئەوەش من بگەیەنیتەوە بە

1 - أسد الغابة، ج1، ص259، تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص210.
2 -الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص155، تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص210.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة ١، ج5، ص774.

پێغەمبەرەکەت، ئەوەبوو خوای گەورە موسڵمانانی سەرخست، شەهیدیشی بەخشی بە بەرائی کوڕی مالیك.[1]

بەرائی کوڕی مالیك ژمارەیەکی زۆری دوژمنی رووبەڕوو کوشت، جگە لەوانەی لەگەڵ موسڵمانانی تردا بەشداری کوشتنیان بوو.[2]

دوای ئەوەی بەرائی کوڕی مالیك کە شەهید بوو کچێکی هەبوو لای ئەنەسی برای دەمایەوەو دواتریش ئەنەس دای بە شوو.[3]

پەندو وانە:

بێ بەڵگە لەسەر کەس قسە نەکەین، بەتایبەت لەسەر کەسێك کە لە رووی روخساریەوە لای ئێمە کەمە، چونکە جار هەیە ئەو کەسە خۆشەویستی خوایە، لەوانەیە لە دەوروبەرماندا چەند کەس هەبن کە ئێمە وەڵامی مەرحەبایەکیان بە نەدەینەوە، بەڵام ئەگەر سوێندی خوا بدەن بۆ مەسەلەیەك، خوای گەورە سوێندەکەیان ناخات. بۆیە ناسینی روخسار پێوەر نیە، بەڵکو ناسینی دڵەکان پێوەرە و ئەوەش تەنها لە زانستی خواییدایە.

مردنو شەهیدی لە رێی خوادا ئاواتی باوەڕدارە نەك دێوەزمەی ترس و هۆکاری خەمۆکی بێت، ئەگەر لە مەسیحیەتدا مەرگ ویستێکی دژە دنیایی بێت و لە جوولەکایەتیدا مەرگ راستیەکی بێزراو بێت، ئەوا لە ئیسلامدا مەرگ ویستێکە بۆ گەیشتن بە خوای گەورە، پەیامی (بەختەوەر بژی و بە شەهیدی بمرە) پەیامی

1 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 10062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5242،
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص85.
3 - البطقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص121.

ئیسلامە بۆ موسڵمان، ترسی مەرگ و خەمۆکی بوون هەمان ئەو وەهنەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) وەك دەردی باری موسڵمانان باسی لێوە کردووە، چونکە هەر کات دنیاپەرستی و خۆشویستنی مانەوەو بەجێنەهێشتنی دنیا لە ناخی موسڵماندا پەیدا بوو، بەرامبەر بەوە حەزی گەڕانەوە بۆ لای خواو ژیانی هەتاهەتایی لای لاواز دەبێت، هەر بەمەش بڕوابوونی بە ڕۆژی دوایی و پاداشتی ڕۆژی دوایی کز دەبێت و لەبری ڕاستیەکی ناو ناخی موسڵمان دەبێتە وتەیەکی سەر زارەکی.

بەرائی کوڕی مەعرور (رضي الله عنه)

ناوی بەرائی کوڕی مەعروری کوڕی صەخری کوڕی خەنسائی کوڕی سینانە،[1] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبو بیشرە.[2]

دایکی ناوی ریبابی کچی نعمانە،[3] یان دەوترێ دایکی ناوی سەلاف بووەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند جار سەردانی کردووە.[4]

ژنەکەی ناوی حومەیمەی کچی صەیفیە،[5] ئیبن ئەثیر دەڵێت پێم وایە ئامۆزای بووە،[6] ژنێکی تریشی هەبوو بە ناوی خلیسەی کچی قەیس کە دایکی بیشرە.[7]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص618.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص282.
3 - أسد الغابة، ج1، ص260.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص702.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص587.
6 - أسد الغابة، ج7، ص80.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص610.

بەرائی کوڕی مالیك کوڕێکی هەبوو بە ناوی بیشر کە بەشداری بەیعەتی عەقەبە و غەزای بەدر و ئوحود و غەزاکانی تریش بوو تا لە فەتحی خەیبەردا وەفاتی کرد،[1] ئەم کوڕەی لەو گۆشتە ژەهراویەی خوارد کە ئافرەتە جوولەکەکە هێنای بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[2]

کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی موبەشیر[3] کە لە حودەیبیە و بەیعەتی ریضواندا بەشداربوو.[4]

کچێکیشی هەبوو بە ناوی ئوم بیشر یان ئوم ئەنەس کە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە،[5] کچێکی تریشی هەبوو بە ناوی هیند کە ژنی جابری کوڕی عەتیك بوو.[6]

کچێکی تریشی هەبوو بە ناوی رەباب کە بەیعەتی داوە بە پێغەمبەر (ﷺ)،[7] کچێکی تری ناوی ظەبیە بوو کە ژنی ئەبووقەتادەی ئەنصاری بوو،[8] یان دەوترێت ناوی سەلافە بووە.[9]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص167.
2 - أسد الغابة، ج3، ص441.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص762.
4 - أسد الغابة، ج5، ص59.
5 - أسد الغابة، ج7، ص324.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص150.
7 - أسد الغابة، ج7، ص118.
8 - أسد الغابة، ج7، ص197.
9 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص702.

بەڕاء یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی یەکەمی عەقەبە، دەشوترێت لەو بەیعەتەدا یەکەم کەس بەیعەتی دا بەرائی کوڕی مەعروور بوو، یەکەم کەسیش بوو رووی کردە قیبلە، یەکەم کەسیش بوو سەبارەت بە سێ یەکی سامانەکەی وەسیەتی کرد.[1]

هەروەها بەڕائی کوڕی مەعروور یەکێکە لە نەقیبەکان، نەقیبەکانیش دوانزە کەس بوون کە بریتی بوون لە: سەعدی کوڕی عوبادەو ئەسعەدی کوڕی زورارەو سەعدی کوڕی رەبیع و سەعدی کوڕی خەیثەمەو مونذیری کوڕی عەمر و عەبدوڵای کوڕی رەواحەو بەرائی کوڕی مەعروور و ئەبولهەیثەمی کوڕی تیهان و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و عەبدوڵای کوڕی عەمر و عوبادەی کوڕی صامت و رافیعی کوڕی مالیك.[2]

کەعبی کوڕی مالیك باسی ئەو سەفەرەیان دەکات کە بۆ بەیعەتدان چون بۆ مەککە، دەڵێت بۆ ساڵی دواتر کە وادەمان هەبوو لە مەککە پێغەمبەر (ﷺ) ببینین، حەفتا پیاو دەبووین، لە دەوروبەری بەیتدا بووین کە بەرائی کوڕی مەعروور (کە گەورە و رێبەرمان بوو) وتی بەخوا بۆچوونێکم هەیە ئیتر نازانم ئێوە لەگەڵمن یان نا؟ پێم وایە رووەو کەعبە نوێژ بکەم، ئێمەش وتمان وامەکە ئێمە بیستوومانە پێغەمبەر (ﷺ) رووەو شام نوێژ دەکات، بۆیە ئێمەش رووەو قیبلەکەی ئەو نوێژ دەکەین، هەرچەند هەوڵی دا ئێمە رازی نەبووین و ئەویش بە راکەی ئێمە رازی نەبوو، کە کاتی نوێژ هات بەرائی کوڕی مەعروور رووەو قیبلە نوێژی کرد، ئێمەش

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص282.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص80، أسد الغابة، ج1، ص111.

ڕووەو شام نوێژمان کرد، تا چووینە مەککە، بەرائی کوڕی مەعروور پێی وتم برازاگیان بەزمو حاڵی ئەم سەفەرەم دڵەخورپەی بۆ دروست کردوم، جا ئەوکات ئێمە پێغەمبەری خوامان نەدەناسی، بەڵام عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبمان دەناسی، چونکە بەهۆی بازرگانیەوە دەهات بۆ لامان و دەمانبینی، لە مەککە کەوتینە پرسیارکردن لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانین لە کوێیە، لە ناوچەی بەطحا گەیشتین بە کەسێك هەواڵی پێغەمبەرمان (ﷺ) لێ پرسی؟ وتی دەیناسن؟ وتمان ناوەڵا، وتی دەی کە چوونە ژوورەوە ئەو پیاوەی لەگەڵ عەبباسدا دانیشتووە ئەوە موحەممەدە، چونکە ئێستا لای ئەوانەوە هاتم پێکەوە دانیشتبوون، ئێمەش چووین تا گەیشتینە لای پێغەمبەر (ﷺ) و بینیمان لەگەڵ عەبباسە، سەلاممان کرد لە هەردووکیان و لەلایان دانیشتین، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس ئەو دوو پیاوە دەناسیت؟ عەبباسیش وتی بەڵێ، ئەو دوانە خەزرەجین-ئەوکات پشتیوانان بە ئەوسی و خەزرەجی دەناسران نەك بە ئەنصار، چونکە دواتر ناوی ئەنصاریان لێنرا- ئەوەیان بەرائی کوڕی مەعروورەو گەورە پیاوێکی ناو هۆزەکەیەتی، ئەوەش کەعبی کوڕی مالیکە، سوێند بەخوا قسەکەی پێغەمبەرم (ﷺ) بیر ناچێتەوە کە فەرمووی (شاعیرەکە؟) وتی بەڵێ، ئینجا بەرائی کوڕی مەعروور وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە سەفەرەکەمدا شتێکم کردووەو حەز دەکەم پێم بڵێیت ئەو کارەم چۆنە؟-ڕاستە یان هەڵەیە- چونکە تووشی ڕاراییو دوودڵی بوم، من ڕووەو قیبلە نوێژم کرد و هاوڕێکانیشم ناڕازی بوون و ئەوان ڕووەو شام نوێژیان کرد، ئیتر تووشی دوودڵی بووم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إنك قد كنت على قبلة لو صبرت عليها)، (ئەگەر خۆڕاگر بوویتایە لەسەری ڕووەو قیبلە دەبوویت)، ئیتر زیاتر لەوەی نەفەرموو، دواتر چووین بۆ مینا و حەجمان کرد تا لە

ڕۆژانی تەشریقدا– ئێمەو پێغەمبەر (ﷺ) وادەی عەقەبەمان دانا و لە تاریکی شەودا بە دزی بێباوەڕانەوە چووین و لە عەقەبە کۆبووینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە عەبباسی مامی هات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانی خوێندەوە بەسەرماندا و ئێمەش لامان خۆشەویست بوو و بەراستمان زانی و باوەڕمان پێ هێنا و بە فەرمایشتەکانی رازی بووین، پاشان عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب قسەی کرد...ئینجا بەرائی کوڕی مەعروور قسەی کرد و دەستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گرت و وتی بەیعەتمان لێ وەربگرە، ئەویش فەرمووی (أبايعكم على أن تمنعوني مما تمنعون منه أنفسكم ونساءكم وأبناءكم)، (بەیعەتتان لێ وەردەگرم لەسەر ئەوەی چۆن خۆتان و ژن و منالّتان دەپارێزن وا بمپارێزن)، بەرائیش وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە وادەکەین.[1]

مردنی بەرائی کوڕی مەعرور:

بەرائی کوڕی مەعروور لە سەفەرێکیدا کۆچی دوایی کرد،[2] بەڵام تەرمەکەی لە مەدینە ئەسپەردە کرا، مردنی بەرائیش مانگێك پێش هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ مەدینە.[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7121، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15921، حسنه الألباني في التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان، الرقم 6972.

2 - أسد الغابة، ج1، ص261.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص282.

بەرائی کوڕی مەعروور پێش مردنی وەسیەتی کردبوو رووەو کەعبە ئەسپەردە بکرێت، بۆیە بەوجۆرە ئەسپەردەیان کرد،[1] ئەم وەسیەتەیشی لای پێغەمبەر (ﷺ) کردبوو و پێغەمبەریش (ﷺ)بە وەسیەتەکەی رازی بووبوو.[2]

هەروەها لە پێش مردنیدا وەسیەتی کرد سێ یەکی سامانی بدرێتە دەست پێغەمبەر (ﷺ) تا چی پێ باش بوو وای لێ بکات.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە، نوێژی مردووی لەسەر گۆڕەکەی بەرائی کوڕی مالیك ئەنجام دا،[4] ئەمەش یەکەم نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لەسەر گۆڕی موسڵمانێك.

وەستانێك:

لەوانەیە گومانێك لای خوێنەر دروست ببێت بڵێت پێشتر وترا ئەسعەدی کوڕی زورارە یەکەم کەس بوو نوێژی لەسەر کرا؟! لە وەڵامدا دەڵێین ئەو باسەی ئەسعەدی کوڕی زورارە پەیوەست بوو بە دوای کۆچ کرنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە، بەڵام بەرائی کوڕی مەعروور پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە وەفاتی کرد.

هەروەها سەبارەت بەوەی ئەسعەد یەکەم کەس بوو پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە نوێژی مردووی لەسەر کرد، ئەمەش وایە چونکە بەرائی کوڕی مەعروور پێش

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص262.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص282.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص619.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص282، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص619.

هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە ئەسپەردە کرابوو و پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر گۆڕەکەی نوێژی مردووی کرد نەوەك لەسەر تەرمەکەی.

بەرائی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی بەرائی کوڕی ئەوسی کوڕی خالیدە،[1] ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە.[2]

ژنەکەی ناوی خەولەی کچی مونذیرە کە بە ئوم بردە ناسراوەو شیردەری ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[3]

ئوم بەردەی کچی مونذیری کوڕی زەیدی ئەنصاری کە ژنی بەرائی کوڕی ئەوس بوو هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لێکرد تا شیرپێدانی ئیبراهیمی پێ بسپێرێت، ئەم ئافرەتە ناوی خەولەی کچی مونذیر بوو لە بەنی مازن، داوای کرد رۆژانە شیر بدات بە ئیبراهیم و دواتر بیباتەوە بۆ لای ماریەی دایکی، پێغەمبەریش (ﷺ) بەشە دارخورمایەکی هەبوو دای بە ئوم بەردە.[4]

هەر لەبەر ئەوەیە بەرائی کوڕی ئەوس بە باوکی شیری ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) دادەنرێت.[5]

بەراء لە غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[6]

---

1 - الاستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص153.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص277.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص277.

4 - الاستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1 ص55،56، أسد الغابة، ج1، ص63.

5 - أسد الغابة، ج1، ص258.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص277.

بەرائی کوڕی ئەوس لە یەکێك لە غەزاکاندا کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری کردبوو جڵەوی دوو ئەسپی بەدەستەوە بوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) پێنج پشکی لە غەنیمەت دیاری کرد بۆ بەرائی کوڕی ئەوس.[1]

بەرذەعی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی بەرذەعی کوڕی زەیدی کوڕی نعمانی کوڕی زەیدی کوڕی عامرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[2] ئەم هاوەڵە زۆر زوو موسڵمان بوو.[3]

بەرذەع یەکێك بوو لە شاعیرەکان، لە غەزای ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[4]

بەرذەعی کوڕی زەیدی جذامی (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە جیایە لە بەرذەعی کوڕی زەیدی کوڕی نعمان، ئەمەیان برای رفاعەی کوڕی زەیدە، رفاعەی برای لە فەرموودەیەکدا باسی موسڵمانبوونی هەریەك لە بەرذەع و سوەیدی برای دەکات.[5]

بەرذەع لەگەڵ ریفاعەی برایدا وەك وەفد چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك ریفاعە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو و چەند رۆژێك مایەوە تا قورئان فێر بێت، دواتر نامەیەکی نووسی بۆ هۆزەکەی تا موسڵمان بن، لەو کاتەدا

1 - أسد الغابة، ج1، ص257.
2 - أسد الغابة، ج1، ص263.
3 - أسد الغابة، ج1، ص263.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 284.
5 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1197.

پێغەمبەر (ﷺ) زەیدی کوڕی حارثەی ناردبوو بۆ ناوچەکەی ئەوان، زەید هێرشی کردە سەریان و هەندێکی لەوان کوشت و هەندێکی دیکەشی بەدیل گرت، ریفاعەش هاودەم بە هەردوو براکەی خۆی (بەرذەع و سوەید) و کەسانێکی ناو هۆزەکەی کە بریتی بوون لە (ئەبووزەیدی کوڕی عرمو و ئەبوو ئەسمائی کووڕی عەمر و ثەعلەبەی کوڕی عەددی) هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ریفاعە نامەکەی خۆی گەیاندە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و خوێندیەوەو هەواڵی کارەکەی زەیدی کوڕی حارثەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی چی بکەم بە کوژراوەکان؟ ئەبوویەزید وتی ئەوەی زیندووە ئازادی بکە بۆمان، ئەوەی کوژراوە لەژێر ئەو دوو پێیەمدایە–واتە بیانوو ناگرین–، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەبوویەزید راست دەکات، ئینجا عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای زەید و چی دیلی هەبوو ئازادی کردن و چی سامانی بردبوون پێی دانەوە.[1]

### بەرری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵە چەند رایەك هەیە: بەرە، بورەیر، لەیث، باوکی ناوی عەبدوڵایە،[2] کونیەکەشی ئەبووهیندە.[3]

ئیبن مەندەو ئەبوونوعەیم دەڵێن بەر برای هەریەك لە تەمیم و طەیبە، بەڵام ئیبن ئەثیر بەرپەرچی ئەو رایە دەداتەوەو دەیسەلمێنێت ئەوانە برای بەڕ نین،

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص435.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص277.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 257.

چونکە لە بەرەبابی پێنجەمەوە بەیەك دەگەنەوە، ئەوانەش دەڵێن برای بەرن مەبەستیان برایەتی ناو هۆزەکەیە.[1]

ئیبن حببان دەڵێت بەر لە سەری دایکیەوە برایەکی هەبوو ناوی تەمیمی کوڕی ئەوس بوو.[2]

بەر کوڕێکی هەبوو بە ناوی زیاد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

ئەم هاوەڵە لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) ناوەکەی گۆڕا و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لێنا عەبدولاّ.[4]

بەڕ لە خاکی فەلەستین و لە بەیتولموقەدەس نیشتەجێ بوو.[5]

بەر فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەڵێت لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست دەیفەرموو خوای گەورە فەرموویەتی (من لم يرض بقضائي ويصبر على بلائي فليلتمس ربا سواي)،[6] ( هەر کەس بە قەزای من رازی نیە و لەسەر بەڵام خۆڕاگر نیە، ئەوا با بۆ خوایەکی تر جگە لە من بگەڕێتو خوایەکی تر بۆ خۆی پەیدا بکات).

1 - أسد الغابة، ج1، ص 266.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص368.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18628.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 266.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 266.

6 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18628، حكم عليه الألباني ب(ضعيف جدا) في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 747.

ئەم فەرموودەیە لاوازەو ئیبن ئەثیر هێناویەتی کە سەنەدەکەی لاوازە، جگە لەوەش ئەلبانی بە لاوازی داناوە.

بەرەکەی حەبەشی(رضي الله عنها)

ناوی بەرەکەیەو ئافرەتێکی حەبەشی بوو و لە حەبەشە لەگەڵ ئوممو حەبیبە بوو و خزمەتی دەکردو دواتریش لەگەڵی هات بۆ مەدینە.[1]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) میزی دەکردە ناو دەفرێکەوەو دواتر لە خوارووی جێگەکەیەوە دادەنرا، جارێك کە میزی کردە ناو و پاش ماوەیەك ویستی هەمدی میز بکاتە ناوی، تەماشای کرد میزەکەی تێدا نەماوە، ئافرەتێك کە پێی دەوترا بەرەکەو خزمەتی ئوممو حەبیبەی دەکرد و لە خاکی حەبەشەوە هێنابووی لەوێ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو کوا میزی ناو دەفرەکە؟ ئەویش وتی خواردمەوە، ئەویش فەرمووی (بە پەرژینێ خۆت لە دۆزەخ پاراست).[2]

بەرەکەی کچی یەسار (رضي الله عنها)

ناوی بەرەکەی کچی یەسارەو خزمەتکاری ئەبووسوفیانی کوڕی حەرب بوو، هاوسەری قەیسی کوڕی عەبدولا بوو، بەرەکە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 531.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20322، قال الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 2004 صحيح لغيره.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 532.

بەرزەی کچی مەسعوود (رضي الله عنها)

ناوی بەرزەی کچی مەسعوودی کوڕی عەمرەو هاوسەری صەفوانی کوڕی ئومەییەیە، هاودەم بە صەفوانی مێردی موسڵمان بوو.[1]

بەریرەی خزمەتکار (رضي الله عنها)

ناوی بەریرەیەو خزمەتکاری عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەریرە لەگەڵ خاوەنەکانی بۆ خۆئازاردکردنی رێککەوت لەسەر نۆ ئۆقیەو هەر ساڵێك ئۆقیەیەك بدات، ئینجا هات بۆ لای عائیشەو وتی وا لەگەڵیان رێککەوتوم، جا یارمەتیم بدە،[2] عائیشەی دایکی باوەڕداران ویستی بەریرە بکڕێت تا ئازادی بکات و خاوەنەکانی بەریرەش دەیانویست مەرجی هەواداری بەریرە بۆ خۆیان بهێڵنەوە، کە عائیشە ئەوەی بیست باسی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی (بیکڕە چونکە وەلاء بۆ ئەوەیە کە ئازادی دەکات)، ئینجا خواردنێ هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، عائیشە وتی ئەوە صەدەقەیە بۆ بەریرە، ئەویش فەرمووی (بۆ ئەو صەدەقەیەو بۆ ئێمە دیاریە).[3]

لە رووداوی ئیفکدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) رای عەلی کوڕی ئەبووطالیبی وەرگرت، عەلی وتی پرسیار لە بەریرەی خزمەتکاری بکە چونکە ئەو راستیەکەت پێ دەڵێت، ئەوەبوو پێغەمبەریش (ﷺ) پرسیاری لێکرد و ئەویش وتی سوێند بەوەی تۆی بەحەق ناردووە ئەگەر شتێکم لێ شك ببردایە هەرگیز لێم نەدەشاردیتەوە،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 530.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2080.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1433.

تەنها هێندە دەزانم عائیشە ئەوەندە تەمەنی کەمە کە بەدیار هەویرەوە خەوی لێدەکەوێت و مریشك و پەلەوەر دێن هەویرەکە دەخۆن.[1]

بەسبەسی جوهەنی (رضي الله عنه)

ناوی بەسبەس[2] یان بەسبەسە[3] یان بوسبوسی کوڕی عەمرە،[4] ئەم هاوەڵە جوهەنیە و لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، لە غەزای بەدر[5] و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[6]

بەسبەس دوای مردنی خۆی هیچ منداڵێکی جێ نەهێشت.[7]

پێش غەزای بەدر پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە بەسبەس و عەدی کوڕی ئەبوو زەغبائی نارد تا هەواڵی کاروانەکەی ئەبووسوفیانی کوڕی حەرب وەربگرن و هەواڵی بۆ بهێننەوە، ئەوانیش کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە بەدر، لەوێ هەردوکیان وشترەکانیان بەستنەوەو لای ئاوێك مانەوە، گوێیان لە دەنگی دوو کەنیزەك بوو کە یەکێکیان بەوی تری دەوت سبەینێ کاروانەکە دێتەوە، مەجدی کوڕی عەمر بەنێوانیاندا تێپەڕ بوو و وتی ڕاست دەکات، ئینجا هەریەك لە بەسبەس و عەدی سواری وشترەکانیان بوون و گەڕانەوە تا هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵەکەیان پێدا، کاتێك ئەوان

1 - صحيح البخاري، الرقم 2539.
2 - أسد الغابة، ج1، ص268.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص287.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1189.
5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص190، أسد الغابة، ج1، ص268.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص560.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص560.

کەوتبوونە ڕێو گەڕابوونەوە ئەبوسوفیان هات و زۆر وریا بوو، بە مەجدی کوڕی عەمری وت هیچ کەست لای ئەو ئاوە نەدیوە؟ وتی ناوەڵا بەڵام بینیم دوو سوار لای ئەو تەپۆڵکەیە وشترەکانیان بەستبوونەوەو بڕێك ئاویان برد و دواتر چون، ئەویش چوویە شوێنەکەیان و بە پاشماوەی ئالفەکەدا زانی کە ئەو دوانە خەڵکی مەدینەن، بۆیە هەستی بە مەترسی کرد و بڕیاری دا ڕێی کاروانەکەی بەرەو کەناری دەریا بگۆڕێت.[1]

بەشیری ثەقەفی(ﷺ)

بە بەشیر و بوشەیریش ناوی هاتووە،[2] بەسەرهاتێکی خۆی باس دەکات و دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم من لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم کردووە گۆشتی حوشتر نەخۆم و مەی نەخۆمەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی گۆشتی حوشتر بخۆ، بەڵام مەی مەخۆرەوە.[3]

بەشیری حارثی (ﷺ)

ناوی بەشیری حارثي کەعبیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عیصام کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[4]

بەشیر دەڵێت بەنوحارثی کوڕی کەعب منیان بە وەفد نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کاتێك چوومە خزمەتی فەرمووی لە کوێوە هاتویت؟ وتم ئەی

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 872، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص13.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 297.

3 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 93، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 317.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 318.

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به دایك و باوکمه‌وه به قوربانت بم، من وه‌فدی هۆزه‌که‌مم بۆ لای تۆ تا موسڵمان بوونی هۆزه‌که‌م رابگه‌یه‌نم، ئه‌ویش فه‌رمووی (مه‌رحه‌با) به‌خێر بێیت، ناوت چیه؟ وتم ئه‌کبه‌ر، فه‌رمووی به‌ڵكو تۆ به‌شیریت (بل أنت بشير).[1]

له گێڕانه‌وه‌یه‌کی تردا هاتووه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پرسیاری لێکردم فه‌رمووی ناوت چیه؟ وتم که‌ثیر، فه‌رمووی (بل أنت بشير)،[2] به‌ڵكو تۆ ناوت به‌شیره.

به‌شیری کوڕی جابر (رضي الله عنه)

ناوی به‌شیری کوڕی جابری کوڕی عه‌رابی عه‌به‌سیه،[3] وه‌ك وه‌فد هاتوه‌ته خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)،[4] دواتریش له سه‌رده‌می خیلافه‌تی راشیدیندا له فه‌تحی میصردا به‌شداری کرد.[5]

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9781، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1137، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 318.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 7795، قال الحاكم هذا حديث صحيح الإسناد و لم يخرجاه، و وافقه الذهبي و قال في التلخيص (صحيح).

3 - أسد الغابة، ج1، ص287.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 310.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 177.

بەشیری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی حارثەو لە پشتیوانانە،[1] بە بوشەیریش ناوی هاتووە.[2]

ئیبن ئەثیر پێی وایە هاوەڵ نەبووە، بەڵکو تابعی بووە،[3] بەڵام ئیبن قانع و ئیبن حەجەر بە هاوەڵ باسی دەکەن.

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی (إذا أشكلت عليك آية من القرآن تؤنثها أو تذكرها فذكر القرآن)،[4] (ئەگەر لە ئایەتێکی قورئاندا گیرت خوارد ئایا موذەکەرە یان موئەننەثە ئەوا بە موذەککەری دایبنێ).

بەشیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی سەعدی کوڕی ثەعلەبەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[5] بەشیر برایەکیشی هەبوو ناوی سەمماك بوو کە لە هەردوو غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشدار بوو.[6]

ژنەکەی بەشیر کە دایکی نوعمان بوو ناوی عەمرەی کچی رەواحە بوو.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 310.

2 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 91، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 310.

3 - أسد الغابة، ج1، ص287-288.

4 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 91.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص172، أسد الغابة، ج1، ص291.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص652.

7 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1887، الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص31.

به‌شیر کوڕێکی هه‌بوو به‌ ناوی نوعمان که‌ یه‌که‌م له‌دایکبووی پشتیوانان بوو دوای کۆچی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بۆ مه‌دینه‌.[1]

کچێکیشی هه‌بوو به‌ ناوی ئومه‌یمه‌ که‌ موسڵمان بوو و به‌یعه‌تی دابوو به‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)،[2] ئومه‌یمه‌ خوشکی نوعمان بوو.[3]

به‌شیر له‌ سه‌رده‌می نه‌فامیشدا خوێنده‌واری هه‌بوو و به‌ زمانی عه‌ره‌بیش ده‌ینووسی.[4]

به‌شیر له‌ به‌یعه‌تی عه‌قه‌به‌ی دووه‌م[5] و غه‌زای به‌درو ئوحود و غه‌زاکانی دواتریشدا به‌شدار بوو.[6]

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌ مانگی شه‌عبانی ساڵی حه‌وته‌می کۆچیدا سریه‌یه‌کی سی(30) که‌سی پێکهێنا و به‌ سه‌رکردایه‌تی به‌شیری کوڕی سه‌عد ناردی بۆ فدك، ئه‌ویش چوو بینی خه‌ڵکه‌که‌ی له‌وێ نین و چون بۆ ناو باخ و کشتوکاڵه‌که‌یان، ئاژه‌ڵه‌کانی به‌ده‌ستکه‌وت گرت و به‌ره‌و شاری مه‌دینه‌ خستیه‌ڕێ، کاتێك که‌سێکیان به‌وه‌ی زانی چوو بۆ لای خه‌ڵکه‌که‌ و هاواری کرد ماڵاتتان نه‌ما، ئه‌وانیش که‌وتنه‌ شوێنیان تا شه‌و لێیان نزیك بوونه‌وه‌، سوپاکه‌ی به‌شیر که‌وتنه‌ تیربارانی دوژمن تا تیریان پێ نه‌ما، دوژمن دای به‌سه‌ریاندا و هاوه‌ڵانێ شه‌هید بوون، به‌شیریش

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص440.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص508.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص362.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص531.
5 - أسد الغابة، ج1، ص291.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص172.

بەردەوام دەجەنگا،[1] دوژمنان ئاژەڵو شمەکەکانیان بردنەوە، عەلبەی کوڕی زەید هەواڵی هێنایەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دواتر بەشیریش گەڕایەوە.[2]

لە مانگی شەوالی ساڵی حەوتی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) بەشیری کوڕی سەعدی بەرەو وادیلقورا نارد،[3] پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بیستبوو عویەینەی کوڕی حیصن لەگەڵ غەطەفانیەکان رێککەوتووە تا هێرش ببەنە سەر پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەشیری کوڕی سەعدی بانگکرد و لیوایەکی بۆ پێکهێناو 300 کەسی لەگەڵدا نارد، ئەوانیش شەوانە رێیان دەبڕی و بە رۆژ خۆیان دەشاردەوە تا گەیشتنە یەمەن و جبار، بە چەکەوە چوون تا لە دوژمن نزیك بوونەوە، بەشێکی زۆری ئاژەڵەکانیان کۆکردنەوەو دوژمنەکانیش بڵاوەیان لێکردبوو، پاش ئەوەی بەشیر بینی دوژمن دیار نیە بە ئاژەڵەکانەوە گەڕایەوە، لە رێدا دوو کەس لە دوژمنانی بینی، بۆیە هەردووکیانی بەدیل گرت و هێنانی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو دوو دیلەش موسڵمان بوون، پێغەمبەریش (ﷺ) ئازادی کردن.[4]

جارێك عەمرەی کچی رەواحە کە ژنی بەشیر بوو داوای کرد لە بەشیر بەشێك ببڕێتەوە بۆ کوڕەکەی، بەڵام ئەو رازی نەبوو، دواتر دوای دوو جار[5] پاش یەك ساڵ بەشیر رازی بوو، بەڵام عەمرە وتی نابەخوا رازی نابم تا دەستی نەگریت و نەیبەیت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەیت بە شایەت، بەشیریش

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص221-222، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص118.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص118.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص120.

5 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212.

منداڵەکەی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بەشێکی سامانم بڕیوەتەوە بۆ ئەم کوڕەم و دایکی ئەم کوڕەشم دەیەوێت تۆ شایەت بیت لەسەر ئەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، فەرمووی ئایا ئەوەی بۆ ئەمت بڕیوەتەوە بۆ هەموو ئەوانیشت بڕیوەتەوە؟ وتی نا،[1] پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فإني لا أشهد على هذا، هذا جور أشهد على هذا غيري، اعدلوا بين أولادكم في النحل كما تحبون أن يعدلوا بينكم في البر واللطف)،[2] (دەی من نابمە شایەت بۆ شتی وا، ئەوە ستەمە بڕۆ کەسی تر جگە لە من بکە بە شایەت بۆی، لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن لە بەشدا وەك چۆن حەز دەکەن ئەوان لە چاکەو میهردا لەنێوانتاندا دادپەروەر بن).

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی ئایا جگە لەمە منداڵی ترت هەیە؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بیگێڕەوە (پاشگەز ببەرەوە)،[3] هەروەها هاتووە پێی فەرموو (فاتقوا الله واعدلو بين أولادكم)،[4] (دەی لەخوا بترسن و لەنێوان منداڵەکانتاندا دادپەروەر بن).

هەر لە گێڕانەوەیەکی تری بوخاریدا هاتووە فەرمووی (لا تشهدني على جور)،[5] (مەمکە بە شایەت لەسەر ستەمێك).

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3141، سنن أبي داوود، الرقم 3092.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 5181 و اللفظ له، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11212، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5836، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغير و زيادته، الرقم 1046.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2467، صحيح مسلم، الرقم 3138، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6303.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2468، صحيح مسلم، الرقم 3140.

5 - صحيح البخاري، الرقم 2528.

لە عومرەی پاش حودەیبیەدا پێغەمبەر (ﷺ) بەشیری کوڕی سەعدی لە مەروظەهران دانا تا لەوێ بێت.[1]

بەشیری کوڕی سەعد یەکەم کەسی پشتیوانان بوو بەیعەتی دا بە ئەبووبەکری صدیق.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە ناو سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلیددا لە (عین التمر) شەهید بوو، ئەمەش لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا بوو پاش ئەوەی لە جەنگی یەمامە گەڕانەوە.[3]

پەندو وانە

لە خوێندنەوەی ژیانی ئەم هاوەڵەوە بەڵگەیەکی تری مرۆیی بوونی هاوەڵان و پەیڕەوی مرۆیی بوونیان بەدی دەکەین، چونکە ئەو روانینە هەڵەیە لای برێك لە موسڵمانان دروست بووە کە ئەگەرچی بە زمان دان دەنێن بە مرۆیی بوونیاندا کەچی لە پەیڕەودا وەك مرۆڤ ناڕوانێنە هاوەڵان، بەڵام لە راستیدا ژیانی هاوەڵان ژیانێکی مرۆییە لە پلەیەکی بەرزی پەیڕەوی دروستدا هاودەم بە بوونی هەڵەو کەموکورتی، دەبینین عەمرەی ژنی بەشیر کە هاوەڵ بووە کەوتوەتە هەڵەی هەوڵی جیاکاری لەنێوان منداڵەکانیدا، هاوکات بەشیریش بەوە رازی بوو.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص153.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص182، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص316، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.

3 - أسد الغابة، ج1، ص291.

زۆر جار حەزی دنیایی مرۆڤ و تاسەی ویستەکانی دەروون وا دەکەن هەڵپەی دنیا و هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ویستەکان، هەڵە بە مرۆڤ بکەن، بۆیە ئەو ویستەی کە عەمرە هەیبوو هۆکارێك بوو بۆ هەڵەیەك کە هەم خۆی و هەم مێردەکەشی تێی کەوتن تا پێغەمبەر (ﷺ) ڕێ ڕاستەکەی پێ نیشان دان، ملکەچی ئەوانیش بۆ ڕێ ڕاستەکە نیشانەی ئەو عەدالەتەیە کە دەڵێین لە هاوەڵاندا هەبووە.

### بەشیری کوڕی سەعد (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی سەعدی کوڕی نوعمانی کوڕی ئەککالی موعاویە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە،[1] بەشیری کوڕی سەعد هاودەم بە سەعدی باوکی لە غەزای ئوحودو و خەندەق و چەند غەزایەکی تردا بەشداری کرد.[2]

### بەشیری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی عەبدولایەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دەشوترێت بەڵکو ناوی بیشرە،[3] لە جەنگی یەمامە شەهید بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص312.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 291.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص312.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 291.

بەشیری کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی عەبدولمونذیرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[1] کونیەکەی ئەبولوبابەیە، زیاتریش بە کونیەکەی ناسراوە،[2] دەوترێت بەڵکو ناوی ریفاعەیە،[3] یان دەوترێت ناوی مەڕوانە.[4]

ئەبولوبابە یەکێك بوو لە بەشداربووەکانی بەیعەتی عەقەبە و یەکێکیش بوو لە دوانزە نەقیبەکە.[5]

ژنەکەی ناوی خەنسائی کچی خوذام بوو، لە جەنگی ئوحوددا کاتێك ئونەیسی کوڕی قەتادە شەهید بوو خەنسائی ژنی مایەوە، باوکی خەنساء ویستی خەنساء بدات بە پیاوێکی موزەینە، بەڵام خەنساء حەزی نەدەکرد، بۆیە سکاڵای بردە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) رێی نەدا بەو هاوسەرگیریە، ئینجا ئەبولوبابە خەنسائی بە هاوسەرگرت و خوای گەورەش منداڵێکی پێ بەخشین کە ناویان نا سائیب.[6]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 291.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص312.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص500.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص349.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1740.

6 - سنن الدارقطني، الرقم 3104، أسد الغابة، ج1، ص 203، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص137.

ئەبوولوبابە ژنێکی تریشی هەبوو بە ناوی نوسەیبەی کچی فضالە کە دایکی لوبابە بوو،[1] ئەبوولوبابە کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

کچەکەی ئەبولوبابە ناوی لوبابە بوو بەهۆی ئەم کچەیەوە ئەو کونیەی لێ نرا، زەیدی کوڕی خەطاب لوبابەی بە هاوسەرگرت.[3]

ئەبولوبابەو حارثی کوڕی حاطب ویستیان لە غەزای بەدردا بەشداری بکەن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەردووکیانی گێڕایەوەو ئەبولوبابەی کرد بە بەرپرسی مەدینە، لە دەستکەوتەکانی بەدریشدا پشکی بۆ دانان و لە پاداشتی جیهادی بەدریشدا بەشدار بوون، بۆیە مووسای کوڕی عوقبە ناوی هەردووکیان بە بەشداربووی بەدر ناو دەبات.[4]

پێش گەڕانەوەی ئەبوولوبابە لە بەدر پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبولوبابەو عەلی کوڕی ئەبووطالیب پێکەوە بوون و یەك سواریان پێ بوو، ئەوان دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بری ئێمە سەرکەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ما

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص457.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص349.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص457.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص349.

أنتما بأقوى على المشي مني ، ولا أنا أغنى عن الأجر منكما)،[1] (نە ئێوە لە من ئازاترن لە ڕێ كردنداو نە منیش لە ئێوە بێباكترم لە پاداشت).

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نزای باران بارینی دەكرد، ئەبوولوبابە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خورماكانم لە مەربەددان (شوێنی هەڵگرتنی خورما)، پێغەمبەر (ﷺ) دووبارە فەرمووی خوایە بارانمان بۆ ببارێنە، ئەبولوبابە دووبارە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خورماكان لە مەربەددان، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اللهم اسقنا حتى يقوم أبو لبابة عرياناً فيسد ثعلب مَرْبَد بإزاره)، (خوایە بارانمان بۆ ببارێنە تا ئەبولوبابە بە رووتی هەستێتو بە جلەكانی كونی مەربەدەكە بگرێت)، بارانێكی بەخوڕ دایكرد و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی كرد بۆ هاوەڵان، پشتیوانان هاتن بۆ لای ئەبولوبابەو وتیان ئەی ئەبولوبابە تا بە رووتی نەچیت بە جلەكانت كونی مەربەدەكە بگریت باران ناوەستێ.[2]

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نزیكەی زیاد لە سیانزە رۆژ گەمارۆی بەنوقورەیضەی دا، بەنوقورەیضە داوایان كرد ئەبوولوبابە بچێت بۆ لایان تا بیدوێنن، ئەویش وتی ناچم تا پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم نەدات، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو وا مۆڵەتم دایت، ئەبولوبابە چوو بۆ لایان، ئەوانیش لەبەردەم ئەبولوبابەدا دەستیان كرد بە گریان و وتیان ئەی ئەبولوبابە حاڵەكە چۆن دەبینیت؟ چیمان بەسەر دێت؟ ئێمە توانای جەنگمان نیە، ئەبولوبابەش بە دەستی ئاماژەی كرد بۆ قوڕقوڕاگەی و

---

1 - مسند ابن أبي شيبة، الرقم 400، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص21، صحيح ابن حبان، الرقم 4806، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8534، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 9724، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3764، مسند الطيالسي، الرقم 348، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5231، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2257.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6046، المعجم الصغير للطبراني، الرقم 386، أسد الغابة، ج1، ص292.

پەنجەی بە قوڕگیدا دەهێنا وەك بڵێی لە گەردنتان دەدرێت، کاتێك ئەبولوبابە گەڕایەوە راچڵەکی و هەستی کرد کەوتووەتە فیتنەو هەڵەیەکی گەورەوە، بۆیە وتی بەخوا ناڕوانمە نێوچاوانی پێغەمبەر (ﷺ) تا لای خوا تەوبەیەکی تەواوەتی بکەم بەجۆرێ خوا بیخاتە دڵمەوە کە تەوبەکەمی وەرگرتووە، بۆیە گەڕایەوە بۆ مەدینەو خۆی بەستەوە بە قەدی دارخورمایەکی مزگەوتەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سەیری کرد ئەبولوبابە دیار نیە فەرمووی ئەرێ ئەبولوبابە لای هاوپەیمانەکانی تەواو نەبوو؟ ئیتر بۆی باسکرا کە ئەبولوبابە چی کردووە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دوای من تووشی فیتنە بووەو ئەگەریش بهاتایە بۆ لام بە دڵنیاییەوە لێی خۆش دەبووم، ئەگەریش ئەوەی کردبێت ئەوا لە شوێنی خۆی نایجووڵێنم تا خوای گەورە بە ویستی خۆی بڕیاری لەسەر دەدەات،[1] ئەوەبوو دواتر خوای گەورە لێی خۆش بوو.[2]

ئەبوولوبابە یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن و نەچوون.[3]

سەبارەت بە ناو و ژمارەی ئەو کەسانەی لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن ڕا جیایی هەیە، ڕایەك دەڵێت دە کەس بون، ڕایەك دەڵێت حەوت کەس بوون و چوار کەسیان خۆیان بەستبوویەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا ئەو کاتەی خوا لێیان خۆش دەبێت، ڕایەك ناوی سێ کەس دێنێت،[4] ڕایەکیش ناوی شەش

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص109.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص457.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152.

4 - صحيح البخاري، الرقم 4165.

کەس دێنێت کە بریتین لە (ئەوسی کوڕی خیذام، ئەبوولوبابە، ثەعلەبەی کوڕی وەدیعە، کەعبی کوڕی مالیك، مرارەی کوڕی رەبیع، هیلالی کوڕی ئومەییە).[1]

زۆرجار بە جیا لە سەرچاوەکاندا ناوی یەکێك لەو شەش هاوەڵە دێت کە خۆی بەستوەتەوە بە پایەکانی مزگەوتەوە تا تەوبەیەك بێت لەو کارە و خوای گەورە لێی خۆش بێت، بەڵام ئەو کەسانەی خۆیان بەستەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) سێ کەس بوون کە بریتی بوون لە ئەوس و ئەبوو لبابە و ثەعلەبە.[2]

سەبارەت بەو کەسانەی کە نەچون بۆ غەزای تەبووك ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای تەبووك چوار بەش بوون، بەشێك فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا نەچن و پاداشتیان بۆ هەیە وەك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن ئوم کلثوم، دەستەیەکی تر بیانوویان هەبوو لەبەرئەوەی لاواز و نەخۆش بوون، دەستەیەکیش ئەوانە بوون کە لە خەفەتی نەچوونەکەیان دەگریان، ئەمانە تاوانبارەکان بوون و بریتی بوون لە ئەبوولوبابەو هاوەڵەکانی، دەستەی چوارەمیش سەرکۆنەکراوان بوون کە بریتی بوون لە دوورووەکان.[3]

سەبارەت بە کاتی مردنی ئەبولوبابە چەند ڕایەك هەیە، ڕایەك دەڵێت پێش کوژرانی عوثمانی کوڕی عەففان مردووە،[4] ڕایەکی تر دەڵێت دوای کوژرانی عوثمانی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152، أسد الغابة، ج1، ص217.

2 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص27.

4 - أسد الغابة، ج1، ص292.

کوڕی عەففان کۆچی دوایی کردووە، ڕایەکی تر دەڵێت لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا وەفاتی کردووە، ڕایەکیش دەڵێت تاساڵی پەنجای کۆچیش ژیاوە، واتە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی.[1]

ئیبن سەعد دەڵێت پاش کوژرانی عوثمانی کوڕی عەففان و پێش کوژرانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب کۆچی دوایی کردووە.[2]

پەندو وانە

خاکیبوونی سەرکردەی موسڵمانان و تێگەیشتن لە باری هاوڵاتیان لە هەموو کاتێکدا سوننەتێکی بەردەوامی ناو ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) و عەلی و ئەبولوبابە بە هەرسێیانەوە یەك سواریان پێ بووە، پێغەمبەر (ﷺ) ئامادە نەبووە خۆی جیا بکاتەوە لە هەموو موسڵمانان هەرچەندە ئەم هەم پێغەمبەری خوا و هەم سەرکردەی وڵاتیش بووە، تەنانەت ڕازی نەبووە پشکی سەرکەوتنی هاورێکانی وەربگرێت پاش ئەوەی خۆیان بە تاسەوە داوایان لێکردووە بەوە ڕازی بێت، بەڵکو تێیگەیاندون لە ئاستی دنیادا ئێوەش وەك من ماندوو دەبن، لە ئاستی قیامەتیشدا منیش وەك ئێوە تاسەی بەهەشتم هەیە.

مەسەلەی زۆرەملێ لە هاوسەرگیریدا لە ئیسلامدا قبووڵ نەکراوە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێی نەداوە هاوسەرگیری زۆرەملێی خەنسائی کچی جەذام سەربگرێت و ئەو هاوسەرگیریەی هەڵوەشاندوەتەوەو لەبری ئەوەدا خەنساء بە ویستی خۆی شووی کردووە بە ئەبوولوبابە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص349.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص457.

تەوبەکردن لە هەڵەو لادان و تاوان واجبە، زۆرجار تەوبەکردنەکە تەنها بە زمان و دڵ نابێت و دەبێت بچێتە بواری وەرگرتنی سزای جەستەیی و ماددیشەوە، جا زۆرن کەسانێك ئامادەییان هەیە بە دڵ و زمان تەوبە بکەن، بەڵام کاتێك دەگاتە بواری ماندووبوون و سزای جەستەیی و ماددی، بارەکەیان لێ قورس دەبێت و باکیان نامێنێت بە تەوبە، بۆ نموونە کەسێك کە قسەیەکی هەڵە دەکات تەوبەکەی بە زمان و دڵ کۆتایی دێت، بەڵام کەسێك سوێندێکی درۆ دەخوات یان سوێندێك دەخوات و بە ناحەق دەیخات، دەبێت جگە لە تەوبەی دڵ و زمان سێ رۆژ رۆژوو بگرێت یان نانی دە هەژار بدات یان جل و بەرگی دە هەژار بکات.

## بەشیری کوڕی عەتیك(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی عەتیکی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەمری کوڕی عەوف،[1] واتە لە ئەوسیەکان.[2]

بەشیر برایەکی هەبوو بە ناوی جەبر یان جابر کە لە بەدر و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص313.

2 - أسد الغابة، ج1، ص379.

3 - أسد الغابة، ج1، ص379.

بەشیری کوڕی عەتیك لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، هەروەها تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەشدا بەشداری کرد و هەر لەو جەنگەشدا کوژرا.[1]

بەشیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی عەمری کوڕی میحصەنە، لە پشتیوانانە، سەبارەت بە ناوی ڕا جیایی هەیە، بە بەشیر و بە بیشریش ناوی هاتووە، کونیەکەی ئەبوو عەمرەیە.[2]

بەشیری کوڕی عەنبەس (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی عەنبەسی کوڕی زەیدی کوڕی عامرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە،[3] لە غەزای ئوحود و خەندەقو هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

بەشیری کوڕی عەنبەس ئەسپێکی هەبوو ناوی حواء بوو، ئیتر بە بەشیر دەوترا فارس حواء.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص313.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 294.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص173.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 294.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص173، أسد الغابة، ج1، ص 294.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەطابدا بەشیری کوڕی عەنبەس شەهید بوو،[1] دەوترێت لە جەنگی جسردا شەهید بوو.[2]

بەشیری کوڕی عورفوطە(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە بە بەشیر و بە بیشریش ناوی هاتووە.[3]

ناوی بیشری کوڕی عورفوطەی جوهەنیە، دەشوترێت ناوی بەشیرە، بەڵام ئیبن موندە دەڵێت یەکەمیان راستترە.[4]

ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەو جەنگەکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[5]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە جوهەنیەکان بە نزیکەی هەزار کەسەوە هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون و بەشداری جیهاد و غەزاکانیان کرد، بیشری کوڕی عورفوطە لەنێویاندا بوو.[6]

بەشیری کوڕی مەعبەد(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی مەعبەدە، ناسراوە بە ئەبوو بیشیری ئەسلەمی.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص313.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص173.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص313.
4 - أسد الغابة، ج1، ص280.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.
7 - أسد الغابة، ج1، ص296.

ناوی لەناو ئەو هاوەڵانەدا هاتووە کە دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوون.[1]

بەشیر کوڕێکی هەبوو بە ناوی بیشر کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

بەشیری کوڕی مەعبەد یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[3]

بەشیری کوڕی مەعبەد دەگێڕێتەوە جارێك ئەسپۆن (أشنان)[4] هێنرا تا دەستی بشوات، دەستی بۆ برد، پێی وترا ئەوە بە دەستی راست دەگیرێت، ئەویش وتی ئێمە شتی چاك بەدەستی راستمان دەگرین.[5]

## بەشیری کوڕی موعاویە (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی موعاویەیە و ناسراوە بە ئەبووعەلقەمەی نەجرانی، موسڵمان بوو و هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و لەگەڵیدا مایەوە تا شەهید بوو.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 314.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص174.

3 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5562، أسد الغابة، ج1، ص296.

4 - ئوشنان جۆرێك گیایە کە سەردەمانی زوو بەکار دەهات بۆ شۆردنی دەست و جل و بەرگ. بڕوانە(المعجم الوسيط، ج1، ص19.

5 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5562، أسد الغابة، ج1، ص296، الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 314.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 315.

بەشیری کوڕی نەذیر (رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی نەذیری کوڕی مەعبەدی کوڕی شەراحیلی سەدوسیە، زیاتر بە ئیبنولخەصاصیە ناسراوە، دەشوترێت ناوی باوکی مەعبەدە،[1] یان دەوترێت ناوی باوکی یەزیدە.[2]

بۆیە پێی وتراوە ئیبنولخەصاصیە چونکە دایکی ناوی خەصاصیە بووە.[3]

بەشیر سەرەتا ناوی زەحم بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە بەشیر.[4]

ژنەکەی بەشیر ناوی لەیلا بوو، لەیلا دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا بەشیر ئەگەرنا پێشتر ناوی زەحم بوو.[5]

هەروەها هاتووە کە ژنەکەی بەشیر ناوی جەهدەمە بووە،[6] لەوانەیە بەشیر زیاتر لە ژنێکی هەبووبێت.

بەشیر کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە صوففە داینا.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص314.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 289.
3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 173، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص314.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 289.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 50.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 174.
7 - حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج2، ص26.

بەشیر وەك ئەندامێكی ناو وەفدی بەكر بن وائیل هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[1]

بەشیر دەڵێت كاتێك هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا بەیعەتی پێ بدەم، فەرمووی:(أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله وتصلي الخمس و تصوم رمضان وتؤدي الزكاة وتحج البيت وتجاهد في سبيل الله)، (شایەتی بدەیت هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایەو پێنج فەرزەكە نوێژ بكەیت و رۆژووی رەمەزان بگرێت و زەكات بدەیت و حەجی بەیت (كەعبە) بكەیت و لە رێی خوادا جیهاد بكەیت)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوانیان ناتوانم، سەبارەت بە زەكات من تەنها دە ژەمم هەیە كە پێویستی ماڵو منالْمن، سەبارەت بە جیهادیش دەڵێن هەركەس لە سەنگەردا پشت هەڵبكات توورەیی خوا دەیگرێتەوە، منیش دەترسم ئەگەر چوومە جەنگەوە ترسی مردن دامبگرێت و ترس دەروونم داگرێت، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بەیەكدا داخست و دەستەكاندی پرواند و فەرمووی (صەدەقە نەدەیت و جیهاد نەكەیت؟ ئەی ئیتر بە چی دەچیتە بەهەشتەوە؟)، دواتر وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەتت پێ دەدەم، ئەوەبوو لەسەر هەموو ئەو شتانە بەیعەتم دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[2]

بەشیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێكردم فەرمووی تۆ لە چ هۆزێكیت؟ وتم لە رەبیعە، فەرمووی (لە رەبیعەتولفورس كە دەڵێن ئەگەر ئەوان نەبن زەوی بە

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 315، البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص93.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16536، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21381، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 1136، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2361 و وافقه الذهبي أى صححه، لكن ضعفه الالباني في(تحقيق كلمة الإخلاص و تحقيق معناها، 16/1).

خەڵکەکەیەوە سەراوژوور دەبێتەوە؟ سوپاسی ئەو خوایە دەکەم کە لە نێو رەبیعەدا تۆی منەتبار کرد).[1]

بەشیر دەڵێت ئێمە لە صوففە بووین، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دیاریەکی بۆ دەهات ئێمەشی تیادا بەشدار دەکرد، ئەگەریش صەدەقەیەکی بۆ بهاتایە هەمووی دەدا بە ئێمەو خۆی وەری نەدەگرت، شەوێك پێغەمبەر (ﷺ) چوویە دەرەوەو منیش کەوتمە شوێنی، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە گۆڕستانی بەقیع، لەوێ فەرمووی (السلام عليكم دار قوم مؤمنين وإنا بكم لاحقون وإنا لله وإنا إليه راجعون لقد أصبتم خيرا بجيلا وسبقتم شرا طويلا)، (سەلامتان لێ بێت ئەی دەستەی باوەڕداران، ئێمەش دەگەینەوە بە ئێوەو پەیوەستتان دەبین، ئێمە لای خواوە هاتوین و بۆ لای خۆیشی دەگەڕێینەوە، بەراستی چاکەیەکی زۆرتان دەستکەوت و پێش خراپەیەکی دوورودرێژ کەوتن)، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) لای کردەوە بە لای مندا و فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتم منم بەشیر، فەرمووی ئایا رازی نیت بەوەی لەو (ربيعة الفرس)[2] ەوە کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەگەر ئەوان نەبن زەوی بە خەڵکەکەیەوە لەناودەچێت خوای گەورە گوێ و دڵ و بینایی بەرەو ئیسلام هێنایت؟ وتم با ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی بۆچی هاتیت؟ وتم ترسام شتێکی خراپت تووش بێت.[3]

---

1 - المطالب العالية لابن حجر العسقلاني، الرقم 4133.

2 - مەبەست بە ربیعە الفرس ئەوەیە کە نزاری کوڕی مەعد ئەسپێکی هەبوو دای بە رەبیعەی کوڕە گەورەی، بڕوانە: (حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج2، ص26.).

3 - حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج2، ص26.

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) سوپاسی خوای کرد کە لە ناو رەبیعەدا رێنموونی بەشیری کوڕی خەصاصیەی کردووە، بەشیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزام بۆ بکە خوا من پێش تۆ بمرێنێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نزای وا بۆ کەس ناکەم.[1]

بەشیر دەڵێت جارێك بە پێغەمبەرم (ﷺ) وت ئەوانەی صەدەقە کۆدەکەنەوە لە سنوور دەردەچن، ئایا ئێمە بۆمان هەیە هێندەی ئەو سنوور دەرچوونە شتیان لێ بشارینەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نەخێر).[2]

بەشیری کوڕی خەصاصیە دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداری کرد لە فتووحاتدا، لە سوپاکەی موثەننای کوڕی حارثەدا بوو، کاتێك موثەننا چوو بۆ لای خەلیفە ئەبووبەکری صدیق بەشیری لە شوێنی خۆی دانا،[3] دواتریش کاتێك موثەننای کوڕی حارثە لە مەیدانی فتووحاتدا بریندار بوو، پێش مردنی خۆی بەشیری کوڕی خەصاصیەی کرد بە جێنشینی خۆی تا دوای خۆی سەرپەرشتی سوپاکە بکات.[4]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1125.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 1366، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 1586.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص17.

4 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص126.

پەندو وانە

پێغەمبەر (ﷺ) ناوە ناشیرینەکانی دەگۆڕی بە ناوی جوان، لەو بارەیەوە ئیبن قەیم دەڵێت:(لەبەرئەوەی ناوەکان قاڵب و دەلیلی واتاکانن، بۆیە حیکمەت و دانایی وادەخوازێ گونجان و پەیوەستیەك لەنێوان ئەو دوانەدا هەبێت... بەڵکو ناو کاریگەری هەیە لەسەر ناولێنراوەکە لە رووی چاکی و ناشیرینی و خراپی وسووکی و قورسیەوە... پێغەمبەر (ﷺ) بە چاکی زانیوە ناوی جوان بنرێت لە کەس، ئەگەریش کەسێکیان بە پۆستەو پەیام بەر دابنایە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دەکرد تا ناوی جوان و روخساری باش بێت،[1] ... وەك چۆن لە حودەیبیەدا بە هاتنی سوهەیل بۆ رێککەوتن، پێغەمبەر (ﷺ) گەشبینی نواند.[2]

پێویستە لە گەیاندنی پەیامی خوادا بەو جۆرە پەیام بگەیەنین کە هەیە و خوا داوای کردووە نەك بەوجۆرەی کە ئێمە بمانەوێت یان بەوجۆرەی بەرامبەر رازی بکات، پەیامی خوا بنەڕەتی نەگۆڕەو ئێمە پێناوی گەیاندنین نەك هێزی رێکخەر و دەستکاریکەر، ئەم بنەمایە زۆر پێویستە لە تاکی بانگخوازدا ڕەچاو بکرێت، چونکە هەمیشە بانگخواز حاڵی وای دێتە پێش، بە دیدی دنیایی و مرۆیی پێویست دەکات بڕیارێك بدات جیا لەوەی خوا داوای کردووە، بەڵام هیچکات سەرخستنی ئیسلام بە ناڕەوا ئەنجامی نابێت، ئیسلام بەس بە سروشی خوایی دەگەیەنرێت، خوا

[1] - زاد المعاد في هدي خير العباد لأبن القيم، ج2ص336.

[2] - زاد المعاد في هدي خير العباد لأبن القيم، ج2ص338.

دەفەرموێت (واتبع ما يوحى اليك من ربك ان الله كان بما تعملون خبيرا)،[1] بۆیە وەك ئیمامی ئەبووبەکر فەرمووی (من شوێنکەوتەم نەك موبتەدیع).

بەختکردنی ماددەو گیان بۆ ئیسلام زەرووەتێکەو دەبێت موسڵمان ئامادەیی ئەوەی هەبێت، واتە نابێت موسڵمان ماڵو سامان و گیانی خۆی لە ئیسلام لا لەپێشتر بێت، بۆ ئەوەش زۆرجار پێویست دەکات لەپێناو ئیسلامدا قوربانی بدەیت بە یەکێك یان هەردووکیان، خوای گەورە دەفەرموێت (انفروا خفافا وثقالا وجاهدوا باموالكم وانفسكم في سبيل الله ذلكم خير لكم ان كنتم تعلمون)،[2] هەریەك لە گیان و سامان پێناوی خزمەت بەم ئیسلامەن، ئەمە بەو واتایە نا کە موسڵمان هەمیشە لە نارەحەتی و سەختیدا بێت، بەڵکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:(نعم المال الصالح للرجل الصالح)،[3] (ماڵو سامانی چاك بۆ پیاوی چاك و صاڵەح باشە)، هەروەها بۆ مەسەلەی گیانیش پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (ما عمر المسلم كان خيرا له)،[4] (موسڵمان تا تەمەن بکات ئەو تەمەنە خێرە بۆی)، بۆیە ئیسلام نە دژی خۆشگوزەرانیە و نە دژی زۆر ژیانە، بەڵکو دژی بوونە کۆیلەی سامان و گیانە.

دیاردەیەکی ناشیرینی ناو ئەمڕۆی موسڵمانان منەت کردنیانە بە موسڵمان بوونیان کە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) کەسانێکی تازە موسڵمان بوو ئەو

---

1 - الأحزاب: 2.

2 - التوبة: 41.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17468، صحيح ابن حبان، الرقم 3269، مسند الطيالسي، الرقم 1048، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7169، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 21724، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 3266، صححه الألباني في غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال و الحرام، الرقم 454.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23331، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 37061، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 14934، قال الشيخ شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره، و ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة، الرقم 5915 لأن النهاس بن قهم ضعيف.

منەتەیان دەکرد، وەك خوا دەفەرموێت (يمنون عليك أن أسلموا قل لا تمنوا على إسلامكم بل الله يمن عليكم أن هداكم للإيمان إن كنتم صدقين)،[1] (منەت دەکەن بەسەرتدا کە موسڵمان بون، بڵێ موسڵمانبوونتان مەکەن بە منەت بەسەرمەوە، بەڵکو خوا منەتبارتان دەکات کە ڕێنموونی کردن بۆ ئیمان).

بەشیری کوڕی نەههاس(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی نەههاسی عەبدیە،[2] فەرموودەیەکی گێراوەتەوە، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدەکەی تەواو لاوازە.[3]

بەشیری کوڕی ئەبی زەید(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی ئەبی زەیدە، لە پشتیوانانە،[4] ئەبی زەیدی باوکی لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[5]

بەشیر هاودەم بە وداعەی کوڕی لە جەنگی صفیندا لە سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشدار بوو.[6]

1 - الحجرات: 17.
2 - أسد الغابة، ج1، ص296.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 316.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص175، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.

## بەشیری کوڕی ئەبی زەید(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی ئەبی زەیدە، لە پشتیوانانە،[1] ئەبووزەیدی باوکی یەکێك بوو لەو شەش کەسەی کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان کۆکردەوە،[2] بەشیر لە ڕۆژی (الحرة) شەهید بوو.[3]

ئیبن حەجەر دەڵێت لەوانەیە ئەم دوو ناوەی بەشیری کوڕی ئەبی زەید هەر یەك کەسایەتی بێت.[4]

## بەشیری کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی یەزیدی ضەبوعیە، لەو هاوەڵانەیە دواتر نیشتەجێی بەصرە بوون.[5]

بەشیری کوڕی یەزید کەسێکی بە تەمەن بوو و سەردەمی نەفامیشی دیبوو.[6]

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی ذیقاردا فەرمووی (هذا أول يوم انتصفت فيه العرب من العجم)،[7] (ئەوە یەکەم ڕۆژە تیایدا عەرەب تۆڵەی خۆی لە عەجەم کردەوە).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 290.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 311.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 296.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص316.
7 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1226، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1133، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 579.

جەنگی ذیقار ئەو جەنگە بوو کە لەنێوان عەرەب و فارسەکاندا روویدا، سەبارەت بە کاتەکەی دەوترێت تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) چل ساڵان بووە، دەشوترێت، بەڵکو نزیك بە کاتی جەنگی بەدر روویداوە، پەروێزی گەورەی فارسەکان پاش بەندکردنی نوعمانی کوڕی مونذیر و مردنی نوعمان، سوپایەکی سێ هەزار کەسی نارد بۆ عەرەبەکانی بەکری کوڕی وائیل، پاش رووداني جەنگێکی سەخت تیایدا عەرەبەکان سەرکەوتن و فارسەکان شکان.[1]

بەشیری کوڕی ئەککال(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی ئەککالە،[2] لە پشتیوانانە،[3] ئیبن ئەثیر پێی وایە لە ئەوسیەکانە،[4] کونیەکەی بریتی بوو لە ئەبوو ئەیووب.[5]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەییوب کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[6]

ئەم هاوەڵە لە مەدینە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ مایەوە.[7]

بەشیر دەڵێت گرفتو ئاژاوەیەك لە نێو بەنی موعاویەدا هەبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو تا نێوانیان چاك بکاتەوە، لەو کاتەدا لای کردەوە بەرەو گۆڕێك و فەرمووی (لا هديت)، (هەر رێنموونیت بۆ نەبێت)، پرسیار کرا ئەی پێغەمبەری خوا

1 - المختصر في تأريخ البشر لأبي الفداء، ج1، ص51.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 309.
3 - أسد الغابة، ج1، ص285.
4 - أسد الغابة، ج1، ص285.
5 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 96.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 309.
7 - أسد الغابة، ج1، ص285.

(ﷺ) ئەوە چی بوو؟ فەرمووی (إن هذا سئل عنی فقال لا أدري)،[1] (ئەو مردووە لەبارەی منەوە پرسیاری لێکرا لە وەڵامدا وتی نازانم).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم کەس لە نزیکتەوە بەدی ناکەین، ئەویش فەرمووی دام بە لایدا و سەبارەت بە من پرسیاری لیّ دەکرا.[2]

## بەشیری کوڕی ئەنەس(رضي الله عنه)

ناوی بەشیری کوڕی ئەنەسی کوڕی ئومەییەیە،[3] لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[4] کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا.[5]

بەشیری کوڕی ئەنەس یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[6]

## بەشیری ئەنصاری(رضي الله عنه)

بەشیر لە پشتیوانانەو لە ڕۆژی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[7]

---

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 96.

2 - أسد الغابة، ج1، ص285.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 176، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 310.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 310.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 8، ص409.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 176.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص317.

بەصرەی کوڕی ئەبوو بەصرە (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی بەصرەی کوڕی ئەبووبەصرەیە و لە غیفاریەکانە،[1] خۆیشی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بون، هەردووکیشیان ناویان لەو هاوەڵانەدا هاتووە کە دواتر چوونەتە میصر و لەوێ نیشتەجێ بون.[2]

بەصرە کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەمیل کە رایەك هەیە دەڵێت ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە.[3]

ئەبووهورەیرە دەڵێت جارێك گەیشتم بە بەصرەی کوڕی ئەبوو بەصرەی غیفاری، لێی پرسیم لە کوێوە هاتویت؟ وتم لە طوورەوە هاتوومەتەوە، بەصرە وتی ئەگەر پێش ئەو چوونەت تۆم بدیبا نەدەچوویت بۆ طوور، چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (لا تعمل المطي إلا إلى ثلاثة مساجد، إلى المسجد الحرام و إلى مسجدي هذا و إلى مسجد إيلياء—أو مسجد بيت المقدس)،[4] (کۆڵی سەفەر و بەتایبەت سەفەرکردن تەنها بۆ سێ مزگەوت بپێچنەوە، بۆ مەسجیدولحەرام و ئەم مزگەوتەم—مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)— و مزگەوتی ئیلیاء—یان مزگەوتی بەیتولموقەددەس دوودڵ بوو کام ناویان بوو).

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 184.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 298.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص130.

4 - صحيح ابن حبان، الرقم 2818، السنن الصغير للبيهقي، الرقم 447، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23209، مسند الطيالسي، الرقم 2617، مسند الحميدي، الرقم 917، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1154، صححه الألباني.

بەڵام لە هەندێ سەرچاوەدا هاتووە ئەم فەرموودەیە ئەبووبەصرەی باوکی گێراویەتیەوە نەك بەصرە خۆی،[1] ئەلبانیش ئەم رایەی پێ راستترە.[2]

## بەصرەی کوڕی ئەکثەم (رضي الله عنه)

ناوی بەصرەی کوڕی ئەکثەمە، دەوترێت خوزاعیە، دەشوترێت لە پشتیوانانە، بە بوسرە و نەضلە و نەضرە ناوی هاتووە، بەڵام راستتر ئەوەیە کە ناوی بەصرەیە.[3]

بەصرە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)سەبارەت بە مەسەلەی هاوسەرگیری گێڕاوەتەوە.[4]

بەصرە دەڵێت کچێکم مارە کرد، کەچی کە چوومە لای سکی پڕ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لها الصداق بما استحللت من فرجها والولد عبد لك فإذا ولدت)،[5] (ئافرەتەکە مارەییەکەی بۆ هەیە بەرامبەر بەوەی داوێنی بۆت رەوا کردووە، منداڵەکەشی کە لەدایك بوو کۆیلەی تۆیە–واتە کۆیلەی بەصرە–).

1 - أسد الغابة، ج1، ص298.

2 - الثمر المستطاب في فقه السنة والكتاب، 555/2.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 319.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 319.

5 - سنن أبي داوود، الرقم 1833، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 2131.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بەصرە بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش لەیەکی جیاکردنەوەو دواتر فەرمووی (إذا وضعت فاجلدوها الحد)،[1] (ئەگەر ئافرەتەکە منداڵەکەی بوو حەددی جەلدی لێ بدەن).

بەعجەی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی بەعجەی کوڕی زەیدی خوزاعیە، برای بەرذەعی کوڕی زەیدە،[2] بەعجە هاودەم بە بەرذەعی برای وەك وەفد چوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[3] پێشتر لە باسی ژیانی بەرذەعدا بەسەرهاتی سەفەرەکەمان باسکردووە.

ئیبن ئیسحاق پێی وایە بەعجە هاودەم بە بەرذەعی برای لەو وەفدەدا بووە.[4]

بوغووم (رضي الله عنها)

ناوی بوغوومی کچی خالیدەو هاوسەری صەفوانی کوڕی ئومەییەیە، ئەم ئافرەتە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، یان ئیبن سەعد دەڵێت پێشتر موسڵمان بووبوو و لە حەجی ماڵئاواییدا بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[5]

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12978.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 320.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 284.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص284.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 538.

بەغیضی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه)

ناوی بەغیضی کوڕی حەبیبی کوڕی مەڕوان بوو، لە مازنیەکان بوو،[1] ئیبن ئەثیر بە تەمیمی ناوی هێناوە،[2] وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی و ناوی نا حەبیب،[3] کاتێك هات پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکرد ناوت چیە؟ ئەویش وتی بەغیض، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (بل أنت حبيب)،[4] (بەڵکو تۆ ناوت حەبیبە–خۆشەویست).

بەکری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی حارثی ئەنماریە،[5] لە پشتیوانانە، کونیەکەیشی ئەبوومەیفەعەیە،[6] بەڵام ئیبن حەجەر بە ئەبولمەنقەعە هێناویەتی.[7]

بەکری کوڕی حارث دواتر چوویە حیمص و لەوێ نیشتەجێ بوو.[8]

بەکری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی عەبدوڵای کوڕی رەبیعە، لە پشتیوانانە.[9]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص320.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 300.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص320.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 300.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص323.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 301.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص323.
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص323.
9 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 325.

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (علموا أبناءكم السباحة والرماية...)،[1] (منداڵەکانتان فێری مەلەوانیو هاویشتن بکەن).

بەکری کوڕی موبەشیر (رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی موبەشیری کوڕی جەبرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[2] لە هاوەڵانی دانیشتووی مەدینەیە و هەر لەوێ ماوەتەوە.[3]

بەکری کوڕی موبەشیر دەڵێت ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانو جەژنی قوربانیش بەری بەیان لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەچووینەدەرەوەو بەرەو بەطحا دەچووین تا بچینە شوێنی نوێژکردن، ئینجا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژمان دەکرد، دواتر دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەکانمان.[4]

بەکری کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی ئومەییەی کوڕی خوەیلیدی کوڕی عەبدوڵای ضەمریە،[5] ئومەییەی باوکیشی یەکێك بوو لە هاوەڵان و هەوالگی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[6]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1194، ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة، الرقم 3876.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 303، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 325.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 303، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 325.

4 - سنن أبي داوود، الرقم 991، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5865، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1156، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1036، ضعفه الألبانيي في تمام المنة في التعليق على فقه السنة، (346/1).

5 - أسد الغابة، ج1، ص 300.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 247.

برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە لە هاوەڵانی زۆر نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[1] پێغەمبەر (ﷺ) عەمری نارد بۆ لای نەجاشی تا داوای ئوم حەبیبەی بۆ بکات.[2]

بەکری کوڕی ئومەییە دەڵێت لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا دراوسێیەکی جوهەینەییمان هەبوو، ئەوکات ئێمە هێشتا بێباوەڕ بووین، کەسێکی پیسی شەڕانیمان لەناودا بوو پێی دەوترا ریشە، ئەم کەسە بەردەوام هێرشی دەکردە سەر ئەو کەسە جوهەینیە، ئەوانیش دەهاتن و دژ بەو کەسە لای ئێمە سکاڵایان دەکرد، ئێمەش پێمان دەوتن بەخوا نازانین چی پێ بکەین، ئێمە دەستمان لێی شتووە، بڕۆن بیکوژن، جارێك ریشە وشترێکی زۆر باشی کابرای برد و بردیە شوعبەتولوادی و لەوێ سەری بڕی و بەشە هەرەخۆشەکەی خوارد و هەموو ئەوی تری جێهێشت، کاتێك کابرای جوهەینی چوو تا وشترەکەی بدۆزێتەوە زۆر گەڕا تا بەو شێوەیە دۆزیەوە، ئینجا هات بۆ ناو کۆڕی بەنی ضەمرە و بە داخ و دڵگرانیەوە شیعرێکی وت کە تیایدا نارەزایی بەرامبەر خودا نیشان دەدا و دەیوت خواش توانای نیە بەسەریدا، ئینجا داوای لە خوا کرد بە دەردێك بیکوژێت، ئەوەبوو خوای گەورە بەو دەردە کوشتی، دەردەکەش ئەوەبوو لە نێو چاوانیەوە زیپکەیەکی دەرکرد کە بەرەبەرە سەری دەگرتەوە، بەکر دەڵێت تا چووین بۆ حەج و هاتینەوە هەموو سەری خواردبوو و بەوجۆرە مرد.[3]

سەبارەت بەم گێڕانەوەیە ئیبن حەجەر دەڵێت من بە مونقەطیعی دەزانم.[4]

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 178، أسد الغابة، ج1، ص 300.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص602.

3 - مجابو الدعوة لابن أبي الدنيا، الرقم 6، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1155.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 320.

### بەکری کوڕی جەبلە (رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی جەبلەی کوڕی وائیلی کوڕی قەیسی کەلبیە،[1] وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو،[2] بەکر دەڵێت من و عاصم (کە کەسێك بوو لە بەنی رقاش) هاتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش پێشنیاری ئیسلامی بۆ کردین، ئێمەش موسڵمان بووین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی من پێغەمبەری نەخوێندەواری راستگۆی پاکم و هاوار سەد هاوار بۆ ئەوەی بە درۆم دەخاتەوەو بڕوام پێ ناهێنێت و پشتم تێ دەکات و لەگەڵم دەجەنگێت، تەواوی خێریش بۆ ئەوەی پاڵپشتمەو سەرم دەخات و بڕوام پێدێنێت و قسەم بە راست دادەنێت و لەگەڵم جیهاد دەکات، بەکر و عاصم وتیان دەی ئێمە بڕوات پێ دێنین و قسەت بە راست دەزانین، ئیتر موسڵمان بوون، ئینجا بەکر لەسەر موسڵمان بوونەکەی شیعرێکی هۆنیەوە.[3]

ئەم هاوەڵە سەرەتا ناوی عەبد عەمر بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی لێنا بەکر.[4]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی وەلید،[5] برایەکی هەبوو بە ناوی نوعمانی کوڕی جەبلە،[6] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی ئەبرەش.[1]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 322.

2 - تاريخ مدينة دمشق لأبي القاسم علي بن الحسن الشافعي، دار الفكر(بيروت-1995)، ج7، ص298.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص334.

4 - أسد الغابة، ج1، ص301.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص322.

6 - الجزء المتمم لطبقات ابن سعد، ج2، ص 289.

بەکری کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی حارثەیە و لە جوهەنیەکانە.[2]

بەکری کوڕی حارثە دەڵێت من لە سریەیەکدا بووم کە پێغەمبەر (ﷺ) ناردبووی، لەگەڵ بێباوەڕان بەریەککەوتین و جەنگاین، منیش هەڵمکوتایە سەر یەکێك لە بێباوەڕەکان، ئەویش داوای پەنای کرد و موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، منیش کوشتم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بیستەوە تووڕە بوو و دووری خستمەوە، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(وما كان لمؤمن أن يقتل مؤمنا إلا خطأ) ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی بوو و نزیکی خستمەوە.[3]

بەکری کوڕی حەبیب(رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی حەبیبی حەنەفیە، سەرەتا ناوی بەربەر بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نا بەکر.[4]

گۆڕینی ناو بە جوانترین ناو دروستە بەتایبەت گۆڕینی ناوی ناشیرین بۆ ناوی جوان سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بووە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص322.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 301.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1158.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص324.

بەکری کوڕی شودداخ(رضي الله عنه)

ناوی بەکری کوڕی شودداخی لەیثیە،[1] دەشوترێت بەڵکو ناوی بوکەیرە، یەکێك بوو لەوانەی خزمەتی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەکرد.[2]

بەکر لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و خزمەتی دەکرد و دەچوویە ماڵی، ئەوکات هێشتا مێردمنداڵ بوو، کاتێك باڵغ بوو چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من جاران دەچوومەوە ماڵەوە و خێزانەکانت لەوێ بوون، بەڵام وا ئێستا باڵغ بوم، پێغەمبەر (ﷺ) نزای خێری بۆ کرد و فەرمووی(اللهم صدق قوله و لقه الظفر)،[3] (خوایە قسەی بە راست بگێڕەو سەرکەوتنی پێ بگەیەنە).

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا بەکری کوڕی شودداخ جوولەکەیەکی کوشت، خەلیفە کە بیستی جوولەکەیەك کوژراوە چوویە سەر مینبەر و وتی، هەرکەس زانیاریەکی هەیە بەم کوشتنە خوای بەبیردەهێنمەوە تا پێم بڵێت، ئەوەبوو بەکر هەستا و وتی من کوشتوومە، خەلیفە وتی الله اكبر خوێنەکەی لەسەرتە، پۆزش و بەڵگەت چیە؟ بەکر وتی بەڵێ بەڵگەم پێیە، فڵانە کەس چوو بۆ غەزا و منی راسپارد تا ئاگاداری ژن و منداڵەکانی بم، منیش چوومە لای ماڵەکەیان ئەم جوولەکەیەم بینی لە ماڵی ئەو هاوەڵەدا بوو و دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکەی و دەیوت:

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 324.

2 - أسد الغابة، ج1، ص302.

3 - أسد الغابة، ج1، ص302.

وأشعثُ غَرَّه الإسلام مني

خَلَوْتُ بعُرْسِهِ ليل التَّمامِ

أبيتُ على ترائبها ويمسي

على قَوَدِ الأعِنَّة والحزامِ

كأن مجامع الرَّبَلات منها

فئامٌ ينهضون إلى فئامِ

**عومەر بەڵگەکەی وەرگرت و خوێنباییەکەشی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش هاتنەدی فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە فەرمووی خوایە قسەی بە راست بگێڕە-واتە قسەی بە راست دابنرێت-.[1]**

**ئەو هاوەڵەی چوو بۆ غەزاو بەکری راسپارد ئاگاداری ژن و ماڵەکەی بێت ئەشعەثی ئەنصاری بوو.[2]**

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1157، أسد الغابة، ج1، ص302-303.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص89.

بەننەی جوهەنی (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵەش چەند رایەك هەیە، بە بەننەی جوهەنی ناوی هاتووە، بە نوبەیهیش هاتووە، بە یەننەش هاتووە.[1]

فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بە لای خەڵکێکدا شمشێریان هەڵدەکرد و بێ ئەوەی لە کالاندا بێت دەیانجووڵاند و گەمەیان پێ دەکردو دەیاندا بە یەکدی، ئەویش فەرمووی (لعن الله من يفعل ذلك، أو لم أزجركم عن هذا؟ فإذا سللتم السيف، فليغمده الرجل، ثم ليعطه كذلك)،[2] (نەفرین لەوەی ئەوە دەکات، مەگەر من لەسەر ئەوە سەرکۆنەم نەکردن؟ کە شمشێرتان هەڵکرد با ئەو کەسە بیخاتەوە کالان ئینجا بەوجۆرە بیدات بەوی تر).

بەهزاد (رضي الله عنه)

ناوی بەهزادەو بە ئەبوو مالیك ناسراوە، چونکە کوڕێکی هەبوو بە ناوی مالیك، ئەو کوڕەشی کوڕێکی هەبوو بە ناوی یووسف، ئەو یووسفە فەرموودەی لە بەهزادی باپیرەیەوە گێڕاوەتەوە، بەڵام سەنەدی فەرموودەکە لاوازە، چونکە جەعفەری کوڕی عەبدولوەهابی تێدایە کە تۆمەتبارە بە درۆزنی،[3] فەرموودەکەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (احفظونی في أبوبكر فإنه لم يسؤني منذ

[1] - أسد الغابة، ج1، ص 310.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 14454 و اللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 2140، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1176، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2163.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 330.

صحبني)، (سەبارەت بە ئەبووبەکر چاك بن و لەبەر من قسەی لەسەر مەکەن، چونکە لەو کاتەوەی هاوەڵی کردوم خراپەی بەرامبەرم نەبووە).[1]

بەهزی قوشەیری(رضي الله عنه)

ناوی بەهزی قوشەیری یان بەهزیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە و دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ سیواکی دەکرد بە باری پانیدا سیواکی دەکرد، کە ئاویشی دەخواردەوە وەك هەڵلوشین دەیخواردەوە، لە ئاوخواردنەوەشدا سێ هەناسەی دەدا–واتە بە سێ جار دەیخواردەوە–.[2]

بەولا (رضي الله عنه)

ئیبن حەجەر بە بەولا و ئیبن ئەثیر بە بەولی ناویان هێناوە، کوڕێکی هەبووە بە ناوی موحەممەد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

بەولا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إياكم و الطعام الحار فإنه يذهب بالبركة و عليكم بالبارد فإنه أهنأ و أعظم بركة)،[4] (وریابن خواردنی گەرم مەخۆن، چونکە بەرەکەت ناهێڵێت، خواردنی سارد بخۆن، چونکە ئارامبەخشتر و بەرەکەتی زیاترە).

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 311.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1230، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1195، ضعفه الألباني في ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 4552.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 332.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 312، ضعفه الألباني في ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 2201.

لە فەرموودەیەکی تردا کە جابر گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (أبردوا الطعام الحار فإن الطعام الحار غير ذي بركة)،[1] (خواردنی گەرم سارد بکەنەوە، چونکە خواردنی گەرم بەرەکەتی نیە).

بەڵام ئەم فەرموودەش لاوازە وەك ئەلبانی لە (748/1) (سلسلة الأحاديث الصحيحة) ئاماژەی پێداوە.

بەیحەرەی کوڕی عامر (رضي الله عنه)

ناوی بەیحەرەی کوڕی عامرە، وەك وەفد چوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[2]

بەیحەرە کوڕێکی هەبوو بە ناوی مونذیر کە فەرموودەیەکی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[3] بەیحەرە دەڵێت چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووین و داوامان لێکرد عەتەمەمان لەسەر لابەرێت، چونکە سەرقاڵین بە شیری وشترەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی پشت بە خوا شیرەکەش دەدۆشن و نوێژیش دەکەن.[4]

برتای کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی برتای کوڕی ئەسوەد دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصردا بەشدار بوو، دەوترێت لە فەتحی ئەسکەندەریەدا کوژراوە.[5]

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 7188.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 332.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 313.

4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1228، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1196، أسد الغابة، ج1، ص 313.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص283.

بقیلەی ئەشجەعی(رضي الله عنه)

ناوی بوقەیلەی ئەکبەری ئەشجەعیە، کونیەکەی ئەبولمینهالە، هەروەها بە نوفەیلەش ناوی هاتووە، بوقەیلە یەکێك بوو لە کەسە ناسراو و دیارەکان و شاعیرێکی دیار بوو، لە غەزایەکیدا شیعرێکی بەهێزی نووسی بۆ عومەری کوڕی خەططاب، لە جەنگی ئوحوددا بەشداربوو و لە نزیکی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بوو.[1]

بلیحی کوڕی مەخشی(رضي الله عنه)

ناوی بلیحی کوڕی مەخشیە، یەکێك بوو لە شاعیرەکان، شیعرێکی وتووە کە بەڵگەی هاوەڵبوونیەتی، تیایدا باس لەوە دەکات پێغەمبەری خوایان سەرخستووەو فەرمانی خواو پێغەمبەری خوایان بەجێگەیاندووەو دەڵێت چ فەرمانێ لە سەروو فەرمانی ئەوانەوەیە

نصرنا النبي بأسيافنا

نـــكر بمـــكـة نســـتبـشر

بأمر الإله وامر النبي

وما فوق امريهما مأمر[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 320.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 329.

بوجەیری خوزاعی(رضي الله عنه)

بوجەیری خوزاعی ناسراوە بە ئەبوو مالیك، زانیاری تر لەسەر ژیانی نیە.[1]

بوجەیری ثەقەفی(رضي الله عنه)

هیچ زانیاری لەسەر نەهاتووە.

بوجەیری کوڕی زوهەیر (رضي الله عنه)

ناوی بوجەیری کوڕی زوهەیری کوڕی ئەبوسولمای موزەنیە.[2]

برایەکی هەبوو بە ناوی کەعب، زوهەیری باوکیان لە گەورە شاعیران بوو، هەریەك لە بوجەیر و کەعبیش لە گەورە شاعیران بوون و زۆر ناسراو بوون.[3]

بوجەیر لەپێش کەعبی برایدا موسڵمان بووە، جارێك بوجەیر و کەعب پێکەوە لای ئاژەڵ بوون، بوجەیر بە کەعبی وت لای ئەم مەڕانە بە تا دەچم بۆ لای ئەو پیاوە (موحەممەد)و گوێی لێ بگرم بزانم چی دەڵێت؟ بوجەیر چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) ئیسلامی بۆ باس کرد و پێشنیازی موسڵمانبوونی بۆ کرد، بوجەیریش موسڵمان بوو،[4] کاتێ کەعب بیستی بوجەیری برای موسڵمان بووە بە شیعرێ ناڕەزایی دەربڕی.[5]

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص270.

[2] - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص148.

[3] - أسد الغابة، ج1، ص247.

[4] - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص149.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص593.

کەعب بە بێباوەڕی مایەوە،[1] پێغەمبەر (ﷺ) خوێنی کەعبی ڕەوا کرد، بەڵام دواتر بوجەیری برای نامەی نارد و داوای کرد تەوبە بکات،[2] بۆی نووسی پێغەمبەر (ﷺ) کەسانێکی لە مەککە کوشتووە کە بە شیعر هێرشیان کردوەتەسەر پێغەمبەر (ﷺ) و قسەیان پێ وتووە، جا خێرا وەرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تەوبە بکە،[3] کەعبیش هات بۆ مەدینەو پرسیاری کرد دڵ نەرمترین هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) کێیە؟ پێی وترا ئەبووبەکری صدیقە، کەعب چوو بۆ لای ئەبووبەکر تا بیبات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەبووبەکر پێشکەوت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و کەعبیش بە دوایدا چوو، لە مزگەوت لە شوێنی ئەهلی صوففە پێغەمبەریان (ﷺ) بینی و کەعب داوای پەنای کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) پەنای دا، بەوە کەعب موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) عەبایەکی پێ بەخشی و ئەو عەبایەی مایەوە تا دواتر لە سەردەمی موعاویەدا ئەو عەبایە کە لای کوڕەکەی کەعب بوو موعاویە لێی کڕی و پاش ئەوە خەلیفەکان ئەو عەبایان دەپۆشی.[4]

بوجەیر بە باوەڕداری لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوو و لە فەتحی مەککەدا بەشداری کردو شیعرێکی بەسەردا هۆنیەوە.[5]

هەوەها بوجەیری کوڕی زوهەیر لە غەزای طائیفیشدا بەشداری کرد و شیعرێکی بەسەردا هۆنیەوە.

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص247-248.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص593-594.

3 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص615، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص368.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص593-594.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص270.

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لە طائیفەوە گەڕایەوە بوجەیریش هاودەمی بوو، خێرا نامەی نووسی بۆ کەعبی برای و داوای لێکرد تەوبە بکات و بێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بەرپەرچی تەوبەکار ناداتەوە، بۆ ئەوەش شیعرێکی بۆ نووسی.[1]

بوجەیری کوڕی ئەبوبوجەیر (رضي الله عنه)

ناوی بوجەیری کوڕی ئەبووبوجەیری عەبسیە، لە هەردوو غەزای بەدر و ئوحوددا بەشدار بوو.[2]

بوححاثی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی بوححاثی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خەزمەی کوڕی ئەصرەمە،[3] هاوپەیمانی پشتیوانان بوو.[4]

دوو برای هەبوو بە ناوەکانی عەبدوڵا و یەزید، یەزیدی برای بەشداری هەردوو عەقەبە بوو، بەڵام لە بەدردا بەشدار نەبوو،[5] عەبدوڵای برای لە بەدرو ئوحودیشدا دا بەشدار بوو.[6]

1 - أسد الغابة، ج1، ص247-248.

2 - أسد الغابة، ج1، ص247.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص270.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص190.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 249.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص544.

ئەم هاوەڵە لەگەڵ عەبدوڵای برایدا لە غەزای بەدر[1] و ئوحودیشدا بەشداری کرد،[2] بوححاث و عەبدوڵای برایشی پاش مەرگی خۆیان هیچ نەوەیەکیان جێ نەهێشت.[3]

بوحری کوڕی ضوبوع(رضي الله عنه)

ناوی بوحری کوڕی ضوبوعی کوڕی ئەتتەی کوڕی یەحمودی روعەینیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)،[4] دوای پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصردا بەشدار بوو و لەوێش نیشتەجێ بوو.[5]

بوحەینە (رضي الله عنها)

ناوی بوحەینەی کچی حارثەو چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵی بۆ بڕیەوە.[6]

بوسرەی کچی صەفوان (رضي الله عنها)

ناوی بوسرەی کچی صەفوانی کوڕی نەوفەلی ئەسەدیە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتریش کۆچی کرد بۆ مەدینە.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص270.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص190.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص544.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 250.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص271.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 530.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 536.

بوشەیرە (رضي الله عنها)

ناوی بوشەیرەی کچی حارثە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

بوثەینەی کچی نوعمان (رضي الله عنها)

ناوی بوثەینەی کچی نوعمانی کوڕی خەلەفە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، هاوسەری موحەممەدی کوڕی عەمرە.[2]

بوشەیرەی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی بوشەیرەی کچی ثابتە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

بوشەیرەی کچی نوعمان (رضي الله عنها)

ناوی بوشەیرەی کچی نوعمانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

بوقەیرە (رضي الله عنها)

ناوی بوقەیرەیەو هاوسەری قەعقاعی کوڕی ئەبی حەدرەدە، بوقەیرە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك لەسەر مینبەر بوو دەیفەرموو (إذا سمعتم بجیش

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 536.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 529.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 538.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 538.

قد خسف به قريبا فقد أظلت الساعة)،[1] (ئەگەر بیستتان سوپایەك بەم نزیکانە چوو بە ناخی زەویدا ئەوە ڕۆژی دوایی نزیك بووەتەوە)

بودەیل (رضي الله عنه)

دەوترێت ناوی بودەیل یان بورەیل یان بورەیرە، لە کۆچەرانە، باوکی ناسراوە بە ئەبوو مەریەم یان ئەبووماریە.[2]

بودەیل (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە جیایە لە بودەیلی کوڕی ئەبومەریەم، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدەکە کەسی لاوازی تێدایە، بودەیل دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی لەسەر خوف مەسحی دەکرد.[3]

بودەیلی کوڕی سەلەمە (رضي الله عنه)

ناوی بودەیلی کوڕی سەلەمەی کوڕی خەلفی کوڕی عەمری خوزاعی سەلوولیە، زیاتر بە بودەیلی کوڕی ئوم ئەصرەم ناسراوە، بودەیل شاعیرێکی دیاریش بوو و لە فەتحی مەککەدا شیعری دەوت.[4]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26514، ضعفه شعيب الأرناؤوط.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص274.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص274.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص273.

دایکی ناوی ئوم ئەصرەمی کچی ئەحجەمی خوزاعیە،[1] بودەیلیش زیاتر بە ناوی دایکیەوە ناسراوە.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە بودەیل و بوسری کوڕی سوفیانی نارد بۆ لای بەنی کەعب تا ئاگاداریان بکاتەوە بێن بۆ فەتحی مەککە.[3]

لە فەتحی مەککەدا بودەیل بەشدار بوو و بە شیعر وەڵامی ئەنەسی کوڕی زنیمی دایەوە.[4]

بودەیلی کوڕی عەمری خەطەمی (رضي الله عنه)

ناوی بودەیلی کوڕی عەمری خەطەمیە، لە پشتیوانانە.[5]

بودەیل دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێشنیازی روقیەی حەییەم لا کرد، ئەویش مۆڵەتی دام و نزای بەرەکەتی کرد بۆ روقییە.[6]

ئیبن حەجەر دەڵێت لە سەنەدی ئەم گێڕانەوەدا کەسی نەناسراو هەیە.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص273.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص151.

3 - أسد الغابة، ج1، ص254.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص273.

5 - أسد الغابة، ج1، ص254.

6 - أسد الغابة، ج1، ص254، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص273.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص273.

بودەیلی کوڕی کولثوم (رضي الله عنه)

ناوی بودەیلی کوڕی کولثومی خوزاعیە، هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،کاتێك قورەیش ناپاکییان نواند لە رووی خوزاعەدا بودەیل هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

گێڕانەوەیەك هاتووە کاتێك بودەیل چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) شیعرێکی هۆنیەوە: لا هم إني ناشد محمدا...

بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت ئەو سەنەدە مونقەطیعەو ئەو شیعرە هی عەمری کوڕی سالمە نەك هی بودەیل بێت،[2] لەوانەیە هەر ئەم خاوەنێتیەی شیعرە وای کردبێت هەندێك لەبری بودەیلی کوڕی کولثوم ناوی عەمری کوڕی کولثوم دێننن بۆیە ئیبن ئەثیر دەڵێت ئەوانە لێیان تێکچووەو ئەو عەمرە کوڕی سالمی کوڕی کولثومەو ناوی سالمەکەیان پەڕاندووە.[3]

بودەیلی کوڕی وەرقاء(رضي الله عنه)

ناوی بودەیلی کوڕی وەرقائی کوڕی عەمری کوڕی رەبیعەی خوزاعیە،[4] دانیشتووی مەککە بوو.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص255.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص274.

3 - أسد الغابة، ج1، ص255.

4 - أسد الغابة، ج1، ص256.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص275.

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگی صفیندا کوژرا،[1] کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی سەلەمە.[2]

بودەیل لە پێش فەتحی مەککەدا موسڵمان بووبوو، دەشوترێت بەڵکو ڕۆژی فەتحی مەککە موسڵمان بوو.[3]

گێڕانەوەیەك نیشانی دەدات بودەیل لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە، بودەیل دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی فەتحدا سەیری کردم ڕەشی بە مووەکانمەوە مابوو، پێی فەرمووم تەمەنت چەندە؟ وتم تەمەنم نەوەدو حەوت ساڵە، فەرمووی خوا تەمەن و ڕەشیت–ڕەشی مووت– زیاد بکات.[4]

لە صولحی حودەیبیەدا بودەیلی کوڕی وەرقا لەگەڵ چەند کەسێکی هۆزەکەیدا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە قوڕەیش ڕێ نادەن بچێتە مەککە، پێغەمبەریش (ﷺ) هەواڵی پێدا و فەرمووی (ئێمە نەهاتوین لەگەڵ کەس بجەنگین بەڵکو هاتوین عومرە بکەین، قورەیش جەنگ سەری خواردونو زیانی گەیاندووە پێیان، ئەگەر بیانەوێت ماوەیەك لێیان دەوەستم تا ڕێمان بدەن... بودەیل وتی پەیامەکەت دەگەیەنم پێیان، ئەوەبوو چوو تا گەیشتە لای قوڕەیش، وتی ئێمە لای ئەو پیاوەوە هاتوین وگوێمان لێی بوو قسەیەکی کرد، ئەگەر حەزتان لێ بێت دەیخەینەروو بۆتان، گەمژەکانیان وتیان هیچ پێویستمان بەوە نیە قسەی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص275.

2 - أسد الغابة، ج1، ص256.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص150.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص276.

ئەومان بۆ بگێڕیتەوە، هەندێ لە ژیرەکانیان وتیان ئادەی بڵێ چیت لێ بیست؟ ئەویش قسەکەی گێڕایەوە بۆیان.[1]

بودەیلی کوڕی وەرقا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم کەنیزەك و سامانە –غەنیمەکانی جیهاد– لە جەعرانە بوەستێنم و لەوێ ئاگاداریان بم تا پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دێت بۆ ئەوێ.[2]

لە گێڕانەوەی تردا هاتووە بودەیل لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمانی پێدرا هەواڵی قورەیشی بۆ بهێنێت.[3]

سەبارەت بە مردنی دوو ڕا هەیە، یەکەمیان دەڵێت لە پێش وەفاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، دووەمیشیان دەڵێت لە جەنگی صفیندا کوژرا، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت عەبدوڵای کوڕی لە جەنگی صفیندا کوژرا.[4]

پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجیماڵئاواییدا بودەیلی بە وشترەکەیەوە نارد تا لە ڕۆژی مینادا بەناو خەڵکدا هاوار بکات ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن.[5]

لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا خەڵکی قورەیش پەنایان دەبرد بۆ ماڵی بودەیلی کوڕی وەرقا و رافیعی مەولای.[1]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2601، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17483، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18540، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16840.

2 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 7386.

3 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17483، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18540، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16840.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص276.

5 - مسند ابن أبي شيبة، الرقم 18285

بودەیل و عەبدوڵای کوڕیشی لە هەریەك لە غەزاکانی حونەین و تەبووکدا بەشدارییان کرد.[2]

بورەیدەی کوڕی حوصەیب (رضي الله عنه)

ناوی بورەیدەی کوڕی حوصەیبی کوڕی عەبدوڵای ئەسلەمیە،[3] سەبارەت بە کونیەکەی چەند کونیەیەك هاتووە، ئەبووسەهل، ئەبولحوصەیب، ئەبوو ساسان، بەڵام زیاتر بە ئەبوو عەبدوڵا ناسراوە.[4]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە لەگەڵ باوکیدا بەشداری جیهادی دەکرد تا دواجار لەگەڵ باوکی لە مەروو نیشتەجێ بوو، هەروەها فەرموودەی لە باوکیەوە دەگێڕایەوە.[5]

کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی سولەیمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[6]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بەرەو مەدینە، دای بە ناو ناوچەکەی ئەم هاوەڵەدا کە نزیکەی هەشتاماڵ دەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، لەوێ بورەیدەی کوڕی حوصەیب و ئەوانەشی لەگەڵی بوون کە نزیکەی هەشتا ماڵ دەبوون موسڵمان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی خەوتنانی بۆ کردن و

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص150.

2 - أسد الغابة، ج1، ص256، الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص150.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص241، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص286.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص185، أسد الغابة، ج1، ص263.

5 - أسد الغابة، ج1، ص263.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص221.

ئەوانیش لە دوایەوە نوێژیان کرد، پاش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) چوو پاش ماوەیەکی زۆر و دوای جەنگی ئوحود بورەیدە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لەوێ لەگەڵیدا بوو و بەشداری غەزاکانی دەکرد، هەروەها لە ڕێککەوتنی حودەیبیەو بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[1]

ئەو بەرنوێژیەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو هەشتا ماڵە لە نوێژی عیشادا بوو، بورەیدەش هەر لەو شەوەدا برێك لە قورئانی پیرۆز فێر بوو.[2]

لە غەزای مورەیسیعدا پێغەمبەر (ﷺ) بورەیدەی نارد تا هەواڵی دوژمنانی بۆ وەربگرێت، ئەویش هەواڵی بۆ وەرگرت و گەڕایەوە... دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هێرشی بردە سەریان و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و زۆرێکی لێ بەدیل گرتن و بورەیدەی راسپارد تا ئاگاداری دیلەکان بێت.[3]

لە موحەرەمی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) بورەیدەی کوڕی حوصەیبی نارد بۆ کۆکردنەوەی صەدەقەی ئەسلەم و غیفار.[4]

هەروەها لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەست بورەیدەی کوڕی حوصەیب، لە غەزای تەبووکیشدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەو غەزایە پێغەمبەر (ﷺ) بورەیدەی نارد بۆ لای ئەسلەم تا پێیان بڵێت لە غەزادا بەشداری بکەن.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص242، أسد الغابة، ج1، ص263.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 185.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص63-64.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص160.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص242.

بورەیدە هەر لە مەدینە مایەوەو لەوێ نیشتەجێ بوو، دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ بەصرەو لەوێ مایەوە، دواتریش لەوێ دانەنیشت و بۆ جیهادی ڕێی خوا ڕووەو خوراسان چوو و دواجار لە ناوچەی مەرو نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە تا لەوێ کۆچی دوایی کرد و لەوێیش ئەسپەردە کرا و کوڕەکەشی هەر لەوێ لە مەروو مایەوە.[1]

عەبدوڵای کوڕی فەرموودەیەکی لە بورەیدەی باوکیەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (ما من أحد من أصحابي يموت بأرض إلا بعث قائدا ونورا لهم يوم القيامة)،[2] (هەر هاوەڵێکم لە خاکێکدا بمرێت ئەوا کاتێك ڕۆژی دوایی زیندوو دەکرێتەوە وەك سەرکردەو ڕووناکیە بۆ خەڵکی ئەو شوێنە).

فەرموودەیەکی تر لە بورەیدەوە گێردراوەتەوە کە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بە من و حەکەمی غیفاری فەرموو (أنتما عينان لأهل المشرق، وبكما يحشر أهل المشرق)، (ئێوە ئەو دوانەتان چاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتن و خەڵکەکەی بە ئێوەوە حەشر دەکرێن)، ئەوەبوو هەردووکیان چوونە ناوچەی مەرو و لەوێیش کۆچی دواییان کرد.[3]

بورەیدە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید تا پێنج یەکی دەستکەوت دابەش بکات، کە بەیانی بوویەوە عەلی ئاو لەسەری دەچۆڕا، خالید بە بورەیدەی وت دەبینیت (عەلی) چی دەکات یان دەبینیت

1 - أسد الغابة، ج1، ص263.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3882، ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة، الرقم 4468.

3 - مختصر تاريخ دمشق لابن منظور، ج2، ص175، أسد الغابة، ج1، ص264.

چی کردووە؟ بورەیدە دەڵێت منیش رقم بوو لە عەلی، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵم پێدا عەلی چی کردووە، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا تۆ رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت لێی نەبێت.[1]

لە گێڕانەوەکەی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە بورەیدە بە خالیدی وت نابینیت چی کردووە؟ جا کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەم بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی ئەی بورەیدە ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی رقت نەبێت لێی چونکە لە پێنج یەکدا بەشی لەوە زیاتریشی بۆ هەیە).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بورەیدە دەڵێت هێندە رقم لە عەلی بوو کەسی تر نەبوو هێندە رقم لێی بێت، تەنانەت پیاوێك هەبوو لە مەککە بەس لەبەرئەوە خۆشم دەویست کە رقی بوو لە عەلی، جا لە سوپایەکدا هاودەمی ئەو پیاوەم کرد بەس تەنها لەبەرئەوەی کە رقی بوو لە عەلی، ئەوەبوو بڕێ دەستکەوتمان دەستکەوت، ئەو کەسە هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کەسێك بنێرە تا پێنج یەکەکەی دابەش بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) عەلی نارد، لە دیلە ئافرەتیەکاندا ئافرەتێك هەبوو کە لە هەموویان جوانتر بوو، عەلی ئەوەی لە پێنج یەکەکە داناو دابەشی کرد، دواتر هاتەدەر و سەری ئاوی لێدەچۆڕا، وتمان ئەی ئەبولحەسەن ئەوە چیە؟ وتی وەصیفە (ئافرەتەکە) نابینن کە لە کەنیزەکەکان بوو، من دابەشم کرد و بەر پێنج یەکەکە کەوت، دواتر بوو بە بەشی ئالوبەیتی پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر بوو

1 - فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1135، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1175، أسد الغابة، ج1، ص 264.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4102.

بە بەشی بنەماڵەی عەلی و منیش چوومە لای، پیاوە سەرکردەکە نامەی نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و منیش وتم من وەك نێردراو و پشت راست بنێرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە نامەکەم دەخوێندەوەو دەموت راستی نووسیوە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی گرتم و نامەکەشی گرتە دەستی و فەرمووی ئایا رقتە لە عەلی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی رقت لێی نەبێت، ئەگەریش خۆشت دەوێت زیاتر خۆشت بوێت، دە سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە پشکی بنەماڵەی عەلی لە پێنج یەکدا باشتر و زیاترە لە وەصیفە)، بورەیدە دەڵێت سوێند بەخوا دوای ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کەس نەبوو هێندەی عەلی لام خۆشەویست بێت.[1]

دوای ئەوە لە ساڵی دەی کۆچیدا پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ یەمەن‌و سوپایەکی لەگەڵدا نارد، لەناو سوپاکەشدا بورەیدەی کوڕی حوصەیب بەشدار بوو، فەرمانی پێکرد نەجەنگێت تا ئەوان دەست پێ نەکەن، جەنگ روویدا و موسڵمانان سەرکەوتن و عەلی کوڕی ئەبووطالیب بورەیدەی کوڕی حوصەیبی لای غەنیمەو دەستکەوتەکان دانا.[2]

بورەیدە دەڵێت لەو چوونەماندا بۆ یەمەن رەقی و توندیەکم لە عەلیدا بەدیکرد، بۆیە کە هاتمەوە لای پێغەمبەر (ﷺ) کەوتمە رەخنەگرتن لە عەلی، بینیم دەموچاوی پێغەمبەر (ﷺ) گۆڕا و رەنگی تێکچوو، ئینجا فەرمووی (یا بريدة ألستُ أولى بالمؤمنين من أنفسهم)، (ئەی بورەیدە ئایا من بۆ باوەڕداران لەخۆیان لەپێشتر

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22354، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12113، مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 2590.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص169.

نیم؟) وتم با ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی (من كنتُ مولاه فعلي مولاه)،[1] (دەی من مەولای هەر كەس بم عەلیش مەولایەتی).

بورەیدە دەڵێت گەمارۆی خەیبەرمان دا، پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاكەی دایە دەست ئەبووبەكر كەچی بۆی فەتح نەكرا، دواتر دایە دەست عومەر ئەویش بۆی فەتح نەكرا، موسڵمانان زۆر ماندوو بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەیانی ئاڵاكە دەدەمە دەست پیاوێك كە خواو پێغەمبەری خوا خۆشیان دەوێت و ئەویش خوا و پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت، ناگەڕێتەوە تا بۆی فەتح دەبێت)، ئیتر بێخەم شەومان بەسەربرد، بەیانی زوو كە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی كرد دوای نوێژەكە داوای ئاڵاكەی كرد و خەڵكی ریزیان بەست، پێغەمبەر (ﷺ) عەلی كوڕی ئەبووطالیبی بانگ كرد و ئەویش ئازاری چاوی هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) تفی دا لە چاوانی و دواتر ئاڵاكەی دایە دەستی، ئەوەبوو خوای گەورە فەتحی پێ بەخشی.[2]

هەروەها بوریدە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)لەو سوپایەدا بەشداری كرد كە پێغەمبەر (ﷺ) رێكیخست و ئوسامەی كوڕی زەیدی كردە سەركردەی سوپاكە، تیایدا بورەیدە ئاڵاكەی بەدەستەوە بوو،[3] دواتر كە زانرا پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆشە، بورەیدە ئاڵاكەی ئوسامەی كوڕی زەیدی هێنا و لەبەردەم ماڵی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دایكوتا، دواتر كە بەیعەت درا بە ئەبووبەكری صدیق خەلیفە فەرمانی كرد بە بورەیدەی كوڕی حوصەیب تا ئاڵاكە هەڵگرێت و بیبات بۆ

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7875، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22332، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1174، البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص344، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، 336/4.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص338.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص713.

ماڵی ئوسامەی کوڕی زەید، ئەویش ئاڵاکەی برد بۆ سەربازگەی یەکەمی موسڵمانان کە ئوسامەی کوڕی زەیدی لیَ بوو، هەرچەندە کاتی هەڵگەڕانەوەی عەرەبەکان بوو و هەوڵ درا ئەبووبەکر رازی بکرێت تا ئوسامەی کوڕی زەید بەو سوپایەوە نەنێرێت، بەڵام ئەبووبەکر رازی نەبوو سوپایەك بوەستێنێت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردبوو بە رۆیشتنی، ئەوەبوو سوپاکە چوو و سەرکەوت و دواتر بورەیدە بە ئاڵاکەوە گەڕایەوە بۆ مەدینەو ئاڵاکەی بەرەو مزگەوت برد و چوویە ژوورەوەو دوو رکات نوێژی کرد، ئینجا بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە.[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بورەیدەی کوڕی حوصەیب رووەو خوراسان چوو بۆ غەزاو لەویَ لە مەروو مایەوە تا لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا لەویَ کۆچی دوایی کرد.[2]

پیاوێك لە هۆزی بەکری کوڕی وائیل باس لەوە دەکات کە لە سجستان بورەیدەی کوڕی حوصەیبی بینیوە، دەڵێت ویستم رای ئەو سەبارەت بە عوثمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیب و طەلحە و زوبەیر بزانم، کەوتمە قسەکردن لەسەریان و بە خراپە ناوبردنیان، ئەویش روویکردە قیبلە و دەستەکانی بەرز کردەوەو وتی خوایە لە عوثمانی کوڕی عەففان خۆش بە، خوایە لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب خۆش بە، خوایە لە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا خۆش بە، خوایە لە زوبەیری کوڕی عەوام خۆش بە، کابرا دەڵێت پاشان بورەیدە روویکردە من و وتی بیَ باوك بکەویت دەتەوێت بمکوژیت، منیش وتم ناوەڵا کوشتنی تۆم ناوێت بەڵکو ئا ئەم

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190-191.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص77، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص8.

قسانەم لە تۆ دەویست، بورەیدە وتی ئەوانە خەڵکانێك بوون هەندێ شتیان کرد، ئەگەر خوا بیەوێت بە هۆی چاکەی پێشینیانەوە لێیان خۆش دەبێت، ئەگەریش بیەوێت لەسەر کارەکانیان سزایان دەدات، حیسابیان لای خوایە.[1]

بورەیدەی کوڕی حوصەیب لە ساڵی شەست و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

ذەهەبی دەڵێت سەدو پەنجا فەرموودە لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبەوە گێڕدراوەتەوە.[3]

گۆڕەکەی هەریەك لە بورەیدەو حەکەمی کوڕی عەمر لە مەروو لەپاڵ یەکدا بوو.[4]

پەندو وانە

ئەرکی سەرشانی موسڵمانە زۆر ئاگادار بێت لە قۆستنەوەی دەرفەتدا، دەبینین لە ماوەی یەك شەوی مانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لای بورەیدە و یارانی، خێرا بورەیدە دەرفەت دێنێ و لەوێ برێك لە قورئانی پیرۆز فێر دەبێت و لەبەری دەکات، ئەم حاڵەتە لە ژیانی چەندین هاوەڵی تردا بەدی دەکەین کاتێك وەك وەفد هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ساتێك یان رۆژێك یان چەند رۆژێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ماونەتەوە، هێندە زانیاری و ئامۆژگارییان وەرگرتووە کە بەشی توێشووی قیامەتیان بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوان لەو وەرگرتنەدا مەبەستیان

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص243.

2 - شذرات الذهب لابن العماد الحنبلي، ج1، ص70، تاريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص22.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص77.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص356.

پەیڕەوکردن بوو، کەچی لەمڕۆدا موسڵمان بە دەیان کتێب و سەد هێندەی بڕێك لە هاوەڵان زانیارییان وەرگرتووە، کەچی لە پەیڕەودا لاواز و پەککەوتەن، هەر بۆیە ناتوانن ئەو نموونە باڵایە دووبارە بکەنەوە کە هاوەڵان پێشکەشیان کرد.

لە خوێندنەوەی ژیانی ئەم هاوەڵەوە بەڵگەیەکی تری مرۆیی بوونی هاوەڵان و پەیڕەوی مرۆیی بوونیان بەدی دەکەین، چونکە ئەو ڕوانینە هەڵەیە لای بڕێك لە موسڵمانان دروست بووە کە ئەگەرچی بە زمان دان دەنێن بە مرۆیی بوونیاندا کەچی لە پەیڕەودا وەك مرۆڤ ناڕواننە هاوەڵان، بەڵام لە ڕاستیدا ژیانی هاوەڵان ژیانێکی مرۆییە لە پلەیەکی بەرزی پەیڕەوی دروستدا و هەڵەو کەموکورتیشیان هەبووە، دەبینین بورەیدە کە هاوەڵێکی نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بووەو پێغەمبەر (ﷺ) هێندە متمانەی پێ بووەو لێی ڕابینیوە ناردوویەتی بۆ ئەرکە گرنگەکانی وەك کۆکردنەوەی صەدەقە و بانگکردنی هۆزەکان بۆ جیهاد و دانەدەستی ئاڵای جیهادی سوپای ئوسامەی کوڕی زەید و چەندین کاری تر، کەچی ئەم هاوەڵە ڕقێکی زۆری هەیە لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، ئەو عەلیەی کە ئامۆزاو زاوای پێغەمبەر (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و یەکێك لە موسڵمانە یەکەمینەکان بوو، ئەو ڕق و کینەشی تا ماوەیەکی زۆر مایەوە.

لە ژیانی ئەم هاوەڵەوە نەرمونیانی پێغەمبەر (ﷺ) و ڕەچاوکردنی دەروونی مرۆیی دەوروبەرەکەی بەدیدەکەین، هەرچەندە بورەیدە ڕقی لە عەلی هەڵگرتبوو، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) توندی بەرامبەر نانوێنێت و بە نەرمونیانی تێیدەگەیەنێت کە ئەو ڕق و کینەی بێ بنەما و ناڕەوایەو ستەمە بەرامبەر بە عەلی، هەر بۆیە کاتێك بورەیدە بە ڕەخنەوە باسی عەلی دەکات پێغەمبەر (ﷺ) تەواو پێی بێ تاقەت

دەبێت و رەنگی دەگۆڕێت، بەڵام بە لەسەرخۆیی تێیدەگەیەنێت خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و عەلی گرێدراوە بە یەکەوە.

خۆشەویستی عەلی کوڕی ئەبووطالیب واجبێکی سەرشانی هەر موسڵمانێکە وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لەو فەرموودە صەحیحەدا ئاماژەی پێ داوە، هەروەك خۆشەویستی حەسەن و حوسەینی کوڕانی عەلیش واجبی هەر موسڵمانێکەو ئەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) خۆش بوێت واجبە ئەوانیشی خۆش بوێت، پێغەمبەری خواش (ﷺ) داوای لە خوا کردووە دوژمنایەتی دوژمنانیان بکات.

دەم گرتنەوە لە فیتنەی نێوان هاوەڵان سیفەتێکی دیاری ناو مێژووی زانایان بووە، هەروەك بورەیدەی هاوەڵی پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان هەنگاوی ناوەو لەئاست پێکان و نەپێکانی ئیجتیهادی هاوەڵاندا بێدەنگ بووەو نزای خێری کردووە بۆیان، بەداخەوە موسڵمانانێکی ئەمڕۆ بە بیانووی نەترسی و یەکلاکردنەوەی پرسە هەستیارەکانی ناو مێژووی ئیسلامی دەکەونە قسەکردن لەسەر هاوەڵانو سنووری رەوایی دەبەزێنن.

حەزو تاسەی موسڵمان بۆ بەشداری لە غەزاو جیهادی رێی خوادا واجبە، ئەوەی سەبارەت بە جیهاد لەسەرشانی موسڵمانە بریتیە لە حەزی جیهادی و شارەزایی فیقهی جیهاد و پەیڕەوی جیهادی، جا مەسەلەی حەزو تاسەی جیهادی فەرزی هەمیشەیی سەرشانی هەموو موسڵمانێکەو وەك پەیڕەوی جیهادی نیە کە هەندێ جار فەرزی عەینەو هەندێ جار فەرزی کیفایەیە، چونکە رۆحیەتی جیهادی لە ناخی موسڵماندا بنەرەتێکی فەرامۆش نەکراوە، وەك دەبینین پێغەمبەر (ﷺ)

دەفەرموێت (من مات ولم يغز ولم يحدث به نفسه مات على شعبة من نفاق)،[1] (هەرکەس بمرێت و غەزای نەکردبێت و لە دەروونیشیدا ئامادەیی نەبووبێت رۆژێك لە رۆژان غەزا بکات ئەوە لەسەر لقێکی دووڕوویی مردووە).

بورەیدی ئەسلەمی (رضي الله عنه)

ناوی بورەیدەیە و لە ئەسلەمیەکانە، یەکێك بوو لەو هاوەڵانەی لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد و لە ناو سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بوو و لەو جەنگەشدا کوژرا.[2]

بورز (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە باوکی ئەبوو زجائی عەطاردیە، هەندێ دەڵێن ناوی تیمە، وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

بورزی باوکی ئەبولعشرا (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵە چەند رایەك هەیە، لەوانە بورز و بلز و مالیك،[4] رای راستتریش ئەوەیە ناوی مالیکە، ئەبولعشرای کوڕی فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[5]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3624، سنن أبي داوود، الرقم 2154، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4174، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16677، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8663،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص286.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص285.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 263.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص285.

بوسری کوڕی جیحاش (رضي الله عنه)

ناوی بوسری کوڕی جیحاشی قورەیشیە،[1] لە شام نیشتەجێ بوو، دواجاریش لە حیمص کۆچی دوایی کرد.[2]

بوسری کوڕی جیحاش دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) (بەڵغەمێکی) کردە سەر دەستی و دواتر پەنجەی شایەتومانی خستە سەری، ئینجا فەرمووی (يقول الله عز وجل: أنى تعجزني ابن آدم وقد خلقتك من مثل هذه، فإذا بلغت نفسك هذه قلت أتصدق، وأنى أوان الصدقة)، (خوای گەورە دەفەرموێت ئەی ئادەمیزاد چۆن لەدەستم دەردەچیت لەکاتێکدا من لە شتێکی وا دروستم کردویت، کاتێك گیانت گەیشتە ئەوێت–ئاماژەی کرد بۆ قورقوڕاگەی– ئینجا دەڵێیت چاکە دەکەم، ئەوکات کەی کاتی چاکەکردنە ؟).[3]

ئەمە ئاماژەیە بەو ئایەتەی قورئان کە خوای گەورە حاڵی سەرەمەرگی کەسانی خراپ باس دەکات و دەفەرموێت (وأنفقوا مما رزقناكم من قبل أن يأتي أحدكم الموت فيقول رب لولا أخرتني إلى أجل قريب فأصدق وأكن من الصالحين)، (ببەخشن لەو رۆزیەی پێمان بەخشیون پێش ئەوەی هەرکامتان مەرگ پێی بگات ئیتر ئەوکات دەڵێت خوایە بریا کەمێك مەرگت دوادەخستم تا چاکەبکەم و خێرو بەخشین بکەم و لە پیاوچاکان بم).

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص270.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 291.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 2703 و اللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17511، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2707.

بەراستی مرۆڤ لە ئاست مەرگدا بەرچاو قایمە و ترسی نیە لەوەی کتو پڕ مەرگ بێت و بەری پێ بگرێت، بۆیە چاکەی بیرچوەتەوە تا ئەو کاتەی مەرگ دێت، ئینجا رادەچڵەکێتو ئاواتەخواز دەبێت وادەی مەرگی کەمێك دوابکەوێت تا دەست بکات بە خێر و چاکەکردن، بۆ چارەسەری ئەم دەردە پێغەمبەر (ﷺ) هانمان دەدات زۆر بیری مەرگ بکەین تا لە ئاست ئارەزووبازی دنیادا سەرکەوتوو بین وەك دەفەرموێت (أكثروا من ذكر هادم اللذات)،[1] (زۆر بیری لەناوبەری چێژەکان بکەن) واتە مەرگ کە تاسەی راکەڕاك بەدوای ئارەزووەکاندا ناهێڵێت و سنوورێك بۆ ئارەزووبازی دادەنێت.

## بوسری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی بوسری کوڕی سوفیانی کوڕی عەمری کوڕی عوەیمرە، ئەم هاوەڵە لە خوزاعیەکانە، یەکێك بوو لە گەورە و خانەدانەکان.[2]

دەوترێت بوسری کوڕی سوفیان لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا موسڵمان بووە.[3]

بوسری کوڕی سوفیان وەك هەواڵگری پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ مەککە،[4] هەروەك لە رێککەوتنی حودەیبیەدا هەواڵی قورەیشیەکانی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرت.[5]

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 4255، صحيح ابن حبان، الرقم 3044، سنن الترمذي، الرقم 2284، السنن الصغرى للنسائي، الرقم 1810، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1930، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7719، صححه الألباني في إرواء الغليل، الرقم 682.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص292.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص151.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص151.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص95.

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نامه‌یه‌كی نارد بۆ خوزاعه‌و تیایدا هه‌ریه‌ك له‌ بوده‌یل و بیشر و سه‌ره‌واتی به‌ به‌ڕێزترینی خه‌ڵكی تیهامه‌ ناو بردووه‌، ئه‌مه‌ش ده‌قی نامه‌كه‌یه‌ (بسم الله الرحمن الرحيم ، من محمد رسول الله إلى بديل وبشر وسروات بني عمرو ، فإني أحمد إليكم الله الذي لا إله إلا هو ، أما بعد فإني لم أثم بالكم ولم أضع في جنبكم ، وإن أكرم أهل تهامة علي أنتم ، وأقربهم رحما ومن تبعكم من المطيبين ، وإني قد أخذت لمن هجر (يعني) هاجر منكم مثل ما أخذت لنفسي ، ولو هجر (هكذا أملى علينا وإنما هي هاجر) بأرضه غير سكن (يريد ساكن مكة) إلا معتمرا أو حاجا، وإن لم أضع فيكم إذا سلمت وإنكم غير خائفين من قبلي ولا محصرين، أما بعد فإنه قد أسلم علقمة بن علاثة وابنا هوذة ، وتبعا يعني : وبايعا وهجرا (يعني) وهاجرا على من تبعهم من عكرمة، وأخذ لمن تبعه منكم مثل ما أخذ لنفسه، وإن بعضنا من بعض أبدا في الحل والحرم، وإنني والله ما كذبتكم، وليحييكم ربكم)،[1] نامه‌كه‌ش به‌ ده‌ستنووسی عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیب نووسرابوو.[2]

له‌ ڕێككه‌وتنی حوده‌یبیه‌دا كاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ویستی بچێت بۆ عومره‌ و نیازی جه‌نگی نه‌بوو، كه‌ گه‌یشته‌ عوسفان گه‌یشت به‌ بوسری كوڕی سوفیان، له‌وێ بوسری كوڕی سوفیان هه‌واڵی پێدا چۆن قوره‌یش هاتوونه‌ته‌ سه‌ر ڕێی و ناهێڵن بچێت.[3]

---

1 - أخبار مكة للفاكهي، الرقم 1790.

2 - أسد الغابة، ج1، ص256.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص292، أسد الغابة، ج2، ص135.

له فه‌تحی مه‌ككه‌دا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌ریه‌ك له‌ بوده‌یل و بوسری كوڕی سوفیانی نارد بۆ لای به‌نی كه‌عب تا ئاگاداریان بكاته‌وه‌ بێن بۆ غه‌زای فه‌تحی مه‌ككه‌.[1]

بوسری کوڕی سولەیمان (رضي الله عنه)

ناوی بوسری كوڕی سوله‌یمانه‌، كچێكی هه‌بوو به‌ ناوی سه‌عیه‌ كه‌ ده‌ڵێت بوسری باوكی ده‌یوت فه‌رمووده‌م له‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بیستووه‌و له‌دوایه‌وه‌ نوێژم كردووه‌.[2]

بوسری کوڕی عەبدورەحمان (رضي الله عنه)

ناوی بوسری كوڕی عه‌بدوره‌حمانی حه‌ضره‌میه‌، دواتر له‌ حیمص نیشته‌جێ بوو.[3]

بوسری کوڕی عصمە (رضي الله عنه)

ناوی بوسری كوڕی عصمه‌یه‌ و له‌ موزه‌نیه‌كانه‌، یه‌كێك بوو له‌ گه‌وره‌كانی موزه‌ینه‌، فه‌رمووده‌یه‌كی له‌ پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ (ﷺ) گێڕاوه‌ته‌وه‌ كه‌ له‌ كتێبه‌كانی فه‌رمووده‌دا نه‌هاتووه‌، به‌ڵام ئیبن حه‌جه‌ر له‌ (الإصابة) دا هێناویه‌تی، ئه‌ویش له‌ ئه‌بووبیشری ئامه‌دیه‌وه‌ كه‌ ده‌ڵێت بوسر له‌ پێغه‌مبه‌ری خوای (ﷺ) بیست ده‌یفه‌رموو (هه‌ركه‌س ئازاری جوهه‌ینه‌ بدات ئه‌وه‌ ئازاری منی داوه‌).[4]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص151، أسد الغابة، ج1، ص254.
2 - أسد الغابة، ج1، ص272.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص293.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص294.

بوسری کوڕی ئەبووبوسر (رضي الله عنه)

ناوی بوسری کوڕی ئەبووبوسری مازنیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوەو هاوەڵی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بووە.[1]

عەبدوڵای کوڕی بوسر دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای باوکم و لەوێ دانیشت، ئێمەش خواردنمان بۆ بردو لێی خوارد، پاشان خورما هێنرا و پێغەمبەر (ﷺ) لە خورماکەی دەخوارد و ناوکەکەی دەخستە نێوان پەنجەی شایەتومانی و پەنجەی ناوەڕاستی، پاشان خواردنەوە هێنرا–ئاو یان شیر– خواردیەوە، ئینجا دای بەو کەسەی کە لەلای راستیەوە بوو، ئینجا باوکم رەشۆی وڵاخەکەی گرت و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزامان بۆ بکە، ئەویش فەرمووی (خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو رۆزیەی پێت بەخشیون و لێیان خۆش بە و رەحمیان پێ بکە).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: ناوکی خورماکانی دەخستە سەر دوو پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاستی، ئینجا خورماکەی دەوەشاند.[3]

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە عەبدوڵای کوڕی بوسر دەڵێت باوکم بە دایکمی وت بەڵکو خواردنێك ئامادە بکەیت بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش تریتێکی –تشریب– ئامادە کرد، باوکم چوو پێغەمبەری خوای (ﷺ) بانگهێشت کرد، پێغەمبەر

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص290.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3898، سنن الترمذي، الرقم 3587، سنن أبي داوود، الرقم 3259، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17359.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 5373.

(ﷺ) دەستی خستە سەری و فەرمووی بەناوی خواوە لێی نەون–لێی بخۆن–، هەموان لەلای خۆیانەوە لێیان دەخوارد، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای کرد بۆیان و فەرمووی (خوایە لێیان خۆش بە و رەحمیان پێ بکە و بەرەکەت بخەرە رزقیانەوە).[1]

بوهەیری حارثی (رضي الله عنه)

ناوی بوهەیر یان نوهەیرە، کونیەکەی ئەبولهەیثەمە، لە پشتیوانانە.

بوهەیر یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد.[2]

بوهەیسی کوڕی سەلما (رضي الله عنه)

ناوی بوهەیسی کوڕی سەلمای تەمیمیە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە و دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (لا يحل لمسلم من مال أخيه الا ما أعطاه عن طيب نفس منه)، (سامانی موسڵمان بۆ براکەی حەڵاڵ نیە مەگەر ئەوەی بە دڵی خۆی و بە رەزامەندی پێی ببەخشێت).[3]

بوهلوولی کوڕی ذوئەیب(رضي الله عنه)

ناوی لە بەسەرهاتێکدا هاتووە کە سەنەدەکەی ناپەیوەستە (غير متصل)، جارێك موعاذی کوڕی جەبەل هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زۆر بە

---

1 - سنن الدارمي، الرقم 1997.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 331.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 312، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 331.

سەختی دەگریا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی موعاذ ئەوە بۆچی دەگریت؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەنجێکی کەشخەی جل و بەرگ پاك لەبەردەرگایە و چۆن دایکێکی جگەرسووتاو بۆ جگەرگۆشەکەی دەگری، ئاوا بۆ گەنجیەکەی دەگری، دەیەوێت بێتەژوورەوە بۆ لای تۆ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەی موعاذ گەنجەکە بێنەرە ژوورەوەو لەبەر دەرگا مەیوەستێنە، موعاذیش گەنجەکەی هێنایە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی گەنج بۆچی دەگریت)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نەگریم لەکاتێکدا هێندە تاوانم کردووە ئەگەر تەنها بە هەندێکیان سزا بدرێم ئەوا بە هەتایی لە دۆزەخدا دەمهێڵنەوە، دەشبینم ئەو تاوانانەم لەسەر حسابن و دەمبەنە دۆزەخ.. دواتر گەنجەکە بە گریانەوە چوو تا چوویە لای شاخێکی مەدینە، خۆی ون کرد و بە زنجیر دەست و گەردنی پێکەوە بەستەوەو هاواری دەکرد خوایە ئەی مەولا و گەورەم ئەوە بوهلوولی کوڕی ذوئەیبە بە دەستبەستراوی و کۆت کراوی، دان دەنێت بە تاوانەکانیدا).[1]

بیرحی کوڕی عوسکر (رضي الله عنه)

ناوی بیرحی کوڕی عوسکری کوڕی وەتتارە،[2] وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێیش مایەوە.[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 311، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 331.

2 - أسد الغابة، ج1، ص262.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص283.

4 - أسد الغابة، ج1، ص262.

### بیشری سولەمی (رضي الله عنه)

بیشری سولەمی کوڕێکی هەبوو بە ناوی رافیع[1] کە فەرموودەیەکی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (یوشك أن تخرج نار من حبس، تسير سير بطيئة الإبل تسير النهار وتقيم الليل تغدو وتروح يقال غدت النار أيها الناس فاغدوا قالت النار أيها الناس فأقيلوا راحت النار أيها الناس فروحوا من أدركته أكلته)،[2] (زۆری نەماوە لە حوبس ئاگرێك دەربچێت کە وەك رۆیشتنی خاوترین وشتر دەڕوات، رۆژ دەڕوات و شەو دەمێنێتەوە، بەیانی و ئێوارە ڕێ دەکات، دەوترێت ئەی خەڵکینە وا بەم بەرەبەیانە ئاگر رێ دەکات دەی ئێوەش بڕۆن، ئەی خەڵکینە وا ئاگر قەیلوولە (سەرخەوی پێش نیوەڕۆ) دەکات دەی ئێوەش قەیلوولە بکەن، ئەی خەڵکینە وا بە ئێوارەو شەو ئاگرەکە رێ دەکات، دەی ئێوەش رێ ببڕن و بڕۆن، ئەو ئاگرە بگات بە هەر کەس دەیخوات).

(حوبس) یان (حەبس سەیل) کە لە گێڕانەوەی تردا هاتووە ناوی شوێنێکە، جا بەپێی دوو گێڕانەوە دەتوانین دیاری بکەین ئەو شوێنە کوێ دەکات، لە گێڕانەوەیەکدا کە لە (المستدرك على الصحيحين) هاتووە پێغەمبەری خودا (ﷺ) ئاماژەی داوە بە حەبس سەیل کە ئاگرێکی لێدەکەوێتەوە گەردنی وشتر لە بوصرا رووناك دەکاتەوە،[3] لە گێڕانەوەیەکی تریشدا سەبارەت بەو ئاگرەی گەردنی وشتر لە

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 308.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 6950، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15355، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 897، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1217، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8433 و قال الذهبي رافع بن بشر السلمي مجهول، و قال الشيخ شعيب الأرناؤوط رافع بن بشر من رجال التعجيل.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 8434.

بوصرا رووناك دەكاتەوە هاتووە لە حیجاز ئاگرێك دەكەوێتەوە كە گەردنی وشتر لە بوصرا رووناك دەكاتەوە.[1]

بەم پێیە ئەو ناوچەیە كە ئاگرەكەی لێ دێتەدەر لە خاكی حیجاز (شانشینی سعوودیەی ئەمڕۆ) دەبێت و ناوچەكەش ناوی حەبس سەیلە.

بیشری كوڕی بەراء (رضي الله عنه)

ناوی بیشری كوڕی بەرائی كوڕی مەعرووری صەخری كوڕی خەنسائی كوڕی سینانە،[2] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەكان.[3]

بەرائی باوكی یەكێك بوو لە هاوەڵە دیارو نزیكەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كە پێشتر باسمان كردووە.

دایكی ناوی خلیسەی كچی قەیسە.[4]

بیشر برایەكی هەبوو بە ناوی موبەشیر[5] كە بەشداربوو لە حودەیبیە و بەیعەتی ریضواندا.[6]

1 - صحيح البخاري، الرقم 6718، صحيح مسلم، الرقم 5272.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص570.
3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص167.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص610.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص762.
6 - أسد الغابة، ج5، ص59.

خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی ئوم بیشر یان ئوم ئەنەس کە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

خوشکێکی تریشی هەبوو بە ناوی هیند کە ژنی جابری کوڕی عەتیك بوو.[2]

خوشکێکی تریشی هەبوو بە ناوی ڕەباب کە بەیعەتی داوە بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

خوشکێکی تری ناوی ظەبیە بوو کە ژنی ئەبووقەتادەی ئەنصاری بوو،[4] یان دەوترێت ناوی سەلافە بووە.[5]

بیشری کوڕی بەرائی ئەنصاری لەگەڵ باوکیدا بەشدار بوو لە بەیعەتی عەقەبەدا.[6]

بیشر تیرهاوێژی نزیك لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[7]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانان، برایەتی خستە نێوان واقیدی کوڕی عەبدوڵا و بیشری کوڕی بەرائەوە.[8]

1 - أسد الغابة، ج7، ص324.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص150.

3 - أسد الغابة، ج7، ص118.

4 - أسد الغابة، ج7، ص197.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص702.

6 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج1، ص306-307.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص570.

8 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص167، تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص299.

بیشر لە جەنگی بەدر و ئوحود و خەندەقیشدا بەشداری کرد،[1] لە ڕێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشدار بوو.[2]

بیشر یەکێك بوو لە پیاوماقووڵ و کەسە دیارەکانی ناو هۆزەکەی،[3] فەرموودەیەکیشی لەسەرە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بەنی سولەیمی–بەنی عوبەید– فەرموو گەورەتان کێیە؟ وتیان جەددی کوڕی قەیسە، بەڵام پیسکەییەکی تێدایە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فأي داء أدوأ من البخل، بل سيدكم بشر بن البراء بن معرور)،[4] (جا چ دەردێ خراپترە لە بەخیلی، بەڵکو گەورەی ئێوە بیشری کوڕی بەرائی کوڕی مەعروورە).

لە جەنگی خەیبەردا کاتێك ئافرەتە جوولەکەکە گۆشتی بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ژەهری پێوە کردبوو، بیشر لەو گۆشتەی خوارد و بەهۆی ئەو خواردنەوە مرد،[5] ئەوەبوو دوای مردنی بیشر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە کوشتنی ئەو ژنە جوولەکە.[6]

بەسەرهاتی ئافرەتە جوولەکەکەش بەمجۆرە بوو: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) فەتحی خەیبەری کرد و ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان کوژران، زەینەبی کچی حارث کە ئافرەتێکی جوولەکە بوو بەرخێکی برژاوی ژەهراوی بە دیاری هێنا بۆ

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص167.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص570.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص269.
4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1190، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4917، صححه الذهبي على شرط مسلم.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص167.
6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص210.

پێغەمبەر (ﷺ)، زۆربەی ژەهرەکەی لە باڵ و شانی بەرخەکەدا دانا چونکە بیستبووی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پارچەی بەرخی لە هەموو پارچەکانی تر لا بەچێژترە، کاتێك ئەو بەرخەی هێنا بیشری کوڕی کوڕی بەرائی کوڕی مەعروور لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) بەشێ لە شانی بەرخەکەی هەڵگرت تا بیخوات، بیشریش بەشێك لە گۆشتەکەی هەڵگرت، کە پێغەمبەر (ﷺ) پارووەکەی خوارد بیشریش پارووەکەی خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەست هەڵگرن چونکە شانی ئەم بەرخە هەواڵم پێ دەدات چی پێدا کراوە، بیشر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی ڕێزداری کردیت من ئەوەم لە خواردنەکەمدا بەدیکرد، بەڵام تەنها لەبەر گەورەیی و ڕێزی تۆ نەمتفاندەوە چونکە حەزم نەکرد خواردنەکەت لا بێزراو بکەم، کاتێك بینیم پاروەکەت خوارد خۆم لە تۆ لا لەپێشتر نەبوو و حەزم نەکرد جیا لە تۆ خۆم ڕزگار بکەم، بۆیە هیوام وابوو ئەوەی خواردت ژەهراوی نەبێت، بیشر هەر لەو شوێنەیدا ڕەنگی تێکچوو و مرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پشتی شانیەوە کەڵەشاخی گرت،[1] پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئافرەتەکەی بانگ کرد و پێی فەرموو چی وایکرد وا بکەیت؟ ئەویش وتی وتم ئەگەر پێغەمبەر بێت ئەوە زیانی پێ ناگەیەنێت، ئەگەریش پێغەمبەر نەبێت ئەوە لە کۆڵی هەموانی دەکەمەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد ئەو ژنە جوولەکەیە کوژرا،[2] دواتر سێ ساڵ بەو ئازارەیەوە مایەوە تا هەر بەو ئازارەوە وەفاتی کرد وەك لە ڕۆژی وەفاتیدا فەرمووی (ما زلت أجد من الأكلة التي أكلت من الشاة يوم خيبر عددا حتى كان هذا

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1612، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص210.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 3933، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص172، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 4514.

أوان انقطع الأبهر مني)، (هێشتا بە بڕێ دەردی ئەو خواردنەوە دەناڵێنم کە لە ڕۆژی خەیبەر لە بەرخەکەم خوارد، ئیتر ئێستا توانای پێ نەهێشتم[1])، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بە شەهیدی وەفاتی کرد.[2]

ئیبن سەعد دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ژنەی دایە دەست کەس‌وکاری بیشر، ئەوانیش کوشتیان.[3]

پەندو وانە

پیسکەیی و بەخیلی لە مرۆڤدا سیفەتی زۆر خراپەو هێندە بەسە پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەوپەڕی خراپە باسی کردووە، خۆپاراستنیش لە سیفەتی خراپە پێویستە، بۆیە هەرکەس سیفەتێکی خراپە لە خۆیدا بەدیدەکات با وانەزانێت لێی جیانابێتەوە، وەك چۆن هەندێ بۆچوونی بە ناو زانستی باسی لێوە دەکەن، بەڵکو دەتوانێت سیفەتی خراپە بگۆڕێت بە سیفەتی چاکە، با ئەو خراپەش چەندین ساڵ لە ناخ و ژیانی ئەو کەسەدا ریشەی داکوتابێت، کاتێك رووناکی ئیمان و ئیسلامی بۆ خستەکار خێرا چاکەو سەربڵندی لە شوێنیدا رەگ دادەکوتێت، کەسی سەرکردەش پێویستە بە سیفەتە باڵاو ناوازەکان رازاوە بێت نەك سیفەتە پەستەکان لەخۆبگرێت.

---

[1] – وشەی أبهر واتای شاخوێنبەر دەدات و پێغەمبەر () ئاماژەی بەوە داوە کە ژەهرەکە کاری کردۆتەسەری و شاخوێنبەری بڕیوە، بەڵام واتایەکی تر کە لە زمانەوانی عەرەبیدا بەو رستەی سەرەوە دێت واتە توانا و هێزی پێ نەهێشتووەو لەناوی دەبات. بۆیە لێرەدا ئاماژەمان داوە بە هەردوو واتاکە.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1612.

[3] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص202.

هاوەڵان نموونەی باڵا بون لە ڕێزگرتن و بە شکۆدانانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، ئەم نموونەی بیشریش یەکێکە لە سەدان نموونەی ناو ژیانی هاوەڵان کە تا چەندە ڕێز و گەورەیی پێغەمبەری خوایان لا بووە، دەبینین ئەگەرچی هەستی کردووە بە تام و بوونی ژەهرەکە لە پاروەکەیدا، بەڵام تەنها لەبەرئەوەی خواردنێك کە پێغەمبەر (ﷺ) حەزی پێ بووە لەبەرچاوی پێغەمبەر (ﷺ) بێزراو نەکات ئامادەیە ئەو پارووە نەتفێتەوە، دەی سوێند بەخوا ئەگەر ئێمە بووینایە ئەو پاروەمان دەتفاندەوەو ناویشمان لێ دەنا ژیری و وریایی.

بیشری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی حارثی کوڕی سەریعی عەبەسیە، ئەم هاوەڵە لەگەڵ هەشت کەسی تر لە هاوڕێیانی هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)،[1] پێغەمبەر (ﷺ) نزای کرد بۆیان و فەرمووی بەڵکو کەسێکی تر بێتە لاتان و ببنە دە کەس تا لیوایەکتان بۆ پێك بهێنم، ئەوەبوو طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا هات، پێغەمبەر (ﷺ) لیوایەکی پێکهێنا بۆیانو بڕیاری دا دروشمەکەشیان بریتی بێت لە (یا عشرة).[2]

بیشری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، هاودەم بە هەردوو براکەی تری کە ناویان حارث و موعەممەر بوو کۆچیان کرد بۆ حەبەشە،[3] بیشر هەر لە حەبەشە مایەوە تا دوای جەنگی بەدر گەڕایەوە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص295.

2 - الطبقات، جا، ص296.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص169، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص296.

بیشری کوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی حارثی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە،[1] دوو برای تری هەبوو بە ناوەکانی بوشەیر و مەبشیر کە هەر سێیان بەشدار بوون لە غەزای ئوحوددا.[2]

بوشەیری برای لەو شاعیرانە بوو کە هێرشیان دەکردە سەر هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)، واتە مونافیق بوو، لە جەنگی ئوحودیشدا کە موسڵمانان پێویستییان بە چەك و شمەك بوو بەشیر هەستا و قەڵغانێکی دزی، دواتریش لە مانگی رەبیعولئەوەلی ساڵی چوارەمی کۆچیدا مورتەد بوویەوە.[3]

بیشری کوڕی حەنظەلە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی حەنظەلەی جوعفیە،[4] ئیبن حەجەر دەڵێت پێدەچێت برای سوەیدی کوڕی حەنظەلە بێت.[5]

فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: لەگەڵ وائیلی کوڕی حیجردا لە رێیەکدا پێکەوە بووین بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین، لەرێدا دامان بەلای تاقمێکدا کە دوژمنی وائیل بوونو ماڵو منالی بوونو بەدوایدا دەگەڕان، دوژمنەکەی وائیل وتی ئەریَ وائیل لەنێوتاندایە؟ وتمان نا، وتی دەی خۆ ئەوە وائیلە، منیش لە ناخی خۆمدا

1 - أسد الغابة، ج1، ص 275.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص296.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص171.

4 - أسد الغابة، ج1، ص277.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص296.

وتم ئەمە یەکێکە لە پاشاکانی یەمەن، دوژمنەکانی وتیان دەبێت سوێند بخۆن کە ئەوە وائیل نیە، منیش سوێندم خوارد وتم ئەمە برای دایکی و باوکیمە، ئەوەبوو وازیان لیٚ هێناو چووین، کاتێك هاتینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) باسەکەمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی (صدقت هو أخوك ابن أبيك وأمك آدم وحواء عليهما السلام لك أجر بيمينك هذه عظيمة)،[1] (ڕاست دەفەرمویت، ئەوە برای دایك و باوکیتە ئادەم و حەوا —سەلامی خوایان لیٚ بێت— بەو سوێندخواردنەت پاداشتێکی گەورەت بۆ هەیە).

وەستانێك:

سەبارەت بە سوێندخواردن لە باری سەختی وادا ئەگەر سوێندەکەش ببێتە درۆ ئەوە دروستە، شەوکانی لە (نیل الاوطار) دا ئەو ڕایەی هێناوە کە زانایان لەسەر ئەوە کۆکن دروستە لەکاتی ناچاریدا درۆ بکرێت بۆ نموونە ئەگەر ستەمکارێك ویستی پیاوێك بکوژێت کە لای کەسێك خۆی شاردوەتەوە، ئەو کەسەی شاردوویەتیەوە بۆی هەیە بڵێت لای من نیە و سوێندیشی بۆ بخوات، هیچ تاوانباریش نابێت لەسەر درۆ و سوێندە درۆکەیشی.[2]

نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا ئەو ڕایە دێنێت کە دەڵێت بەڵکو ئەگەر کەسێك کەسێکی شاردبوویەوە لای خۆی کە ستەمکارێك دەیویست بیکوژێت ئەوە واجبە لەسەری ئەو درۆیە بکات و بڵێت نازانێت لە کوێیە.[3]

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص81.

2 - نيل الاوطار للشوكاني، ج8، ص85.

3 - شرح النووي على صحيح مسلم، ج16، ص158.

سەبارەت بە درۆکردن و کاتی دروست بۆ درۆکردن چەند رایەك هەیە، رای زیاتر کە ئیبن حەجەر لە شەرحی صەحیحی بوخاریدا هێناویەتی لەسەر ئەوەیە لە سێ حاڵدا درۆکردن دروستە:

یەکەم: کاتی جەنگ موسڵمان بۆی هەیە درۆ بکات بەڵام درۆیەك نا کە راستیە رێپێدراوەکانی شەریعەت بشێوێنێت، بۆ نموونە بۆی نیە پەنای کەسێك بدات و دواتر بیکوژێت و بڵێت درۆ رەوایە.

دووەم: بۆ رێکخستن و چاککردنەوەی نێوانی خەڵکو نەهێشتنی دوژمنایەتی و کینەو رقی نێوان خەڵك، وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی (ليس الكذاب الذي يصلح بين الناس، فينمي خيرا، أو يقول خيرا)،[1] (درۆزن نیە کەسێك کە نێوانی خەڵك چاك دەکاتەوەو دەدات و لای هەرکام چاکەی ئەوی تر دەڵێت یان قسەی چاك دەکات).

سێیەم: درۆی نێوان ژن و مێرد بۆ دڵخۆشکردنی یەکتر، بەڵام دەبێت درۆکردنەکە پەیوەست نەبێت بە ماف و ئەرکی یەکتری، بۆ نموونە پیاوەکە بەڵێنی شتێکی پێ دەدات و نەیکات نابێت.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2567، صحيح مسلم، الرقم 4822، سنن الترمذي، الرقم 1910، سنن أبي داوود، الرقم 4295،

2 - فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، ج5، ص300.

جیا لەمانە چەند رایەکی تر هەن، بۆ نموونە هەیە پێی وایە هیچ کاتێك نیە درۆکردن تیایدا دروست بێت، هەندێ پێیان وایە درۆیەك قبووڵ نەکراوو سەرکۆنە کراوە کە زیانی تێدا بێت بۆ کەسێك یان هیچ سوودێکی نەبێت.[1]

یان هەندێ جار درۆکردنەکە لە دەربڕینەکەدا درۆ نیە بەڵکو لە مەبەستدا شتێکی ترە و لە دەربڕیندا دروستە، بۆ نموونە کەسێك خراپە و ستەمی ستەمکارێکی لا روون بێت و بۆ دووربوون لە ستەمی پێی دەڵێت دوێنێ شەو نزام بۆ کردیت، لە بنەڕەتیشدا نزاکەی ئەوەبووە کە وتوویەتی خوایە لە موسڵمانان خۆش بە،[2] ئەو کەسە موسڵمانە ستەمکارەش بەر ئەو نزایە دەکەوێت کە کردوویەتی، جا هەرچەندە بە تایبەت نزای بۆ نەکردووە، بەڵام ئەو قسەی نابێت بە درۆ.

## بیشری کوڕی راعیلعیر (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی راعیلعیرە، لە ئەشجەعیەکانە، لە مەدینە نیشتەجێ بوو.[3]

جارێك بیشر بە دەستی چەپ نانی دەخوارد پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (بە دەستی راستت نان بخۆ)، ئەویش وتی ناتوانم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دەی هەر نەتوانیت)، لەوە بەدوا بیشر دەستی راستی نەدەگەیشتە لای دەمی، واتە نەیدەتوانی بەرزی بکاتەوە بۆ لای دەمی.[4]

---

1 - فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، ج5، ص300.

2 - فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، ج5، ص300.

3 - أسد الغابة، ج1، ص277.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13659، صحيح ابن حبان، الرقم 6605، سنن الدارمي، الرقم 2006، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16177.

لە ریوایەتەکەی موسلیمدا ناوی بیشر نەهاتووە، هەروەها دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی پێ فەرموو، تەنها لەبەر خۆبەزلزانین ئامادە نەبوو بە دەستی راست نان بخوات.[1]

قاضی عیاض لە شەرحی فەرمودەکەی صەحیحی موسلیمدا کە تیایدا هاتووە (تەنها لەبەرخۆبەگەورە زانین ئەوەی نەکردووە) دەڵێت ئەو کەسە واتە بیشر مونافیق بووە، بەڵام نەوەوی لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا بەرپەرچی دەداتەوەو دەڵێت بەڵکو بیشری کوڕی راعیلعیر هاوەڵێکی ناودار بووەو ئەو وتەی قاضی عیاض کە هێناویەتی وا نیە، چونکە تەنها خۆبەزلزانین و سەرپێچیەك نابێتە هۆی مونافیق بوون‌و کافر بوون، بەڵام ئەگەر فەرمان کردنەکە فەرمانی واجب بووبێت ئەگەر سەرپێچی لێ بکات ئەوە تاوانە.[2]

ئیبن حەجەر ئەگەرێکی تر دادەنێت و دەڵێت لەوانەیە ئەو کاتەی ئەو شتە روویداوە هێشتا بیشر موسڵمان نەبووبێت و دواتر موسڵمان بووبێت.[3]

نەوەوی دەڵێت ئەم فەرموودەیە-فەرموودەکەی بیشر- ئاماژەیە بە دروستی نزاکردن لە کەسێك کە بێ بوونی هیچ بیانوویەك لە حوکمی شەرعی دەربچێت، هەروەها ئاماژەیە بە فەرمان بە چاکە و رێگری لە خراپە لە هەموو بارێکدا، تەنانەت

1 - صحيح مسلم، الرقم 3859.
2 - صحيح سلم بشرح النووي، ج13، ص192.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص291.

لە کاتی نانخواردنیشدا، هەروەها ئەوەی تێدایە ئەگەر سوننەتە کەسێکت بینی لایدا لە ئادابی نانخواردن فێری بکەیت.[1]

صەنعانی لە (سبل السلام)دا دەڵێت ئەمە ئاماژەیە بە واجبی نان خواردن بە دەستی راست چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووەو نزای لەو کەسە کردووە، چونکە تەنها کاتێك نزا لە کەسێك دەکرێت کە لە واجب دەرچووبێت، خۆ لەوانەشە نزاکەی لەبەر خۆبەزلزانینەکەی لیٚ کردبێت، یان دوور نیە لەبەر هەردوو هۆکاری بەچەپ خواردن و خۆبەزلزانیەکە نزای لیٚ کردبێت.[2]

ئەم فەرمانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت بە نان خواردن ویست و حەزێکی شەخصی نەبووە، هەروەها تایبەت نەبووە بە چەند هاوەڵێك یان تاکە هاوەڵێکەوە، فەرمانی نان خواردن بە دەستی راست بەشێکی رێنمایی شەریعەتە بۆ هەموان، وەك دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەی تردا ئاماژەی بەوە داوە هۆی چیە بە دەستی چەپ نان نەخۆین و ئاو نەخۆینەوە، وەك دەفەرموێت (لا يأكلن أحد منكم بشماله ولا يشربن بها، فإن الشيطان يأكل بشماله ويشرب بها)،[3] (کەس لە ئێوە بە دەستی چەپی نەخوات و نەخواتەوە چونکە شەیتان بە دەستی چەپی دەخوات و دەخواتەوە).

1 - صحيح سلم بشرح النووي، ج13، ص192.
2 - سبل السلام للصنعاني، ط4، دار إحياء التراث العربي، (بيروت-1379هـ)، ج3، ص159.
3 - صحيح مسلم، الرقم 3858.

نزاکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەم هاوەڵە بەڵگە نیە بۆ مونافیق بوونی، چونکە دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) نزای لە هەندێ هاوەڵی تریش کردووە لە کاتی بینینی سەرپێچیەك لێیان.

بیشری کوڕی سوحەیم (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی سوحەیمی غیفاریە،[1] دەشوترێت بەڵکو خوزاعیە، یان دەوترێت نەهرانی، بەڵام زیاتر وا هاتووە کە غیفاریە.[2]

بیشری کوڕی سوحەیم دەڵێت لە ڕۆژانی تەشریقدا پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد تا لەناو خەڵکدا هاوار بکەم:(لا يدخل الجنة إلا نفس مسلمة، وإن هذه الأيام أيام أكل وشرب)،[3] (تەنها نەفسی موسڵمان–کەسی موسڵمان– دەچێتە بەهەشتەوەو ئەم ڕۆژانەش –ڕۆژانی تەشریق– ڕۆاژنی خواردن و خواردنەوەن).

ئەمەش لە حەجیماڵئاواییدا بوو، وەك لە گێڕانەوەکەی نەسائیدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژانی حەج وتاری دەدا فەرمووی...[4]

دیارە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو ڕۆژەدا چەند کەسێکی راسپاردووە تا بەناو خەڵکدا هاوار بکەن ئەو ڕۆژانە ڕۆژی خواردن و خواردنەوەن، هەروەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە فەرمانی کردووە بە بودەیلی کوڕی وەرقاش، بودەیل لە

1 - أسد الغابة، ج1، ص 278.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 297.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2835، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7949، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15131، صحيح ابن خزيمة، الرقم 2760، سنن الدارمي، الرقم 1763، السنن الصغرى للنسائي، الرقم 4932، مسند الطيالسي، الرقم 1381، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1199، صححه الألباني في إرواء الغليل(128/4).

4 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2831، سنن ابن ماجة، الرقم 1716،

حەجیماڵئاواییدا لەسەر وڵاخەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دەگەڕا و دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (من كان صائما فليفطر، فإنهن أيام أكل وشرب)،[1] (هەرکەس بە رۆژووە با رۆژووەکەی بشکێنێ، چونکە ئەم رۆژانە رۆژانی خواردنو خواردنەوەن).

بیشری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی سوفیانی عەتکیە.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی رێککەوتنی حودەیبیەدا بەرەو مەککە بەڕێکەوت تا عومرەی ماڵی خوا بکات، بیشری کوڕی سوفیانی عەتیکی هاتە خزمەتیو سەلامی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئەی بیشر ئایا هەواڵی ئەوەت هەیە خەڵکی مەککە زانیبێتیان بەم هاتنەی من؟ ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم من لە فلانە شەودا سەرقاڵ بووم تەوافی کەعبەم دەکرد کە کەسێك لە سەرووی (أبي قبيس)ەوە هاواری دەکرد، هاوارێ کە دوورو نزیکیان دەیانبیست، دەیوت بەڕێ کەون وا هاوڕێکەتان بەرەو لای ئێوە دێت، خەڵکی راپەڕین و لای کەعبە کۆبوونەوەو رێککەوتن و بڕیاریان دا نەهێڵن تۆ بچیتە مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە شەیتانی بتەکانە خەریك بوو خوا بیکوژێت.[3]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2920.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص297.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص297.

بیشری کوڕی عاصم (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عاصمی کوڕی عەبدوڵای مەخزوومیە، یان دەوترێت بیشری کوڕی عاصمی کوڕی سوفیانی ثەقەفیە، ئیبن ئەثیر دەڵێت ئەمەیان راسترە،[1] بەڵام ئیبن حەجەر رای پێچەوانەی هەیە و دەڵێت ئەم بیشرە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بووەو جیایە لە بیشری کوڕی عاصمی کوڕی سوفیان کە کاربەدەستێکی تری عومەری کوڕی خەططاب بوو.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە بیشری کوڕی عاصمی کرد بە بەرپرس لە کۆکردنەوەی صەدەقەی هەوەزان، بەڵام بیشر دواکەوت، خەلیفە چوو بۆ لای و پێی وت بۆچی دواکەوتیت؟ مەگەر گوێڕایەڵی ئێمەت لەسەر نیە؟ ئەویش وتی با، بەڵام من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (من ولي شيئا من أمور المسلمين أتي به يوم القيامة حتى يوقف على جسر جهنم، فإن كان محسنا نجا وإن كان مسيئا انخرق به الجسر فهوى فيه سبعين خريفا)، (هەرکەس شتێك لە کاروباری موسڵمانانی گرتەدەست رۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فرێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا رۆدەچێت)، عومەری کوڕی خەتتاب کە ئەمەی بیست خەم و پەژارە دایگرت و بە دڵتەنگیەوە ئەوێی جێهێشت، لەرێدا ئەبووذەری غیفاری پێگەیشت، ئەبووذەر پێی وت چیە دەتبینم غەمباریت؟ وتی چۆن دڵگران نەبم لەکاتێکدا لە بیشری کوڕی عاصمم بیست

[1] - أسد الغابة، ج1، ص279.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص298.

دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی هەرکەس شتێك لە کاروباری موسڵمانانی گرتەدەست، ڕۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فڕێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا ڕۆدەچێت، ئەبووذەر وتی تۆ ئەو فەرموودەت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبیستووە؟ عومەر وتی نا، ئەبووذەر وتی دەی من شایەتی دەدەم لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست دەیفەرموو (هەرکەس شتێك لە کاروباری یەك کەسی گرتەدەست ڕۆژی دوایی دەهێنرێت تا لەسەر پردی دۆزەخ دەوەستێنرێت، ئەگەر چاکەکار بێت رزگاری دەبێت، وە ئەگەر خراپەکار بێت پردەکە فڕێی دەداتە دۆزەخەوە تا ئەوەی حەفتا پاییز بەناو دۆزەخدا ڕۆدەچێت، ئاگری دۆزەخیش زۆر ڕەش و تاریکە)، جا کام فەرموودەیان زیاتر دڵی ترساندیت؟ ئەویش وتی هەردووکیان، ئینجا عومەر وتی کێ بە هەموو چاکو خراپیەوە ئەم دەسەڵاتەم لێ وەردەگرێت و لەبری من دەسەڵاتداری دەکات؟ ئەبووذەر وتی هەرکەسێك خوای گەورە لووت بڕاوی بکاتو کولمیشی بە زەویەوە بنووسێنێت.[1]

## بیشری کوڕی عەبد(رضي الله عنه)

بیشری کوڕی عەبد لە بەصرە نیشتەجێ بوو،[2] کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەففان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

---

1 - الآحاد والثاني لابن أبي عاصم، الرقم 140، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1206، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 1311.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص169.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.

فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (إن أخاكم النجاشي قد مات فاستغفروا له)،[1] (نەجاشی براتان کۆچی دوایی کرد، دەی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن).

ئەم فەرموودەیە بە چەند سەنەدی تر لە هاوەڵانی ترەوە هاتووە، لەو هاوەڵانەش (ئەبی قیلابە، عیمرانی کوڕی حوصەین، جابری کوڕی عەبدوڵا، جەریری کوڕی عەبدوڵا، حوذەیفەی کوڕی ئوسەید)، بەم پێیە دیارە پێغەمبەر (ﷺ) لە قەرەباڵغی ناو هاوەڵاندا ئەوەی فەرمووە.

## بیشری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[2] هەندێکی تر بە بەشیر ناوی دێنن، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت لەوانەیە دوو کەسی جیا بن و برا بن،[3] بیشر لە جەنگی یەمامەدا شەهید بووە.[4]

## بیشری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە جیایە لە بیشری کوڕی عەبدوڵای ئەنصاری، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصدا

1 - أسد الغابة، ج1، ص280، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 280.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص299.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 280.

ناردنی بۆ عێراق، سەعدیش ئەوی کرد بە بەرپرسی یەکەیەکی هەزار کەسی لە قەیسیەکان.[1]

ئیبن ئەبی شیبە دەڵێت ئەو خەلیفانە تەنها دەستەی هاوەڵانیان دەکردە بەرپرسی سوپا.[2]

بیشری کوڕی عورفوطە(رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عورفوطەی جوهەنیە، دەشوترێت ناوی بەشیرە، بەڵام ئیبن موندە دەڵێت یەکەمیان راستترە.[3]

لە فەتحی مەککەو جەنگەکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[4]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە جوهەنیەکان بە نزیکەی هەزار کەسەوە هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون و بەشداری جیهاد و غەزاکانیان کرد، لەنێویاندا بیشری کوڕی عورفوطە هاتووە.[5]

بیشری کوڕی عیصمە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عیصمەی لەیثیە،[6] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە ئەمە بەسەرهاتەکەیەتی:

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص299.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص299.
3 - أسد الغابة، ج1، ص280.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص300.
6 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1107.

جارێك بیشر لای موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان بوو، کاتێك قسەیان دەکرد بیشر وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(الأزد مني وأنا منهم، أغضب لهم إذا غضبوا، وأرضى لهم إذا رضوا)، (ئەزدیەکان لە منن و منیش لەوانم، هەرکات تووڕە بوون منیش لەسەریان تووڕە دەبم، هەرکاتیش رازی بوون منیش لەبەر ئەوان رازی دەبم)، موعاویە وتی بەڵکو پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بۆ قوڕەیش فەرمووە، بیشر وتی بۆ یانی من درۆ دەکەم بەدەم پێغەمبەری خواوە؟ ئەگەر درۆم بەدەمیەوە بکردایە ئەو فەزڵ و گەورەییەم بۆ هۆزەکەی خۆم دەوت نەك بۆ ئەزدیەکان.[1]

بیشری کوڕی عیصمە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عیصمەی موزەنیە،[2] هەندێك پێیان وایە بیشری کوڕی عیصمەی لەیثی و ئەم بیشرە هەر یەك کەسایەتین، بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت ئەوە راستە کە ئەم دوانە دوو هاوەڵی جیان.[3]

ئەم هاوەڵەش فەرموودەیەکی هاوشێوەی فەرموودەکەی بیشری کوڕی عیصمەی لەیثی گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەم سەبارەت بە خوزاعەیە، بیشر دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (خزاعة مني و أنا منهم)،[4] (خوزاعە لە منن و منیش لەوانم).

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1203، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1107، أسد الغابة، ج1، ص280، قال الحافظ ابن حجر في كتابه (الإصابة): في إسناده ضعف وقد روى عن مجاهد بإسناد آخر فقال عن بشر بن عطية.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص170.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص301.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص170، أسد الغابة، ج1، ص281، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص301، قال ابن عبدالبر في كتابه (الإستيعاب) وفي إسناده شيخ مجهول لا يعرف.

بیشری کوڕی عەقرەبە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی عەقرەبەی جوهەنیە، کونیەکەی ئەبولیەمانە،[1] هەروەها بە بەشیریش ناوی هاتووە،[2] بەڵام ئیبن ئەثیر دەڵێت راستتر ئەوەیە ناوی بیشرە،[3] بیشر خۆیشی و عەقرەبەی باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون.[4]

بیشر دەڵێت لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (من وقف موقف رياء وسمعة وقفه الله يوم القيامة موقف رياء وسمعة)،[5] (هەرکەس هەڵوێستێکی رووپامایی و ناوبانگ پەیداکردنی هەبێت ئەوا خوای گەورە لە رۆژی دواییدا لە وێستگەو شوێنی رووپامایی و ناوبانگدا دەیوەستێنێت).

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە (من قام بخطبة لا يلتمس بها إلا رياء وسمعة، أوقفه الله عز وجل يوم القيامة موقف رياء وسمعة)،[6] (هەرکەسێ وتارێ بداتو تەنها مەبەستی لێی رووپامایيو ناوبانگ بێ، رۆژی دوایی خوا لە وێستگەو شوێنی رووپامایيو ناوبانگدا دەیوەستێنێت).

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 171.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص429.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 281.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 302.

5 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 6531.

6 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15755، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1215، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1120، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص429.

ئەم گێڕانەوەی فەرموودەیە لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا بووە کاتێك مەڕوان بە بیشری کوڕی عەقرەبەی وت من قسەی تۆم لا بەڵگەو وەرگیراوە جا قسەم بۆ بکە، ئەویش ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) گێڕایەوە.[1]

بیشری کوڕی عەقرەبە دەڵێت جارێك لەگەڵ عەقرەبەی باوکم چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عەقرەبەی باوکمی فەرموو ئەی عەقرەبە ئەوە کێیە لەگەڵت؟ ئەویش وتی بەحیر، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم نزیك بەرەوە، منیش نزیك بوومەوە و لە لای راستیەوە دانیشتم، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەرمدا و فەرمووی ناوت چیە؟ وتم بەحیر، فەرمووی (نا، بەڵکو ناوت بەشیرە)، هەروەها گیریەك لە زمانمدا هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فووی کرد بە دەممداو گیریەکەی زمانم نەما، دواتر هەرچی مووی سەرم هەیە سپی بوو کەچی ئەو شوێن دەستەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەرمدا بە رەشی مایەوە.[2]

بیشری کوڕی عەقرەبە دەڵێت باوکم لە یەکێك لە غەزاکاندا کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەشدار بوو شەهید بوو، منیش دەگریام بۆی، لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لامدا و فەرمووی بێدەنگ بە، ئایا رازی نابیت من باوکت بم و عائیشەش دایکت بێت؟ وتم با، بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 302، تأريخ الإسلام للذهبي، ج5، ص78.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 302.

3 - التاريخ الكبير للبخاري، ج2، ص78.

بیشر لە خاکی فەلەستین نیشتەجێ بوو،[1] لە دوای ساڵی هەشتاو پێنجی کۆچییەوە لە فەلەستین کۆچی دوایی کرد.[2]

بیشری کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی قەیسی تەمیمی عەنبەریە، گێڕانەوەیەکی لەسەر هاتووە کە بیشری کوڕی قەیس هاودەم بە رەحیمی کوڕی هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، لە هاتنەکەشیاندا بە هۆی سوێندێکەوە کە خواردبووی خۆی و کوڕەکەی بە زنجیرێك بەیەکەوە بەسترابوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (یا بشر اقطعها فلیست علیك یمین)، (ئەی بیشر بیپچڕێنە ئیتر سوێندەکەت لەسەر نیە)، بیشریش زنجیرەکەی پچڕاند و موسڵمان بوو و دەستی هێنا بە دەموچاویدا، پێغەمبەر (ﷺ) نزای خێری بۆ کرد.[3]

وەستانێك

مەسەلەی سوێند خواردن و پابەندبوون بەو سوێندەوە مەسەلەیەکی گرنگەو پێویستە ئاگادار بین لە چ کاتێکدا سوێند خستن دروستە و لە چ کاتێکدا ناڕەوایە.

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت (من حلف علی یمین، فرأى غیرها خیرا منها، فلیأتها ولیکفر عن یمینه)،[4] (هەرکەس سوێندی خوارد لەسەر

1 - أسد الغابة، ج1، ص 281.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 302.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص304.

4 - صحيح مسلم، الرقم 3198-3199-3200-3202 و اللفظ له، مستخرج أبي عوانة، الرقم 4783، صحيح ابن حبان، الرقم 4413، سنن الترمذي، الرقم 1490، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4587، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17528، مسند احمد بن حنبل، الرقم 8531، موطأ مالك، الرقم 1020.

شتێك و جگە لەو شتەی باشتر بینی ئەوا با باشترەکە بکات و کەفارەتی سوێندەکەی بدات).

لەو بارەیەوە (شەوکانی) لە (نیل الأوطار) دا دەڵێت (ئەو فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سوێند شکاندن باشترە لە بەردەوام بوون لەسەری ئەگەر لە سوێند خستنەکەدا بەرژەوەندیەك هەبێت، ئەوەش بەپێی ئەو شتە جیاوازی هەیە کە سوێندی لەسەر خوراوە، ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر کارێکی واجب یان ئەنجام نەدانی حەرامێك ئەوە سوێندەکە گوێڕایەڵی فەرمانی خوایەو واجبە بەردەوامی بدات بە سوێندەکەی و شکاندنی سوێندەکەشی حەرامە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، یان ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر ئەنجامدانی سوننەتێك ئەوە سوێندەکەی گوێڕایەڵیەو سوننەتە بەردەوامی پێ بدات و مەکروهە سوێندەکەی بخات، ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر ئەنجام نەدانی سوننەتێك ئەوا حوکمەکەی پێچەوانەی پێشووە، ئەگەر سوێندی خوارد لەسەر ئەنجامدانی کارێکی موباح...ئەوا ئەگەر کردن و نەکردنی هاوسەنگ بوون و جیاواز نەبوون ئەوا راستتر ئەوەیە درێژە بدات بە سوێندەکەی، چونکە فەرموودەکە فەرموویەتی با چاکترەکە بکات.[1]

جا ئەو بڕیاری خۆبەستنەوەی بیشر لەگەڵ رەحیمی کوڕیدا بڕیارێکی چاك نەبوو کە سوێندی لەسەر خواردبوو، بۆیە پێغەمبەری خواش (ﷺ) داوای لێکرد درێژە نەدات بە سوێندەکەی‌و سوێندەکەی بخات.

---

1 - نيل الأوطار للشوكاني، ج9، ص136.

شەیخولئیسلام ئیبن تەیمیە دەڵێت: ئەگەر کەسێك وتی حەڵاڵم لێ حەرام بێت ئەوە ناکەم، یان تەڵاقم لەسەر بێت ئەگەر ئەوە بکەم، یان ئەگەر ئەوە بکەم حەجێکم لەسەر بێت یان ئەگەر ئەوە بکەم سامانەکەم هەمووی بکەم بە خێر، ئەوا بەرامبەر بەوە دەبێت کەفارەتی سوێندێ بدات، ئەگەر کەفارەتی ظیهار بدات ئەوە زۆر باشترە، کەفارەتی سوێندیش سەرپشکە تیایدا ئایا کۆیلەیەك ئازاد دەکات یان نانی دە هەژار دەدات یان جلوبەرگ بۆ دە هەژار دەکڕێت، ئەگەر نانی پێدان ئەوا دەبێت بۆ هەرکامیان نانێکی باوی ناو وڵاتی خۆی بدات.[1]

بیشری کوڕی قودامە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی قودامەی ضەبابیە،[2] چوویە یەمەن و لەوێ نیشتەجێ بوو،[3] بیشر لە حەجیماڵئاواییدا بەشدار بوو و فەرموودەیەکیشی گێڕاوەتەوە.[4]

بیشر دەڵێت ئەم دوو چاوەم خۆشەویستەکەمیان بینی کە پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، لە عەرەفات لە سەر وشترە سوورە گوێ ڕەپەکەی ڕاوەستابوو و قەتیفەیەکی پۆلانی لەژێردا بوو، دەیفەرموو (اللهم اجعله حجا غیر ریاء ولا هیاء ولا

1 - إقامة الدليل على بطلان التحليل لابن تيمية، ج3، ص70.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 171.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 282.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 304.

سمعة)،[1] (خوایە بیکەیتە حەجێکی دوور لە رووپامایی و ویستی ناوو ناوبانگ)، خەڵکیش دەیانوت ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ).[2]

بیشری کوڕی موحتەفەز(رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی موحتەفەزەو یەکێك بوو لە کاربەدەستانی سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابو خەلیفە کردی بە بەرپرسی ناوچەی سووس، بیشر پرسیاری لە خەلیفە کرد ئایا ئەو دیاریانە وەربگرێت کە عەجەمەکان دەیکەنە خەڵاتی؟ ئەویش رێی پێ نەدا.[3]

بیشری کوڕی موعاویە (رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی موعاویەی کوڕی ثەوری کوڕی موعاویەی بەککائیە،[4] بیشر و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بون، چونکە لەگەڵ باوکیدا هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[5]

بیشر لە گەڵ موعاویەی باوکیدا زۆر چاکەکار بوو و باوکیشی لێی رازی بوو،[6] هەرچەندە باوکی زۆر پیر و بەتەمەن بوو.[7]

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 8123، صحيح ابن خزيمة، الرقم 2648، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1110، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، 229/6.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1110.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 304.

4 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 79، أسد الغابة، ج1، ص 283.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص170.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص304.

7 - أسد الغابة، ج1، ص 284.

هەروەها بیشر کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد کە شاعیر بوو و بەسەرهاتی باوکی بە شیعر هۆنیوەتەوە،[1] کچێکیشی هەبوو کە ناوی مەیموونە بوو.[2]

ئەم هاوەڵە لە هاوەڵانی دانیشتووی حیجاز بوو و هەر لەوێ مایەوە.[3]

کاتێك موعاویەی باوکی ویستی بچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بیشری کوڕیشی برد، کە چوونە خزمەتی، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەری بیشردا،[4] لە گێڕانەویەکی تردا هاتووە موعاویە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست بێنە بەسەر دەموچاوی کوڕەکەمدا.[5]

هاتنی ئەم وەفدەی بەککائیەکان لە ساڵی نۆی کۆچیدا بوو کە ژمارەیان 30 کەس دەبوو، هەریەك لە موعاویە و بیشری کوڕی و فەجیع هاتبوون، ئەوکات موعاویەی کوڕی ثەور تەمەنی سەد ساڵ دەبوو،[6] هاودەم بە بیشری کوڕی و فەجیعی کوڕی عەبدولاّ و عەبد عەمریی بەککائی هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی کرد ماڵێکیان بۆ تایبەت بکرێت تا تیایدا بمێننەوەو میوانداری بکرێن.[7]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص304.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص50.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 283.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص306.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص91، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص304.

6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص91.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص304.

موعاویەی باوکی پێش چوونیان بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بە بیشری وت کە چوویتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) تەنها سێ قسە هەن بێ کەم‌و زیاد بیانکە، بڵێ سەلامت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هاتوم بۆ لات ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا سەلامت لێ بکەین و موسڵمان بین، نزای بەرەکەتیشم بۆ بکەیت).[1]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) سوورەتی (یس) و فاتیحەو (قل هو الله أحد)و (قل أعوذ برب الفلق) و (قل أعوذ برب الناس)ی فێری هەردووکیان کرد، هەروەها فێری کرد پێویستە لەسەرەتای نوێژدا (بسم الله الرحمن الرحيم) بڵێن‌و بە دەنگی بەرزیش بیڵێن.[2]

کاتێك ویستیان بچنەوە پێغەمبەر (ﷺ) چەند گێسکە مێنگەیەکی سپی دا بە بیشر و نزای بەرەکەتیشی کرد بۆیان، ئیتر قات‌و قڕی‌و دەرد نەدەهاتە ڕێی بنەماڵەکەی موعاویە.[3]

### بیشری کوڕی موعەلا (رضي الله عنه)

ناوی بیشرە، سەبارەت بە ناوی باوکی چەند رایەك هەیە، موعەلا یان عەمر، کونیەکەی ئەبولمونذیرە.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 283.

2 - معجم ابن المقرىء، الرقم 49، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص306.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص304.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 307.

بیشری کوڕی هەجەننەع(رضي الله عنه)

ناوی بیشری کوڕی هەجەننەعی بەککائیە،[1] یەکێك بوو لە ئەندامانی وەفدی بەککائیەکان کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

بیشری ئەسەدی (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ئافرەتێکی خۆشدەویست کە ناوی هیند بوو، هێندە خۆشەویستی هەبوو بۆ ئەو ئافرەتە کە باس‌و خواسی بڵاو بووبوویەوە.

بیشری ئەسەدی جارجارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، لە کاتی گەڕانەوەیدا دەیدا بە لای جوهەنیەکاندا، لەناو جوهەنیەکاندا ئافرەتێك هەبوو بە ناوی هیندی جوهەنی کە ئافرەتێکی جوان و خوێن گەرم بوو، جارێك سەیری بیشری کرد و بیشریش تەواو عاشقی بوو، هیند مێردێکی هەبوو بە ناوی سەعدی کوڕی سەعید، ئەو ئافرەتە هەموو بەیانیەك دادەنیشت تا بیشر بێت و بیشر سەرسام بکات،[3] بیشر بەو خۆشەویستیەوە مایەوە تا بەو خۆشەویستیەوە کۆچی دوایی کرد.[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 285.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 307.
3 - أسد الغابة، ج7، ص314.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 309.

بیلالی کوڕی ڕەباح(رضي الله عنه)

ناوی بیلالی کوڕی ڕەباحە، یەکێك بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانی مەککە، بانگبێژو خۆشەویست و هاوەڵی زۆر نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[1] دایکی ناوی حەمامەیە.[2]

دەوترێت لە حەبەشە لەدایك بووە، دەشوترێت بەڵکو لە حیجاز لەدایك بوو،[3] ئیبن کەثیر دەڵێت لە مەککە لەدایك بوو.[4]

سەبارەت بە کونیەی بیلال سێ را هەیە: ئەبووعەبدولکەریم، ئەبوو عەبدوڵا، ئەبوو عەمر.[5]

بیلالی کوڕی ڕەباح کەسێکی لاوازی باڵابەرز بوو، قژی زۆر بوو.[6]

بیلال برایەکی هەبوو بە ناوی خالید، رایەك دەڵێت برای حەقو دایکیەتی، رایەکیش دەڵێت بەڵکو برای ئایینی بووە،[7] بەڵام رای یەکەم راسترە، چونکە ئەگەر مەبەست برایەتی کۆچەران و پشتیوانان بێت ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) بیلال و ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحی کرد بە برای یەکتر، یان وەك گێڕانەوەیەکی تر بیلالی

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 178، أسد الغابة، ج1، ص 305-306، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 326، سير أعلام النبلاء، ج1، ص347، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 232، البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 333.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج 3، ص 57.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص347.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 333.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 305، سير أعلام النبلاء، ج1، ص350.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 238.

7 - أسد الغابة، ج2، ص 115.

لەگەڵ ئەبووروەیحە کرد بە برای یەکتر، ئەگەریش برایەتی گشتی ئایینی بێت ئەوا هەموو هاوەڵان برای ئایینی بیلال بوون.

هەروەك لە گێڕانەوەیەکیشدا هاتووە بیلال داوای ژنی کرد بۆ خالیدی برای، بە خاوەن ماڵەکەی وت ئێمە دوو برای کۆیلە بووین خوا ئازادی کردین، هەژار بووین خوا دەوڵەمەندی کردین، گومڕا بووین خوا ڕێنموونی کردین، ئەگەر کچمان بدەنێ سوپاس بۆ خوا، ئەگەریش جوابمان بکەن ئەوا دەڵێین (لا إله إلا الله)، ئەوەبوو کچەکەیان پێدا.[1]

بیلال خوشکێکیشی هەبوو ناوی غەفرە بوو.[2]

بیلال یەکێك بوو لەو دەستە یەکەمینەی کە موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، وەك لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە یەکەم کەسانێ موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند بریتی بوون لە حەوت کەس: پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبووبەکر و عەممار و سومەییەی دایکی عەممار و بیلال و صوهەیب و میقداد، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە هۆی هۆزەکانیانەوە خوا لە زیانی بێباوەڕان پاراستنی، بەڵام ئەو پێنجەکەی تر لەلایەن بێباوەڕانەوە سزا دەدران، بەرگی ئاسنینیان دەکرایە بەر و دەبرانە بەر گەرمای خۆر، دواجار هەریەك لەوانە داوای دوژمنیان هێنایەدی–واتە بە ناچاریو بە رووکەش داواکەی بێباوەرانیان قبووڵ کرد– جگە لە بیلال کە ئامادەیی نەبوو داواکەیان

1 - أسد الغابة، ج2، ص 115.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 180.

قبووڵ بکات، ئەوانیش دەیاندایە دەست مێردمنداڵان تا رایکێشن بە دۆڵەکانی مەککەدا، ئەویش بەردەوام دەیوت أحد أحد.[1]

بۆ ئەوەی منداڵان رایبکێشن پەتێکیان دەخستە گەردنی و دواتر پەتەکەیان دەدایە دەست منداڵانیان تا رایبکێشن.[2]

لە فەرموودەیەکدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (السباق أربعة أنا سابق العرب وسلمان سابق الفرس وبلال سابق الحبشة وصهيب سابق الروم)،[3] (پێشکەوتوان چوارن، من پێشکەوتووی عەرەبم، سەلمان پێشکەوتووی فارسە، بیلال پێشکەوتووی حەبەشەیە، صوهەیب پێشکەوتووی رۆمە).

بیلالی کوڕی رەباح کۆیلەی ئومەییەی کوڕی خەلەف بوو، ئومەییەش لەسەر موسڵمانبوونی سزای سەختی دەدا.[4]

کاتێك بیلال ئازار دەدرا بێباوەڕان پێیان دەوت ئەوە بڵێ کە ئێمە دەیڵێین، بیلالیش دەیوت زمانم پێی ناوترێت–نایەتە سەرزمانم–،[5] وەك ئەوەی بڵێت وا کوفرم وازلێهێناوە زمانیشم نەتوانێت بیڵێتەوە.

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7192، سنن ابن ماجة، الرقم 149، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15717، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3698، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5203، قال الحكام صحيح الإسناد و لم يخرجاه و وافقه الذهبي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 150 حسن صحيح.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 233.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5702، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 7116، ضعفه الذهبي في التعليق على المستدرك ، كما ضعفه ابن حجر العسقلاني في المطالب العالية، كما ضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة، الرقم 2953.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 326.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 3، ص 323.

جارێك بیلالی کوڕی ڕەباح لەلایەن قوڕەیشیەکانەوە ئازار دەدرا، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی دیبوو کاتێك گەیشت بە ئەبووبەکر فەرمووی (لو کان عندنا شیء اشترینا بلالا)، (خۆزگە شتێکمان لا دەبوو–پارەیەکمان دەبوو– بیلالمان پێ دەکڕی)، ئەوەبوو ئەبووبەکر گەیشت بە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و وتی بیلالم بۆ بکڕە، عەبباسیش چوو بۆ لای گەورەکەی بیلال و وتی ئەتوانیت پێش ئەوەی خێر لەو بەندەیەت نەبینیت بیفرۆشیت بە من؟ ئەویش وتی جا چی پێ دەکەیت؟ ئەوە پیسە، ئەوە... عەبباس بیلالی کڕیو ناردی بۆ لای ئەبووبەکر، ئەویش ئازادی کرد.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئەبووبەکر بینی بیلالیان سزا دەداو ئەویش هەر دەیوت ئەحەد ئەحەد، ئەبووبەکر وتی لەسەر چی دەیکوژن خۆ ئەو هەر بەقسەتان ناکات، ئەوانیش وتیان دەی بیکڕە، ئەویش بیلالی کڕی و ئازادی کرد.[2]

گێڕانەوەیەك هاتووە جارێك بیلال سزا دەدرا، وەرەقەی کوڕی نەوفەل دای بە لایدا و بیلال دەیوت ئەحەد ئەحەد، ئەویش وتی ئەحەد ئەحەد ئەڵلاە ئەی بیلال،[3] بەڵام ذەهەبی دەڵێت ئەمە ڕاست نیە چونکە وەرەقەی کوڕی نەوفەل تا ئەو کاتە نەژیاوە.[4]

1 - جامع معمر بن راشد، الرقم 1021، سير أعلام النبلاء، ج1، ص352.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص353.
3 - حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج1، ص 148.
4 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 203.

لە مەککەدا جارێك ئەقرەع لە گەڵ عویەینە تێپەڕ دەبوون، سەیریان کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عەممار و صوهەیبو بیلال و خەبباب و چەند موسڵمانێکی تری لاوازدا دانیشتووە، ئەوانیش گاڵتەیان پێکرد و دەیانوت کاتێ وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن تۆ لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، هەرکات هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش (ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو طالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك علىهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەر (ﷺ) وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو پێی فەرموون (سلام عليكم)، ئەوانیش دەورەیان لێ دا.[1]

کاتێك هاوەڵان کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لەوێ مانەوە، هەریەك لە بیلال و ئەبووبەکری صدیق تووشی تا بوون، کە ئەبووبەکر تاکەی زیادی دەکرد دەیوت:

کل امريء مصبح في أهله

والموت ادنى من شراك نعله

1 - البداية والنهاية، ج6، ص57، حلية الأولياء، 1، ص147.

هەرکاتیش بیلال تاکەی زیادی دەکرد دەیوت:

ألا ليت شعري هل أبيتن ليلة

بواد وحولي إذخر وجليل

وهل اردن يوما مياه مجنة

وهل يبدون لي شامة وطفيل

ئینجا دەیوت خوایە نەفرین بکە لە شەیبەی کوڕی رەبیعەو عوتبەی کوڕی رەبیعەو ئومەییەی کوڕی خەلەف چۆن لە خاکی خۆمانەوە دەریانکردین بۆ خاکی دەرد و نەخۆشی، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اللهم حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشد اللهم بارك لنا في صاعنا وفي مدنا وصححها لنا وانقل حماها إلى الجحفة)،[1] (خوایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە وەك خۆشەویستیمان بۆ مەککە یان زیاتر لەوەش، خوایە بەرەکەت بخەرە رزق و رۆزیمانەوە و تەندروستی بکە بۆمان، تای مەدینەش بگوازەرەوە بۆ جوحفە).

1 - صحيح البخاري، الرقم 1799، صحيح مسلم، الرقم 2522، موطأ مالك، الرقم 1600، صحيح ابن حبان، الرقم 3784، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7271، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6205، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23804.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەرانەوە، برایەتی خستە نێوان بیلالی کوڕی رەباح و ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحەوە.[1]

هەروەها کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران‌و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان بیلال و ئەبورووەیحەوە، ئیتر بیلال دەیوت ئەبورووەیحە برامە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو (تۆ برای ئەویت و ئەویش برای تۆیە).[2]

کاتێکیش عومەری کوڕی خەططاب دیوانی دانا و ناوەکانی تۆمار دەکرد، عومەر بە بیلالی وت دیوانت لەگەڵ کێ دادەنێیت؟ ئەویش وتی لەگەڵ ئەبورووەیحە، هەرگیز لێی جیا نابمەوە لەبەر ئەو برایەتیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) خستیە نێوانمانەوە.[3]

ئیبن سەعد هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان بیلال و عوبەیدەی کوڕی حارثەوە.[4]

بیلالی کوڕی رەباح یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەدرو لەو غەزایەدا رۆڵی بەرچاوی هەبوو ، ویستی خواش وابوو لەو غەزایەدا بیلال ئومەییەی کوڕی خەلەف کوشت.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 326.

2 - الكنى والأسماء للدولابي، الرقم 841، أسد الغابة، ج6، ص 123.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 234.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 178، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 233.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 306.

لە غەزای بەدردا ئومەییەی کوڕی خەلەف و عەلی کوڕیشی بەشدار بوون، پێشتر ئومەییە هاوڕێی نزیکی عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بوو، بەڵام ئامادەیی نەبوو بە عەبدورەحمان بانگی بکات، بۆیە لەسەر ئەوە رێککەوتن ئەگەر بە عەبدولئیلاه بانگی بکات وەڵامی بداتەوە، ئەوەبوو لە جەنگی بەدردا ئومەییە هاواری کرد عەبد عەمر، بەڵام عەبدورەحمان وەڵامی نەدایەوە، ئینجا هاواری کرد عەبدولئیلاه، ئیتر عەبدورەحمان وەڵامی دایەوە، ئەوەبوو داوای پەنای کرد... کاتێك بیلالی کوڕی رەباح ئومەییەی بینی وتی رزگارم نەبێت ئەگەر بهێڵم تۆ رزگار بیت، عەبدورەحمان وتی بیلال ئەوە دیلی منە، بیلال وتی رزگارم نەبێت ئەگەر بهێڵم ئەو رزگار بێت، دواتر بیلال تا توانی هاواری کرد ئەی پشتیوانانی خوا وا سەری کوفر ئومەییەی کوڕی خەلەفە رزگارم نەبێت ئەگەر بهێڵم رزگاری بێت، هاوەڵان دەوریان دان، کەسێك دای لە عەلی کوڕی ئومەییە وکوشتی، ئینجا دایان لە ئومەییەش و ئەویشیان کوشت.[1]

بیلال لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[2]

بیلال لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) مزگێنی چوونە بەهەشتی پێ دراوە، وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) جارێك لە کاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی کوڕی رەباحی فەرموو (حدثني بأرجى عمل عملته في الإسلام فإني سمعت دف نعليك بين يدي في الجنة)، (ئەی بیلال پێم بڵێ چ کارێکت لە ئیسلامدا کردووتە زۆر

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 286.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 238.

دڵی خۆش کردویت و هیوات پێیەتی، چونکە من لە بەهەشتدا گوێم لە تەپەی نەعلەکانت بوو لە پێش خۆمەوە)، بیلال وتی هیچ کارێکم نەکردووە هیوابەخشتر بێت هێندەی ئەوەی هەرکات دەستنوێژم گرتبێت شەو بێت یان ڕۆژ هێندەی بۆم نووسرابێت بەو دەستنوێژە نوێژم کردووە.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بەیانیەك پێغەمبەر (ﷺ) بیلالی بانگ کرد و فەرمووی (يا بلال بم سبقتني إلى الجنة إني دخلت البارحة الجنة فسمعت خشخشتك أمامي)، (ئەی بیلال بە چی پێش من کەوتیت بۆ بەهەشت، من دوێنێ شەو چوومە بەهەشت دەنگی خشەی پێکانی تۆم دەبیست لەپێش خۆمەوە)، بیلال وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرکات بانگم داوە دوو رکات نوێژم کردووە، هەرکات دەستنوێژم شکابێت خێرا دەستنوێژم گرتوەتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (بهذا) (دەی بەوە بووە).[2]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (بلال سيد المؤذنين يوم القيامة ولا يتبعه إلا مؤمن والمؤذنون أطول الناس أعناقا يوم القيامة)،[3] (بیلال گەورەی بانگبێژانە لە ڕۆژی دواییدا، تەنها باوەڕداریش شوێنی دەکەوێت، بانگبێژان لە ڕۆژی دواییدا درێژترین گەردنیان هەیە).

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1111، صحيح مسلم، الرقم 4601، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1137، صحيح ابن حبان، الرقم 7194، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7963، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8196، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5968.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1138، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1113، صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب ، الرقم 20.

3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 2327 و اللفظ له، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 4973، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5209 و حذفه الذهبي في التلخيص لضعفه.

سەبارەت بە جۆری بانگدانەکەی بیلال گێڕانەوەیەك هاتووە بەم جۆرە:

پێغەمبەر (ﷺ) سەرەتا بۆ کۆکردنەوەی خەڵك بۆ نوێژ چاوەڕێی خەڵکی دەکرد لە کاتی نوێژەکاندا بێن بۆ نوێژ بێ ئەوەی بانگ بکرێن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ویستی وەك بووقەکەی جوولەکە بووقێك دابنێت تا موسڵمانان بانگ بکرێن بۆ نوێژ، بەڵام دڵی نەیگرت و پێی خۆش نەبوو، دواتر فەرمانی کرد بە زەنگ تا بەوە موسڵمانان بانگ بکرێن بۆ نوێژ، لەو حاڵەدا بوو کە عەبدوڵای کوڕی زەیدی کوڕی عەبد ڕەببیە لە خەودا بانگی پێ وترا، عەبدوڵا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمشەو لەخەومدا کەسێك هات دوو جلی سەوزی لەبەربوو و زەنگێکی بەدەستەوە بوو، وتم ئەی بەندەی خوا ئەو زەنگە دەفرۆشیت؟ وتی بۆ چیتە؟ وتم تا خەڵکی پێ بانگ بکەین بۆ نوێژ، ئەویش وتی ئایا لەوە چاکترت پێ نیشان بدەم؟ وتم چیە؟ وتی بڵێ:

الله أكبر الله أكبر

الله أكبر الله أكبر

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن لا إله إلا الله

أشهد أن محمدا رسول الله

أشهد أن محمدا رسول الله

حي على الصلاة

حي على الصلاة

حي على الفلاح

حي على الفلاح

الله أكبر الله أكبر

لا إله إلا الله

دواتر کەمێك وەستا و پاشان هەمان شتی وت بەڵام بە تاك هەمووی وت، بەڵام لە کۆتاییدا وتی:

قد قامت الصلاة قد قامت الصلاة

الله أكبر الله أكبر

لا إله إلا الله

کاتێك ئەو خەوەی گێڕایەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پشت بە خوا ئەو خەوە راستە، دەی هەستە بیڵێ بە بیلال چونکە ئەو دەنگی لەتۆ بەرزتر و باشترە، کاتێك بیلال هەستا ئەو بانگەی دەدا عومەری کوڕی خەطتاب لەماڵەوە بوو ئەوەی بیست، خێرا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عەباکەی رادەکێشاو دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە من هەمان ئەم

خەوەم بینی کە –عەبدوڵا– بینیویەتی، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (فلله الحمد فذاك أثبت)،[1] (سوپاس بۆ خوا، دەی ئەوە دڵنیاترو چەسپاوترە).

بەنی ئەبولبوکەیر هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و وتیان خوشکەکەمان مارە بکە لە فلانەکەس، ئەویش فەرمووی ئەی چۆنە بیدەن بە بیلال، ئەوانیش چوون و قسەیان نەکرد، پاش ماوەیەك هاتنەوەو وتیان خوشکەکەمان مارە بکە لە فلانەکەس، ئەویش فەرمووی ئەی چۆنە بیدەن بە بیلال؟ ئەوانیش چوون و پاش ماوەیەکی تر هاتنەوەو وتیان خوشکەکەمان مارە بکە لە فلانەکەس، ئەویش فەرمووی ئەی چۆنە بیدەن بە بیلال، چۆنە بیدەن بە کەسێك لە دارودەستەی بەهەشت، ئەوانیش خوشکەکەیان مارەکرد لە بیلال.[2]

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی بیلالی کرد، بیلال بڕێك خورمای هێنا کە هەڵیگرتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە چیە ئەی بیلال؟ وتی خورمایە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵمگرتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما خفت أن تسمع له بخارا في جهنم ؟ أنفق بلال ولا تخافن من ذي العرش إقلالا)،[3] (ئایا ناترسیت لەبەرئەوە دەنگی بوخار لە دۆزەخ ببیستیت، ببەخشە ئەی بیلال و مەترسە خاوەنی عەرش کەمی بکاتەوە).

---

1- صحيح ابن خزيمة، الرقم 368 و اللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16157، سنن أبي داوود، الرقم 426، سنن ابن ماجة، الرقم 704، سنن الدارمي، الرقم 1217، صحيح ابن حبان، الرقم 1700، سنن الدارقطني، الرقم 802، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1855، سنن الترمذي، الرقم 179، حسنه الألباني في إرواء الغليل، الرقم 246.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12878، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 237.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 3224، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 1332، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 5903، قال الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم 2661، إسناده جيد.

پێغەمبەر (ﷺ) باس لەو بارە سەختە دەکات کە لەگەڵ بیلال پێکەوە بینیویانە، دەفەرموێت (لقد أخفت في الله تعالى وما يخاف أحد، ولقد أوذيت في الله وما يؤذى أحد، ولقد أتت علي ثلاثون من يوم وليلة ما لي ولا لبلال طعام يأكله أحد إلا شيء يواريه إبط بلال)،[1] (لەبەر خوا ترسێنراوم لەکاتێکدا کەس ترسی نەبوو، لەبەر خوا سزا دراوم کاتێك کە کەس سزا نەدەدرا، جار بووە 30 ڕۆژ و شەوم بەسەردا هاتووە و من و بیلالیش هیچ خواردنێکمان نەبووە بیخۆین جگە لە شتێ کە لە ژێر باڵی بیلالدا هەبوو–ئەو توێشووەی بیلال خستبوویە بن باڵی–).

فەرموودەیەکی لاواز هاتووە کە بیلال دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ئەی بیلال بە هەژاری بمرەو بە دەوڵەمەندی مەمرە)، وتم ئەی چۆن وا بکەم؟ فەرمووی (چی ڕۆزیت پێ بەخشرا مەیشارەوەو هەرکات داوات لێ کرا دەست مەگرەوە).[2]

لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە بیلالی کوڕی ڕەباح تا بچێتە سەر کەعبە و بانگ بفەرموێت، ئەوەبوو ئەویش سەرکەوتە سەر کەعبە و بانگی فەرموو.[3]

---

1 - حلية الاولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج1، ص 150، سنن ابن ماجة، الرقم 150، سنن الترمذي، الرقم 2455 و قال حديث حسن صحيح، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31066، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13771، صحيح ابن حبان، الرقم 6662، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3327، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2472.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1015، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7959، قال الذهبي عن سنده(واه)، كما ضعفه الألباني في ضعيف الترغيب والترهيب، الرقم 543.

3 - سير أعلام النبلاء/ ج1، ص 356.

کاتێك بانگی دەفەرموو هەریەك لە حارثی کوڕی هیشام و صەفوانی کوڕی ئومەییە دانیشتبوون یەکێکیان بەوی تری وت بڕوانە ئەو حەبەشیە، ئەوی تریشیان وتی ئەگەر خوا رقی لێی بێت دەیگۆڕێت.[1]

ئیبن سەعد گێڕانەوەیەکی هێناوە دەڵێت کاتێك بیلال ئامادە بوایە بانگی دەفەرموو، ئەگەر بیلال ئامادە نەبوایە ئەوە ئەبوو مەحذورە بانگی دەدا.[2]

بیلالی کوڕی رەباح یەکەم بانگ بێژی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، دواتریش لە مانەوەو گەشت و چوونەدەرەوەی پێغەمبەردا (ﷺ) بەردەوام بیلال بانگی دەدا.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی خرایە ناو گۆڕەوەو داپۆشرا، ئینجا بیلال بڕێك ئاوی هێنا و دەیپرژاند بەسەر گۆڕەکەیدا، لە لای راستەوە لە سەریەوە دەستی پێکرد تا لای قاچەکانی ئاوپرژێن کرد.[4]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئیتر بیلال توانای نەما بانگ بدات، شارەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بانگی بانگبێژەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا نەما، تەنانەت توانای ئەوەی نەما لە مەدینەش بمێنێتەوە، بۆیە هات بۆ لای خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق و داوای مۆڵەتی لێکرد تا بچێت بۆ جیهاد، ئەوەبوو کاتێك ئەبووبەکر لە رۆژی هەینیدا لەسەر مینبەر بوو، بیلال ئەبووبەکری دواند، خەلیفە داوای لێکرد بیلال لە مەدینە بمێنێتەوە، بیلال لە وەڵامدا

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 235.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص234.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 306.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 271.

پێی وت لەبەر خوا ئازادت کردم یان لەبەر خۆت؟ ئەبووبەکر وتی لەبەر خوا، بیلال وتی دەی رێم بدە بچم بۆ جیهاد، خەلیفەش رێی پێدا و بیلالیش چوو بەرەو شام.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بیلال بە ئەبووبەکری وت من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (أفضل أعمال المؤمن الجهاد في سبيل الله)، (چاکترین کاری باوەڕدار جیهادی رێی خوایە)، جا منیش دەمەوێت تا مردن لە سەنگەری جیهاددا بم، ئەبووبەکر وتی ئەی بیلال سوێندت دەدەم بە خوا لەبەر رێز و مافی من مەڕۆ، وا من پیر بووم و مەرگم نزیك بوەتەوە، ئیتر بیلال لەگەڵ ئەبووبەکر مایەوە تا وەفاتی کرد، ئینجا هات بۆ لای عومەر و داوای مۆڵەتی کرد، عومەریش هەمان شتی پێ وت، بەڵام بیلال بە داواکەی رازی نەبوو، عومەر داوای لێکرد بانگ بدات،[2] بیلال وتی من بانگبێژی پێغەمبەر (ﷺ) بووم تا وەفاتی کرد، دواتریش بانگبێژی ئەبووبەکر بووم چونکە ئەو چاکەی هەبوو بەسەرمەوە، من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (ئەی بیلال کارێك نیە چاکتر بێت لە جیهادی رێی خوا)، بۆیە بیلال چوو بەرەو شام.[3]

بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت راستتر و باوتر ئەوەیە بیلال دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بانگی نەداوە بۆ ئەبووبەکر و چووە بۆ شام.[4]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص357.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 236، أسد الغابة، ج1، ص 307.

3 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 1980، مسند الروياني، الرقم 716، أسد الغابة، ج1، ص 307.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 334.

دواتر کاتێك عومەری کوڕی خەططاب چوویە شام موسڵمانان داوایان کرد لە عومەر تا تکایان بۆ بکات بیلال بانگیان بۆ بدات، ئەویش داوای لە بیلال کرد، بیلالیش ڕۆژێك بانگی فەرموو، خەڵکەکە بە بیستنی ئەو بانگە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەهاتەوە بیر و دەستیان کرد بە گریان، گریانێك کە نەبینرابوو شار ئاوا بەجارێك گریان دایبگرێت.[1]

لەو ماوەی بیلال لە شام بوو جارێك گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەوێ بانگێکی فەرموو.[2]

پاش ماوەیەك بیلال خەوی دی بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، لە خەوەکەیدا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئەو هەموو جەفاو دوورگرتنەت چیە ئەی بیلال، ئایا کاتی نەهاتووە سەردانم بکەیت، بیلال بە خەفەت و دڵداگیرانەوە لەخەو راچڵەکی، سواری وڵاخەکەی بوو بەرەو مەدینە، چوویە لای گۆڕەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و دەگریا، لەو کاتەدا حەسەن و حوسەین-دوو ڕەیحانەکەی پێغەمبەر (ﷺ)- هاتن بۆ ئەوێ، بیلال دەیگوشین بە خۆیدا و ماچی دەکردن، حەسەن و حوسەین وتیان زۆر بە تاسەوەین بانگت ببیستین، ئەویش دڵی دوو ڕەیحانەکەی نەشکاند و بانگی دا، دەنگی بانگی بیلال لە مەدینەدا بەرزبوویەوە، هەر کە وتی الله أکبر خەڵکی مەدینە راپەڕین، تا گەیشتە أشهد أن محمدا رسول الله ئیتر گریان هەموانی گرتەوە،

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص357.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 307.

دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) رۆژێکی تری وا نەبینرابوو ئاوا گریان هەموان بگرێتەوە.[1]

بیلال لای هاوەڵانی تر زۆر رێزدار و خۆشەویست بوو، ئەمەش چەند نموونەیەك لەو بارەیەوە:

جارێك شاعیرێك شیعری دەهۆنیەوەو بیلالی کوڕی عەبدوڵای بە چاکترین بیلال ناوبرد، ئیبن عومەر لەوێ ئامادە بوو، وتی درۆت کرد بیلالەکەی پێغەمبەر (ﷺ) چاکترین بیلالە.[2]

عومەری کوڕی خەططاب وەسفی ئەبووبەکری صدیقی دەکرد و دەیوت ئەمەش گەورەمان بیلالە کە چاکەیەکە لە چاکەکانی ئەبووبەکر،[3] هەروەها دەیوت ئەبووبەکر گەورەمانەو گەورەی ئێمەشی ئازاد کرد–واتە بیلال–.[4]

خاکیبوونی بیلال لە ئاستێکدا بوو جارێکیان کەسانێك باسی پلەوپایەی بیلالیان دەکرد، ئەویش وتی من تەنها حەبەشیەکم کە تا دوێنێ کۆیلە بووم.[5]

بیلال پاش سەفەرەکەی مەدینەی گەڕایەوە شام و لەوێ مایەوە تا لە ساڵی بیستی کۆچیدا وەفاتی کرد،[6] یان دەوترێت لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا وەفاتی

1 - أسد الغابة، ج1، ص 307، سير أعلام النبلاء، ج1، ص358، قال الذهبي إسناده لين و هو منكر.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص349.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص359.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 233، أسد الغابة، ج1، ص 307.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 238.

6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 334.

کردووە،[1] بۆچوونێ دەڵێت لە حەڤدەی کۆچی یان هەژدەی کۆچیدا وەفاتی کردووە،[2] ئەوکات تەمەنی لە سەروو شەست و سێ ساڵیەوە دەبوو.[3]

ئیبن عەبدولبەر سەبارەت بە تەمەنی بیلال دوو رای هێناوە، رایەك دەڵێت بیلال لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، رای دووەم دەڵێت بەڵکو لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.[4]

سەبارەت بە شوێنی ئەسپەردەکردنی دوو بۆچوون هەیە، رایەك دەڵێت لە دیمەشق بووە، رایەکیش هاتووە کە لە حەلەب بووە، بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت رای راست ئەوەیە خالیدی برای لە حەلەب مردووە.[5]

## بیلالی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی بیلالی کوڕی حارثی کوڕی عوصمی کوڕی سەعیدە،[6] ئەم هاوەڵە لە موزەنیەکانە، یەکێك بوو لە دانیشتوانی دەرەوەی مەدینە، دواتریش چوویە بەصرەو لەوێ مایەوە.[7]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 179.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 308.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص359-360.
4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 179.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 334.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 304، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص326.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص326.

لە ساڵی پێنجەمی کۆچیو لە مانگی رەجەبدا وەفدی موزەینە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)بیلالی کوڕی حارثیش لەنێویاندا بوو.[1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەقیقی بۆ بڕیەوە،[2] لە رۆژی فەتحی مەککەدا ئاڵای موزەنیەکان بەدەست بیلالەوە بوو.[3]

لە ساڵی دەی کۆچیدا بیلال لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلیددا بوو کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد بڕوات بانگەوازی بەنی حارث بکات، ئەوانیش کە موسڵمان بوون خالید بە نامەیەك وردەکاری نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و بە بیلالی کوڕی حارثدا نامەکەی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش نامەکەی گەیاند.[4]

بیلالی کوڕی ئوحەیحە (رضي الله عنه)

ناوی بیلالی کوڕی ئوحەیحەی کوڕی جەلاحە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[5]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی بولەیل کە لە جەنگی ئوحوددا بەشدار بوو،[6] کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی عیمران،[7] کوڕێکی تری ناوی داوود یان یەسار بوو، بەڵام زیاتر

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج 1، ص 291، أسد الغابة، ج1، ص 304.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 304، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص326.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص326.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 339.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 325.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 329.
7 - أسد الغابة، ج1، ص 310.

بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبوو لەیلایە،[1] منداڵێکی تریشی ناوی عەمر بوو کە بەشدار بوو لە غەزای ئوحوددا،[2] کوڕێکی تریشی هەبوو ناوی حارث بوو.[3]

بیلز (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵە چەند رایەك هەیە، ناوی بە بیلز یان بیرز یان مالیك هاتووە، باوکی ئەبولعشراء بوو.[4]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 461، ج4، ص 1581.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 36.
3 - أسد الغابة، ج7، ص 303، الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 141.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 285.

# ئەو هاوەڵانەی
# کە ناویان بە پیتی (ت)
# دەست پێ دەکات

### تەلیبی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه)

ناوی تەلیبی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی رەبیعەی تەمیمی عەنبەریە،[1] ئیبن عەبدولبەر بە ثەلیب ناوی دەهێنێت،[2] بەڵام ئیبن ئەثیر و ئیبن حەجەر بە تەلیب ناویان هێناوە،[3] ئیبن سەعد بە ناوی تەلیبی کوڕی زەیدی کوڕی عەبدولڵا ناوی هێناوە،[4] رایەکیش هەیە دەڵێت تەلیب برای زەینەبی کچی ثەعلەبەیە.[5]

ئەم هاوەڵە لە نزیکی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بوو و چەندین فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[6]

تەلیب کوڕێکی هەبوو ناوی هیلقام-یان میلقام- بوو کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[7]

تەلیب دەگێڕێتەوە جارێك چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوای کردووە پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات، ئەویش لای خوا داوای لێخۆشبوونی بۆ کردووە.[8]

---

[1] - أسد الغابة، ج1، ص 315، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366.

[2] - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 197.

[3] - أسد الغابة، ج1، ص 315، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366.

[4] - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 42.

[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366.

[6] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366.

[7] - أسد الغابة، ج1، ص 315.

[8] - أسد الغابة، ج1، ص 315.

تەلیب فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (الضیافة ثلاثة أیام فما زاد فهو صدقة)،[1] (میوانداری تا سێ ڕۆژە، لەوە زیاتر بوو ئەوە صەدەقەیە).

تەلیب دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای خوا داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی تا مۆڵەتت بۆ بدرێت، ماوەیەك تێپەڕ بوو، تا جارێك پێغەمبەر (ﷺ) تەلیبی بانگ کرد و دەستی هێنا بەسەر دەموچاویدا و فەرمووی (خوایە لە تەلیب خۆش بە و ڕەحمی پێ بکە)، سێ جار ئەوەی فەرموو.[2]

## تەمامی حەبەشی(رضي الله عنه)

یەکێکە لەو هەشت هاوەڵەی لەلای نەجاشیەوە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

ئیبن ئەثیر سەبارەت بە هاتنی ئەم هاوەڵە گێڕانەوەیەك دێنێت: کاتێك موسڵمانانی حەبەشە زانییان پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمانان لە جەنگی بەدردا سەرکەوتن، داوای مۆڵەتیان کرد لە نەجاشی تا بچنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ژمارەیەك لەوانەی لای نەجاشی بوون و بڕوایان هێنابوو بە نەجاشییان وت مۆڵەت

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 2654، مسند الروياني، الرقم 1448، قال الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم 2593 (صحيح لغيره).

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1285، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1234، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 42.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366، أسد الغابة، ج1، ص 317.

بدە بە ئێمەش با بچین بۆ لای ئەو پێغەمبەرەو بزانین ئەو کەسەیە کە لە کتێبەکەماندا باسی کراوە؟ ئەوەبوو چوون بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و لەگەڵیدا بەشداری غەزای ئوحود بوون، ریوایەتێ لە موقاتیل و کەسانی تریشەوە دێنێ کە وتویانە ئەوانە 40 کەس بوون، سی و دوو کەسیان لە گەڵ جەعفەری طەیاردا هاتن، هەشت کەسیشیان لە شامەوە هاتن (بوحەیراو ئەبرەهەو ئەشرەف و تەمام و ئیدریس و ئەیمەن و نافع و تەمیم)، ئەمە گێڕانەوەی ئەبوو مووسا بوو کە ئیبن ئەثیر هێناویەتی، ئیبن ئەثیر دەڵێت ئەگەر مەبەستی بە بوحەیرا یەکێکی تری جیا لەو بوحەیرایە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) بە منداڵی بینی، ئەوە ئەگەری هەیە ئەم هاتنی وەفدە راست بێت.[1]

ئیبن حەجەر دەڵێت وادیارە ئەمە بوحەیرایەکی ترە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی لە خاکی شام دیوە، بەڵام ئەم بوحەیرایەیان لە حەبەشە بووە، باکووری وڵات لەکوێ و باشووری لەکوێ، ئاساییە دوو کەس یەك ناویان هەبێ.[2]

بەڵام بەپێی هەموو سەرچاوەکان جەعفەری طەیار (رضي الله عنه) و موسڵمانان لە فەتحی خەیبەردا هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[3] دیاریشە غەزای ئوحود لەپێش فەتحی خەیبەر روویداوە، بۆیە هاتنی ئەو کەسانە لەگەڵ جەعفەری طەیار بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەشداری کردنیان لە غەزای ئوحوددا، بەپێی سەرچاوەکان هەڵەیەو راستی تێدا نیە، دەشکرێ ئەو ئەگەرە دابنێین ئەو کەسانەی تر (واتە ئەو

---

[1] - أسد الغابة، ج1ص71.

[2] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص22.

[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص486، الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص242، أسد الغابة، ج1ص421، سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1ص206.

40 کەسە) بەجیا و بەبێ جەعفەر هاتبن، وەك چۆن ئیبن حەجەر باس لەوە ناکات هاتنی ئەو کەسانە لەگەڵ جەعفەردا بووبێت.[1]

## تەممامی کوڕی عوبەیدە (رضي الله عنه)

ناوی تەممامی کوڕی عوبەیدەی ئەسەدیە، لە کۆچەرانە،[2] برایەکی هەبوو بە ناوی زوبەیر کە ئەویش کۆچی کرد بۆ مەدینە.[3]

تەممامی کوڕی عوبەیدە یەکێك بوو لەوانەی هاودەم بە ئافرەتانی هۆزەکەی (کە بەنو غەنمی کوڕی دوودان بوو) کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

## تەمیمی کوڕی بیشر (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی بیشری کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، برای سوفیانی کوڕی بیشرە.[5]

تەمیمی کوڕی بیشر لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص22.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 366.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 510، الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 553.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 317.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 372.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 320.

## تەمیمی کوڕی جەراشە

ناوی تەمیمی کوڕی جەراشەی ثەقەفیە، لەناو وەفدی ثەقیفدا هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.[1]

تەمیم دەڵێت داوامان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا نووسراوێکمان بۆ بنووسێت و چەند مەرجێکی تێدابێت، ئەویش فەرمووی (چیتان ویست بینووسن دواتر بیهێنن بۆم)، ئێمەش لە نووسینەکەدا داوامان لێکرد سووخواردن و زینامان بۆ حەڵاڵ بکات، عەلی ڕازی نەبوو ئەوەمان بۆ بنووسێت، داوامان کرد لە خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص، عەلی وتی دەزانیت چی دەنووسیت؟ ئەویش وتی ئەوە دەنووسم کە دەیڵێن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیاوترە تا بڕیاری لەسەر بدات، تەمیم دەڵێت ئینجا نووسینەکەمان برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش بە خوێنەرەکەی فەرموو بیخوێنەوە، کاتێك گەیشتە مەسەلەی سووخواردنەکە، فەرمووی دەستم بخەرە سەری، ئەویش دەستی پێغەمبەری (ﷺ) لەسەر دانا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله و ذروا ما بقي من الربا إن كنتم مؤمنين)، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) سڕیەوەو سوکناییش هات بۆ ئێمە، ئیتر لەسەری نەچووین، کاتێکیش گەیشتە مەسەلەی زینا دەستی لەسەر داناو فەرمووی (ولا تقربوا الزنا إنه كان فاحشةو ساء سبيلا)، ئینجا ئەوەشی سڕیەوەو فەرمانی کرد ئەو نووسینە لەبەری بگێڕێتەوە بۆمان.[2]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 369.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 320.

## تەمیمی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی حارثی کوڕی قەیسی کوڕی عەدی کوڕی سەعدی قورەیشی سەهمیە،[1] یەکێك بوو لە کۆچەرانی کۆچی دووەمی حەبەشە.[2]

لە سەری دایکیەوە برایەکی هەبوو بە ناوی سەعیدی کوڕی عەمری تەمیمی،[3] ئیبن ئەثیر دەڵێت لە سەری باوکیشەوە برایەتی،[4] تەمیم سێ برای تریشی هەبوو بە ناوی ئەبووقەیس و عەبدوڵا و سائیب،[5] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی حەجاج.[6]

هەریەك لە تەمیم و سەعید و ئەبووقەیس کە برای یەکن پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، حەجاجی برایان لە بەدردا بەدیل گیرا، عەبدوڵای برایان لە ڕۆژی طائیف شەهید بوو، سائیبی برایشیان لە طائیف بریندار بوو و ڕۆژی فەحل کوژرا.[7]

حارثی باوکی یەکێك بوو لە کەسە قسەخۆشەکان.[8]

تەمیم لە ڕۆژی ئەجنادەین لە شام هاودەم بە سەعیدی برای شەهید بوو.[9]

---

1 - معرفة الصحابة لابن مندة، ج1، ص 328.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 369.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 369.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 451.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 321.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 192.
7 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 192.
8 - أسد الغابة، ج1، ص 321.
9 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 369.

تەمیمی کوڕی حارث یەکێك بوو لەوانەی کە لەبەردەرگا دەوەستا تا بە سەرە مۆڵەتی چوونەژوورەوەی خەڵك بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) رێك بخات.[1]

تەمیمی کوڕی حوجر (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی حوجرە و بە ئەبوو ئەوس ناسراوە، لە ئەسلەمیەکانەو لە ناوچەی ئەسلەمیەکان نیشتەجێ بوو،[2] ئیبن عەبدولبەر بە ئەبوو ئەوس تەمیمی کوڕی حوجر ناوی هێناوە،[3] بەڵام راستتر ئەوەیە ناوی ئەبووتەمیم ئەوسی کوڕی عەبدوڵایە.[4]

تەمیمی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەوفی جوهەنیە، زوو موسڵمان بوو و لە حودەیبیەو بەیعەتی ریضوانیشدا بەشدار بوو.[5]

تەمیمی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی زەیدە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، برای عەبدوڵای کوڕی زەیدە[6] کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، تەمیم کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبباد کە فەرموودەی لە باوکی و مامیشیەوە گێڕاوەتەوە.[7]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 32.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 321.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 195.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 370.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 345، أسد الغابة، ج1، ص 322، الإصابة ، ج1، ص 370.

6 - معرفة الصحابة لابن مندة، ج1، ص 321.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 370.

تەمیم فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینیوە دەستنوێژی گرتووەو بە ئاو مەسحی قاچەکانی کردووە.[1]

تەمیمی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی تەمیمی کوڕی سەعدە و لە تەمیمیەکانە، وەك ئەندامی ناو وەفدی تەمیمیەکان هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

تەمیمی کوڕی عەبدعەمر (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی عەبدعەمرە، بەڵام زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبوو حەسەنی ئەنصاریە،[3] لە پشتیوانانە لە مازنیەکان،[4] سەبارەت بە ناوی باوکیشی چەند رایەك هەیە، وەك عەمر یان عەبد عەمر یان عەبدقەیس.[5]

ئەم هاوەڵە کوڕێکی هەبوو بە ناوی عمارە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[6]

ئەبووحەسەن هەم لە بەیعەتی عەقەبە و هەم لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد.[7]

---

1 - صحيح ابن خزية، الرقم 201، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 9506، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1215.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 371.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 371.

4 - أسد الغابة، ج6، ص 79.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 89.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 89.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 89.

ئەبووحەسەن دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ دەستەیەك لە هاوەڵاندا دانیشتبوو، کابرایەك هەستا و نەعلەکانی لەبیر چوو، کەسێکی تریش نەعلەکانی ئەوی خستە ژێر خۆی و شاردیەوە، کابرا هاتەوەو وتی نەعلەکانم دیار نین، خەڵکەکە وتیان نەماندیون، کابرای تر وتی من نەعلەکانی تۆم شاردەوە و بۆ یاری و گاڵتە وامکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فكيف بروعة المؤمن)، ئەی چی دەڵێیت بۆ ترساندنی باوەڕدار، کابرا وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە تەنها بۆ گاڵتە و گەمە ئەوەم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی چی دەڵێیت بۆ ترساندنی باوەڕدار، سێ جار ئەوەی فەرموو.[1]

ئەبوو حەسەن دوای پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب لە ژیاندا مایەوە.[2]

### تەمیمی کوڕی مەعبەد (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی مەعبەدی کوڕی عەبد سەعدی کوڕی عامرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[3] هاودەم بە مەعبەدی باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 89.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 324.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص 1427.

## تەمیمی کوڕی یەزید (رضي الله عنه)

تەمیمی کوڕی یەزید لە هاوەڵە پشتیوانەکانە،[1] تەمیم دەڵێت چووینە مزگەوتی قوباء و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمانی کردبوو موعاذ بەرنوێژییان بۆ بکات، ئەوانیش چاوەڕوانی بوون.[2]

## تەمیمی کوڕی ئەسید (رضي الله عنه)

تەمیمی کوڕی ئەسید یان کوڕی ئەسەد، ئەمە جیایە لە تەمیمی خوزاعی، ئەم هاوەڵەیان کونیەکەی ئەبووریفاعەیە و زیاتریش بە کونیەکەی ناسراو بووە،[3] رایەکیش دەڵێت ناوی عەبدوڵا بووە نەك تەمیم.[4]

ئەبووریفاعە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا کە من چوومە خزمەتی و لە بەردەمیدا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی بێگانە هاتووە پرسیار لەبارەی ئایینەکەیەوە دەکات و نازانێت ئایینەکەی چیە، پێغەمبەر (ﷺ) بەرەورووی چوو و وتارەکەی وەستاند تا هات بۆ لام، ئینجا کورسیەك هێنرا و وابزانم قاچەکانی لە ئاسن بوون، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دانیشت و خوا چی فێر کردبوو منی فێری ئەوە دەکرد، ئینجا چوو وتارەکەی تەواو کرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 372.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1229.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 68، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.

5 - صحيح مسلم، الرقم 1497، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1370، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9488، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5430، مسند احمد بن حنبل، الرقم 20224، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 621، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1271.

پێشەوا نەوەوی لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت ( ئەم فەرمووده ئەوەی تێدایە کە کەسی پرسیارکەر کاتێك پرسیار دەکات لە زانا، لە دەربڕینیدا نەرم و نیان و قسەجوان بێت، هەروەها ئەم فەرمووده خاکیبوون و نەرمونیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر بە موسڵمانان و دڵسووتانی بۆیان نیشان دەدات، هەروەها دەستپێشخەری تێدایە بۆ وەڵامدانەوەی کەسێك کە وەڵام و فەتوای دەوێت‌و پێوتنی گرنگترین زانیاری پێویستە، لەوانەیە سەبارەت بە ئیمان و بنەما گرنگەکانی ئیمان پرسیاری کردبێت، زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەرکەس بێت سەبارەت بە ئیمان و چۆنێتی هاتنە ناو ئیسلام پرسیار بکات ئەوا واجبە وەڵامی بدرێتەوەو بە خێرایی فێربکرێت، هەرەها سەبارەت بەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر کورسی دانیشتووە بۆ ئەوە بووە خەڵکی تر فەرمایشتی ببیستن و ببینن، لەوانەیە ئەو وتارەی پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو وتاری هەینی نەبووبێت بۆیە هێندە بەینی خستوەتە وتارەکەوە، لەوانەشە وتاری هەینی بووبێت و وەستاندبێتی، لەوانەشە زۆر زۆر بەینی تێ نەکەوتبێت، لەوانەشە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو نامۆیە پەیوەست بووبێت بە وتارەکەیەوەو بەشێك بووبێت لە وتارەکەو لەسەرچوونی زیانی نەبووبێت.[1]

ئەبوو ریفاعە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) فێری سوورەتی (البقرة) بوو، هەتا مردیش نە بیری دەچوویەوەو نە لێی تێکدەچوو، بەڵکو زۆر بە جوانی لەبەری بوو و زیاتریش لە شەونوێژدا دەیخوێند، هەروەها تەمیم دەڵێت دوای ئەوە لە شەونوێژدا هەرگیز پشتم ئازاری نەدەبوو.[2]

1 - شرح النووي على صحيح مسلم، ج6، ص 166.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 34843، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 69.

ئەم هاوەڵە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لە گەورە هاوەڵانی ناو بەصرە بوو، دواتر لەگەڵ عەبدورەحمانی کوڕی سەمورە چوو بۆ غەزای سجستان و درەنگانێکی شەو هەستا بۆ شەونوێژ،[1] ئینجا کەمێك راکشا و هاوڕێکانی نەیانزانی جێیانهێشت، دەستەیەکی دوژمن هاتن و ئەویان بینی و سەریان بڕی،[2] ئەمەش لە کابول لە ساڵی چل و چواری کۆچیدا بوو.[3]

حەمیدی کوڕی هیلال دەڵێت ئەبووریفاعە کاتێك لە نوێژ تەواو دەبوو و نزاکانی دەکرد، ئەو نزایەی دەکرد و دەیوت: خوایە تا کاتێك ژیان خێری تیایە بۆم بمژێنە، ئەگەریش مردنم هات بە مردنێکی پاك و پوخت بممرێنە بەجۆرێك هەر برایەکی موسڵمانم مەرگم ببیستێت لەبەر پاکیەکەی ئاوات بەو مەرگەم بخوازێت، مردنم بە کوژران بێت لە رێی تۆدا.[4]

ئەبووریفاعە لەو سوپایەدا شەو لەگەڵ سریەی بەنی حەنیفەدا بوو، ئەبووقەتادەی عەدوی پێی وت لەو سریەیەدا هیچ برا و برازایەکت نیە، ئەبووریفاعەش وتی تازە من بڕیارم داوەو سوورم لەگەڵیان بم، ئەوەبوو سریەکە گەمارۆی قەڵایەکیان دابوو کە دوژمنانی تێدابوو، ئەمەش لە درەنگانی شەودا بوو، درەنگانی شەو خەوی لێکەوت و هاوڕێکانی چوون و ئەویان بیر چوو، دوژمنیش لە دوورەوە لە قەڵاکەوە ئەبووریفاعەیان بینی، دابەزین بۆی و شمشێرەکەیان هەڵگرت و سەریان بڕی، هاوڕێکانیشی راچڵەکین و وتیان خۆ ئێمە ئەبووریفاعەمان بیر چووە،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.
2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5824.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 69.

گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە، بینییان دوژمن چییان لێکردووە، ئەوەبوو دوژمنیان ڕاوەدوو نا، عەبدورەحمانی کوڕی سەمورە دەیوت هەستی بە شەهیدی نەکرد تا شەهیدی هاتەڕێی.[1]

دەوترێت گۆڕی هەریەك لە ئەبووریفاعە و ئەسوەدی کوڕی کلثوم لە ناوچەی بەیهەقە.[2]

تەمیمی کوڕی ئەسید(رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی ئەسید یان کوڕی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی جەعوونەی خوزاعیە،[3] تەمیم لە پێش فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە.[4]

تەمیمی خوزاعی دەڵێت لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر (ﷺ) چوویە مەککە سەیری کرد بە دەوری کەعبەدا سێ سەد و ئەوەندە بت هەبوون و قایمو قۆڵ کرابوون، پێغەمبەریش (ﷺ) بە دارێکی ناو دەستی ئاماژەی دەکرد بۆ بتەکان و دەیفەرموو (جاء الحق و زهق الباطل إن الباطل كان زهوقا)، هەرکات ئاماژەی بە ڕووی بتێك بکردایە بتەکە بە پشتدا دەکەوت، ئەگەریش ئاماژەی بە پشتی بتێك بکردایە بتەکە بە ڕوودا دەکەوت، ئینجا تەمیم لە بارەی ئەو بتانەوە شیعرێکی هۆنیەوە.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 69.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 317.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص367.
5 - أسد الغابة، ج1،ص 318.

تەمیمی کوڕی یەعار (رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی یەعاری کوڕی قەیسی کوڕی عەدی کوڕی ئومەییەیە،[1] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[2] دایکی ناوی زوغەیبەی کچی رافیعە کە پووری سەعدی کوڕی موعاذو ئەسعەدی کوڕی زورارەیە.[3]

ئەم هاوەڵەش لە غەزای بەدر[4] و ئوحودیشدا بەشداری کرد، دوای خۆیشی هیچ نەوەیەکی جێنەهێشت.[5]

تەمیمی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی تەمیمی کوڕی ئەوسی کوڕی خاریجەیە،[6] کونیەکەی ئەبوو روقییە بووە،[7] چونکە کچێکی هەبوو بە ناوی روقییە و تەنها ئەو کچەشی هەبوو.[8]

رایەك دەڵێت برای ئەبووهیندی داری بوو،[9] بەڵام ئیبن عەبدولبەر بەرپەرچی ئەو رایە دەداتەوەو دەڵێت ئامۆزای تەمیم بووە نەك برای.[10]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 372.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 325.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 538.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 372.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 538.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 319، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 442.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 408.

8 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 193، أسد الغابة، ج1، ص 319.

9 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 443.

10 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص 1773.

ئیبن سەعد بە تەمیمی داری ناوی هێناوەو نەعیمی کوڕی ئەوسی بە برای داناوە.[1]

تەمیمی داری ناسرابوو بە پەرستشی زۆر و زۆر قورئان خوێندن.[2]

ئەم هاوەڵە پێشتر مەسیحی بوو، راهیبێك بوو لە فەلەستین،[3] بەڵام لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا هاتە مەدینەو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) موسڵمان بوو،[4] لەوێیش مایەوەو لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری غەزا بوو.[5]

زیادی کوڕی ئەبووهیند دەڵێت ئێمە شەش کەس بووین هاتین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، تەمیمی کوڕی ئەوس و نوعەیمی برای یەزیدی کوڕی قەیس و ئەبووهیندی کوڕی عەبدوڵا و طەییبی کوڕی عەبدوڵای برای کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عەبدورەحمان، لەگەڵ فاکیهی کوڕی نوعمان، هاتین و داوامان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) زەویەکی شاممان بۆ ببڕێتەوە، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی کوێتان پێ خۆشە-کام زەویەتان دەوێت بیڵێن- چووینە ئەولاوەو کەوتینە راوێژ، تەمیمی داری وتی داوای بەیتولموقەددەس دەکەین، وتیان ناگونجێت، بۆیە وتیان داوای بەیت جبرین دەکەین، وتیان ئەویش

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 408.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 442.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 368.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 319.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 368.

ناگونجێت، بۆیە بڕیاریان دا داوای گوندی عەینوون بکەن،[1] کە چوونەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی ئەی تەمیم ئەگەریش دەتەوێت من پێت دەڵێم، ئەگەریش دەتەوێت هەواڵت پێ دەدەم چیتان وت؟ تەمیم وتی بەڵکو تۆ پێمان بڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا باوەڕمان زیاد بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تۆ شتێکت ویست و ئەوەش شتێکی تری دەوێت، راکەشی چاك بوو)، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەیەکی لە پارچە پێستێکدا بۆ نووسی، ئەویش ئەو نووسینەی بردەوە ماڵەوەو لە سووچێکەوە هەڵیگرت، هەریەك لە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و جەهمی کوڕی قەیس و شورەحبیلی کوڕی حەسەنە شاهیدی ئەو نووسینە بوون.[2]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد، کە لە نوێژەکەی تەواو بوو، لەسەر مینبەرەکەی دانیشت و پێدەکەنی، فەرمووی با هەرکەس لە شوێن نوێژەکەی خۆی بێت-دابنیشێت-، پاشان فەرمووی (ئایا دەزانن بۆچی کۆمکردوونەتەوە؟) وتیان خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی (سوێند بەخوا بۆ موژدەدان یان بۆ ترساندن کۆم نەکردوونەتەوە، بەڵکو کۆمکردوونەتەوە چونکە تەمیمی داری کە کەسێکی نەصرانی بوو هاتووەو بەیعەتی داوەو موسڵمان بووەو شتێکی بۆ گێڕاومەتەوە کە هاوشێوەی ئەوەیە من لەسەر مەسیحی دەججال هەواڵم پێ دەدان، ئەو بۆی گێڕامەوە سواری بەلەمێك بووە لەگەڵ سی کەس لە لەخم و جوذام، مانگێك شەپۆل لەناو دەریادا یاری پێ دەکردن-دەیهێنان و دەیبردن- دواتر شەپۆلی دەریا فڕێی

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18627، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2240، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 655.

2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 2240، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 655.

دانە دوورگەیەك لە دەریاکەدا تا خۆر ئاوابوو لەوێ بوون و لە نزیکی کەشتیەکەوە دانیشتن، چوونە دوورگەکەوە گیاندارێکیان تووش بوو کە مووی رەق و تووکن بوو، مووی زۆر بوو، لەبەر زۆری مووەکانی بەرو دوایان لەیەك جیانەدەکردەوە ، وتیان هاوار بۆ تۆ ئەوە تۆ کێیت؟ وتی من جەساسەم، وتیان جەساسە چیە؟ وتی ئەی خەڵکینە برۆن بۆ لای ئەو کابرایە لە دێرە، باسو هەواڵتان لای ئەوە.. خێرا چووین تا چووینە دێرەکە، گەورەترین مرۆڤی تێدابوو کە دیبوومان، زۆر کەتە و چوارشانە بوو، دەستەکانی لەگەڵ گەردنی کۆکردبوونەوە، نێوان ئەژنۆی بۆ قولەپێی بە ئاسن داپۆشرابوو، وتمان ماڵوێران تۆ کێیت؟ وتی هەواڵی منتان دەست دەکەوێ، ئێوە پێم بڵێن کێن؟ وتمان ئێمە کەسانێکی عەرەبین سواری کەشتیەك بووین و کەشو هەوا نالەبار بوو تا شەپۆلی دەریا یاری پێ کردین و فرێی داینە ئەم دوورگەی تۆوە، لە نزیکی کەشتیەکەوە دانیشتین و هاتینە ناو دوورگەکەوە، بە گیاندارێك گەیشتین کە مووی رەق و تووکن بوو و مووی هێندە زۆر بوو نەماندەزانی بەرو دوای کامەیە، وتمان ماڵوێران تۆ کێیت؟ وتی جەساسە، وتمان جەساسە چیە؟ وتی بچن بۆ لای ئەو کابرایە لە دێرەکەیە هەواڵتان لای ئەوە، ئێمەش خێرا هاتین بۆ لای تۆ و زۆر لەو گیاندارە ترساین و ترسمان هەبوو شەیتانێ بێت، ئەویش وتی سەبارەت بە باخە دارخورماکە هەواڵم پێ بدەن؟ وتمان لە بارەی چی شتێکیەوە هەواڵت پێ بدەین؟ وتی سەبارەت بە دارخورماکانی ئایا بەرهەمدارن؟ وتمان بەڵێ، وتی خەریکە لە بەرهەم بکەون، وتی سەبارەت بە دەریاچەی طەبەریە هەواڵم پێ بدەن، وتمان هەواڵی چی شتێکیت دەوێت؟ وتی ئایا ئاوی تێدایە؟ وتمان ئاوی زۆر زۆرە، وتی خەریکە ئاوەکەی بڕوات و نەمێنێت، وتی سەبارەت بە کانی زوغەر هەواڵم پێ بدەن؟ وتمان هەواڵی چی شتێکی بدەین پێت؟ وتی ئایا ئاوی ماوە و خەڵکەکەی بە

ئاوەکەی کشتوکاڵ دەکەن؟ وتمان ئاوی زۆرەو خەڵکەکەشی بە ئاوەکەی کشتوکاڵ دەکەن، وتی سەبارەت بە پێغەمبەری نەخوێندەواران هەواڵم پێ بدەن چی کرد؟ وتمان لە مەککە دەرچوو و لە یەثریب نیشتەجێ بوو، وتی ئایا عەرەب لەگەڵی جەنگان؟ وتمان بەڵێ، وتی ئەو چی کرد بەرامبەریان؟ ئێمەش پێمان وت زاڵبووە بەسەریاندا و عەرەب گوێڕایەڵی بون، وتی جا ئەوە روویداوە؟ وتمان بەڵێ، وتی وا چاکە بۆیان گوێڕایەڵی بن، منیش هەواڵی خۆمتان پێ دەدەم، من مەسیحم و خەریکە مۆڵەتی دەرچوونم پێ بدرێت، دەربچم و بە زەویدا بگەڕێم و لە ماوەی چل شەودا چی گوند هەیە دابەزمە ناوی جگە لە مەککەو طەیبە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) بە گۆچانەکەی دای بە مینبەرەکەدا و فەرمووی (ئەمە طەیبەیە، ئەمە طەیبەیە، ئەمە طەیبەیە) –واتە مەدینە–، ئەرێ مەگەر پێشتر ئەوەم بۆ باس نەکردن؟ خەڵکەکەش وتیان با، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی من بە بەسەرهاتەکەی تەمیم سەرسام بووم، هاوشێوەی ئەوەبوو کە من پێشتر بۆم باسکردن.[1]

جارێك کەسێك لە بەنی سەهم لەگەڵ تەمیمی داری و عەدی کوڕی بەددائدا چوویە دەرەوەو کابرای سەهمی لە خاکێك مرد کە موسڵمانی تێدا نەبوو، کاتێك گەڕانەوە بە شمەکەکانیەوە قاپێکی ئەویان ونکرد کە لە زیو بوو و بە زێڕ نەخشێنرابوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەریەك لە تەمیمی داری و عەددی سوێند دا، دواتر ئەو قاپە لە مەککە دۆزرایەوە، وتیان ئەوەمان لە تەمیم و عەددی کڕیوە، دوو کەس لە خزمانی مردووەکە هەستان و سوێندیان خوارد شایەتی ئێمە شیاوترە لە شایەتی

1 - صحيح مسلم، الرقم 5346 و اللفظ له، سنن أبي داوود، الرقم 3788، سنن ابن ماجة، الرقم 4071، صحيح ابن جبان، الرقم 6897، سنن الترمذي، الرقم 2231.

ئەو دوانە، ئەو قاپەش هی هاوڕێکەیانە–واتە کابرای سەهمی–، ئەوەبوو ئەم ئایەتە لەو بارەیەوە دابەزی:

(یا ایها الذین امنوا شهادة بینکم اذا حضر احدکم الموت حین الوصیة اثنان ذوا عدل منکم او اخران من غیرکم ان انتم ضربتم في الارض فاصابتکم مصیبة الموت تحبسونهما من بعد الصلاة فیقسمان بالله ان ارتبتم لا نشتري به ثمنا ولو کان ذا قربی ولا نکتم شهادة الله انا اذا لمن الاثمین).[1]

تەمیمی داری یەکێك بوو لەو کەسانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) قورئانیان کۆکردەوە.[2]

تەمیمی داری کۆیلەیەکی هەبوو کە ناوی فەتح بوو، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لە تەمیم کرد ناوی ئەو کۆیلەی چیە؟ ئەویش وتی ناوی فەتحە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵکو ناوی سیراجە.[3]

تەمیمی داری دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (الدین النصیحة)، ئایین ئامۆژگاریە، وتمان بۆ کێ؟ فەرمووی (لله ولکتابه ولرسوله ولأئمة المسلمین

1 - صحیح البخاري، الرقم 2646 و اللفظ له، سنن أبي داوود، الرقم 3146، سنن الترمذي، الرقم 3069، سنن الدارقطني، الرقم 3808، السنن الکبری للبیهقي، الرقم 19185، مسند أبي یعلی الموصلي، الرقم 2396، المعجم الکبیر للطبراني، الرقم 12297.

2 - سیر أعلام النبلاء، ج2، ص 445.

3 - الإستیعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 683.

وعامتهم)،[1] (بۆ خوا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و عاممەی موسڵمانان).

تەمیمی داری دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة صلاتهُ فَإن كانَ أتمها كُتِبَتْ لهُ تامَّةً وإنْ لمْ يَكُنْ أتَمَّها قالَ الله لِمَلائكتِه: انْظُروا هَلْ تَجِدُونَ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ فَتُكَمّلونَ بِها فَرِيضَتَهُ؟ ثمَّ الزَّكاةُ كذلِكَ ثمَّ تُؤْخَذُ الأعْمالُ على حَسَبِ ذلِكَ)،[2] (یەکەم شت لە ڕۆژی دواییدا بەندەی لەسەر موحاسەبە دەکرێت نوێژەکەیەتی، ئەگەر تەواوی نوێژەکانی کردبێت هەمووی بۆ نووسراوە، ئەگەریش هەمووی نەکردبێت ئەوا خوا بە فریشتەکانی دەفەرموێت سەیر بکەن بزانن ئایا نوێژی سوننەت لای بەندەکەم بەدی دەکەن تا بەو سوننەتانە فەرزەکانی تەواو بکەن؟ دواتر لەسەر زەکات موحاسەبە دەکرێت، بەوجۆرە لەسەر کارەکان موحاسەبە دەکرێت.

تەمیمی داری هەژدە فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 107، صحيح ابن حبان، الرقم 4644، سنن أبي داوود، الرقم 4314، السنن الكبرىللنسائي، الرقم 7560، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15490، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16615، مسند الشافعي، الرقم 1076، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 824، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7003، مسند الروياني، الرقم 1497، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1253.

2 - سنن بن ماجة، الرقم 1422، سنن الدارمي، الرقم 1376، مصنف ابن أبي شيبتن الرقم 7658، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3722، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16625، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1243، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 4339.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 448.

تەمیمی داری جلێکی کڕیبوو بە هەزار–درهەم– کە لەو شەوەی هیوای هەبوو شەوی قەدر بێت دەیپۆشی.[1]

تەمیمی کوڕی ئەوس شەونوێژی زۆر بوو، شەوێك شەونوێژی دەکرد تا بەیانی ئەم ئایەتەی دووبارە دەکردەوە (ام حسب الذين اجترحوا السيئات ان نجعلهم كالذين امنوا وعملوا الصالحات سواء محياهم ومماتهم ساء ما يحكمون)،[2] ئینجا لە نوێژەکەشیدا دەگریا.[3]

جارێك کابرایەك هات بۆ لای تەمیمی داری و داوای لێکرد فەرموودەی بۆ بگێڕێتەوە، ئینجا پێی وت چەند جوزئت خوێندووە؟ تەمیم وتی لەوانەیە تۆ لەوانە بیت کە هەموو قورئان بە شەو دەخوێنێت و دواتر بەیانی کە هەستا دەڵێت ئەمشەو هەموو قورئانم خوێند، دەی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر شەوێ سێ رکات نوێژی سوننەت بکەم لام خۆشەویسترە لەوەی شەوێ هەموو قورئان بخوێنم و بەیانی باسی بکەم بۆ خەڵك، کابرا بەوە تووڕە بوو و وتی بەخوا ئێوە ئەی گرۆی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) هەرکامتان لە ژیان ماون هەقە بێدەنگ بن و ئەوەی پرسیارتان لێ دەکات تووڕەی نەکەن، تەمیم کە کابرای بینی تووڕە بوو، نەرمی نواند و وتی برازا قسەت بۆ بکەم؟ ئەگەر من باوەڕدارێکی بەهێز بم و تۆیش باوەڕدارێکی لاواز بیت بەهێزی من بدەیت بەسەر لاوازی خۆتدا و بتەوێت وەك من بکەیت ناتوانیت و پەکت دەکەوێت، یان تۆ باوەڕدارێکی بەهێز بیت و من

[1] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 447.
2 - الجاثية: 21.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 319.

باوەردارێکی لاواز بم کاتێك بەهێزی تۆ دەدەم بەسەر لاوازی خۆمدا بەرگەی ناگرم و دەکەوم، بۆیە لە توانای خۆتەوە بنەوە ئاییندارییەکەت و لە ئاییندارییەوە بۆ دەروونت لێنەوە تا بارت لەسەر پەرستشیّ راوەستیّ کە بەرگەی بگریت.[1]

تەمیم لە مەدینە مایەوەو پاش ئەوەی عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا ئیتر تەمیم گەڕایەوە بۆ شام.[2]

جارێك تەمیم دوای نوێژی عەسر نوێژی دەکرد، عومەر بە دارەکەی دەستی دای بەسەر سەریدا، تەمیم وتی ئەی عومەر لەسەر نوێژێك لێم دەدەیت کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کردوومە؟ عومەریش وتی ئەی تەمیم هەموو خەڵك ئەوە نازانن کە تۆ دەیزانیت.[3]

لە گێڕانەوەیەکی لاوازدا هاتووە کە جارێك لە ناوچەی حەررە ئاگریّ کەوتەوە، عومەر هات بۆ لای تەمیمی داری و وتی بڕۆ ئەو ئاگرە بوەستێنە؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مەگەر من کێم؟ من چیم؟ بەڵام عومەر وازی لیّ نەهێنا تا بردی، بە دەستەکانی ئاگرەکەی دەردەکرد تا ئاگرەکەی بردە ناو دۆڵەکەوە، عومەر بە تەمیمی دەوت ئەوەی دیویەتی وەك ئەوە نیە کە نەیدیوە.[4]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 446.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 408.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 448.

4 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 520، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2325، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 153.

تەمیمی کوڕی ئەوس دواتر لە فەلەستین نیشتەجێ بوو و پێغەمبەریش (ﷺ) گوندی عەینوونی بۆ بڕیەوە، دواتریش لە شام کۆچی دوایی کرد و لە بەیت جبرین لە خاکی فەلەستین ئەسپەردە کرا.[1]

ذەهەبی رایەکی هێناوە کە دەڵێت لە ساڵی چلی کۆچیدا تەمیمی داری کۆچی دوایی کردووە.[2]

پەندو وانە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) غەیبی نەزانیوەو جگە لە خوا کەس غەیب نازانێت، ئەوەش کە پێغەمبەر (ﷺ) زانیویەتی تەمیم و هاوەڵانی چییان وتووە رێنماییەك بووە کە خوای گەورە پێی بەخشیوە نەك زانینی غەیب بێت، وەك خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی بەوە داوە تەنها خوا غەیب دەزانێت.

ریزبەندی لە ئەرکدا و تێکنەدانی سەرەکان لە ئیسلامدا داواکراوە، ئەوەتا وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە موحاسەبەی رۆژی دوایی بە ریزبەندی دەکرێت، سەرەتا نوێژ و دواتر پەرستشی دوای نوێژ کە زەکاتەو دواتر بەو جۆرە، جا موسڵمانانێکی ئەمڕۆ ئەوەیان لێ تێکچووە، بۆ نموونە دەزانین ئەوەی فەرزە بریتیە لە ئەنجامدانی فەرمانە فەرزەکان و دوورگرتن لە حەرامەکان، ئینجا ئەنجامدانی سوننەت و دوورگرتن لە مەکروهەکان، کەچی دەبینین ئافرەتی موسڵمان هەیە سەرو لەشی رووت کردووە و رۆژووی سوننەت دەگرێت، ئەمە لێتێکچوونە، داپۆشینی سەرو لەشی و ئەنجامنەدانی رۆژووی سوننەت رەوایە تا سەرو لەش رووتکردن و

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 368.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 448.

ڕۆژووگرتنی سوننەت، ئەگەر چی جوانتر و چاكتر ئەوەیە سەرولەشی داپۆشێت و ڕۆژووی سوننەتیش بگرێت، بۆیە هەنگاوی یەكەم ئەنجامدانی فەرزەكانە، دووەم جار دوورگرتنە لە حەرامەكان، ئینجا پەیڕەوی سوننەتەكانە، ئینجا دوورگرتنە لە مەكرووهەكان.

ئەوەی لە توانایە و مرۆڤ بەرگەی دەگرێت خوای گەورە هێندەی داواكردووە، وەك خوا دەفەرموێت (لا یكلف الله نفسا إلا وسعها)، جا توانای تاكەكان لە یەكێكەوە بۆ یەكێكی دی جیاوازە، هەڵەش لەوەدایە كەسێكی لاواز بیەوێت باری كەسێكی بەهێز لەخۆبگرێت، ئەو ئامۆژگاریەی تەمیمی داریش بۆ ئەو كەسە هەمان ئەو واتای پێ بەخشیوە كە هەوڵ مەدە بڕوانیتە توانای كەسانی تر، خۆت بڕوانە توانای خۆت و بەپێی ئەو توانایە لێ بنەوە، چونكە هەموان لە تواناداا یەكسان نین، هەروەها گرنگی دان بە تایبەتمەندیش پێویستە، تاكی موسڵمان پێویستە بزانێت توانای ئەو لە چیدایە تا گرنگی بەو بوارە بدات، بۆ نموونە هەیە لە مەیدانی زانستیدا بەهێزەو لە مەیدانی ئابووریدا توانای لاوازە، دەی هەڵەیە بیەوێت لە مەیدانی ئابووریدا هەمان ئەرك بگرێتە ئەستۆ كە موسڵمانێكی تر لە مەیدانی ئابووریدا توانای بەهێزەو گرتوویەتیە بەر.

تەمیمی مەولای بەنی غەنەم (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەش لە غەزای بەدر و[1] ئوحودیشدا بەشدار بوو.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 373.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 324.

تەمیمی مەولای خراش (رضي الله عنه)

تەمیمی مەولای خراشی کوڕی صممەی ئەنصاری یەکێکە لە هاوەڵان کە پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی برایەتی خستنە نێوان کۆچەران و پشتیوانان برایەتی خستە نێوان تەمیم و خەبابی مەولای عوتبەی کوڕی غەزوانەوە،[1] تەمیم هاودەم بە مەولاکەی لە غەزای بەدردا بەشداری کرد،[2] هەروەها لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد، دوای خۆیشی هیچ نەوەیەکی جێنەهێشت.[3]

تەماضوری کچی ئەصبەغ(رضي الله عنها)

ناوی تەماضوری کچی ئەصبەغی کوڕی عەمری کەلبیە، هاوسەری عەبدورەحمانی کوڕی عەوفەو کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدورەحمانی نارد بۆ ئەویٚ فەرمووی ئەگەر وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوە ئەوە تەماضوری کچی ئەصبەغی پاشایان بەهاوسەر بگرە، ئەوەبوو عەبدورەحمان بەهاوسەری گرت و کوڕێکی لێی بوو، دوای وەفاتی عەبدورەحمان شووی کرد بە زوبەیری کوڕی عەووام.[4]

تەمیمەی کچی ئەبی سوفیان (رضي الله عنها)

ناوی تەمیمەی کچی ئەبی سوفیانی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 373.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 322.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 570.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 543.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 545.

توەیلە (رضي الله عنها)

ناوی توەیلەی کچی ئەسلەمەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، توەیلە دەڵێت ئێمە لە شوێنی خۆمان نوێژمان دەکرد کە عەببادی کوڕی بیشر هات و وتی پێغەمبەر (ﷺ) روویکردە بەیتولحەرام، ئەوەبوو پیاوان هاتنە شوێنی ژنەکان و ژنەکان چوونە شوێنی پیاوەکان و دوو سوجدەکەی تریان رووەو کەعبە تەواو کرد.[1]

تەوئەم ئەبوودوخان (رضي الله عنه)

ناوی تەوئەمەو کونیەکەی ئەبوودوخانە کوڕێکی هەبوو کە فەرموودەیەکی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

تەیهان (رضي الله عنه)

ناوی تەیهانە و لە پشتیوانانە،[3] بە بەڵگەی گێڕانەوەی فەرموودەیەك کە سەبارەت بە غەزای خەیبەر گێڕاویەتیەوە دەردەکەوێت لە غەزای خەیبەردا بەشدار بووە.[4]

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20374، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6918.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 326.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 382.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 326.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان

# بە پیتی (ث)

# دەست پێ دەکات

ثابتی حەجبی (رضي الله عنه)

هیچ وردەكاریەك لەسەر ژیانی نەهاتووە، تەنها ئەوەندەیە لە فەرموودەیەكدا ناوی هاتووە.[1]

ثابتی كوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی كوڕی حارثەیە، لە پشتیوانانە، ثابت لە غەزای بەدردا بەشدار بوو،[2] چەند فەرموودەیەكی لە پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە،[3] دواتر چوویە میصر و لەوێ نیشتەجێ بوو.[4]

ثابتی كوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی كوڕی خالیدی كوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار،[5] دوو كچی هەبوو بە ناوەكانی دوبییە كە بە ئوم سماك ناسرابوو و لە هاوەڵان بوو و بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)،[6] روقییەش كە بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[7]

ژنەكەی ثابتی كوڕی خالید ناوی ئیدامی كچی عومەر بوو.[8]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 399.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 328.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1354، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 114.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 328.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 198،

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 453.

7 - أسد الغابة، ج7، ص 125.

8 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 486.

ثابتی کوڕی خالید لە غەزای بەدر[1] و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[2]

سەبارەت بە مردنی دوو را هەیە، رایەك دەڵێت لە رۆژی بیئر مەعوونە شەهید بووە، رایەکی تریش دەڵێت بەڵکو لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو، واتە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا.[3]

ثابتی کوڕی خەنساء(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی خەنسائە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار، لە غەزای بەدردا بەشدار بوو.[4]

ثابتی کوڕی دەحداح(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی دەحداحی کوڕی نوعەیمی کوڕی غەنمە، کونیەکەی ئەبوودەحداح بوو،[5] پێش موسڵمان بوونی ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومەیمەی کچی بیشر کە لە دەستی ثابت رایکرد و شووی کرد بە سەهلی کوڕی حونەیف.[6]

ثابت کچێکی هەبوو بە ناوی سەلما،[7] بەڵام لە فەرموودەیەکدا کە واسعی کوڕی حەببان هێناویەتی دەڵێت ثابتی کوڕی دەحداح کە مرد هیچ میراتگرێکی پاش

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 385.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 329.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 385.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 386.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 329، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 386.
6 - أسد الغابة، ج7، ص 29.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 372.

خۆی نەبوو جگە لە ئەبولوبابەی خوشکەزای، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) میراتیەکەی دا بە ئەبوولوبابەی خوشکەزای ثابت.[1]

ثابتی کوڕی دەحداح لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو، کاتێك دەنگۆی ئەوە بڵاوبوویەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کردووە ثابت هاواری دەکرد ئەی گرۆی پشتیوانان گوێم لێ بگرن، من کوڕی دەحداحەم، ئەگەر موحەممەد کوژرابێ ئەوا خوا زیندووەو نامرێت، دەی بۆ بەرگری ئایینەکەتان بجەنگن، چونکە بە دڵنیاییەوە خوا سەرخەرتانە، ئەوەبوو دەستەیەك لە پشتیوانان هاتن بۆ لای، ئەویش بەو دستەیەوە هەڵمەتی دەبرد، تاقمێکی بەهێزی دوژمن کە خالیدی کوڕی وەلیدو عەمری کوڕی عاص و عیکرمەی کوڕی ئەبووجەهل و ضیراری کوڕی خەطابی تێدا بوو بەرەو رووی هاتن، تیربارانیان دەکرد، لەو کاتەدا خالید بە رمێك هەڵیکوتایە سەر ثابت و لێیدا و کوشتی، ئەو پشتیوانانەی تریش کە لەگەڵیدا بوون کوژران، دەوترێت ئەوە کۆتا دەستەی موسڵمانان بوون کە لە ئوحوددا شەهید بوون.[2]

بۆچوونێکی تر دەڵێت بەڵکو بریندار بوو و دواتر چاك بوویەوە، بەڵام برینێکی هەر مابوو تا دواجار لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە لێی قورس کردەوەو لەجێدا خستی و کوشتی.[3]

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 30509، مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 18434، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 11422.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 203، أسد الغابة، ج1، ص 330.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 330.

ئیبن ئەثیر دەڵێت ڕاستر ئەوەیە دەحداح لە ئوحوددا نەکوژراوە، چونکە فەرموودەیەك لە جابری کوڕی سەمورەوە هاتووە کە دەڵێت نوێژی مردوومان لەسەر ئیبن دەحداح کرد کە یەکێك بوو لە هاوەڵان، ئینجا لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕاینەوە.[1]

ثابتی کوڕی ڕەبیع(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ڕەبیعەو لە پشتیوانانە، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) وەفاتی کرد.[2]

کاتێك ثابت لە سەرەمەرگدا بوو پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی، پێغەمبەر (ﷺ) ثابتی بانگ دەکرد، بەڵام ثابت وەڵامی نەدەدایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە گریان و فەرمووی (ئەگەر دەنگی منی ببیستایە بە دڵنیاییەوە وەڵامی دەدامەوە)، کاتێك وەفاتی کرد ئافرەتانی دەوری دەستیان کرد بە گریان، ئوسامەی کوڕی زەید ڕێگری لێ دەکردن لەو گریانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وازیان لێ بهێنە تا لە نێویاندایە با بگرین، بەڵام کە واجب بوو (خرایە ناو گۆڕ) ئیتر دەنگی گریان نەبیستم).[3]

ئەم بەسەرهاتە لە کتێبەکانی فەرموودەدا هاتووە بێ ئەوەی ناوی ثابت بهێنرێت، بەڵام مەبەست هەر بەم هاوەڵەیە لەبەرئەوەی گێڕانەوەکە هەمان

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 1658، أسد الغابة، ج1، ص 330.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 387.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 331.

گێڕانەوەیەو ئاماژەش بەوە کراوە یەکێك لە پشتیوانان بووە، دیارە ثابتی کوڕی رەبیعیش لە پشتیوانان بوو.

لە موسنەدی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا لە جەبری کوڕی عەتیك لە مامیەوە هاتووە دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چوومە سەر تەرمی مردوویەکی پشتیوانان و کەس و کارەکەی دەگریان، منیش وتم لەپاڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەگرین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دعهن یبکین ما دام عندهن، فإذا وجب فلا یبکین)، (وازیان لێ بهێنە تا لایانە با بگرین، کاتێك واجب بوو ئیتر نەگرین)،[1] جەبر دەڵێت کە ئەم فەرموودەم گێڕایەوە بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پێی وتم چی واجب بوو؟ – مەبەست بە واجب بوو چیە؟– وتم یانی کاتێك خرایە ناو گۆڕەکەی.[2]

## ثابتی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی رەبیعەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، مووسای کوڕی عوقبە ئاماژەی پێ داوە یەکێك بوو لە بەشدار بوانی بەدر، بەڵام گومان هەیە لە بەشداربوونەکەی.[3]

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23113، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 9774، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11909، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، ارقم 1446.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23113، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 9774.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 331.

## ثابتی کوڕی روەیفع(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی روەیفعەو لە پشتیوانانە،[1] بەڵام ئیبن ئەثیر بە کوڕی روفەیع ناوی دێنێت،[2] رایەك دەڵێت لەو هاوەڵانەیە کە دواتر لە شام نیشتەجێ بوو، رایەکی تر دەڵێت بەڵکو لە میصر نیشتەجێ بوو،[3] ئیبن ئەثیر دەڵێت لە بەصرە نیشتەجێ بوو و دواتر چوو بۆ میصر.[4]

ثابتی کوڕی روەیفع فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕواەتەوە.[5]

## ثابتی کوڕی ریفاعە (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ریفاعەیەو لە پشتیوانانە، گێڕانەوەیەکی لەبارەوە هاتووە کە سەعیدی کوڕی قەتادەی مامی ثابت بووە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ثابت هەتیوەو لەماڵەکەی مندایە، سەبارەت بە سامانی ئەو چەندی حەڵاڵە بۆ من؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أن تأكل بالمعروف من غير أن تقي مالك بماله)،[6] (ئەوەندەی بە دروستی لە سامانی بخۆیت بێ ئەوەی لەبەر خەرجکردنی سامانی ئەو دەست بگریت بە سامانی خۆتەوە).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 387.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 331.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 387.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 331.

5 - مسند ابن أبي شيبة، الرقم 656، المطالب العالية لابن حجر، الرقم 2093، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1270.

6 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1271، جامع البيان للطبري، دار الفكر(بيروت-1405هـ)، ج4، ص 259.

## ثابتی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی زەیدی کوڕی قەیس کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[1]

## ثابتی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی زەیدی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان لە ئەشهەلیەکان،[2] برایەکی هەبوو بە ناوی سەعدی کوڕی زەید[3] کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەدر،[4] کونیەی ثابت ئەبوو زەیدە،[5] لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[6]

## ثابتی کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی سوفیانی کوڕی عەدی کوڕی ئیمرئولقەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دوو کوڕی هەبوو بە ناوی سەماك و حارث.[7]

ثابت هاودەم بە حارثی کوڕی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا حارثی کوڕی شەهید بوو.[8]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 388.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 332.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 388.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 61
5 - أسد الغابة، ج1، ص 332.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 388.
7 - أسد الغابة، ج1، ص 332، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 389.
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 389.

## ثابتی کوڕی صامت (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی صامتی کوڕی عەدی کوڕی کەعبە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، سەبارەت بە هاوەڵبوونی گومانێك هاتووە کە دەڵێت ثابت لە سەردەمی نەفامیدا مردووە،[1] بەڵام لەو فەرموودەوە کە عەبدورەحمانی کوڕی گێڕاویەتیەوە دەردەکەوێت هاوەڵ بووە.

ثابت دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ)لە مزگەوتی بەنی عەبدولئەشهەل نوێژی کرد و بەرگێکی بە خۆیەوە پێچابوو و دەستی لەسەری دادەنا تا لە سەرمای زەوی بیپارێزێت.[2]

## ثابتی کوڕی صوهەیب(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی صوهەیبی کوڕی کورزی ساعیدیە، ئەم هاوەڵەش یەکێك بووە لە بەشدار بوانی ئوحود.[3]

## ثابتی کوڕی ضحاك(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ضحاکی کوڕی خەلیفەی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەدیە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 389.

2 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 654، سنن ابن ماجة، الرقم 1028، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2489، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1331، ، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1032.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 390.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 391.

ثابت برایەکی هەبوو بە ناوی ئەبووجەبیرە کە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

دەوترێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی ثابت هەشتساڵان بووە، سەبارەت بە کاتی مردنی خۆیشی دەوترێت لە ساڵی چل و پێنجی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکی تریش دەڵێت بەڵکو لە سەردەمی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا وەفاتی کردووە.[2]

ثابتی کوڕی ضحاك(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ضحاکی کوڕی ئومەییەیە، ئەم هاوەڵەش لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، گەیشتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵام فەرموودەی لێوە نەگێڕدراوەتەوە.[3]

ثابتی کوڕی ئەثلە(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ئەثلەیەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)لە غەزای خەیبەردا بەشدار بوو و تیایدا کوژراوە.[4]

1 - سنن الترمذي، الرقم 3274.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 336.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 390.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 327.

## ثابتی کوڕی جذع (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی جذعی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، لە بەیعەتی عەقەبەو غەزای طائیفیشدا بەشدار بوو و لەوێ شەهید بوو.[1]

## ثابتی کوڕی عەتیك (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی عەتیکی کوڕی نوعمانی کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵەش لە پشتیوانانە،[2] ژنەکەی ناوی موعاذەی کچی ئەنەسی کوڕی قەیس بوو، کچێکی هەبوو بە ناوی کەبشە کە بە ئوم سەعد ناسرابوو و موسڵمان بوو و بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

ثابتی کوڕی عەتیك دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو بەشدار بووە لە جەنگی جسردا کە لە ساڵی پانزەی کۆچیدا روویداو تیایدا کوژرا.[4]

## ثابتی کوڕی عەدی (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی عەدی کوڕی مالیکی کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دایکی ناوی ئوم عوثمانی کچی موعاذ بوو کە لە خەزرەجیەکان بوو، سێ برایشی هەبوو بە ناوەکانی حارث و عەبدورەحمان و سەهل.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 384.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 392.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 452.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 50.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 392.

هەریەك لە ثابت و سێ براكەی تریشی لە جەنگی ئوحوددا بەشدار بوون.[1]

ثابتی كوڕی عەتیك دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا و لە جەنگی جسردا بەشداری كردو تیایدا كوژرا.[2]

ثابتی كوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی كوڕی عەمری كوڕی زەیدی كوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، بەلام رایەك دەلێت هەر بە بنەڕەت لە پشتیوانان بووە، رایەكی تریش دەلێت بەلكو هاوپەیمانی پشتیوانان بوو،[3] ثابتی لە بەدر و ئوحودیشدا بەشداری كردو لە ئوحوددا شەهید بوو.[4]

ثابتی كوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی كوڕی عوبەیدەو لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیاو لە جەنگی صفینیشدا بەشداری كردو لەو جەنگەشدا كوژرا.[5]

سەبارەت بەوەی ئایا ثابتی كوڕی عوبەید لە جەنگی صفیندا كام بەرەی گرتووە، ئیبن ئەثیر دەلێت ثابتی كوڕی عوبەیدە لە سوپای ئەمیری باوەڕداران عەلی كوڕی ئەبووطالیبدا بوو.[1]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 337.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 392.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 393.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 393.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 392.

ثابتی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی خەطیمی کوڕی عەددیە،[2] لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان.[3]

کاتێك قەیسی باوکی چوو بۆ مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) پێشنیازی موسڵمانبوونی بۆ کرد، بەڵام ئەو داوای کرد پەلە نەکات تا پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە مەدینە ئەوکات موسڵمان دەبێت، بەڵام پێش چوونی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە قەیس لە جەنگێکی نێوان ئەوس و خەزرەجیەکاندا کوژرا،[4] دواتر کە ثابت موسڵمان بوو خەزرەجیەکان چەکەکەیان برد بۆ لای ثابت، ئەویش پێی وتن ئەگەر ئیسلام نەبوایە بە دڵنیاییەوە لەو کارەی کردتان پەشیمان دەبوون،[5] –وەك ئەوەی بڵێت لەبەر ئیسلام نەبوایە تۆڵەی باوکمم دەکردەوە–.

ژنەکەی ثابت ناوی ئوم حەبیبی کچی قەیس بوو.[6]

ثابت سێ کوڕی هەبوو بە ناوەکانی عومەر و موحەممەد و یەزید، هەر سێیان لە جەنگی (الحرة) کوژران.[7]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 337.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 206، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 393.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 339.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 393.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 339.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 259.
7 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 313، أسد الغابة، ج1، ص 339.

دایكی ناوی حەوائی كچی یەزید بوو كە هەر زوو موسڵمان بوو و ئیمانەكەی لە قەیسی مێردی دەشاردەوە.[1]

ثابتی كوڕی قەیس یەكێك بوو لە بەشداربوانی ئوحودو هێندە گەرموگوڕ جەنگا كە لە دوانزە شوێنەوە بریندار بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەو جەنگەدا بە ثابتی كوڕی قەیسی دەفەرموو (لە پێشەوە ئەی حاسر، لە دواوە ئەی حاسر)، حاسریش بە شمشێرەكەی بەملاولادا دەجەنگا.[2]

ثابتی كوڕی قەیس دوای جەنگی ئوحودیش لە جەنگەكانی تردا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری كردو تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی كوڕی عەففاندا لە عێراق بوو، كاتێك خەڵكی كووفە سكاڵایان كرد لە ئەمیرەكەیان كە سەعیدی كوڕی عاص بوو، خەلیفە داوای كرد سەعید بچێت بۆ لای، سەعید كە ویستی بچێت بۆ لای خەلیفە عوثمان، لە شوێنی خۆیدا ثابتی كوڕی قەیسی دانا.[4]

دواتریش لە سەردەمی خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبووطالیبدا خەلیفە ثابتی كوڕی قەیسی كرد بە بەرپرسی مەدائین، ئەویش بەردەوام ئەركی بەرپرسیارێتی

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 83.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 394.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 394.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 394.

مەدائینی لە ئەستۆ بوو تا موغیرەی والی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان هات بۆ ئەوێ و ثابتی لابرد.[1]

ثابت هاوەڵی نزیك و پاڵپشتی ئەمیری باوەرداران عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو، لە ریزی سوپاکەیدا لە جەنگەکانی جەمەل و صفین و نەهرەوانیشدا بەشداری کرد.[2]

ثابتی کوڕی قەیس لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا وەفاتی کرد.[3]

### ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماسی کوڕی زوهەیرە، کونیەکەی ئەبوو موحەممەد بوو چونکە کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد، دەشوترێت بەڵکو کونیەکەی ئەبوعەبدورەحمان بوو، ثابت هاوەڵی دیاری ناو پشتیوانان و وتاربێژیان بوو، هەروەك وتاربێژی خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[4]

قەیسی کوڕی شەمماسیش یەکێك بوو لە هاوەڵان و ثابتی کوڕی فەرموودەی لێوەگێڕاوەتەوە.[5]

ئەم هاوەڵەش سێ منداڵی هەبوو بە ناوەکانی موحەممەد و یەحیا و عەبدوڵا کە هەرسێیان لە جەنگی الحرة کوژران.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 394.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 339.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 394.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 339.

5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 187.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 340.

ثابتی کوڕی قەیس کچێکیشی هەبوو بە ناوی زەینەب کە بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

ثابت خوشکێکی هەبوو بە ناوی زەینەب کە لە سەری باوکیەوە خوشك و برا بوون و ئەو خوشکەشی هاوەڵ بوو،[2] خوشکێکی تریشی ناوی ئوم ثابت بوو کە ئەویش هاوەڵ بوو.[3]

کاتێك حەنظەلەی کوڕی ئەبووعامر شەهید بوو، جەمیلەی ژنی بە بێوەژنی مایەوە، دواتر شووی کرد بە ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس.[4]

ثابتی کوڕی قەیس ژنێکی تری هەبوو بە ناوی حەبیبەی کچی سەهل کە پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بەهاوسەری بگرێت، بەڵام بە هاوسەری نەگرت، ئەوەبوو ثابت بەهاوسەری گرت.[5]

لە کاتی برایەتی خستنە نێوان کۆچەران و پشتیوانان‌دا پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان عامری کوڕی ئەبولبکیر و ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماسەوە.[6]

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 137.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 360.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 361.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 58.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 445.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 389.

ثابت لە غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد و تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا.[1]

هەروەها ثابتی کوڕی قەیس نووسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، وەك لە نووسینی بەڵێنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ وەفدی ثوماله و حەدان ثابتی کوڕی قەیس بەڵێنەکەی نووسی و هەریەك لە سەعدی کوڕی–عوبادە–یان لە گێڕانەوەیەکی تردا–کوڕی موعاذ–و موحەممەدی کوڕی مەسلەمە شایەت بوون،[2] لە نووسینی بەڵێنێکی تری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بۆ هۆزی ئەسلەم دووبارە ثابتی کوڕی قەیس نووسەر بوو و هەریەك لە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەراح و عومەری کوڕی خەططاب شاهید بوون.[3]

کاتێ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد وەسفـو سەنام جوانە و سەرکۆنەو لەدژ خوێندنیشم زۆر خراپە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ذلکم الله سبحانە)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پێکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پێغەمبەریش (ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی (ذلکم الله فما تریدون). ئەوانیش وتیان ئێمە خەڵکێکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو وتاربێژمانەوە هاتوین تا لە بەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما بالشعر بعثنا و لا بالفخار أمرنا ولکن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 339.

2 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج1، ص 286، البدایة والنهایة لابن کثیر، ج5، ص 341.

3 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج1، ص 354.

یەکێك لە گەنجەکانی وت: فڵانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەك کە ئێمەی کردۆتە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش (ﷺ) بە ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو وتاربێژی فەرموو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێی هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاك وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزای خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیارترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵك دەجەنگین تا کاتێ شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت گیان وماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا لامان سووك و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ثابتی کوڕی قەیسی پرسی و فەرمووی (کێ هەواڵیم بۆ وەردەگرێت)، پیاوێك وتی من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی

1 - أسد الغابة، ج1، ص164-165، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 294، البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 42.

وەردەگرم بۆت، ئەوەبوو چوویە ماڵی ثابت سەیری کرد ثابت بە بێتاقەتی و کزۆڵی لە ماڵەوە دانیشتووە، وتی ئەوە چیتە بۆ وایت؟ ثابت وتی من لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەنگم بەسەر دەنگی پێغەمبەردا (ﷺ) بەرز دەکردەوە، هەرکەسیش وابکات کارە چاکەکانی پووچەڵ دەبنەوەو شوێنی دۆزەخە، کابرا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کابرای ناردەوە بۆ لای ثابت و فەرمووی بڕۆ بۆ لای و پێی بڵێ (تۆ لە ئەهلی دۆزەخیەکان نیت، بەڵکو لە ئەهلی بەهەشتیەکانیت).[1]

ئەم ڕووداوەش ئەو کاتە بوو کە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(یا أيها الذين آمنوا لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي ولا تجهروا له بالقول كجهر بعضكم لبعض أن تحبط أعمالكم وأنتم لا تشعرون)، ئەوەبوو ثابت لە ترسی ئەوەی بەر ئەو ئایەتە نەکەوێت وایکرد.[2]

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت دەمانبینی ثابتی کوڕی قەیس لەنێوماندا دەهات و دەچوو و ئێمەش دەمانزانی لە ئەهلی بەهەشتە.[3]

ئەبووهورەیرە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو ( نِعم الرجل أبو بكر، نِعم الرجل عمر، نِعم الرجل أبو عبيدة بن الجراح، نِعم الرجل أسيد بن حضير، نِعم الرجل ثابت بن قيس، نِعم الرجل معاذ بن جبل، نِعم الرجل معاذ بن عمرو بن

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3437، صحيح مسلم، الرقم 4567، مستخرج أبي عوانة، الرقم 154، صحيح ابن حبان، الرقم 7275، معجم ابن الأعرابي، الرقم 2347، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1296.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7954، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13776، مشكل الآثار للطحاوي، الرقم 293.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12156.

الجموح)،[1] (ئەبووبەکر پیاوێکی باشە، عومەر پیاوێکی باشە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح پیاوێکی باشە، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر پیاوێکی باشە، ثابتی کوڕی قەیس پیاوێکی باشە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی باشە، موعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح پیاوێکی باشە).

کاتێك موسەیلەمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەرجی ئەوەی دانا پێغەمبەر (ﷺ) دوای خۆی پێغەمبەرایەتی بدات بە موسەیلەمەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) رازی نەبوو، لەو ماوەدا ثابتی کوڕی قەیس لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ثابت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای موسەیلەمەو داروودەستەکەی، پارچەیەك لە گەڵای خورما بەدەست پێغەمبەرەوە (ﷺ) بوو، کە گەیشتنە لای موسەیلەمە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر داوای ئەو پارچەشم لێ بکەیت پێت نابەخشم....، پاشان فەرمووی ئەوە ثابتە لە بری من وەڵامت دەداتەوە).[2]

ثابت لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا دژ بە هەڵگەڕاوەکان بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[3]

لە ڕۆژی یەمامەدا ئاڵای پشتیوانان لە دەستی ثابتی کوڕی قەیسدا بوو.[4]

1 - سنن الترمذي، الرقم 3812، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 9227، صحيح ابن حبان، الرقم7107، السنن الكبرى للنسائي، الرقم7970، المستدرك على الصحيحن، الرقم 5128، الأدب المفرد للبخاري، الرقم 347، قال شعيب الارناؤوط اسناده قوي، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة، الرقم 875.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 49، تأريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 584.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 339.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 324.

ثابت لە رۆژی یەمامەدا کاتێك دەیبینی موسڵمانان کەمتەرخەمیەکیان هەبوایە هاواری دەکرد خوایە لای تۆ خۆم دوور دەگرم لەوەی ئەوانە دەیکەن–واتە مەبەستی بێباوەڕەکان بوو–، خوایە لای تۆ خۆم دوور دەگرم لەوەی ئەمانە دەیکەن–واتە موسڵمانان–، ئینجا بە سەختی جەنگا تا شەهید بوو.[1]

بەسەرهاتێك سەبارەت بە رووداوی دوای کوژرانی هاتووە کە دەڵێت کاتێك ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس کوژرا قەڵغانێکی گرانبەهای لەبەر بوو، کەسێك لە موسڵمانان هات و بردی بۆ خۆی، دواتر ثابت چووە خەوی موسڵمانێك و پێی وت وەسیەتێکت بۆ دەکەم تکام وایە نەڵێیت خەوەو پشتگوێیی بخەیت، من کە دوێنێ کوژرام کەسێك لە موسڵمانان هات و قەڵغانەکەی بردم و ماڵیشی لەوپەڕی شارەوەیە و لەوێ بەوجۆرە شاردوویەتیەوە، بڕۆ بۆ لای خالید و داوای لێ بکە تا کەسێك بنێرێت ئەو قەڵغانەم وەربگرێتەوە، کە چوویتەوە مەدینە بیبە بۆ لای خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) و پێی بڵێ من فلانە قەرز و فلانە قەرزم لەسەرە و فلانە کۆیلەشم با ئازاد بێت، ئەوەبوو کابرا چوو و وایکرد و خەلیفەش وەسیەتەکەی بەجێگەیاند، ئەوەش تاکە وەسیەتی پاش مەرگە کە جێبەجێ کرابێت.[2]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 340.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 340، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 335.

## ثابتی کوڕی موخەللەد (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی موخەللەدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەطمیەکان، لە جەنگی (الحرة) دا کوژرا.[1]

فەرموودەیەکی لێوە گێڕاوەتەوە کە دەڵێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (من ستر مسلما ستره الله في الدنيا و الآخرة)،[2] (هەرکەس عەیبەی موسڵمانێك داپۆشێت ئەوا خوای گەورە لە دنیا و ئاخیرەتیشدا پەردەپۆشی بۆ ئەویش دەکات).

ئیبن حەجەر دەڵێت قسە لەسەر ئەو سەنەدە هەیە، چونکە وەك دیارە ئەو فەرموودە لە مەسلەمەی کوڕی موخەللەدەوە هاتووە،[3] هەروەك ئەبوونوعەیمی ئەصبەهانیش لە کتێبەکەیدا (معرفة الصحابة) هەمان ئەم قسەی کردووەو پێی وایە ئەو فەرموودەیە هی مەسلەمەی کوڕی موخەللەدە.

## ثابتی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی نوعمانی کوڕی ئومەییەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبوحەببەیە، لە فەتحی میصردا بەشدار بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 396.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 341.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 396.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 396.

## ثابتی کوڕی نوعمانی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی نوعمانی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان.[1]

## ثابتی کوڕی نوعمانی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی نوعمانی کوڕی حارثی کوڕی عەبدریزاحە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[2] لە جەنگی ئوحود و جەنگەکانی تریشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[3]

## ثابتی کوڕی هەززال(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی هەززالی کوڕی عەمری کوڕی عومەری کوڕی قربوسە، ئەم هاوەڵەش لە پشتیوانانە، لە غەزای بەدر[4] و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو دواتر لە جەنگی یەمامە دژ بە هەڵگەراوەکان بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 343-344.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 343.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 397.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 397.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 344.

### ثابتی کوڕی وەدیعە (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی وەدیعەی کوڕی خذامە، باوکی یەکێك بوو لە دووڕووەکانی ناو مەدینە، ئیبن حەجەر دەڵێت ئەم هاوەڵە جیایە لە ثابتی کوڕی یەزید چونکە ئەمەیان باوکی ناوی وەدیعەیە، بەڵام ئەوەی تریان ناوی دایکی وەدیعەیە.[1]

### ثابتی کوڕی یەسار (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی یەسارە، دەوترێت ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەو دابەزیوە (و إذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فأمسكوهن بمعروف).[2]

### ثابتی مەولای ئەخنەس (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە لە بەشداربوانی بەدر بووە، یەکێك بوو لە کۆچەران،[3] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشدار بوو، هیچ فەرموودەیەکی لێوە نەگێردراوەتەوە.[4]

### ثابتی کوڕی ئەقرەم (رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ئەقرەمی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەدی بەلویە و هاوپەیمانی پشتیوانانە،[5] لە بەشداربوانی بەدرە.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 397.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 399.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 327.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 399.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 199.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

لە غەزای موئتەشدا لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری کرد،[1] پاش ئەوەی ئیبن رەواحە شەهید بوو خێرا ثابتی کوڕی ئەقرەم ئاڵاکەی گرت و نەیهێشت بکەوێتە زەوی و دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید.[2]

ئیبن عەبدولبەر دەڵێت ثابتی کوڕی ئەقرەم لە غەزای بەدر و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[3]

ئەبووهورەیرە دەڵێت لە موئتەدا بەشدار بووم، ثابتی کوڕی ئەقرەم پێی وتم تۆ لە جەنگی بەدردا لەگەڵماندا نەبوویت، ئێمە لە بەدردا بە زۆری ژمارەمان سەرنەکەوتین.[4]

کاتێك لە غەزای موئتەدا ثابت ئاڵاکەی هەڵگرتەوە هاواری دەکرد ئەی پشتیوانان، پاشان وتی هۆ موسڵمانان لەسەر کەسێك رێککەون، ئەوانیش وتیان تۆ، ئەویش وتی نا من نایکەم، ئەوەبوو لەسەر خالیدی کوڕی وەلید رێککەوتن،[5] ئینجا سەیری خالیدی کوڕی وەلیدی کرد و وتی ئەی ئەبوو سولەیمان ئاڵاکە بگرە، ئەویش وتی من هەڵیناگرم تۆ شیاوتریت بەوە چونکە تەمەنت زیاترە و لە بەدریشدا بەشدار بویت، ثابت وتی ئەی پیاو ئاڵاکە بگرە، سوێند بەخوا ئەم ئاڵایەم بە نیازی

1 - أسد الغابة، ج1، ص 327.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 199.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 245.

دانەدەستی تۆ هەڵگرتووە، ئینجا هاواری کرد ئەی موسڵمانان رازین لەسەر خالید؟ هەموو وتیان بەڵێ.[1]

ثابتی کوڕی ئەقرەم لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بە دەستی طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی کوژرا، دواتریش کە طولەیحە موسڵمان بوو عومەری کوڕی خەططاب پێی دەوت چۆن تۆم لا خۆشەویست بێت لەکاتێکدا پیاوچاکانی وەك عکاشەی کوڕی میحصەن و ثابتی کوڕی ئەقرەمت کوشت، طولەیحەش دەیوت خوای گەورە بە دەستی من ئەوانی رێزدار کرد و بە دەستی ئەوان منی سەرشۆڕ و رسوا نەکرد.[2]

کاتێك خالیدی کوڕی وەلید چوو بۆ جەنگی هەڵگەراوەکان ثابتی کوڕی ئەقرەم و عەککاشەی کوڕی میحصەنیشی لەگەڵدا بوو، لە هەر شوێنێ لە کاتی بانگدا دەنگی بانگی ببیستایە هێرشی نەدەکردە سەر خەڵکی ئەو شوێنە، بەڵام لە هەر شوێنێ کاتی بانگ بوایە و دەنگی بانگ نەبیسترایە هێرشی دەبردە سەریان، کاتێك گەیشتە لای طولەیحەی ئەسەدی، خالید هەریەك لە ثابت و عککاشەی نارد تا هەواڵی بۆ بهێنن، لە رێدا گەیشتن بە طولەیحەو سەلەمەی برای، طولەیحە هێرشی بردە سەر عککاشەو سەلەمەش هێرشی برد بۆ ثابت، هێندەی نەبرد سەلەمە ثابتی کوشت، طولەیحە هاواری برد بۆ سەلەمە تا یارمەتی بدات لە کوشتنی عککاشەدا، پێکەوە ئەویشیان کوشت، کاتێك موسڵمانان گەیشتن و ثابتیان بە کوژراوی بینی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 253.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

ترس دایگرتن‌و لەسەریان سەخت بوو،[1] خالید فەرمانی کرد گۆڕ هەڵکەنرا بۆ هەردووکیان و بە جل و خوێنەکەیانەوە خرانە ناو گۆڕ.[2]

ثابتی کوڕی ئەقرەم لە ساڵی یانزەی کۆچی‌و لە جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکاندا شەهید بوو، یان دەوترێت لە ساڵی دوانزەی کۆچیدا بووە.[3]

رایەکیش دەڵێت لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ثابتی کوڕی ئەقرەم کوژراوە، بەپێی ئەو گێڕانەوەی دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی نارد کە ئەمیرەکەیان ثابتی کوڕی ئەقرەم بوو و تیایدا ثابت پێکرا، ئیبن حەجەر دەڵێت دەکرێت وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە لەو سریەدا پێکرابێ و بریندار بووبێ نەك مردبێت.[4]

ئیبن سەعد دەڵێت ثابتی کوڕی ئەقرەم دوای خۆی هیچ وەچەیەکی جێ نەهێشت.[5]

ثابتی کوڕی ئیثلە(رضي الله عنه)

ناوی ثابتی کوڕی ئیثلەیەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[6]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 92.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 567.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 199، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 334.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 466.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

## ثەروانی کوڕی فەزارە (رضي الله عنه)

ناوی ثەروانی کوڕی فەزارەی کوڕی عەبدیەغووثی کوڕی زوهەیرە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

## ثەعلەبەی کوڕی حاطبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی حاطبی کوڕی عەمری کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[2] دایکی ناوی ئومامەی کچی صامتە.[3]

هەروەها ثەعلەبەی کوڕی حاطب برایەکی هەبوو بە ناوی حارث.[4]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەری و پشتیوانەکان، برایەتی خستە نێوان معتبی کوڕی حەمراء و ثەعلەبەی کوڕی حاطبەوە.[5]

ثەعلەبە لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[6]

ثەعلەبە هەریەك لەم منداڵانەشی هەبوو: (عوبەیدوڵا، عەبدوڵا، عومەیر، ریفاعە، عەبدورەحمان، عیاض، عومەیرە).[7]

---

1 - - أسد الغابة، ج1، ص 348، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 400.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 400.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 460.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 461.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 264.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 400.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 460.

## ثەعلەبەی کوڕی حاطب

دەوترێت یەکێك بووە لەوانەی مزگەوتی (ضرار)یان دروست کردووە،[1] فەرموودەیەکی لاوازی لەبارەوە هاتووە، ئەویش ئەوەیە کە لە ئەبوو ئومامەی باهیلیەوە هاتووەو دەڵێت: ثەعلەبەی کوڕی حاطبي ئەنصاری هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای خوا نزام بۆ بکە سامانێکم پێ ببەخشێت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (هاوار بۆت ئەی ثەعلەبە کەمێکت پێ ببەخشرێ و لەسەری سوپاسگوزار بیت باشترە لە زۆرێك کە بەرگەی نەگریت و دەرەقەتی نەیەیت)، بەڵام ثەعلەبە جارێکی تر لێی دووبارە کردەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو (ئایا رازی نیت بەوەی وەك پێغەمبەری خوا بیت؟ سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر بمەوێت شاخەکان وەك زێڕ و زیو لەگەڵم رێ بکەن ئەوا دەکرێت) ثەعلەبە وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەگەر نزام بۆ بکەیت و خوا سامانم پێ ببەخشێت–دەوڵەمەندم بکات– هەرچی مافێك هەیە دەیدەم، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی (خوایە سامان ببەخشە بە ثەعلەبە)، ئەوەبوو ثەعلەبە برێ مەڕو ماڵاتی گرتەبەر و بەرەبەرە زیادیان کرد، ئیتر وای لێ هات لە مەدینەدا سەخت بوو رایانگرێت، بۆیە دەچووە دەرەوەی مەدینەو چوو لە دۆڵێك لە دەرەوەی مەدینە دانیشت، ئیتر وای لێهات تەنها نوێژی نیوەڕۆ و عەسری بە جەماعەت دەکرد و فریای ئەوانی تر نەدەکەوت، دواتر مەڕەکانی زیادیان کرد تا وای لێهات جگە لە نوێژی هەینی وازی هێنا لە نوێژەکان، بەردەوام مەڕەکانیشی زیادیان دەکرد، وای لێهات هەینیان کاروانیەکانی دەبینی و لەوان هەواڵی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 400.

وەردەگرت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەرێ ثەعلەبە چی کرد؟) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) برێ مەڕو ماڵاتی زۆری هەبوو و لە مەدینە جێی نەدەبوویەوە، ئیتر بۆیان باس کرد چی کردووەو چی بەسەرهاتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی هاوار بۆ ثەعلەبە)، سێ جار ئەوەی فەرموو، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(خذ من أموالهم صدقة...)، بەوە فەرزی زەکات دابەزی، پێغەمبەریش (ﷺ) دوو کەسی دانا بۆ کۆکردنەوەی زەکات، کەسێك لە جوهەینەو کەسێکیش لە بەنی سولەیم، بۆیشی نووسین کە چۆن زەکات کۆبکەنەوە لە موسڵمانان، بەو دوانەی فەرموو (بڕۆن بۆ لای ثەعلەبەو فلانە کەس لە بەنی سولەیم و زەکاتیان لێ وەربگرن)، ئەو دوانەش چوون بۆ لای ثەعلەبەو داوایان لێکرد زەکات بدات، ئینجا نامەکەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) خوێندەوە بۆی، ئەویش وتی ئەوە سەرانەیە، ئەمە خوشکی سەرانەیە، نازانم ئەمە چیە، بڕۆن تا تەواو دەبن لە ئیشەکەتان ئینجا بگەڕێنەوە بۆ لای من، ئەوانیش چون بۆ لای کابرای سولەمی و پاش ئەوەی زەکاتەکەیان لێ وەرگرت گەڕانەوە بۆ لای ثەعلەبە، ئەویش وتی ئادەی نامەکەم بدەنێ با سەیری بکەم، کە سەیری کرد وتی ئەمە بێت و خوشکی سەرانەیە، بڕۆن بزانم چۆن دەبێت، ئەو دوانەش گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دوانەی بینی پێش ئەوەی بیاندوێنێ فەرمووی (هاوار بۆ ثەعلەبە)، نزای بەرەکەتیشی کرد بۆ کابرای سولەمی، دوو هاوەڵەکە هەواڵیان پێدا کە ثەعلەبە چی کردووە و کابرای سولەمیش چۆن چاکی ناو سامانەکەی داناوە بۆ زەکات، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(ومنهم من عاهد الله لئن آتانا من فضله لنصدقن و لنكونن من الصالحين....بما كانوا يكذبون)، یەکێك لە کەسە نزیکەکانی ثەعلەبە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، کە ئەوەی بیست چوو بۆ لای ثەعلەبە و

وتی قوڕت بەسەر ثەعلەبە خوای گەورە ئایەتی وای لەسەر دابەزاندویت، خێرا ثەعلەبەش چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای لێکرد زەکاتەکەی لێ وەربگرێت، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خوا رێی نەداوم صەدەقەکەت لێ وەربگرم)، ثەعلەبە خۆڵی دەکرد بەسەریدا و پێغەمبەریش (ﷺ) پێی دەفەرموو (ئەوە کاری خۆت بوو، من فەرمانم پێ کردیت و تۆیش گوێڕایەڵیت نەکردم)، ئیتر بە ناچاری گەڕایەوە ماڵەوە، دواتریش کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد و ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە ئامادە نەبوو زەکاتی لێ وەربگرێت، کە ئەبووبەکر مرد عومەریش زەکاتی لێ وەرنەگرت، دواتریش کە عوثمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە زەکاتی لێ وەرنەگرت.[1]

لەبەرئەوەی فەرموودەکە لای هەریەك لە ئیبن حەجەر و زانای فەرموودەناسی عێراقی و ئەلبانیش بە زۆر لاواز هاتووە، بۆیە بە چەند خاڵێك ئەگەری ناراستی ئەم گێڕانەوەیە دەخەینەڕوو:

یەکەم: زەکات کە لە ئیسلامدا فەڕز کراو لە کەس قبووڵ نەدەکرا زەکات نەدات، ئیتر چۆن ئەمە بەرامبەر بەم هاوەڵە کرا؟ خەلیفە ئەبووبەکر دژ بەوانە جەنگا کە زەکاتیان نەدەدا و جیهادی دژیان راگەیاند، جا ئێستا کەسێك خۆی هاتبێت تکای کردبێت لە پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەش تا زەکات بدات ئەوان قبووڵی نەکەن و سزایشی نەدەن؟!! زەکات نەدان لە ئیسلامدا تاوانێکی شەخصی وا نیە کە تەنها لەنێوان بەندەو خودادا بێت و سزاکەی بەس لای خوا بێت، بەڵکو سزای دنیاییشی

1 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 4173، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1310، ضعفه ابن حجر العسقلاني و الحافظ العراقي، كما أشار به الألباني و ضعفه في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 4081.

لەسەرە وەك چۆن خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق لە یەك تاکە کەسی قبووڵ نەکرد جیاوازی بکات لەنێوان نوێژ و زەکات و هەرکام لەوانەی بە پایەی ئیسلام دانا و سزایشی بۆ زەکات نەدان دانا.

دووەم: بۆ ئەو هاوەڵانەی لە ساتی سەختیدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەچوون واتە لە جەنگی حونەین خوای گەورە لێخۆشبوونی خۆی نیشاندا، هەروەها لەو بێباوەڕانە خۆش بوو کە دەستیان چووبووە خوێنی موسڵمانان و دواتر موسڵمان بوون، ئێستا چۆن بە ئەنجامدانی تاوانێك و بەدوایدا تەوبەکردن تەوبەی بەندەیەك وەرناگیرێت؟ خوای گەورە دەفەرموێت (إن الله يغفر الذنوب جميعا)، ئەی چۆن لێخۆشبوونی نەبێت بۆ کەسێك کە ساتێکیش ئامادە نەبووە بێباکی خۆی لە ئیسلام نیشان بدات.

## ثەعلەبەی کوڕی حەکەم (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی حەکەمی کوڕی عورفوطەی کینانیە،[1] نیشتەجێی بەصرە بوو، دواتر چوو بۆ کووفە و لەوێ نیشتەجێ بوو.[2]

ثەعلەبە دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، خەڵکی ویستیان مەڕو ماڵاتێك تاڵان بکەن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێگری کرد و رێی نەدا.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 401.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 352.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 401.

ئەمەش لە جەنگی حونەیندا و دەڵێت بیستم هاوارکەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هاواری دەکرد کەس تاڵانی نەکات.[1]

ثەعلەبەی کوڕی حەکەم دەڵێت من لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هێشتا مێردمنداڵ بووم.[2]

ئەم هاوەڵە لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ)لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[3]

## ثەعلەبەی کوڕی خیدام (رضي الله عنه)

ثەعلەبەی کوڕی خیدام یەکێك بوو لە هاوەڵە پشتیوانەکان، یەکێك بوو لەوانەی کە لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن.[4]

سەبارەت بە ناو و ژمارەی ئەو کەسانەی لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت دە کەس بون، بۆچوونێك دەڵێت حەوت کەس بوون و چوار کەسیان خۆیان بەستبوویەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا ئەو کاتەی خوا لێیان خۆش دەبێت، بۆچوونێك ناوی سێ کەس دێنێت،[5] رایەکیش ناوی شەش کەس دێنێت کە بریتین لە (ئەوسی کوڕی خیذام، ئەبوولبابە، ثەعلەبەی کوڕی وەدیعە، کەعبی کوڕی مالیك، مرارەی کوڕی رەبیع، هیلالی کوڕی ئومەییە).[6]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5246،

2 - أسد الغابة، ج1، ص 352.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 33.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص402.

5 - صحيح البخاري، الرقم 4165.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152، أسد الغابة، ج1، ص217.

زۆرجار بە جیا لە سەرچاوەکاندا ناوی یەکێك لەو شەش هاوەڵە دێت کە خۆی بەستوەتەوە بە پایەکانی مزگەوتەوە تا تەوبەیەك بێت لەو کارەی و خوای گەورە لێی خۆش بێت، بەڵام لەو شەش کەسە ئەوانەی خۆیان بەستەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) سێ کەس بوون و بریتی بوون لە ئەوس و ئەبوو لبابە و ثەعلەبە.[1]

سەبارەت بەو کەسانەی کە نەچون بۆ غەزای تەبووك ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای تەبووك چوار بەش بوون، بەشێك فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا نەچن و پاداشتیان بۆ هەیە وەك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن ئوم کلثوم، دەستەیەکی تر بیانوویان هەبوو لەبەرئەوەی لاواز و نەخۆش بوون، دەستەیەکیش ئەوانە بوون کە لە خەفەتی نەچوونەکەیان دەگریان، ئەمانە تاوانبارەکان بوون و بریتی بوون لە ئەبوولوبابەو هاوەڵەکانی، دەستەی چوارەمیش سەرکۆنەکراوان بوون کە بریتی بوون لە دووروووەکان.[2]

ثەعلەبەی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەمری کوڕی عەوف.[3]

1 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص27.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 402.

### ثەعلەبەی کوڕی زەید (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی زەیدی کوڕی حارثی کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[1] کوڕێکی هەبوو بە ناوی ثابت کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[2]

ژنەکەی ثەعلەبە ناوی ئوممو ئوناسی کچی سەعد بوو.[3]

ثەعلەبەی کوڕی زەید یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەدر، هەروەها لە غەزای طائیفیشدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[4]

### ثەعلەبەی کوڕی ساعیدە (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی ساعیدەی کوڕی مالیکە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[5]

### ثەعلەبەی کوڕی سەعد (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 402.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 328.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 569.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 402.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 403.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 208.

برایەکی هەبوو بە ناوی سەهلی کوڕی سەعد کە لە هاوەڵانی دیارو نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[1]

خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی عومەیرە کە ئەویش لە هاوەڵان بوو.[2]

ثەعلەبەی کوڕی سەعد لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کردو لە ئوحوددا شەهید بوو.[3]

ثەعلەبەی کوڕی سەعیە (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی سەعیەیەو سەرەتا جوولەکە بوو و دواتر موسڵمان بوو.[4]

لەگەڵ دوو کەسی تری جوولەکەی بەنی قورەیضە موسڵمان بوو، ئەو دوانەش بریتی بوون لە ئەسەدی کوڕی عوبەیدو ئەسەدی کوڕی سەعیە.[5]

کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) هێرشی برد بۆ بەنی قورەیضەو گەمارۆی دانودواتر ناچار بوون خۆیان بدەن بە دەست بڕیاری سەعدی کوڕی موعاذەوە، شەوێ پێش ئەوە ئەسەد موسڵمان بوو، لەگەڵیشیدا ئەو دوانەش موسڵمان بوون.[6]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 664.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 37.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 403.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 355.

5 - الإصابة في معرفة الصحابة، ج1، ص51.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص79.

ئیبنولهیبان کە جوولەکەیەکی شام بوو چەند ساڵێ بەر لە ئیسلام هات بۆ مەدینە، لەوێ وەسفی تەواوی کۆتا پێغەمبەری بۆ کردن، لەسەرەمەرگیدا پێی وتن: من لەبەر هاتنی ئەو پێغەمبەرە هاتوم بۆ ئێرە، ئەم قسەی ئەم جوولەکە خواناسە لە شەوی فەتحی بەنی قورەیضەدا بوو بە خێر بۆ ئەم سێ کەسەو ئەوانیش ئەم قسەیان بەبیری ئەوانی تر هێنایەوە، بەڵام ئەوان سوودیان لێ نەبینی.[1]

ئەم سێ کەسە داوایان کرد لە بەنی قورەیضە تا لەخوا بترسنو باوەڕ بهێنن بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد (ﷺ)، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، بۆیە ئەم سیانە دابەزینە خوارەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانبونی خۆیان راگەیاند، جولەکەکانیش وتیان موحەممەد تەنها کەسە زۆر خراپەکانی ئێمەی بۆ چووە، مەبەستیان ئەم سیانەو عەبدوڵای کوڕی سەلام بوو کە موسڵمان بووبوون.[2]

## ثەعلەبەی کوڕی سەلام (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی سەلامەو برای عەبدوڵای کوڕی سەلامە، واتە لە جوولەکەکان بوو، رایەك هەیە ئەویش یەكێك بووە لەوانەی لەسەر موسڵمان بوونەکەیان ئایەتی خوا دابەزی (من أهل الکتاب أمة قائمة...).[3]

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج1، ص160.
2 - الإصابة في معرفة الصحابة، ج1، ص51.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 404.

ثەعلەبەی کوڕی سوەید(رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی سوەیدە، ئەم هاوەڵەش لە پشتیوانانەو برای ئەوسی کوڕی سوەیدە.[1]

ثەعلەبەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی عەمری جذامیەو یەکێکە لەوانەی کە لەلایەن زەیدی کوڕی حارثەوە بەدیل گیران و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئازادکردنیان.[2]

ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەن (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەنە، دەوترێت کونیەکەی ئەبوعەمرە بووە،[3] ئەم هاوەڵەش لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار،[4] دایکی ناوی کەبشەی کچی ثابتی کوڕی مونذیرە کە خوشکی حەسسانی کوڕی ثابت بوو، واتە حەسسانی کوڕی ثابت خاڵۆی ثەعلەبە بوو.[5]

ژنەکەی ثەعلەبە ناوی کەبشەی کچی مالیك بوو.[6]

کچێکی هەبوو بە ناوی ئوممو ثابت کە بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 404.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 406.
3 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 122.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 359.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 508.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 418.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 178.

ثەعلەبەی کوڕی عەمری کوڕی میحصەن لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق‌و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد،[1] لە جەنگی (جسر أبو عبید) لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو، واقیدیش دەڵێت لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[2]

ثەعلەبەی کوڕی عەنمە (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی عەنمەی کوڕی عەدی کوڕی نابی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[3]

ثەعلەبە لە هەردوو بەیعەتی یەکەم و دووەمی عەقەبەدا بەشداری کرد، دواتریش کە هاتەوە مەدینە یەکێك بوو لەوانەی دەچوون بتەکانی بەنی سەلەمەیان دەشکاند تا هۆزەکەی خۆیان لە بێتوانایی بتەکان ئاگادار بکەنەوە و پێیان بڵێن ئەو بتانە شیاوی پەرستن نین.[4]

هەریەك لە موعاذی کوڕی جەبەل و ثەعلەبەی کوڕی عەنمەو عەبدوڵای کوڕی ئەنیس پێکەوە دەچوون بتەکانی بەنی سەلەمەیان دەشکاند.[5]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 360.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 406.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 406.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 360.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 583.

ثەعلەبەی کوڕی عەنمە لە غەزای بەدر و خەندەقیشدا بەشدار بوو و لە خەندەقدا شەهید بوو، شەهیدبوونەکەشی بە دەستی هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهب بوو، رایەکی تریش دەڵێت لە غەزای خەیبەردا شەهید بوو.

ثەعلەبە سەبارەت بە مانگ پرسیاری کرد چۆن سەرەتای مانگ بە بچووکی دەردەکەوێت و دواتر بەرەبەرە گەورە دەردەکەوێت، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی (يسألونك عن الأهلة....).[1]

ثەعلەبەی کوڕی قەیظی (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی قەیظی کوڕی صەخری کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە، رایەك هەیە دەڵێت بەشداربووی غەزای بەدر بووەو تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ماوە و لە جەنگی صفیندا بەشداری کردووە.[2]

ثەعلەبەی کوڕی وەدیعە (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی وەدیعەیە و یەکێکە لە هاوەڵە پشتیوانیەکان، یەکێك بوو لەوانەی لە غەزای تەبووك دواکەوتنو دواتریش خۆیان بەستەوە بە پایەکانی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ).[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 406.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 407.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 362.

سەبارەت بە ناو و ژمارەی ئەو کەسانەی لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت دە کەس بون، بۆچوونێك دەڵێت حەوت کەس بوون و چوار کەسیان خۆیان بەستبوویەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا ئەو کاتەی خوا لێیان خۆش دەبێت، بۆچوونێك ناوی سێ کەس دێنێت،[1] رایەکیش ناوی شەش کەس دێنێت کە بریتین لە (ئەوسی کوڕی خیذام، ئەبوولبابە، ثەعلەبەی کوڕی وەدیعە، کەعبی کوڕی مالیك، مرارەی کوڕی رەبیع، هیلالی کوڕی ئومەییە).[2]

زۆرجار بە جیا لە سەرچاوەکاندا ناوی یەکێك لەو شەش هاوەڵە دێت کە خۆی بەستوەتەوە بە پایەکانی مزگەوتەوە تا تەوبەیەك بێت لەو کارەی و خوای گەورە لێی خۆش بێت، بەڵام لەو شەش کەسە ئەوانەی خۆیان بەستەوە بە پایەکانی مزگەوتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) سێ کەس بوون و بریتی بوون لە ئەوس و ئەبوو لبابە و ثەعلەبە.[3]

سەبارەت بەو کەسانەی کە نەچون بۆ غەزای تەبووك ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای تەبووك چوار بەش بوون، بەشێك فەرمانیان پێکرابوو لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا نەچن و پاداشتیان بۆ هەیە وەك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موحەممەدی کوڕی مەسلەمەو ئیبن ئوم کلثوم، دەستەیەکی تر بیانوویان هەبوو لەبەرئەوەی لاواز و نەخۆش بوون، دەستەیەکیش ئەوانە بوون کە لە خەفەتی نەچوونەکەیان دەگریان، ئەمانە تاوانبارەکان بوون و بریتی بوون لە

1 - صحيح البخاري، الرقم 4165.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152، أسد الغابة، ج1، ص217.

3 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص152.

ئەبوولوبابەو هاوەڵەکانی، دەستەی چوارەمیش سەرکۆنەکراوان بوون کە بریتی بوون لە دووڕووەکان.[1]

ثەعلەبەی کوڕی ئەبووبەلتەعە (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەی کوڕی ئەبوو بەلتەعەیە و برای حاطبی کوڕی ئەبووبەلتەعەیە، لای ئەبووعیسای ترمذی لە ریزی هاوەڵاندا ناوی هاتووە.[2]

ثەعلەبەی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی ثەعلەبەیەو لە پشتیوانانە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان، ئەم هاوەڵە پاش فەتحی میصر لە میصر نیشتەجێ بوو.[3]

ثەقافی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ثەقاف کوڕی عەمری عدوانیە، لە دەستەی یەکەمی کۆچەرانە، بەڵام فەرموودەی لێوە نەگێڕدراوەتەوە.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص27.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 400.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 409.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 410.

## ثەقبی کوڕی فەروە (رضي الله عنه)

ناوی ثەقبی کوڕی فەروەی کوڕی بەدییە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، زیاتر بە ئەحرەش ناسراوە، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بووە،[1] پێغەمبەری خوایش (ﷺ) شایەتی داوە بۆ شەهید بوونی.[2]

ئەم هاوەڵە شارەزایی زۆری هەبوو بە ڕەچەڵەکی پشتیوانان.[3]

## ثەقفی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی ثەقفی کوڕی عەمری کوڕی سمیطە لەبنی غەنم، برایەکی هەبوو بە ناوی میدلاج،[4] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی کەثیر و برایەکی تری ناوی مالیك بوو.[5]

ثەقفی کوڕی عەمر بەشداربوویەکی غەزای بەدر بوو، هاودەم بە خۆی میدلاجی برایشی بەشداربوو، لە غەزای خەیبەریشدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو، شەهیدبوونیشی لەسەر دەستی ئوسەیدی کوڕی ڕزامی جوولەکە بوو.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 410.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 362.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 362.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 410.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص 1309.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 410.

ثەوب (رضي الله عنه)

کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەبوو موسلیمی خەولانی کە کەسایەتیەکی خواناسی دانیشتووی شام بوو و باوکی ئەبووموسلیمیش (ثەوب) هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[1]

ثەوبان (رضي الله عنه)

ناوی ثەوبانە، باپیری عومەری کوڕی حەکەمە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

ثەوبانی مەولای پێغەمبەر (ﷺ)

ناوی ثەوبانی کوڕی بوجدود یان کوڕی جحدرە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵایەو خەڵکی یەمەن بووە لە حیمیەریەکان، یان دەوترێت لە ناوچەی سرات بووە کە لەنێوان مەککەو یەمەندایە.[3]

سەرەتا کەسێکی ئازاد بوو، دواتر لە جەنگێکدا بە کۆیلە گیرا و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی کڕی.[4]

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بە کۆیلەیی کڕی و دواتر ئازادی کرد،[5] ئینجا پێی فەرموو (ئەگەر دەتەوێت بگەڕێرەوە بۆ ناو ئەوانەی کە تۆ لەوانیت–واتە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 414.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 414.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 367.
4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 218.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 413.

کەسوکارت– ئەگەریش دەتەوێت لە ئێمەی ئەهلوبەیت بە) ثەوبانیش لای پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو لە سەفەرو ماڵ و شوێنانی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو و تا مردن خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد،[1] دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بۆ ناوچەی رەملە،[2] لەوێشەوە چوو بۆ میصر، دواتریش چوو بۆ حیمص و لەوێ مایەوە[3] تا لەوێ لە ساڵی پەنجاو چواری کۆچی وەفاتی کرد.[4]

ثەوبان دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە حیبرێکی جوولەکە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی سەلامت لێ بێت ئەی موحەممەد، منیش پاڵێکم پێوەنا و خەریك بوو بکەوێت، وتی بۆ وادەکەیت؟ وتم بۆچی ناڵێیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ ئەویش وتی ئێمە بەو ناوەی خۆیەوە بانگی دەکەین کە کەسوکارەکەی ناویان ناوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ناوم موحەممەدە و کەسوکارم ئەو ناوەیان لێ ناوم)، کابرای جوولەکە وتی هاتوم پرسیارت لێ بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر هەواڵت پێبدەم–قسەت بۆ بکەم– هیچ سوودێکی دەبێت بۆت؟) ئەویش وتی بە هەردوو گوێم گوێت لێ رادەگرم...[5]

مەعدانی کوڕی ئەبوو طەلحەی یەعمەری دەڵێت جارێك گەیشتم بە ثەوبانی مەولای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم کارێکم فێر بکە کە خوا بەو کارە بمخاتە بەهەشتەوە؟

1 - أسد الغابة، ج1، ص 367.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 413.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 367.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 400.

5 - صحيح مسلم، الرقم 499و اللفظ له، صحيح ابن خزيمة، الرقم 232، مستخرج أبي عوانة، الرقم 654، صحيح ابن حبان، الرقم 7529، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8792، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1400.

یان خۆشەویستترین کار لای خوا چیە پێم بڵێ؟ ثەوبانیش بێدەنگ بوو، تا سێ جار لێی دووبارە کردەوە، دواتر ثەوبان وتی من ئەو پرسیارەم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی (عليك بكثرة السجود لله فإنك لا تسجد لله سجدة إلا رفعك الله بها درجة وحط عنك بها خطيئة)، [1](سوجدەی زۆر ببە بۆ خوا، چونکە هەر سوجدەیەك ببیەیت بۆ خوا ئەوا خوا بەو سوجدەیە پلەیەك بەرزت دەکاتەوەو تاوانێکت لەسەر دەسڕێتەوە).

ثەوبان خۆی هەموو کاروباری خۆی رادەپەڕاندو داوای یارمەتی لە کەس نەدەکرد چونکە لەسەر ئەوە بەڵێنی دابوو بە پێغەمبەر (ﷺ)، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (کێ کەفیلیم بۆ دەکات داوای هیچ لە هیچ کەس نەکات تا من کەفیلی بەهەشتی بۆ بکەم؟) منیش وتم من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئیتر هیچکات داوای هیچی لە خەڵك نەدەکرد،[2] جار هەبوو قامچیەکەی لێ دەکەوت یان داردەستەکەی لێ دەکەوت بە کەسی نەدەوت بیدەنەوە دەستم، بەڵکو خۆی لەسەر وڵاخەکەی دادەبەزی و هەڵیدەگرتەوە.[3]

کاتێك ثەوبان لە حیمص بوو نەخۆش کەوت، ئەوکاتیش والی حیمص عەبدوڵای کوڕی قرط بوو، پیاوێك هات بۆ لای ثەوبان و سەردانی کرد، ثەوبان پێی وت ئایا دەزانیت بنووسیت؟ کابرا وتی بەڵێ، ثەوبان وتی دەی نامەیەکم بۆ بنووسە، ئەوەبوو نامەیەکی نووسی بۆ ئەمیر عەبدوڵای کوڕی قرط کە تیایدا هاتبوو:

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 782.

2 - سنن أبي داود، الرقم 1413، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1643.

3 - جامع معمر بن راشد، الرقم 613.

لە ثەوبانی مەولای پێغەمبەری خواوە (ﷺ)،

پاشان: ئەگەر مووسا و عیسا-پێغەمبەر- مەولایەکیان هەبوایەو مەولاکەیان لای تۆ بوونایە ئەوا سەردانیت دەکرد.

ئەوەبوو کە نامەکە هێنرا بۆ عەبدوڵا و خوێندیەوە، خێرا هەستاو بە دڵەخورپێ و دڵگرانیەوە راپەڕی، خەڵکی وتیان ئەوە ئەمیر بۆ وای لێهات دەبێت چی روویدابێت؟ ئەمیر چوو بۆ لای ثەوبان و سەردانی کرد و ماوەیەك لەلای دانیشت و دواتر هەستا، ثەوبانیش عەباکەی ئەمیری گرت و وتی دانیشە تا فەرموودەیەکت بۆ بگێڕمەوە کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە، گوێم لێبوو دەیفەرموو (ليدخلن الجنة من أمتي سبعون ألفا لا حساب عليهم ولا عذاب مع كل ألف سبعون ألفا)،[1] (بەدڵنیاییەوە حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتم بەبێ موحاسەبەو لێپێچینەوە دەچنە ناو بەهەشت و هیچ سزایەکیان لەسەر نیە، لەگەڵ هەر هەزارێك لەوانەش حەفتا هەزاری تریش دەچنە بەهەشتەوە).

هەروەها ثەوبان فەرموودەیەکی تریش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (من فارق الروح الجسد وهو بريء من ثلاث دخل الجنة من الكبر والغلول والدين)،[2] (هەرکەس گیانی لە جەستەی جیابێتەوە و دوور بێت لە سێ شت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، لە خۆبەزلزانین و فڕوفێڵ-غەشکردن- و قەرزاری)

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21823، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2179.

2 -مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21796 و اللفظ له، سنن الترمذي، الرقم 1537، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2785.

ثەوبانی ئەنصاری (رضي الله عنه)

لە پشتیوانانەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە،[1] کونیەکەی ئەبوعەبدوڕەحمانە.[2]

ثەوبان دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من رأيتموه ينشد شعرا في المسجد فقولوا فض الله فاك (ثلاث مرات) ومن رأيتموه ينشد ضالة في المسجد فقولوا لا وجدتها (ثلاث مرات) ومن رأيتموه يبيع أو يبتاع في المسجد فقولوا لا أربح الله تجارتك)،[3] (هەرکەستان بینی لە مزگەوت شیعری دەهۆنیەوە بڵێن خوا زمانت لەگۆ بخات، هەرکەستان بینی لە مزگەوت بانگەوازی بۆ ونبووەکەی دەکرد، بڵێن هەر نەیدۆزیتەوە، سێ جار ئەوەی فەرموو، هەرکەستان بینی لە مزگەوت کڕین و فرۆش دەکات بڵێن خوا خێر نەخاتە بازرگانیەکەتەوە).

ثەوری کوڕی عزرە (رضي الله عنه)

ناوی ثەوری کوڕی عزرەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی سەلەمەی قوشەیریە، وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 413.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 368.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1438، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1323، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 2131.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 369.

ثەوری کوڕی میعەن (رضي الله عنه)

ناوی ثەوری کوڕی میعەنی کوڕی ئەخنەسی کوڕی حەبیبی سولەمیە، خۆی و باوکی و باپیریشی هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوون و بە بەنی میعەن ناسراون، ئیبن حەجەر پێی وایە خزمایەتیەك لە نێوان ئەم دوو هاوەڵەدا (ثەوری سولەمی و ثەوری کوڕی میعەن) هەیە.[1]

ثەوری سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی ثەورەو لە سولەمیەکانە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی یەزید کە ئەویش کوڕێکی هەبوو بە ناوی میعەن، هەرسێیان -واتە باپیرەو کوڕو باوك- هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوون و بەیعەتیان داوە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).[2]

ثوبەیتە (رضي الله عنها)

ناوی ثوبەیتەی کچی رەبیعە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە، هاوسەری ئەوسی کوڕی قەیظیە و سێ منداڵی لێی بوو.[3]

ثوبەیتەی ئەنصاری (رضي الله عنها)

ناوی ثوبەیتەی کچی سلیطی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 415.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 415.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 547.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 547.

ثوبەیتەی کچی نوعمان (رضي الله عنها)

ناوی ثوبەیتەی کچی نوعمانی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

ثومامەی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی ثومامەی کوڕی عەددی قورەیشیە، لە دەستەی یەکەمی کۆچەرانە، لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا و ماوەیەکی خیلافەتی راشیدین بەرپرسی صەنعاء بوو، تا کاتی شەهیدبوونی عوثمانی کوڕی عەففانیش بەرپرسی صەنعاء بوو، کاتێك ئەو هەواڵەیان پێدا زۆر گریا، دواتر کە هاتەوە سەر خۆ وتی ئیتر خیلافەتی پێغەمبەرایەتی داماڵرا.[2]

ثومامەی کوڕی ئەبو ثومامە (رضي الله عنه)

ناوی ثومامەی کوڕی ئەبوو ثومامە بەکری جذامیە، لە بەکری کوڕی سوادەی جذامیەوە لە مەولایەکیانەوە هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای کرد بۆ ثومامەی باپیرەی.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 547.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 412.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 412.

ثومامەی کوڕی ئوثال(رضي الله عنه)

ناوی ثومامەی کوڕی ئوثالی کوڕی نوعمانی کوڕی مەسلەمەی حەنەفیەو[1] کونیەکەی ئەبوو ئومامەی یەمامیە،[2] گەورەی هۆزەکەی خۆی بوو.[3]

ثومامە دژایەتیەکی زۆری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد و دەیویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی،[4] ئەوەبوو جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای ثومامەدا، لەوکاتەدا ثومامە ویستی پێغەمبەر (ﷺ) بکوژێت، بەڵام مامی رێی نەدا ئەوە بکات،[5] ثومامە بە بێباوەڕی بەرەو عومرە چوو، سوارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویان گرت و هێنایان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[6]

ئەبووهورەیرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی سوارەی رووەو نەجد نارد، کەسێکیان لە بەنی حەنیفە هێنا کە پێی دەوترا ثومامەی کوڕی ئوثال، ثومامەیان بەستەوە بە پایەیەکی مزگەوتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات و فەرمووی ثومامە ئازاد بکەن، ثومامەش چوویە ناو باخێکی نزیك لە مزگەوت و خۆی شۆرد و دواتر هاتەوە مزگەوت و وتی (أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمدا رسول الله).[7]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 363.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 410.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3397.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 550.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

7 - صحيح البخاري، الرقم 452و 459 و 2312،

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ثومامەی بینی بەسترابوویەوە بە پایەی مزگەوتەوە، پێی فەرموو چیت لایە ئەی ثومامە؟-یانی قسەت چیە؟- ئەویش وتی ئەی موحەممەد قسەی چاکم لایە، ئەگەر بمکوژیت خاوەن خوێنێکت کوشتووە، ئەگەریش چاکە بنوێنیت بەرامبەر سوپاسکەرێك چاکە دەنوێنیت، ئەگەریش پارەو سامانت دەوێت داوای بکە تا چەندت دەوێت پێت بدرێت، پێغەمبەر (ﷺ) وازی لێ هێنا تا بەیانی، هەمان شتی لێ دووبارە کردەوە، ثومامەش وتی هەمان شتم لایە کە پێم وتیت، پێغەمبەریش (ﷺ) جێی هێشت تا بەیانی، بۆ رۆژی سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی لێ دووبارە کردەوە، ثومامەش هەمان وەلامی دایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ثومامە ئازاد بکەن، ئەویش چوو بۆ باخە خورمایەکی نزیك مزگەوت و خۆی شۆرد و هاتەوە ناو مزگەوت و وتی (أشهد أن لا إله إلا الله و أن محمدا رسول الله)، ئەی موحەممەد سوێند بەخوا لەم سەر رووی زەویەدا کەس نەبوو هێندەی تۆ رقم لێی بێت، بەلام ئێستا دەموچاوی تۆ شیرینترین و خۆشەویسترین دەموچاوە، سوێند بەخوا هیچ ئایینێك نەبوو هێندەی ئایینەکەی تۆ لام بێزراو بێت، ئێستا ئایینەکەی تۆ خۆشەویسترین ئایینە، سوێند بەخوا هیچ شارێك نەبوو هێندەی شارەکەی تۆ لام بێزراو بێت، بەلام ئێستا شارەکەی تۆ لام خۆشەویسترین شارە، دەستە سوارەکەی تۆ منیان بردو منیش لەو کاتەدا نیازم هەبوو عومرە بکەم، جا بۆچوونی جەنابت چۆنە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مزگێنی پێدا و فەرمانی پێکرد عومرە بکات، کاتێك ثومامە چوویە مەککە کەسێك پێی وت: ئەرێ لێت شێواوە؟ وتی نا بەلکو موسلمان بوم

لەگەڵ پێغەمبەری خوام (ﷺ)، سوێند بەخوا لە یەمامەوە دەنکە گەنمێکتان بۆ نایەت تا پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی ئەوە نەدات،[1] ئیتر ثومامە گەڕایەوە بۆ یەمامەو ڕێی نەدەدا هیچ دانەوێڵەیەك بچێت بۆ مەككە، قوڕەیش حاڵیان سەخت بوو، نامەیان نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و داوایان لێكرد ڕەحمی هەبێت بۆ خزمانیو نامە بنێرێت بۆ ثومامە تا ڕێ بدات خواردن بنێردرێت بۆیان، پێغەمبەریش (ﷺ) پەیامی نارد بۆ ثومامە تا دانەوێڵە بنێرێت بۆ مەككە.[2]

لە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە كاتێك ثومامە خۆی شۆرد جلەكانیشی پاك كردەوە.[3]

موسڵمانبوونەكەی ثومامە زۆر لە دڵەوە بوو و كاتێكیش خەڵكی یەمامە لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامە دەركەوت و بانگەوازی دەكرد ثومامە دژایەتی پەیامەكەی موسەیلەمەی دەكرد و خەڵكی لە درۆی موسەیلەمە ئاگادار دەكردەوە ،[4] ثومامە دەیوت ئەی خەڵكینە وریابن بەرامبەر بە موسەیلەمە چونكە لە یەك كاتدا دوو پێغەمبەر بۆ یەك كار كۆ نابنەوە، موحەممەد پێغەمبەری خوایەو دوای ئەویش هیچ پێغەمبەرێك نیە، هیچ پێغەمبەرێك نایەت هاوبەشی پێغەمبەرایەتی موحەممەد بێت، پاشان ئەم ئایەتانەی دەخوێندەوە بۆیان (حم

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4123، صحيح مسلم، الرقم 3397، مستخرج أبي عوانة، الرقم 5369، صحيح ابن حبان، الرقم 1255، سنن أبي داوود، الرقم 2318، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12004، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 9622، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم 1675.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 364.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 365.

تنزيل الكتاب من الله العزيز العليم غافر الذنب قابل التوب شديد العقاب ذي الطول لا إله إلا هو إليه المصير)، وتی ئەمە پەیامی خوایە، ئایا ئەوە وەك قسەکەی موسەیلەمەیە، کاتێك خالیدی کوڕی وەلید هاتە یەمامە سوپاسی ئەو کارەی ثومامەی کرد و راستی ئیمانداری ئەوی بۆ دووپات بوویەوە.[1]

ثومامە هاودەم بەوانەی گوێڕایەڵی بوون لەسەر ئیسلام مانەوەو هۆزەکەی خۆیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاند بە عەلائی حەضرەمی و دژ بە هەڵگەڕاوەکانی ناو بەحرەین جیهادیان کرد،[2] کاتێك عەلائی حەضرەمی گەیشتە بەحرەین، ثومامە بە سوپایەکی گەورەوە بەرەو لای چوو و خەڵکێکی زۆری تریش چوونە ناو ئەو سوپایە،[3] کاتێك سەرکەوتن ثومامە جلوبەرگێکی گەورەکەیانی کڕی، خەڵکێ لە بەنی قەیس بینییان ثومامە ئەو بەرگەی کردوەتەبەر، وایانزانی ئەو بکوژی خاوەن بەرگەکە بووە، بۆیە ثومامەیان کوشت.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 550.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 411.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 328.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 411.

# ئەو هاوەڵانەی کە ناویان بە پیتی (ج) دەست پێ دەکات

## جابانی باوکی مەیموون (رضي الله عنه)

جابان کوڕێکی هەبوو بە ناوی مەیموون کە فەرموودەی لە هاوەڵانەوە گێڕاوەتەوە[1] و فەرموودەی لە باوکیشیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

جابان هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و کورد بوو، هەروەك ئیبن ئەثیر لە باسی مەیموونی کوریدا هێناویەتی (مەیموونی کوردی لە باوکیەوە–فەرموودەی گێڕاوەتەوە– کە دەوترێت ناوی باوکی جابان بووە).[3]

ئەبووخالید دەڵێت لە مەیموونی کوڕی جابانی صەردیم بیست لە باوکیەوە دەیگێڕایەوە زیاد لە جارێك و دوو جار تا دەگەیشتە دە جار لە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (من تزوج امرأة و هو ينوي ألا يعطيها الصداق لقي الله و هو زان)،[4] (هەرکەس ئافرەتێك مارە بکات و نیازی ئەوەی هەبێت مارەییەکەی پێ نەدات ئەوە کە دەگاتەوە بە خوا وەك زیناکار دەگاتەوە بە خوا).

لە گێڕانەوەکەی طەبەرانیشدا هاتووە:

لە مەیموونی کوردی لە باوکیەوە دەڵێت نە جارێك و نە دوو جار و نە سێ جار و زیاتر لەوەش بەڵکو دەگاتە دە جار لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (أيما رجل تزوج امرأة بما قل من المهر أو كثر ليس في نفسه أن يؤدي إليها

1 - سنن أبي داوود، الرقم 1592،
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.
3 - أسد الغابة، ج6، ص 371.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 370، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.

حقها، خدعها، فمات ولم يؤد إليها حقها، لقي الله يوم القيامة وهو زان)،[1] (هەر پیاوێك ئافرەتێك مارە بكات بە مارەیی كەم بێت یان زۆر و لە نیەتیدا بە تەما نەبێت مافەكەی ئەو ژنە بدات، هەڵیبخەڵەتێنێت، جا ئەو پیاوە كە مرد و مافی ئەو ژنەی نەدابوو، ئەوە كە رۆژی دوایی دەگاتەوە بە خوا وەك زیناكار دەگاتەوە بە خوا).

ئەم فەرموودەیە كە لە جابانەوە گێردراوەتەوە ئاماژەیە بەوەی كوردیش گەیشتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، سەبارەت بەوەی ئایا وەك تاكەكەس چووە یان وەك وەفد چووە ئەوەیان روون نیە، دەتوانین چەند ئەگەرێك باس بكەین:

یەكەم: ئەگەر جابان وەك وەفد بچوایە ئەوا موسڵمانبوونی بە لێشاوی كورد لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەدیدەكرا و كوردانێكی تر دەچوونە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرموودەیان لێوە دەگێڕایەوە وەك چۆن لە هۆزەكانی تردا بەدیدەكرا.

دووەم: ناوچەی حیجاز بۆ كوردەكان ناوچەیەكی دوور نەبووەو بەهۆی بوونی رێی بازرگانیەوە گونجاوە ئەو هاوەڵە كوردە رێی كەوتبێتە ئەوێ و لەو كاتەشدا سەردەمی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) بووبێت.

سێیەم: دەبینین جابان پەیامی خوای گەیاندووە بە مەیموونی كوڕی كە ئەمەش ئاماژەیە بەوەی جابان هەوڵیداوە پەیامی ئیسلام بڵاو بكاتەوە، جا چ لەسەر ئاستی خێزانەكەی خۆی بووبێت و ترسی هەبووبێت لەوەی خەڵكی دەوروبەری

---

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 1875، صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم 1921.

پەیامەکەی وەرنەگرن و خێرا بیکوژن وەك چۆن نموونەی وا لەناو هۆزە عەرەبەکاندا روویدا، یان لەوانەشە پەیامەکەی گەیاندبێت بە خەڵکی تریش.

بەهەرحاڵ ئەوەی دڵنیایەو ئەگەر نیە، ئەوەیە جابان پەیامی ئیسلامی گەیاندووە بە مەیموونی کوڕی و فەرموودەیەکیشی بۆ گێڕاوەتەوە کە لە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیستووە.

هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جابان ماوەیەکی زۆر لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووە، چونکە دەڵێت دە جار ئەو فەرموودەی لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەیەك کاتدا دەجار ئەو فەرموودەی دووبارە نەکردوەتەوە، بەڵکو ئەگەر لە یەك کاتدا زۆریش دووبارەی کردبێتەوە سێ جار بووە وەك ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ فەرمایشتی سێ جار دووبارە کردوەتەوە، ئیتر ئایا جابان ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە بۆ نموونە مانگێك لەوێ بووبێت و پێغەمبەر (ﷺ) لەو ماوەدا ئەوەندە دووبارەی کردبێتەوە، یان جابان چەند جارێك سەردانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردبێت و هەر جارەو ئەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستبێت.

سەبارەت بە حوکمی فەرموودەکەش سەبارەت بە مەسەلەی مارەیی، ئەوا دەبێتە ئەرکی سەرشانی پیاو هەر مارەییەکی دانا بۆ ئەو ئافرەتەی کە مارەی دەکات، ئەو مارەییەی بدات، چونکە ئەگەر نیازی هەبێت ئەو مارەییە نەدات و تەنها بۆ بەڕێکردنی هاوسەرگیریەکە بەڵێ بکات ئەوە بنەڕەتی ئەو هاوسەرگیریە دانەمەزراوەو وەك فەرموودەکە ئاماژەی پێداوە حوکمی زیانی دەبێت بۆی، ئەوە جیایە کە هاوسەرەکەی گەردنی ئازاد بکات نەیەوێت، ئەمە جیاوازە لەوەی پیاوەکە

نیازی پێنەدانی مارەییەکەی هەبێت، جا ئەگەر بەس نیازەکە ئەو حوکمەی هەبێت دەبێت حوکمی ئەوە چی بێت کە مارەییەکەی لەدەستدایەو ئەمەش دەزانێت و مارەییەکەش نادات.

زۆر جار بووك وادەکات زاوا تووشی ئەو تاوانە بکات، ئەویش بەوەی مارەییەکی لێ داوا دەکات کە بە دڵنیاییەوە زاوا ناتوانێت ئەو مارەییە بدات، بەڵام بۆ سەرگرتنی ئیشەکە بەڵێ دەکات، جا با هەردوولا وریای داوەکانی شەیتان و سنوورەکانی خوا بن.

هەروەها جابان فەرموودەیەکی تری لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە ئەمە بەسەرهاتەکەیەتی:

ئەبی خەلدە دەڵێت مەیموونی کوردی لای مالیکی کوڕی دینار بوو، مالیك پێی وت ئەوە چیە مامۆستای فەرموودە لە باوکیەوە فەرموودەمان بۆ ناگێڕێتەوە، خۆ باوکی تۆ گەیشتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و فەرموودەی لە بارەوە گێڕاوەتەوە، مەیموونیش وتی باوکم فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆ نەدەگێڕاینەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا کەم و زیادی تێدا بکات، باوکم دەیوت بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)،[1] (هەرکەس بە ئەنقەست درۆیەکم بە دەمەوە بکات، با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بکات).

1 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 6322، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 6476.

لێرەوە دەردەکەوێت چوونی جابان بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) هێندە دیار بووە کە لە مەدینەدا دەنگی داوەتەوەو موسڵمانانێکی زۆریش ئاگادار بون بەوە.

مەسەلەیەکی ترکە پێویستە بیخەینە روو و ئاماژەیەکی ترە بە پەیوەندی کورد و پێغەمبەری خواوە (ﷺ)فەرموودەیەکە کە لە سونەنی ئەبووداوودا هاتووە:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە جلێکی رەشەوە (خمیصە) نوێژی دەکرد کە برێك گوڵنگە و شتی رازاندنەوەی پێوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەم گوڵنك و رازاندنەوانەی ئەم جلەم لە نوێژەکەم سەرقاڵم دەکەن، ئەمە ببەن بۆ ئەبوو جەهم و ئینبیجانیەتەکەی ئەوم بۆ بهێنن... ئەوەبوو جلێکی کوردی ئەبوو جەهمی کردەبەری.[1]

وشەی ئینبیجانیەت وا پێناسەی هاتووە کە جلێکی لە خوری دروست کراو و زۆر زبرە.[2]

بەو پێیە بێت دەبێت ئەو جلەی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی وەك شاڵ بووبێت.

## جابیری کوڕی سەمورە (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی سەمورەی کوڕی جونادەی کوڕی جوندەبی کوڕی جوحەیری عامریە، کونیەکەی ئەبووخالید یان ئەبووعەبدوڵایە.

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 793، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 915.

2 - النهاية في غريب الحديث و الأثر، ج1، ص 73.

سەمورەی باوکیشی یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و فەرموودەیشی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

دایکی جابیر ناوی خالیدەی کچی ئەبی وەققاصە کە خوشکی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصە.[2]

جابیر هێندە لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووە کە خۆی دەڵێت زیاد لە جار و دووجاریش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی هەردوو جەژنەکەم کردووە کە بانگ و قامەتیان نەبوو،[3] ئەمە ئاماژەیە بەوەی جابیری کوڕی سەمورە ماوەیەکی زۆر لە نزیکی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بووە، چونکە وەك دەزانین لەساڵێکدا دوو جەژن هەیە، ئەویش دەڵێت زیاتر لە دووجار لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نوێژی دوو جەژنەکەم کردووە.

جابیری کوڕی سەمورە دواتر پاش سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ کووفەو لەوێ نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی دروست کرد و مایەوە تا لە سەردەمی والیەتی بیشری کوڕی مەروان لەسەر کووفە لە ساڵی حەفتاو چواری کۆچی لە کووفە مرد،[4] عەمری کوڕی حریثیش نوێژی مردووی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 312.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 374.

3 - صحيح مسلم، الرقم 1517، سنن الترمذي، الرقم 518، سنن أبي داوود، الرقم 982، صحيح ابن حبان، الرقم 2866، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5764، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20334.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 431.

ساڵی شەست و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد،[1] ذەهەبی دەڵێت راستتر ئەوەیە لە سەردەمی بیشری کوڕی مەڕواندا مردووە.[2]

لە جەنگی مەدائینەدا جابیر بەشداری کرد و خوای گەورە فەتحی مەدائینی بەخشی بە موسڵمانان،[3] کە جەنگەکە تەواو بوو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دوو کۆیلەی لە نەوەی کیسراکان بەخشی بە جابیری کوڕی سەمورە، جابیریش ئەوانی ئازاد کرد.[4]

جابیر دوای خۆی چوار کوڕی جێهێشت کە بریتی بوون لە خالید و موسلیم و ئەبووجەعفەر و جوبەیر،[5] بەڵام ذەهەبی دەڵێت ئەم کوڕانەی لەدوای خۆی جێهێشت (خالید، طەلحە، سالم).[6]

جابیر سەردانی ماڵی پێغەمبەری (ﷺ) دەکرد وەك خۆی دەڵێت جارێك چووم بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) بینیم پێغەمبەر (ﷺ) شانی دادابوو بەسەر پشتیەکەوە.[7]

سەماکی کوڕی حەرب دەڵێت بە جابیری کوڕی سەمورەم وت ئایا تۆ لە کۆڕی پێغەمبەردا (ﷺ) دادەنیشتیت؟ وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بێدەنگ دەبوو، هاوەڵانی شیعریان دەوت و باسی شتانێکی سەردەمی نەفامییان دەکرد و

1 - أسد الغابة، ج1، ص 373.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 187.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 187.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 481.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 374.
6 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 187.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 465.

پێدەکەنین، کە ئەوان پێبکەنینایە پێغەمبەریش (ﷺ) بزە دەیگرت،[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە وتی بەڵێ زۆر جار پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوای نوێژی بەیانی لە شوێنی نوێژەکەی هەڵنەدەسا تا خۆر هەڵدەهات، هاوەڵانیشی شیعریان دەوت و باسی شتانێکی سەردەمی نەفامییان دەکرد و پێدەکەنین، کە ئەوان پێبکەنینایە پێغەمبەریش (ﷺ) بزە دەیگرت.[2]

جابیری کوڕی سەمورە چەندین فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.

### جابیری کوڕی صەخر (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی صەخری کوڕی ئومەییەیە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی جەببار.[3]

ژنەکەی ناوی قوبەیسەی کچی صەیفی بوو، کچێکی لێ بوو بە ناوی عائیشە.[4]

جابیر لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدار بوو، بەڵام لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد،[5] دواتر لە غەزای ئوحودو[6] غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[7]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 372.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 42.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 398.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 374.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

## جابیری کوڕی طاریق(رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی طاریقی کوڕی ئەبووطاریقی ئەحمەسی بەجلیە، ئیبن حیببان هەریەك لە جابیری کوڕی طاریقی ئەحمەسی و جابیری کوڕی عەوفی ئەحمەسی بەجیا دادەنێت، بەڵام ئیبن حەجەر پێی وایە ئەو دوو کەسە هەر یەك کەسایەتیە، چونکە جار هەیە جابیر بە ناوی باپیرە گەورەیەوە ناودەبرێ (جابیری کوڕی عەوف) یان بە جابیری کوڕی ئەبووطاریق ناوی دێت،[1] کونیەکەی ئەبووحەکیمە.[2]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەکیم کە فەرموودەی لە باوکی و لە هاوەڵانی تریشەوە گێڕاوەتەوە،[3] کەنیزەیەکیشی هەبوو کە جارێك ناردی بۆ لای حەسەنی کوڕی عەلی، کەنیزەکە کە گەیشتە ئەوێ سەیری کرد حەسەنی کوڕی عەلی دەستنوێژی دەگرت.[4]

جابیر یەکێك بوو لە بەشداربوانی قادسیە،[5] لە کووفە نیشتەجێ دەبوو[6] و بۆ ریشیشی رەنگی خەنەیی بەکاردەهێنا.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 375.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 3301، السنن الصغرى للنسائي، الرقم 4515.

4 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 1557.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 375.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 432.

جابیر دەڵێت جارێك كابرایەكی دەشتەكی هات و كەوتە پیاهەڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) تا لادەمی كەفی كرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (عليكم بقلة الكلام ولا يستهوينّكم الشيطان فإن تشقيق الكلام من شقائق الشيطان)،[1] (قسەی كەم بكەن و شەیتان بەلارێتان نەبات، چونكە زۆر قسەكردن و لەسەر ڕۆیشتنی برای شەیتانە).

ئەلبانی حوكمی لاوازی داوە بەسەر ئەم گێڕانەوەدا.

جابیری كوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی جابیری كوڕی نوعمانی كوڕی عومەیری كوڕی مالیكی بەلویە، هاوپەیمانی پشتیوانان بوو.[2]

جابیری كوڕی حابیس(رضي الله عنه)

ناوی جابیری كوڕی حابیسی یەمامیە،[3] فەرموودەیەكی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە كە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من قال علي ما لم أقل فليتبوأ مقعده من النار)،[4] (هەركەس قسەیەك بەناوی منەوە بڵێت كە من نەموتووە با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا دیاری بكات).

ئیبن حەجەر سەبارەت بەم فەرموودەیە دەڵێت سەنەدەكەی مەجهوولە.[5]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1427، أسد الغابة، ج1، ص 376، ضعفه الألباني في ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 3788.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 440.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 371.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1445، أسد الغابة، ج1، ص 371.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 430.

### جابیری کوڕی حارث (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی حارثی عەبدیە، یەکێکە لە ئەندامانی ئەو وەفدەی کە لەگەڵ ئەشجەعدا هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون.[1]

### جابیری کوڕی خالید (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی خالیدی کوڕی مەسعوودی کوڕی عەبدولئەشهەلە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەجار،[2] ژنەکەی ناوی عومەیرەی کچی سەلیمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان، بەڵام نەوەی جێنەهێشت.[3]

لە غەزای بەدر[4] و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[5]

جابیر دوای خۆی نەوەی جێنەهێشت.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 430.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 371.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 520.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 430.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 371.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 371.

جابیری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی سوفیانی ئەنصاری زورقیە، سوفیانی باوکی لەگەڵ مەعمەری کوڕی حەبیبدا لە مەککە هاوپەیمانی هەبوو، بۆیە لە مەککە نیشتەجێ بوو.[1]

جابیر برایەکی تری هەبوو بە ناوی جەنادە کە دایك و باوکیشیان یەك بوو، هەروەها برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی شورەحبیل کە لە سەری دایکەوە برای ئەو دوانە بوو، چونکە سوفیان کاتێك لە مەککە بوو دایکی شورەحبیلی بەهاوسەرگرت.[2]

دایکیان ناوی حەسەنە بوو کە ئافرەتێکی عەدوی بوو، شورەحبیلی کوڕی هەر بە ناوی ئەوەوە بانگ دەکرا و بە شورەحبیلی کوڕی حەسەنە ناسرابوو.[3]

سوفیان کە لە مەککە بوو لەوێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر جابیر و جەنادەو سوفیانی باوکیان هەرسێیان پێکەوە لە خاکی حەبەشەوە لە دوو بەلەمی جیادا گەڕانەوە.[4]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 221، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 431.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 372.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 127.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 372، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 431.

لەساڵی سێیەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا جابیر کۆچی دوایی کرد،[1] جەنادەی برایشی هەر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[2]

جابیری کوڕی ظالیم (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی ظالیمی کوڕی حارثەی کوڕی عیتابی بەحتەری طائیە، وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی.[3]

جابیری کوڕی عەبدوڵای عەبدی (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەبدوڵا یان کوڕی عوبەیدی کوڕی جابیری عەبدیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا،[4] کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمان بوو.[5]

عەبدوڵای کوڕی جابیر دەڵێت کاتێك وەفدی عەبدولقەیس هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) منیش هاتم، بەڵام یەکێك نەبووم لە عەبدولقەیس، لەگەڵ باوکم هاتبووم، کاتێك چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) هۆشیاری پێدان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 431.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 372.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 433.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 435.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 379.

کە لەم جۆرە قاپو قاچاخانەدا خواردنەوە نەخۆنەوە (الدباء، الحنتم، النقير، المزفت) [1][2].

عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدی دەڵێت پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد من لەگەڵ باوکم چووم بۆ حەج، لە مینا بووین کە باوکم وتی ئادەی کوڕم وەرە با بڕۆین سەلام بکەین لە حەسەنی کوڕی عەلی، عەبدوڵا دەڵێت کە چووین بۆ لای حەسەن هەر کە باوکمی بینی سەلامی لێکرد و بە گەرمی پێشوازی لێکرد و ڕێی بۆ کردەوە، ئێمەش دانیشتین، سەبارەت بە چۆڕاوەی–شەربەتی– ناو گۆزە پرسیاری لێکرا، ئەویش مۆڵەتی پێدا، باوکم پێی وت ئەی باوکی فلان ئەمە دەڵێیت لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) لەو بارەوە وای پێ فەرمووین کە فەرمووی؟ حەسەن وتی بەڵێ، دوای ئێوە مۆڵەت درا بەوە).[3]

ئەمە ئاماژەیە بەوەی جابیر کە هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) زوو چووەتەوەو ماوەیەکی زۆر نەهاتوەتەوە بۆ ئەوێ تا پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کردووە، هەروەها ئاماژەیە بەوەی جابیر زۆر بە جوانی ڕێنمایی و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەبەرکردووەو بیری ماوە.

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23116.

2 - سەبارەت بە واتای ئەو وشانە:

الدباء: کوولەکەی خڕ–کوولەکە ئاوی– بوو کە ناوەکەی هەڵدەکۆڵراو خواردنەوەی تێدەکرا.

الحنتم: گۆزەیەك بوو کە ناوەکەی بە چەوری چەور دەکرا، ئیتر چی خواردنەوەی تێبکرایە خواردنەوەکە تێکدەچوو.

النقير: بریتی بوو لە بنی دارخورما کە ناوەکەی هەڵدەکۆڵراو دواتر خواردنەوەی تێدەکرا.

المزفت: ئەو قاپ و قاچاخەی کە ناوپۆش دەکرا بە زفت(کە بریتی بوو لە ماددەیەکی ڕەشی ڕەق–قیر–).

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3600.

لە گێڕانەوەیەکی تردا عەبدوڵا دەڵێت لەگەڵ باوکم (جابیری عەبدی)حەجم کرد، ئینجا رێی مەدینەمان گرتەبەر، باوکم وتی ئەرێ بۆ نەڕۆین سەرێك بدەین لە دایکی باوەڕداران؟ وتم زۆر باشە، ئەوەبوو سەرکەوتین بۆ لای و چووین بۆ لای، من گوێم دەگرت و باوکیشم قسەی لەگەڵ دایکی باوەڕداران دەکرد، باوکم وتی من لەو وەفدە بووم کە لە بەحرەینەوە هاتن، ئایا هیچت بیستووە لە پێغەمبەر (ﷺ) دوای چوونەوەی ئێمە هیچ لەو جۆرە خواردنەوانەی مۆڵەت پێ دابێت کە پێشتر بە حەرامی دانابوون؟ دایکی باوەڕدارانیش وتی نا.[1]

ئەمەش ئاماژەیە بە گەورەیی و زانایی دایکی باوەڕداران تا ئاستێك کەسانی دووریش زانیویانە عائیشەی دایکی باوەڕداران شارەزاییەکی کەموێنەی هەیە لە ئیسلامدا لەبەر نزیکی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

ئەم هاوەڵە دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە بەحرەین نیشتەجێ بوو.[2]

جا پێدەچێت سەرەتا لە بەحرەین نیشتەجێ بووبێت و دواتر چووبێت بۆ بەصرە.

جابیری کوڕی عەبدولای کوڕی رێئاب(رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەبدولای کوڕی رێئابی کوڕی نوعمانی کوڕی سینانە،[1] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[2] دایکی ناسراوە بە ئوم جابیری کچی زوهەیر.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 435.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 379.

یەکێکە لەو شەش کەسەی کە لە بەیعەتی عەقەبەی یەکەمدا بەشدار بون، ئەو شەش کەسەش بریتی بوون لە ئەسعەدی کوڕی زورارەو جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی ریئاب و قوطبەی کوڕی عامر و رافیعی کوڕی مالیك و عوقبەی کوڕی عامری کوڕی زەید و عەوفی کوڕی مالیك، هەموویان لەوێ موسڵمان بوون.[4]

ئیبن عەبدولبەر دەڵێت یەکێکە لەو یەکەم موسڵمانبوانەی –پشتیوانان– کە لەپێش عەقەبەی یەکەمدا موسڵمان بوو.[5]

کاتێك ئەم شەش کەسە لە مەککە گەیشتن بە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئێوە لە کێن؟ وتیان لە خەزرەجیەکان، فەرمووی: ئایا لە هاوپەیمانانی جوولەکەن؟ وتیان بەڵێ، فەرمووی ئەی بۆچی دانانیشن تا قسەتان لەگەڵ بکەم؟ وتیان باشە، ئەوەبوو لەگەڵیدا دانیشتن و ئەویش بانگی کردن بۆ لای خوا و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و قورئانی خوێندەوە بەسەریاندا، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) قسەی کرد بۆیان و بانگی کردن بۆ لای خوا، ئەوان لەنێو خۆیاندا بە یەکتریان وت بەخوا دەزانن ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکە ئێوەی پێ دەترسێنێت–کە بێت ئەوان شوێنی دەکەون و کوشتاری ئێوە دەکەن–، دەی با جوولەکە پێش ئێوە نەکەون–لە شوێنکەوتنیدا–، بۆیە چوون بە دەم بانگەوازەکەیەوەو بڕوایان پێ هێنا و چی بۆ باس کردبوون سەبارەت بە ئیسلام

---

1 - الطبقات کالبری لابن سعد، ج3، ص 574.

2 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 220.

3 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 574.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 433.

5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 219.

قبووڵیان کرد، ئینجا وتیان ئێمە لای هۆزی خۆمانەوە هاتوین و ئەو دژایەتیەی لەنێوان ئەواندا هەیە لەنێوان کەسدا هێندە دژایەتی نیە، بەڵکو خوای گەورە بەهۆی تۆوە یەکیان بخات، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ لایان و بانگیان دەکەیت بۆ پەیامەکەت، ئەگەر خوا کۆیان بکاتەوە–لەسەر پەیامەکەت– ئەوە کەس لە تۆ شکۆدارتر نابێت، ئیتر گەڕانەوە بەرەو وڵاتی خۆیان، ئەوانەش شەش کەس بوون لە خەزرەجیەکان...کاتێك چوونەوە مەدینە بۆ لای هۆزەکەی خۆیان، باسی پێغەمبەری خوایان بۆ کردن و بانگیان کردن بۆ لای ئیسلام تا وای لێهات چی ماڵی پشتیوانان هەیە باسی ئیسلامی پێ گەیشت.[1]

ئەمە بەڵگەیە لەسەر چەند شتێك، لەوانەش:

یەکەم: ئاگاداری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە باری خەڵکی مەدینەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتیەکانیان.

دووەم: بێزاری ئەو پشتیوانانە لە جەنگی ناو شارەکەیان و گەڕانیان بۆ دەربازبوونێك لەو تەنگژە و ئاژاوەیە.

سێیەم: نەبوونی هیچ کەمتەرخەمییەك لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سەبارەت بە گەیاندنی پەیامی خوا بە خەڵك و هەر دەرفەتێکی بەهەند وەرگرتووە.

جابیری کوڕی عەبدوڵا لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[2]

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 220، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 149.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 377.

جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی ریئاب چەند فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدەکەیان لاوازە،[1] جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ئایەتی (لهم البشرى في الحياة الدنيا) فەرمووی ئەوە خەوی باشە.[2]

جابیر پاش وەفاتی خۆی نەوەی لێ بەجێ نەما.[3]

## جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامی کوڕی کەعبە،[4] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە سولەمیەکان.

سەبارەت بە کونیەکەی هەریەك لە ئەبووعەبدوڵا و ئەبووعەبدوڕەحمان و ئەبوو موحەممەد هاتووە،[5] ئیبن ئەثیر دەڵێت راستتر ئەوەیە کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە.[6]

جابیر خۆیشی و عەبدوڵای باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون،[7] عەبدوڵای باوکی لە بەشداربوانی عەقەبە بوو و یەکێك بوو لە دوانزە نەقیبەکە.[8]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 433.

2 - مسند عبد بن حميد، الرقم 1106، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 574.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 574.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 377.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 377.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

8 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 561.

دایکی ناوی ئەنیسەی کچی عەنمەی کوڕی عەددیە،[1] ژنەکەی جابیر ناوی سهیمەی کچی مەسعوودی کوڕی ئەوس بوو کە پوورزای جابیر بوو، لەم ژنەی کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕڕەحمان و کچێکیشی هەبوو کە بە ئوممو حەبیب ناسراوە،[2] عەبدوڕەحمانی کوڕی فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[3] هەروەها ژنێکی تریشی هەبوو بە ناوی ئوممولحارثی کچی موحەممەد، لەم ژنەشی کوڕێکی هەبوو بە ناوی[4] موحەممەد کە فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[5]

جابیر یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەی دووەم کە لەگەڵ باوکیدا بەشداری کرد،[6] لەناو ئەو حەفتا کەسەشدا لە رووی تەمەنەوە لە هەموویان بچووکتر بوو.[7]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە تەمەنی جابیری کوڕی عەبدوڵا نۆزدە یان بیست ساڵ بوو، چونکە سەبارەت بە مردنی هاتووە لە ساڵی حەفتا و سێ یان حەفتاو چواری کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.[8]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 561.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 339.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 184.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 276.
5 - التاريخ الكبير للبخاري، ج1، ص 53.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 377.
7 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 192.
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

ذەهەبی دەڵێت دەوترێت جابیر نەوەدو چوارساڵ ژیاوە، بۆیە لە کاتی جەنگی بەدردا تەمەنی هەژدە ساڵ بووە.[1]

سەبارەت بە بەشداری کردنی لە غەزای بەدردا بوخاری لە ئەبووسوفیان لە جابیرەوە هێناویەتی کە دەڵێت من لە رۆژی بەدردا ئاوم دەگێڕا بۆ هاوەڵانم، ئیبن حەجەریش دەڵێت سەنەدەکەی صەحیحە، بەڵام واقیدی ئەو گێڕانەوە بەرپەرچ دەداتەوە.[2]

جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری بیست و یەك غەزا بوو و منیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری نۆزدە غەزام کردووە، هەروەها جابیر دەڵێت بەشدار نەبووم لە غەزای بەدر و ئوحوددا چونکە باوکم رێی پێ نەدام بەشداری بکەم، بەڵام کاتێك لە رۆژی ئوحوددا عەبدوڵا-باوکی- کوژرا ئیتر لە هیچ غەزایەکدا لە پێغەمبەر (ﷺ) دوانەکەوتم.[3]

جابیر دەڵێت جارێك نەخۆش بووم، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە پیادەو بێ سوار هاتن بۆ سەردانم، کاتێك گەیشتنە ئەوێ من لەهۆش خۆم چووبووم، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) دەستنوێژی گرت و لە ئاوی دەشتنوێژەکەی پرژاند بەسەرمدا، منیش هۆشم هاتەوە بە خۆمدا، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی بکەم بە

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 191.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.
3 - صحيح مسلم، الرقم 3471،

سامانم؟ چۆن داوەری لەسەر بکەم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی نەدامەوە تا ئایەتی میرات دابەزی،[1] چونکە ئەوکات جابیر هێشتا خوشکەکانی لەلای بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی جابیر وا نابینم لەم نەخۆشیەتدا بمریت، خواش ئایەتی دابەزاند و بەشی بۆ خوشکەکانت دیاری کرد.[2]

جابیر دەڵێت جارێك باوکم فەرمانی کرد خواردنی (خەزیزە) ئامادە کرا، ئینجا بە مندا ناردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بردم بۆی و پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی خۆی بوو، فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) وتم نا بەڵکو خواردنی (خەزیزە)یە، ئەویش فەرمانی کرد و خواردنەکەیان لەدەست گرتم، کاتێك گەڕامەوە بۆ لای باوکم وتی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی وت؟ وتم بەڵێ فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) باوکم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم ببیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش کە گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەو شوێنەی خۆی بوو، فەرمووی (ئەوە چیە ئەی جابیر) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕامەوە بۆ لای باوکم و تی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی فەرموو؟ وتم بەڵێ وای فەرموو، باوکیشم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، بۆیە چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم ببیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 6354، صحيح مسلم، الرقم 3116، صحيح ابن خزيمة، الرقم 107، مستخرج أبي عوانة، الرقم 4523، سنن أبي داوود، الرقم 2515، سنن ابن ماجة، الرقم 2724، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6139، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 14011، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1967.

2 - السنن الكبرى للنسائي،7265.

(جزى الله الأنصار عنا خيرا، و لا سيما عبدالله بن عمرو بن حرام و سعد بن عبادة)،[1] (خوای گەورە لە بری ئێمە پاداشتی خێری پشتیوانان بداتەوە بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام و سەعدی کوڕی عوبادە).

کاتێك بڕیار بوو غەزای ئوحود رووبدات، عەبدوڵا جابیری کوڕی بانگ کرد و وتی –کوڕم– هیوام وایە سبەینێ یەکەم کەس بم بپێکرێم، جا وەسیەتت بۆ دەکەم لەگەڵ کچەکانی عەبدوڵا–خوشکەکانت– باش بە، جابیر دەڵێت ئەوەبوو بەیانی باوکم کوژرا و دوو دوو تەرمەکان دەخرانە یەك گۆڕەوە، باوکیشم لەگەڵ کەسێکی تر خرایە یەك گۆڕەوە، شەش مانگ وابوو، دواتر دڵم ئۆقرەی نەگرت تا بڕیارم دا بە جیا لەیەك گۆڕدا بیخەمە ژێر خاك، تەرمەکەیم دەرهێنایەوە، بینیم خۆڵ و زەویەکە هیچی بە جەستەی نەکردبوو تەنها تۆزێکی نەرمایی گوێی نەبێت.[2]

عەبدوڵای باوکی جابیر لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا شەهید بوو، دواتریش کە تەرمەکان خرانە ژێر خاك هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عەمر و عەمری کوڕی جەمووح خرانە یەك گۆڕەوە.[3]

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم هێنرا و تەرمەکەشی شێوێنرابوو، تەرمەکەی هێنرا و لەبەردەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانرا و بە جلێکیش داپۆشرابوو.[4]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7130، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7162، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2024، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5621، صححه الذهبي في تعليقاته على المستدرك، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 461.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 563.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 44.

4 - صحيح البخاري، الرقم 1245.

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم دانرابوو پۆشاکەکەی سەر دەموچاویم لادەبرد و سەیرم دەکرد و دەگریام، هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێگرییان لێدەکردم، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لیٚ نەدەکردم،[1] ویستم هەمتر پۆشاکەکەی سەر دەموچاوی لابەرم بەڵام هاوەڵان نەیانهێشت، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لایبرد-یان فەرمانی کرد لابرا- کە دەموچاوی دەرکەوت دەنگی گریانێك بەرزبوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتیان کچی عەمرە،[2] فاطیمەی کچی عەمری پوورم لەسەر تەرمی باوکم دەگریا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (تبکین أو لا تبکین ما زالت الملائکة تظله بأجنحتها حتی رفعتموه)،[3] (بگریت بۆی یان نەگریت بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن تا تەرمەکەی هەڵدەگرن).

باوکی یەکێك بوو لە شەهیدانی غەزای ئوحود، دواتریش لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کە موعاویە جۆگایەکی بەلای گۆڕی شەهیدانی ئوحوددا ڕاکێشا تەرمی عەبدوڵای باوکی جابیر دەرکەوت، ئەوەبوو پاش ماوەیەکی زۆر جابیر سەرلەنویٚ جەستەی باوکی خۆی بینیو تەماشای کرد جەستەی هیچ تێکنەچووبوو.[4]

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا موعاویە فەرمانی کرد جۆگایەك ڕابکێشرێت، ئەوانەی ئیشەکەیان دەکرد نامەیان نووسی بۆ موعاویە کە هەر دەبێت

1 - صحيح البخاري، الرقم 1199.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4621.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1199، صحيح مسلم، الرقم 4622، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13903.

4 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 190.

ئەو جۆگەیە بەناو گۆڕستانی ئوحوددا بڕوات، ئەویش نامەی نووسی بۆیان گۆڕەکان هەڵدەنەوە، جابیر دەڵێت تەرمی شەهیدەکانم دەدی بەسەر شانی ئەو خەڵکەوە بوون دەتوت خەوتون، پاچێك بەر لایەکی قاچی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب کەوت، خوێن لە قاچی هات.[1]

خێرا جابیر پاش شەهیدبوونی باوکی ڕێی جیهادی گرتەبەر، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دوای شکستی ئوحود ویستی سوپا کۆبکاتەوەو بچێت بەدوای بێباوەڕاندا، فەرمانی کرد تەنها ئەو کەسانە بێن کە لە جەنگی ئوحوددا بەشدار بون، جابیر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بۆ ئوحود ویستم بەشداری بکەم کەچی باوکم ڕێی پێ نەدام، دەی ئێستا دەرفەتم پێ بدە تا بێم لەگەڵتدا، پێغەمبەریش (ﷺ) ڕێی پێدا، لەو غەزایەدا جگە لە جابیر هیچ کەسی تر نەبوو بەشداری ئوحود نەبووبێت و چووبێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ).[2]

جابیر دەڵێت دوای مەرگی باوکم خەڵکێك قەرزیان لای باوکم بوو، منیش داوام لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد داوا لە خاوەن قەرزەکان بکات لە قەرزەکەیان خۆش بن، پێغەمبەریش (ﷺ) داوای کرد لێیان، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (اذهب فصنف تمرك أصنافا، العجوة على حدة، وعذق زيد على حدة، ثم أرسل إلي)، (بڕۆ و خورماکەت بەش بەش بکە، خورمای عەجوە لەلایەك و خورمای عذق لەلایەك، ئینجا بنێرە بەشوێنمدا)، منیش چووم و وامکرد و دواتر هەواڵم نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش هات و لە سەروو یان لە لای ناوەڕاستی خورماکانەوە

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 11.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 49.

وەستا، پاشان فەرمووی (بیکێشە بۆ خەڵك)، منیش بۆم دەکێشان تا چی قەرزیان هەبوو پێمدانەوە، ئینجا خورماکەش وەك خۆی مایەوە وەك ئەوەی هیچی لێ کەم نەبووبێتەوە.[1]

یەکێك لەو کەسانەی قەرزی لای عەبدوڵای باوکی جابیر بوو کابرایەکی جوولەکە بوو، سی کۆڵ خورمای لای عەبدوڵا بوو، جابیر داوای کرد کابرای جوولەکە ماوەیەك لەسەری بوەستێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو، جابیر چوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی کرد تا لای کابرای جوولەکە سکاڵای بۆ بکات، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هات بۆ لای کابرای جوولەکەو داوای لێکرد لەبری قەرزەکەی بەرهەمی خورماکەی ئەو ببات، بەڵام کابرا رازی نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ناو دارخورماکان و پیایدا تێپەڕ بوو، پاشان بە جابیری فەرموو (جد لە، فأوف لە الذي لە)، (بۆی لێبکەرەوەو ئەوەی هی ئەوە بۆی بکێشە)، ئەویش دەستی پێکرد، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە جابیر سی کۆڵەکەی دا بە کابرا و لە سەروو ئەوەشەوە حەڤدە کۆڵی تر مایەوە، جابیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەواڵی پێبدات چی روویداوە، کەچی بینی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی عەسر دەکات، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نوێژەکەی تەواو کرد جابیر پێی وت ئەو زیادەی ماوەتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (هەواڵی ئەوە بدە بە کوڕی خەططاب)، جابیریش چوو بۆ لای عومەر و هەواڵی ئەوەی پێدا، عومەریش پێی وت: من بە دڵنیایی دەمزانی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەناو دارخورماکاندا تێدەپەڕی خوا بەرەکەت دەخاتە ناو دارخورماکانەوە.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2038.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2288، مستخرج أبي عوانة، الرقم 4461.

جابیری کوڕ عەبدولاَّ دەڵێت لە ڕێیەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین و منیش لەسەر وشترێك بووم، لە دوای خەڵکەکەوە بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) بە شتێك کە لەدەستیدا بوو دای لە وشترەکە–بۆ ئەوەی بڕوات– ئیتر وشترەکە پێش خەڵکەکە دەکەوت، ئیتر وای لێهاتبوو جڵەوم دەگرت تا زۆر نەڕوات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بە ئەوەندەو ئەوەندە ئەیفرۆشیت و خواش لێت خۆش بێت؟ وتم پێشکەشت بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[1] منیش شەرمم کرد، چونکە تەنها ئەو وشترەمان هەبوو، وتم بەڵێ دەیفرۆشم، ئەوەبوو فرۆشتم پێی بە مەرجێك تا دەگەمە مەدینە پێم بێت، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زاوام، بۆیە داوای مۆڵەتم لێکرد،[2] پێی فەرمووم ئایا دوای باوکت هاوسەرگیریت کردووە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی کچ یان بێوەژنت هێنا؟ وتم بێوەژن، فەرمووی (فهلا تزوجت بكرا تضاحكك وتضاحكها، وتلاعبك وتلاعبها)،[3] (خۆزگە کچێکت بهێنایە تا بتخاتە پێکەنین و بتخستایەتە پێکەنین و گەمەی لەگەڵ بکردایتایەو گەمەت لەگەڵ بکردایە)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم ڕۆژی ئوحود کوژرا و نۆ کچی جێهێشتووە کە نۆ خوشکن بۆ من، منیش حەزم نەکرد ئافرەتێکی پێنەگەیشتووی وەك خۆیان بێنم بۆ لایان، بەڵام ژنێك بێت کۆیان بکاتەوەو چاوی لەسەریان بێت باشترە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أصبت)،

1 - صحيح مسلم، الرقم 2745.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3083.

3 - صحيح مسلم، الرقم 2745.

(چاکت کرد)،[1] ئینجا مۆڵه‌تی پێدام، منیش پێش خه‌ڵك به‌ره‌و مه‌دینه چووم تا هاتمه‌وه مه‌دینه، خاڵۆم گه‌یشت پێم و سه‌باره‌ت به وشتره‌که پرسیاری لێکردم، منیش پێم وت چیم پێکردووه، ئه‌ویش سه‌رکۆنه‌ی کردم، کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هاته‌وه وشتره‌که‌م بۆ برد، ئه‌ویش پاره‌ی وشتره‌که‌ی پێدام و وشتره‌که‌شی دایه‌وه به خۆم.[2]

ئه‌م رووداوه‌ش کاتی گه‌ڕانه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو له غه‌زای (ذاتورقاع).[3]

جابیری کوڕی عه‌بدوڵا له دوای غه‌زای ئوحوده‌وه له هه‌موو غه‌زاکانی تردا به‌شدار بوو، هه‌روه‌ها یه‌کێك بوو له به‌شداربوانی به‌یعه‌تی ریضوان.[4]

هه‌روه‌ها جابیر له غه‌زاکانی تریشدا به‌شداری کردووه‌و ورده‌کاریه‌کانی هه‌ڵسوکه‌وتی پێغه‌مبه‌ری خوای (ﷺ) له‌و غه‌زایانه‌دا باس کردووه، هه‌روه‌ك له باسی خه‌یبه‌ردا ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) رێگری لێکردین له خواردنی گۆشتی که‌ره‌کێوی به‌ڵام رێی پێداین بۆ گۆشتی ئه‌سپ، یان له فه‌تحی مه‌ککه‌دا ده‌ڵێت هیچ شتێك به غه‌نیمه‌ت نه‌گیرا، هه‌روه‌ها سه‌باره‌ت به حه‌جی ماڵئاواییش باسی ورده‌کاریه‌کانی حه‌جه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌کات که چی کردووه به قوربانی و چه‌ندی کردووه‌و چۆن ره‌جمی کردووه‌و...هتد،[5] باسی دواساته‌کانی ژیانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌گێڕێته‌وه که چۆن له نزیکیه‌وه بووه، ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) داوای کرد

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3844.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3083.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 61.

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 189.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 113، 143، 176، 177، 180، 187.

پەڕەیەك بهێنن تا وەسیەتێك بنووسێت تا ئوممەتەکەی دوای خۆی گومڕا نەبن و سەریان لێ نەشێوێت، بەڵام قسەو دەمەبۆڵەیەك هەبوو و عومەری کوڕی خەططابیش قسەی تێدا کرد، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) نامەکەی نەنووسی،[1] بەمجۆرە جابیر هەمیشە لە نزیکی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بوو.

کاتێك ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە و لە بەحرەینەوە سامانێکی بۆ هات، وتی کێ لەلایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەڵێنێکی پێدراوە با بێت وەریبگرێت، جابیریش چوو بۆ لای ئەبووبەکر و وتی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێنی پێدام ئەگەر سامانی بەحرەینی بۆ هات ئەوەو ئەوەم پێبدات، ئاماژەی بە هەردوو مشتی کرد، ئەبووبەکریش وتی بیبە، ئەویش بە هەردوو مشتی هەڵیگرت نزیکەی پێنج سەد درهەمی کرد، ئەبووبەکریش ئەو پێنج سەد درهەمەو هەزار درهەمی تریشی پێدا.[2]

دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) جابیر لە مەدینە مایەوەو لە مزگەوتی مەدینە-مزگەوتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)- دا بازنەی وانەوتنەوەی هەبوو و خەڵکی زانستیان لێ وەردەگرت.[3]

جابیری کوڕی عەبدوڵا مێزەرێکی سپی لەسەری دەبەست و لە پشتەوە مێزەرەکەی شۆڕدەکردەوە، هەروەها ئەو جلەی لەبەری دەکرد نەدەگەیشتە لای

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5683، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1828، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 14437، قال الشيخ شعيب الأرناؤوط لما جاء في مسند أحمد بن حنبل: صحيح لغيره.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2195، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 317.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

قولەپێی، ریشیشی خەنەیی دەکرد، جاریش هەبوو سەر و ریشی هەر بە سپێتی دەهێشتەوە.[1]

هەروەها جابیری کوڕی عەبدوڵا موفتی مەدینە بوو.[2]

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا جابیری کوڕی عەبدوڵا چوو بۆ مەککەو ماوەیەك لەوێ بو، ئینجا گەڕایەوە بۆ مەدینە.[3]

پەیوەندی جابیر لەگەڵ خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا باش بوو، بەڵکو عەبدولمەلیك فەرمودەی لە جابیر دەبیست و لەبەری دەکرد،[4] کاتێك عەبدولمەلیك هات بۆ حەج جابیر چوو بۆ لای، عەبدولمەلیکیش پێشوازی لێکرد،[5] جابیر وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مەدینە ئەوەیە کە دەیبینیت و (طيبة) یە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ناوی ناوە و خەڵکەکەشی سنووردراون، جا ئەگەر ئەمیری باوەڕداران پێی باش بێت سەردانیان بکات و مافیان بزانێت، عەبدولمەلیك حەزی بەوە نەکرد، جابیریش بەردەوام لێی دووبارە دەکردەوە تا ئەوەی قوبەیصە ئاماژەی کرد بۆ کوڕەکەی کە سەرکردەی ئەو بوو–جابیریش ئەوکات بینایی لەدەست دابوو–بە ئاماژە پێی وت بێدەنگی بکە، کوڕەکەشی هەوڵی دەدا جابیر بێدەنگ بکات، جابیر وتی قوڕت بەسەر چیم پێ دەکەیت؟ وتی بێدەنگ بە، جابیریش بێدەنگ بوو، کاتێك جابیر چوویەدەرەوە قوبەیصە دەستی جابیری گرت و وتی ئەی ئەبووعەبدوڵا ئەو

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 194.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 190.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 191.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 234.

5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 193.

خەڵکە بون بە پاشا و دەسەڵاتدار، جابیریش پێی وت خوا تاقیکردنەوەی چاکی بەخشی، هیچ بیانووت بۆ نیە و بەرپرسەکەشت ئەو قسانەت لێ دەبیستێت، ئەویش وتی دەبیستێت و نابیستێت، ئەوەی بیەوێت بیستوویەتی، ئەمیری باوەڕداران فەرمانی کردووە پێنج هەزار درهەمت پێ بدرێت، جا تۆش سوودی لێوەربگرە، جابیریش وەریگرت.[1]

جابیری کوڕی عەبدولا ماوەیەك پێش مردنی بینایی چاوەکانی لەدەست دا.[2]

قەتادە دەڵێت جابیر کۆتا هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە مەدینە کۆچی دوایی کردبێت، بەڵام بەغەوی دەڵێت کۆتا هاوەڵ لە مەدینە کۆچی دوایی کردبێت سەهلی کوڕی سەعد بوو.[3]

رای راستیش ئەوەیە سەهلی کوڕی سەعد کۆتا هاوەڵ بوو کە لە مەدینە کۆچی دوایی کرد، چونکە جابیر لەساڵی حەفتا و سێ یان حەفتاو چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، بەڵام سەهلی کوڕی سەعد لە ساڵی هەشتاو هەشت –یان رایەك دەڵێت نەوەدو یەك–ی کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو شەش یان سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]

سەبارەت بە ساڵی مردنەکەی رایەك دەڵێت لە ساڵی حەفتاو سێی کۆچی مردووە، رایەکی تریش دەڵێت لە ساڵی حەفتاو چواری کۆچیدا مردووە،[5] بەڵام ئیبن

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 231.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 22.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 548.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

سەعد دەڵێتساڵی حەفتاو هەشتی کۆچی وەفاتی کردووە،[1] ئیبن حەجەریش ساڵی حەفتاو چواری کۆچی بە راستتر دادەنێت.[2]

دەوترێت کاتێك جابیری کوڕی عەبدوڵا وەفاتی کرد تەمەنی نەوەد و چوار ساڵ بوو.[3]

واتە کۆتا هاوەڵ کە لە مەدینە مردبێت نەك کۆتا هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە کۆچی دوایی کردبێت، چونکە کۆتا هاوەڵ کە کۆچی دوایی کردبێت ئەنەسی کوڕی مالیك بووە وەك ئیمامی ذەهەبی دەڵێت: کۆتا هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە کۆچی دوایی کرد ئەنەسی کوڕی مالیك بوو.[4]

هەروەها جابیر کۆتا کەس بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەی دووەم کە مرد، واتە هەموو بەشداربوان مردون و دواجار ئەو ماوەتەوە و پاش هەموویان وەفاتی کردووە.[5]

کاتێك جابیری کوڕی عەبدوڵا کۆچی دوایی کرد والی مەدینە ئەبانی کوڕی عوثمان بوو کە ماوەی حەوت ساڵ والی مەدینە بوو.[6]

کاتێك جابیر کۆچی دوایی کرد تەرمەکەی لەناو بەنی سەلەمەدا بوو، کە تەرمەکەی هێنرایەدەرەوە حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە پێشەوە دارەمەیتەکەی هەڵگرتبوو، حەججاج فەرمانی پێکرد حەسەن لابچێت تا

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 112.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.

4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج6، ص289.

5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 189.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 152.

ئەو تەرمەکە هەڵگرێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو، منداڵەکانی جابیر داوایان لێکرد حەسەن لابچێت، ئەمجار حەسەن رازی بوو، ئینجا حەججاج چوویە شوێنەکەی حەسەن و تەرمەکەی هەڵگرت تا دانرا، ئینجا نوێژی لەسەرکرد، پاشان هاتە لای گۆڕەکە، ئەوکات حەسەنی کوڕی حەسەن دابەزیبوویە ناو گۆڕەکەوە، حەججاج فەرمانی پێکرد بێتەدەرەوە تا ئەو بڕواتە ناویەوە، بەڵام حەسەن رازی نەبوو، هەمدی کوڕانی جابیر داوایان لە حەسەن کرد بێتە دەرەوە، ئەویش رازی بوو، ئینجا چوویە دەرەوەو حەججاج چوویە ناو گۆڕەکەیەوە، ذەهەبی دەڵێت لەوانەیە حەججاج لەو کاتەدا بۆ حەج یان وەك سەردان چووبێتە حیجاز و هاتبێتە مەدینە.[1]

لەوانەیە هۆکاری ئەو توندیەی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی بەرامبەر بە حەججاج لەبەرئەوەی بووبێت کە وەك ئیبنولمدینی دەڵێت جابیر وەسیەتی کرد تا حەججاج نوێژی لەسەر نەکات،[2] واتە لەو کاتەدا حەججاج لەوێ بووبێت و جابیریش زانیبێتی لەوێیە و ئەو وەسیەتەی کردبێت.

ژمارەی ئەو فەرموودانەی بە سەنەد دەدرێنەوە پاڵ جابیری کوڕی عەبدوڵا نزیك بە هەزار و پێنج سەد و چل فەرموودەن،[3] پەنجاو هەشت فەرموودەی لای هەریەك لە بوخاری و موسلیم هاتون،[4] هەروەها فەرموودەو گێڕانەوەی زۆری گێڕاوەتەوە لە هەریەك لە ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەططاب و عەلی کوڕی ئەبووطالیب و ئەبووعوبەیدەو موعاذی کوڕی جەبەل و زوبەیری کوڕی عەوام و

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 193-194.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 434.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 22.
4 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 194.

چەندینی تر، هەریەك لە ئیبن موسەییب و عەتائی كوڕی ئەبی رەباح و سامی كوڕی ئەبولجەعد و حەسەنی بەصری و حەسەنی كوڕی موحەممەد ئیبنولحەنەفیەو ئەبووجەعفەری باقیر و سەعیدی كوڕی مینائو ئەبووزوبەیر و چەندینی تریش فەرموودەیان لێوەگێڕاوەتەوە.[1]

جابیر بۆ وەرگرتنی فەرموودەی قیصاص سەفەرێکی بەرەو میصر کرد تا ئەو فەرمووەدەیە لە عەبدوڵای کوڕی ئەنیس ببیستێت، ئینجا گەڕایەوە بۆ مەدینە.[2]

پەندو وانە

خاكیبوونی پێغەمبەر (ﷺ) كە كاتێك دەسەڵاتداری دەوڵەت و پێغەمبەری خواش بوو دەبینین لەگەڵ ئەبووبەكری صدیقدا سەردانی جابیر دەكات كاتێك دەزانێت نەخۆشە، چونكە مافێكی موسڵمان بەسەر موسڵمانەوە ئەوەیە سەردانی برا نەخۆشەكەی بكات، هەروەها دەبینین بە پیادە دەچن و هیچ پاسەوانێكیشیان لەگەڵ نەبووە، ئەمە بەو واتایە نا كە ئەگەر ئەمڕۆ سەركردەیەكی موسڵمانان پاسەوانی هەبێت ئەوە لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لایدابێت، بەڵكو پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە پاراستوویەتی، بەڵام خاكیبوونەكە واجبە بۆ سەركردەكانی ئەمڕۆی موسڵمانان.

ئاوی دەستنوێژ پاكەو ئەو ئاوپرژاندنەش لە ئاوی دەستنوێژ كە پێغەمبەر (ﷺ) بەرامبەر جابیر بەكاری هێنا هەم بەڵگەی ئەوەیە، هەم خاكیبوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیشان دەدات كە سەردانی هاوڵاتیەكی نەخۆشی ژێر

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 189.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 192.

دەسەڵاتی دەکات و لەویٚ دەستنویٚژ دەگریٚت و ئاوی دەستنویٚژیشی دەکاتە ئاوپرژێن بۆ ئەو نەخۆشە.

بۆ گەنج باش وایە هەوڵ بدات لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا ڕەچاوی جیاوازی تەمەن و وادەی جیاوازی ویستەکان بکات، وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری جابیری کرد خۆزگە کچێکت بهێنایە لەبری پیرەژن، بەڵام حاڵەتی تایبەت و پێویست کە بیانووی گونجاوی بۆ هەبێت هەمان ئەو پێوەرەری بۆ دەبێت کە جابیر مەسەلەو هۆکارەکەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕوون کردەوە و پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (باشت کرد)، چونکە هۆکارێکی گەورەتر لەوە هەبوو کە لە حاڵەتی ئاساییدا هەیە، ئەویش بوونی ژمارەیەك خوشکە کە پێویستیان بە ئافرەتێکی شارەزاو ژیر و خاوەن ئەزموونی پەروەردەو سەرپەرشتی هەیە.

لەبەرچاوگرتنی باری جەرگ سووتاوی و ناڕەحەتی کەسێك کە نزیکێکی دەمرێت پێویستە، ئەمە بەو واتایە نا کە ڕێی پێ بدرێت سنوورەکانی خوا ببەزێنێت، بەڵام لەو شتانەدا کە ڕەوان ڕێگر نەبین، وەك گریانی بێ شیوەن و سەیرکردن و ماچکردنی مردووەکە، دەبینین هاوەڵان ڕێیان نەدەدا جابیر جلی سەر دەموچاوی باوکی لاببات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) خۆی جلەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد تا جابیر سەیری بکات، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) خۆی بۆ مەرگی ئیبراهیمی کوڕی گریا و بە چەند دەربڕینێك سۆزی ناخی خۆی نیشاندا، لەوانە ((تدمع العين ويحزن القلب و لا نقول إلا ما يرضي الرب و إنا بك يا إبراهيم لمحزونين))،[1] (چاو فرمێسك دەڕژێ و دڵ

[1] - صحيح مسلم، الرقم 4402، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12818،

خەمبار دەبێ، هیچیش ناڵێین جگە لەوەی پەروەردگار پێی رازی بێت، ئەی ئیبراهیم ئێمە زۆر دڵگرانین بۆت).

هەروەها دەیفەرموو (يا إبراهيم لو لا أنه أمر حق و وعد صدق وأنها سبيل مأتيةو أنّ آخرنا سيلحق أولنا لحزنا عليك حزناً أشدّ من هذا، و إنا بك يا إبراهيم لمحزونون، تبكي العين و يحزن القلب و لا نقول ما يسخط الرب)،[1] (ئەی ئیبراهیم ئەگەر ئەمە ئەمرێکی هەقو بەڵێنێکی راست نەبوایەو رێیەکی هاتوو نەبوایەو لەبەرئەوە نەبوایە دەزانین پاشینمان (کۆتامان) دەگەین بە پێشینمان (یەکەممان) ئەوا خەفەتێکی زیاتر لەم دڵگرانیەمان بۆ دەخواردیت، ئەی ئیبراهیم ئێمە زۆر دڵگرانین بۆت، چاو دەگری و دڵ خەمبار دەبێ، شتێکیش ناڵێین کە پەروەردگار توورە بکات).

عەبدورەحمان دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ رێگری دەکەی لە گریان کەچی خۆت دەگریت؟ فەرمووی (إني لم أنه عن البكاء ولكنى نهيت عن صوتين أحمقين فاجرين، صوت عند نعمة لهو ومزامير الشيطان وصوت عند مصيبة لطم وجوه و شق جيوب، وهذه رحمة و من لا يرحم لا يُرحم...)،[2] ( من هەرگیز دوورەپەرێزیم لێ نەکردون لە گریان بەڵکو دوورەپەرێزیم لێ کردون لە دوو دەنگی ئەحمەقانەی خراپ و لەڕێدەرچوو، دەنگێ لە کاتی بەخششی خۆشیەك و ئاوازی شەیتان، وەدەنگێ لەکاتی موسیبەتدا بە دان لە دەموچاوو سنگ دادڕین، ئەمە سۆزە و هەرکەس سۆز و رەحمی نەبێ سۆز و رەحمی بۆ نابێ...).

[1] - الطبقات لابن سعد، الرقم 292، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6925، صححه الألباني.

[2] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6925، صححه الألباني في السلسلة الصحيحة.

ئامۆژگاری کردنی کەسانی بەرپرس و دەسەڵاتدار ئەرکی سەرشانی زانایانی ئوممەتە، وەك چۆن ئامۆژگاری ڕێنماییەکی دیاری پەیامی خوایەو فەرمانی کردووە بە موسڵمانان ئامۆژگاری یەکدی بکەن، ئەو ئەزموونە باڵایە لە مێژووی ئیسلامیدا بەدیکراوە کە زانایان ئامۆژگاری پێویستیان پێشکەش کردووە، زۆرجار دووری زانایان لە سەرکردەکانی وڵاتی موسڵمانان هۆکار بووە تا کەسانێکی دنیاویست و لەخوانەترس لەدەوری ئەو سەرکردانە بن و پێشنیازی خراپیان بۆ بخەنە ڕوو، بەڵام ئەگەر زانایانی ئوممەت توانییان بچنە لای سەرکردەکان بۆ پێدانی ئامۆژگاری و داوای مافی خەڵکو هاوکارییان لەسەر کاری چاکەو بێدارکردنەوەیان لە کاری خراپە، ئەمە دوور لە نیازی شەخصی و ویستی دنیایی، ئەو کات دەبنە پاڵپشتی خێر بۆ ئەو سەرکردەیە، جابیریش ئەوەی لەسەرشانی بوو لە ئامۆژگاری کردنی سەرکردەی موسڵماناندا ئەنجامی دا، لە نموونەی زانایانی دواتریشدا ئەوە دەبینین وەك چۆن ئیبن تەیمیە دەچوویە لای سەرکردەکان و ئامۆژگاری پێشکەش دەکرد و مافی خەڵکی داوا دەکرد و پێشنیازی چاکەی دەکرد بۆیان وەك چۆن داوای جیهادی کرد لە سەرکردەی موسڵمانان و خۆیشی بەشداری کرد و دوا وتەشی ئەوەبوو (من موڵکی گەلم نەك دەوڵەت).

جابیری کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عومەیرەو لە پشتیوانانە، لە هاوەڵانی دانیشتووی مەدینەیە.[1]

نەسائی گێڕانەوەیەکی هێناوە لە عەطائی کوڕی ئەبی رەباحەوە دەڵێت: هەریەك لە جابیری کوڕی عەبدوڵا و جابیری کوڕی عومەیرم بینی کە هەردووکیان لە پشتیوانانن، پێکەوە رمهاوێژییان دەکرد، پاش ماوەیەك یەکێکیان دانیشت، ئەوی تریان پێی وت ئەریێ تەواو، ماندوو بوویت؟ وتی بەڵێ، یەکێکیان بەوی تریانی وت ئایا نەتبیستووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (كل شيء ليس من ذكر الله فهو لعب لا يكون أربعة: ملاعبة الرجل امرأته، وتأديب الرجل فرسه، ومشي الرجل بين الغرضين، وتعلم الرجل السباحة)،[2] (هەر شتێك كە لە یادی خوادا نەبێت ئەوە گەمەو رابواردنە جگە لە چوار شت: رابواردن و گەمەی پیاو لەگەڵ ژنەکەی، راهێنانی ئەسپ لەلایەن خاوەنەکەیەوە، کێبڕکێی راکردن (چوونی خێرا)، کەسێك خۆی فێری مەلەوانی بکات).

جابیری کوڕی یاسر (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی یاسری کوڕی عوەیصە، هیچ فەرموودەیەکی لێوە نەگێردراوەتەوە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر.[3]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 380.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8663 و قال ابن حجر في الإصابة: صحيح الإسناد، السسن الكبرى للبيهقي، الرقم 18356، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1762، صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم 1282.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 440.

جابیری کوڕی ئەرزەق(رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی ئەرزەقی غاضریه،[1] نیشتەجێی یەمەن بوو،[2] دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ناوچەی حیمص نیشتەجێ بوو.[3]

جابیری کوڕی ئەرزەق دەڵێت بە سوارێك و بڕێ شمەکەوە چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بەردەوام لەگەڵیدا ڕێم دەکرد، ئینجا چوویە ناو قوبەیەکی لە چەرم درووستکراو، کە چوویەژوورەوە زیاد لە سی کەس لەگەڵی بوون کە قامچییان پێ بوو و لەبەردەرگاکەی وەستابوون، منیش نزیك بوومەوە، ئەوەبوو کەسێك ڕێی پێگرتم، منیش پێم وت ئەگەر ڕێم نەدەیت بەرامبەرت دەوەستمەوە و لێشم بدەیت لێت دەدەمەوە، کابرا وتی بەراستی کابرایەکی خراپیت، منیش وتم بەخوا تۆ لە من خراپتریت، وتی چۆن؟ وتم من لە ناوچەکانی یەمەنەوە هاتوم تا بڕۆم گوێ لە پێغەمبەر (ﷺ) بگرم و تێبگەم، ئینجا بگەڕێمەوەو ئەو بیستنەم بگەیەنمە ئەوانەی نەهاتون، کەچی تۆ ڕێم لێ دەگریت؟ ئەویش وتی بەخوا ڕاست دەکەیت من لە تۆ خراپترم، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) سەرکەوتەوە، خەڵکی لە عەقەبە لە میناوە لە دەوری بوون تا خەڵکی پرسیاری زۆریان لێدەکرد، لەبەر زۆرییان کەسیان نەدەگەیشتن بە پێغەمبەر (ﷺ)، کابرایەك هات کە قژی خۆی کورت کردبوویەوە، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) صەلەواتم لەسەر بدە، ئەویش فەرمووی (صلى الله على المحلقين)، (صەلەواتی خوا بۆ ئەوانەی قژیان دەتاشن–هەموو قژیان–) کابرا

1 - أسد الغابة، ج1، ص 370، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1440.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.

دووبارە ئەوەی وتەوەو پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان وەڵامی دایەوە تا سێ جار، ئینجا چوو سەری تاشی، ئیتر چی پیاو لەوێ بوون هەموو سەریان تاشی.[1]

سەبارەت بە حوکمی فەرموودەکە ئیبن موندە دەڵێت ئەم فەرموودەیە غەریبە و تەنها بەم سەنەدە زانراوە.

جابیری کوڕی ئوسامە (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی ئوسامەی جیهەنیە،[2] کونیەکەی ئەبووسوعادە،[3] لە هاوەڵە حیجازیەکاندا ئەژمار کراوە،[4] ئیبن حەجەر دەڵێت دواتر چووەتە میصر و لەوێ نیشتەجێ بووەو هەر لەوێیش مردووە.[5]

جابیری کوڕی ئوسامە دەڵێت رۆژێك لە بازاڕ گەیشتم بە پێغەمبەر (ﷺ) کە هەندێ لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوو، پرسیارم کرد –لە یەکێك لە هاوەڵان– ئەرێ بەرەو کوێ دەچن؟ (وە لە گێڕانەوەکەی طەبەریدا هاتووە: پرسیارم کرد لە هاوەڵان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ کوێ دەڕوات، لە گێڕانەوەکەی ئیبن شیبەشدا هاتووە: پرسیارم کرد لە هاوەڵان ئێوەو پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کوێ دەچن؟) وتیان دەچین تا خەت داڕێژین بۆ مزگەوتێك بۆ هۆزەکەی تۆ، منیش دواتر کە گەڕامەوە بینیم

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1440، أسد الغابة، ج1، ص 370.

2 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 138.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 370.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 429.

هۆزەکەم کۆبوونەتەوە، وتم ئەرێ ئەوە چیتانە؟ وتیان پێغەمبەر (ﷺ) خەتی مزگەوتێکی بۆ داڕشتین و لە رووی قیبلەشەوە دارێکی بۆ داچەقاندین.[1]

ئەمە بەڵگەی ئەوەیە جابیر تا ئیشەکەی خۆی تەواو نەکردووە لە بازاڕ نەگەڕاوەتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، بۆیە کاتێك دەچێتەوە بۆ ناو هۆزەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە خەتکێشانی مزگەوتەکە تەواو بووەو گەڕاوەتەوە.

جابیری کوڕی شەیبان (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی شەیبانی کوڕی عەجلانی ثەقەفیە، یەکێك بووە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[2]

جابیری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەبدوڵایەو جیایە لەو سێ جابیرەی تر کە ئەوانیش ناوی باوکیان عەبدوڵایە، چونکە جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمر نیە بەو بەڵگەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەم هاوەڵەی لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تر لە غەزای ئوحود گەڕاندەوەو نەیهێشت لەبەر کەمی تەمەنیان بەشداری بکەن،[3] بەڵام ئەوکات تەمەنی جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمر لە سەروو بیستساڵیەوە دەبوو و باوکیشی نەیهێشت بەشداری بکات لەبەرئەوەی نۆ خوشکی هەبوو و دەبوو ئاگاداریان بێت.

---

1 - الآحاد و المثانی لابن أبي عاصم، الرقم 2254 و اللفظ له، المعجم الكبيرللطبراني، الرقم 2043، تأريخ المدينة لابن شبة، الرقم 178، حسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 449 و قال إسناده حسن أو قريب من الحسن.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 374.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 437.

ئیبن حەجەر سەبارەت بە هەریەك لەو دوو جابیرەکەی تریش کە عەبدی و راسی–یان راسیبی– بوون دەڵێت لە باسیاندا نەهاتووە پێغەمبەر (ﷺ)لە غەزای ئوحوددا ئەوانی گەڕاندبێتەوە.[1]

## جابیری کوڕی عەبدوڵای راسی (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەبدوڵایە، هەندێ بە راسیبی دادەنێن،[2] بەڵام ئەبوونوعەیم دەڵێت راست ئەوەیە لە پشتیوانانە، دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو،[3] ئیبن ئەثیر دەڵێت ئەبوونوعەیم کە دەڵێت وادەزانم هەر لە پشتیوانانەو سولەمیە، ئەوا دوو جابیر هەبوون پشتیوانی و سولەمی بن، یەکێکیان جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی ریئاب، دووەمیش جابیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەمر، هەردووکیشیان لە مەککە نیشتەجێ بون و نەچون لە بەصرە نیشتەجێ بن،[4] بۆیە ئەم هاوەڵەش جیایە لەو دوو جابیرەی تر کە ئەوانیش ناوی باوکیان عەبدوڵایە.

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (من عفا عن قاتله دخل الجنة)،[5] (هەرکەس لە بکوژەکەی خۆش بێت دەچێتە بەهەشتەوە).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 437.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 376.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 436.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 377.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 436.

جابیری کوڕی عەتیکی سولەمی (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی قەیسی کوڕی ئەسوەدە، ئەم هاوەڵە جیایە لە جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی قەیسی ئەوسی، چونکە ئەمەیان لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان واتە خەزرەجیە.[1]

جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی نوعمانی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە، کونیەکەی ئەبوعەبدولڵایە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سوفیان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

جابیری کوڕی عەتیکی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی قەیسی کوڕی حارثە، یان ناوی بە جەبریش هاتووە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدولڵایە.[3]

هەندێ پێیان وایە جەبر و جابیری کوڕی عەتیك هەر یەك کەسایەتی بن، بەڵام رای تریش هەیە کە بە برای یەکتریان دەزانێت وەك چۆن ئیبن سەعد ئاماژەی بەوە کردووەو ئیبن حەجەریش ئەو مەسەلەی باس کردووە،[4] بەڵام بەو پێیەی لە باسی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 439.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 438.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 379.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 452.

هەریەك لە جەبر و جابیردا هاتووە لە فەتحی مەككەدا ئاڵای هۆزەكەی خۆی پێ بووەو زۆرێكیش ئاماژە بەوە دەدەن یەك كەسایەتی بن، پێدەچێت رای راستتر ئەوەبێت كە جەبر و جابیر هەر یەك كەسایەتی بن.

دایكی ناوی جەمیلەی كچی زەیدی كوڕی صەیفییە،[1] ژنێكی هەبوو ناوی هەضبەی كچی عەمری كوڕی مالیك بوو كە لەو ژنەی ئەم منداڵانەی هەبوو (عەتیك، عەبدوڵا، ئومموثابت).[2] جەبری كوڕی عەتیك دوو كوڕی تریشی هەبوو بە ناوەكانی (موحەممەد و عەبدولمەلیك).[3]

هەروەها جەبر برایەكی هەبوو بە ناوی بەشیر، بەشیری كوڕی عەتیك لە غەزای ئوحوددا بەشداری كرد، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەشدا بەشداری كرد و هەر لەو جەنگەشدا كوژرا.[4]

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان كۆچەری و پشتیوانەكانەوە، برایەتی خستە نێوان خەبابی كوڕی ئەرەت و جەبری كوڕی عەتیكەوە.[5]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 390.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 469.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 261.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص313.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 166.

جابیر کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[1] کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی ئەبووسوفیان کە ئەمیشیان فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

هەروەها جابیر برایەکی هەبوو بە ناوی حارثی کوڕی عەتیك.[3]

جابیر لە بەدر و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد،[4] لە فەتحی مەککەدا ئاڵای بەنوموعاویە بەدەست جابیری کوڕی عەتیکەوە بوو.[5]

جابیری کوڕی عەتیك هەر لە مەدینە ژیاوەو لەوێش مایەوە تا کاتی مردنی.[6]

موحەممەدی کوڕی عومەر دەڵێت جەبری کوڕی عەتیك لە ساڵی شەست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد لەو کاتەی یەزیدی کوڕی موعاویە دەسەڵاتدار بوو، تەمەنیشی لە کاتی مردنیدا حەفتاو یەك ساڵ بوو.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 437.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 379.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 379.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 437.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 379.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 390.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص469.

جابیری کوڕی ئەبی سەبرە (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی ئەبی سەبرەی ئەسەدیە.[1]

جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) باسی جیهادی دەکرد و دەیفەرموو (إن الشيطان جلس لابن آدم بطرقه، قال فجلس له على طريق الإسلام فقال تسلم وتدع دينك ودين آبائك؟ فعصاه فأسلم، ثم أتاه من قبل الهجرة وقال تهاجر وتدع أرضك وسماءك ومولدك وتضيع عيالك؟ فعصاه فهاجر، ثم أتاه من قبل الجهاد فقال تجاهد فيهراق دمك وتنكح زوجتك ويقسم مالك ويضيع عيالك؟ فعصاه فجاهد)،(شەیتان لە هەموو ڕێگەکانەوە دادەنیشێت بۆ ئادەمیزاد، دەڵێت لە ڕێی موسڵمانبوونیدا دادەنیشێت بۆی و پێی دەڵێت موسڵمان دەبیت و واز دێنیت لە ئایینی خۆت و ئایینی باوباپیرانت، ئادەمیزادیش لەو قسەی شەیتان یاخی دەبێت و موسڵمان دەبێت، ئینجا لە ڕێی کۆچکردنی موسڵماندا بۆی دادەنیشێت و پێی دەڵێت کۆچ دەکەیت و واز دێنیت لە زەوی و خاکو ئاسمان و شوێنی لەدایکبوونی خۆت و ژنو منداڵت بەهیلاکا دەبەیت؟ ئادەمیزاد لێی سەرکەش دەبێت و کۆچ دەکات، ئینجا لە ڕێی جیهادەوە دێت بۆی و دەڵێت جیهاد دەکەیت و خوێنت دەڕژێت و ژنەکەت مارە دەکرێتەوەو سامانەکەت دابەش دەکرێت و ژن و منداڵت بە هیلاکا دەبەیت؟ ئادەمیزادیش لە شەیتان سەرکەش دەبێت و جیهاد دەکات)، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فحق على الله من فعل ذلك فخر من دابته فمات فقد وقع أجره على الله، وإن لسعته الدابة فمات، فقد وقع أجره على الله، وإن قتل قعصا فحق على الله أن يدخله

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 430، أسد الغابة، ج1، ص 372.

الجنة)،[1] ( جا حەقە بەسەر خواوە هەرکەس وابکات و لەسەر ئاژەڵەکەی بکەوێتە خوارەوەو بمرێت، پاداشتی لای خوایە، ئەگەر گیاندارێك بیگەزێت و بمرێت ئەوە پاداشتی لای خوایە، ئەگەریش یەکسەرە بکوژرێت ئەوا مافە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە).

ئەم فەرموودە لە هەندێ گێڕانەوەی تردا لە سەبرەی کوڕی ئەبی فاکیهەوە بە دەقێکی هاوشێوە هاتووە و ئەلبانیش لە تەحقیقی ئەو فەرموودەی سەبرەدا باسی ئەوەشی کردووە کە بە سەنەدی جابیری کوڕی ئەبی سەبرەش هاتووەو فەرموودەکەی بە صەحیح داناوە.[2]

## جابیری کوڕی ئەبی صەعصەعە (رضي الله عنه)

ناوی جابیری کوڕی ئەبی صەعصەعە (عەمر)ی کوڕی زەیدی کوڕی عەوفە، لە پشتیوانانە لە مازنیەکان،[3] دایکی ناوی شەیبەی کچی عاصمی کوڕی عەمرە.[4]

کوڕانی ئەبی صەعصەعە چوار برا بوون: قەیس و ئەبوکیلاب و جابیر و حارث.[5]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1439، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 4067.

2 - سلسلة الأحاديث الصحيحة لألباني، الرقم 2979.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 439.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 517.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 375.

قەیسی کوڕی ئەبی صەعەصەعەی برای بەشداری هەریەك لە عەقەبە و بەدری کرد.[1]

حارثی کوڕی ئەبی صەعصەعەش لە ڕۆژی یەمامەدا کوژرا.[2]

ئەبووکیلابی برایشی لە غەزای موئتەدا کوژرا.[3]

جابیر لە غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو،[4] دواجاریش لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[5]

## جاروودی کوڕی مونذیر (رضي الله عنه)

ناوی جاروودی کوڕی مونذیری عەبدیە، هەندێ پێیان وایە جاروودی کوڕی موعەللا و ئەم هاوەڵە هەر یەك کەسایەتین، بەڵام هەریەك لە بوخاری و ئیبن حەجەریش پێیان وایە ئەم کەسایەتیە جیایە لەو هاوەڵەی پێشوو و ئەم هاوەڵەیان ماوەیەکی زۆ دوای جاروودی کوڕی موعەللا مردووەو حەسەن و ئیبن سیرین فەرموودەیان لێ وەرگرتووە.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 439.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 517.
3 - أسد الغابة، ج6، ص 277.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 439.
5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص 1739.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 443.

جاروودی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه)

ناوی جاروودی کوڕی موعەللا یان جاروودی کوڕی عەمری کوڕی موعەللا یان جاروودی کوڕی عەلائی عەبدییە،[1] کونیەکەی ئەبولمونذیر یان ئەبووغیاثە.[2]

رایەکی تر دەڵێت بەڵکو ناوی بیشر بووە.[3]

دایکی جاروود ناوی دەرمەکەی کچی رووەیم بوو.[4]

جاروود سەرەتا کەسێکی مەسیحی بوو، لە ساڵی دەی کۆچیدا کاتێك وەفدی عەبدولقەیس هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، جاروودیش هات لەگەڵیان و موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) دڵخۆش بوو بە موسڵمانبوونەکەی و لەخۆی نزیك کردەوە.[5]

جاروود لە سەردەمی نەفامی و لەکاتی مەسیحی بوونیشیدا کەسایەتیەکی ناسراوو وخانەدان بوو و لەناو خەڵکدا رێزی زۆری لێ دەنرا.[6]

پێغەمبەر (ﷺ) نامەی نووسی بۆ خەڵکی بەحرەین و داوای کرد لێیان بیست کەسیان وەك وەفد بێن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو بیست کەسیان هاتن کە عەبدوڵای کوڕی عەوف ئەشەج بەرپرسیان بوو و جاروودیش لەناو وەفدەکەدا بوو،

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج، ص 262.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 382.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 442.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 559.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 383.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 559.

هاتنەکەشیان لە ساڵی فەتحدا بوو، وترا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانە وەفدی عەبدولقەیسن، فەرمووی مەرحەبایان لێ بێت عەبدولقەیس هۆزێکی زۆر باشن، وەفدەکە ماوەی دە رۆژ لە مەدینە مانەوەو میوانداری کران،[1] لەو بیست کەسە دوانزە کەسیان لە عەبدولقەیس بوون و جاروودیش یەکێك بوو لەوان.[2]

جاروود دەڵێت کاتێك چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتم ئەگەر من واز بهێنم لە ئایینی خۆم و بێمە ناو ئایینەکەی تۆوە ئەوەم بۆ هەیە کە خوا سزام نەدات؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (بەڵێ).[3]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من زامنی ئەوەت دەکەم کە خوای گەورە رێنموونی کردویت بۆ چاکتر لەوەی-لەسەری بویت)، بۆیە جاروود بە چاکی موسڵمان بوو، کاتێك ویستی بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد سوارێکی پێ بدات تا پێی بچێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچ سوارێك شك نابەم پێت بدەم، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نێوانی من و وڵاتەکەم وشتری ونبووی تێدایە، ئایا سواری ئەو وشترانە ببم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنما هو حرق النار فلا تقربها)، (بەراستی ئەوە سووتانی دۆزەخە، بۆیە نزیکی شتی وا نەبیتەوە).[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 314-315.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 557.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 442.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 560.

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) جاررود لەسەر موسڵمانێتی خۆی بەردەوام بوو، کاتێك خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو هۆزەکەی ئەویش لەگەڵ مەعرووری کوڕی مونذیر لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، جاروود بە موسڵمانی مایەوەو شایەتومانی حەقی دووبارە کردەوەو خەڵکی بانگکردەوە بەرەو ئیسلام و وتی ئەی خەڵکینە من شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە[1]

جاروود خزمی ئەبووهورەیرە بوو، کاتێك عومەر ئەبوهورەیرەی نارد بۆ بەحرەین، جاروود لەگەڵی چوو.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەتتاب قودامەی کوڕی مەظعوونی کرد بە والی بەحرەین، قودامە بە جوانی کارەکانی خۆی دەکرد و سکاڵای لەسەر نەبوو ئەوەندە نەبێت ئامادەی نوێژی جەماعەت نەدەبوو، جاروود کە ئەوکات گەورەی عەبدولقەیس بوو هات بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران قودامە مەی خواردوەتەوەو منیش حەددێك لە حەددەکانی خوا دەبینم کە پێویستە لەسەرم بیگەیەنم بە تۆ، عومەر وتی کێ شایەتی دەدات لەسەر ئەوە، جاروود وتی ئەبوهورەیرە شایەتی ئەوە دەدات، عومەریش نامەی نووسی بۆ قودامەو داوای کرد بێت بۆ لای، جاروود قسەی دەکرد بۆ عومەر و دەیوت پەیامی خوا لەم مەسەلەدا بەجێبگەیەنە، عومەریش پێی وت تۆ لەم مەسەلەدا شاهیدیت یان نەیاریت (لایەنی کێشەکە) جاروود وتی من شاهیدم، عومەر وتی دەی تۆ شایەتی خۆتت بەجێگەیاند،

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 560.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 442.

بۆیه جاروود بێده‌نگ بوو، به‌یانی هه‌مدی هاته‌وه بۆ لای و به عومه‌ری وت حه‌ددی خوا له‌سه‌ر ئه‌م که‌سه جێبه‌جێ بکه، عومه‌ریش وتی هه‌رچی سه‌یرت ده‌که‌م تۆ نه‌یارو سکاڵاکاریت، ته‌نها یه‌ك که‌سیش هه‌یه شاهیدی له‌سه‌ر بدات، سوێند به‌خوا یان زمانی خۆت راده‌گریت یان توندیت له‌ڕوودا ده‌نوێنم، جاروودیش وتی سوێند به‌خوا ئه‌وه حه‌ق نیه ئامۆزاکه‌ت مه‌ی بخواته‌وه‌و تۆش توندی به‌رامبه‌ر من بنوێنیت، ئه‌وه‌بوو عومه‌ر لێی تووڕه بوو و ماوه‌یه‌ك به به‌ندی هێشتیه‌وه.[1]

ئه‌م کاره‌ی عومه‌ری کوڕی خه‌طتاب بۆ به‌رگری کردن نه‌بوو له قودامه و چاوپۆشی نه‌بوو له جێبه‌جێکردنی حه‌ددێکی ئیسلام، به‌ڵکو نه‌بوونی دوو شایه‌ت واته نه‌بوونی ره‌وایی له په‌یڕه‌وکردنی حه‌ددێکدا، بۆیه مه‌سه‌له‌ی حوکمدان له مه‌سه‌له‌یه‌کدا له‌سه‌ر بنه‌مای متمانه به‌که‌س بوون و رێڕه‌وی سۆزداری نابێت، با حه‌قیش بووبێت و ئه‌و که‌سه‌ی سکاڵای له‌سه‌ر کراوه تاوانێکی کردبێت که حه‌ددی له‌سه‌ر واجب بکات، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به پێی پێویست شایه‌تی له‌سه‌ر نه‌بوو و که‌سه‌که‌ش خۆی دانی نه‌نا به‌و تاوانه‌دا، ئه‌وا ناکرێت حه‌ددی له‌سه‌ر جێبه‌جێ بکرێت، بۆیه ئه‌گه‌ر سه‌نه‌دی ئه‌م گێرانه‌وه صه‌حیح بێت و رووداوی وا روویدابێت، ئه‌وه به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر حه‌قبوونی عومه‌ری کوڕی خه‌طتاب تا رێ نه‌دات له‌سه‌ر بنه‌مای متمانه‌ی تاکه‌که‌سی یان سۆزداری حوکمی خوا بدرێت به‌سه‌ر هیچ که‌سدا، به‌ڵکو حوکمی خوا ته‌نها کاتێك په‌یڕه‌و ده‌بێت ئه‌و هۆکارو بنه‌مایانه‌ش بوونیان هه‌بێت که خوا دیاری کردون، بۆیه ته‌نها شایه‌تێك نابێته به‌ڵگه بۆ په‌یڕه‌وی حه‌ددی خوا به‌سه‌ر زیناکارێکدا با زیناکه‌ش کرابێت، ماده‌م ژماره‌ی پێویستی شایه‌ت نین ده‌بێت ئه‌و

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 560-561.

دۆسیەیە دابخرێت، هەر شلگیری یان زێدەكاری یان ڕێپێدانێكی زیادە لە بەشی سزادان (حەدد) لە ئیسلامدا قبووڵ نەكراوە، بە دڵنیاییەوە هەركەس لەسەر بنەمای سۆز بڕیار بدات ئەوەی پێ ناڕەوایە كە كەسێك سكاڵای لەسەر كرابێت هیچی پێ نەكرێت و كەسێكیش كە خۆی مەی نەخواردوەتەوەو سكاڵای لەسەر كەسێك كردووە سزا بدرێت.

جاروود دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە.[1]

دواجار لە ساڵی بیست و یەكەمی كۆچی و لە سەردەمی خیلافەتی عومەری كوڕی خەططابدا لە خاكی فارس كوژرا.[2]

ڕایەكی تریش دەڵێت بەڵكو لە جەنگی نەهاوەند لەگەڵ نوعمانی كوڕی موقرن بوو و تیایدا كوژرا.[3]

جاریەی كوڕی ظوفەر (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی كوڕی ظوفەری یەمامی حەنەفییە، كونیەكەی ئەبوونمرانە، چونكە كوڕێكی هەبوو بە ناوی نمران، مەولایەكیشی هەبوو بە ناوی عقیلی كوڕی دینار، هەریەك لە كوڕەكەی و مەولاكەی فەرموودەیان لێوەگێڕاوەتەوە،[4] بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدی گێڕانەوەكەی لە دهشمەوەیە كە زۆر لاوازە.[5]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 383.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 442.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 383.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 385.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 444.

ئەم هاوەڵە لە کووفە نیشتەجێ بووە.[1]

جاریەی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

رایەك دەڵێت ناوی جاریەی کوڕی جابیری عەصرییە، ئیبن حەجەر دەڵێت وا دەزانم ناوی جوەیریەی عەصریە کە ئیبن مندە باسی کردووە،[2] یەکێك بوو لە ئەندامانی وەفدی عەبدولقەیس.

جاریەی کوڕی حومەیل (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی کوڕی حومەیلی کوڕی نوشەبەی ئەشجەعیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەشداری غەزای بەدری کرد.[3] جاریەی کوڕی حومەیل دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

جاریەی کوڕی زەید (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی کوڕی زەیدی کوڕی عەددەی کوڕی کەلبیە، تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب مایەوەو لە جەنگی صفیندا لە ریزەکانی عەلیدا بەشداری کرد.[5]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 227.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 444.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 384.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 384، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 444.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 444.

## جاریەی کوڕی عەبدوڵای ئەشجەعی (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی کوڕی عەبدوڵای ئەشجەعیەو هاوپەیمانی بەنی سەلەمە بوو لە پشتیوانان، لە جەنگی یەرمووکدا بەشدار بووەو بەرپرسی بەشێکی سوپاکە بوو، سیفەتی خەلیفە راشیدینەکانیش وابوو تەنها هاوەڵانی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کردووە بە بەرپرسی سوپا و بەشەکانی سوپا.[1]

## جاریەی کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی زەنبەرە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (یوم الجمعة سید الأیام)،[2] (ڕۆژی هەینی گەورەی ڕۆژەکانە).

ئەبونوعەیمی ئەصبەهانی کە ئەو فەرموودەی هێناوە (یوم الجمعة سید الأیام) لە ئەبولوبابەی کوڕی عەبدولمونذیرەوە هێناویەتی و لەژێر ناوی جاریەی کوڕی عەبدولمونذیریشدا هێناویەتی،[3] واتە پێدەچێت کونیەکەی جاریە ئەبولوبابە بووبێت چونکە باوکی ئەمیش عەبدولمونذیر بووەو هەمان فەرموودەش گێردراوەتەوە.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 444.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 385.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1554.

جاریەی کوڕی قودامە (رضي الله عنه)

ناوی جاریەی کوڕی قودامەی کوڕی مالیکی کوڕی زوهەیری تەمیمی سەعدیە، بەوە ناسراوە کە مامی ئەحنەف بووە، بەڵام لە بنەڕەتدا مامی نەبووە بەڵکو ئەحنەف وەك ڕێزلێنان و بەرزراگرتنی جاریە بە مامە بانگی دەکرد،[1] کونیەی جاریە ئەبووعەمر یان ئەبوو ئەیووب بووە،[2] یان دەوترێت کونیەکەی ئەبوویەزید بووە.[3]

جاریە دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[4]

جاریەی کوڕی قودامە جارێك لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمایشتێکم پێ بفەرموو کە خوای گەورە بەوە سوودمەندم بکات، بە کورتیش پێم بفەرموو بەڵکو لەبیرم نەچێتەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی (لا تغضب)، (توورە مەبە) چەند جارێك جاریەی کوڕی قودامە ئەو قسەی دووبارە دەکردەوەو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هەمان شتی دەفەرموو.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 445.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 226.

3 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 26.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 226.

5 - صحيح ابن حبان، الرقم 5767، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6619، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 24858، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15668، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2061، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 8026، صححه الألباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم 2748.

جاریە ئامادەی ئەو حاڵە بوو کە تیایدا عومەری کوڕی خەططاب شەهید کرا، جاریە دەڵێت ئێمە لە کۆتا کەسان بووین کە چووین بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب، داوای وەسیەتێکمان لێکرد کە کەسی تر لێی نەکردبوو.[1]

جاریە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا سەرکردەیەکی دڵسۆزی عەلی بوو،[2] تەنانەت عەلی بۆ بڕیاردان رای ئەوی وەردەگرت، بۆ نموونە کاتێك ویستی کەسێکی بەتوانا دابنێت بۆ ناوچەی فارس کاتێك ئامادە نەبوون خەراج بدەن، جاریە وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا کەسێکت پێ بڵێم کە رادروست و شارەزای سیاسەت بێت و دەرەقەتی ئەو ئیشە بێت کە پێی دەسپێریت، عەلی وتی ئەو کەسە کێیە؟ وتی زیاد، ئەوەبوو عەلی زیادی دانا بۆ ناوچەی فارس و کرمان و چوار هەزار سەربازی خستە بەردەستی.[3]

کاتێك دایکی باوەڕداران عائیشە لەگەڵ طەلحەو زوبەیردا بەرەو بەصرە دەرچوو، جاریەی کوڕی قودامە چوو بۆ لای و وتی: ئەی دایکی باوەڕداران سوێند بەخوا کوژرانی عوثمانی کوڕی عەففان زۆر ئازارو زیانی کەمترە لەم دەرچوونەی تۆ لە ماڵەوە کە بەم وشترە نەفرەتیە دەرچویت، تۆ پەردەو حورمەتێکت لای خواوە بۆ هەبوو کەچی وا ئەو پەردە نەماوەو حورمەتیشت بەزێنراوە، هەرکەس بڕوای هەبێ لەگەڵت بجەنگێت بڕواشی هەیە بە کوشتنت، ئەگەر بە ویستی خۆت هاتویت ئەوا

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 56.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 226.

3 - تأريخ الطبري، ج3، ص 151.

بگەڕێرەوە بۆماڵی خۆت، ئەگەریش بە زۆرەملێ و ناچاری هێنراویت ئەوا پشت بە من ببەستەو من هاوکارت دەبم.[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب ئەوی بە سوپایەکەوە نارد بۆ بەصرە کە لەو کاتەدا عەبدوڵای کوڕی حەضرەمی لێ بوو کە لەلایەن موعاویەوە نێردرابوو تا بەیعەت کۆ بکاتەوە بۆ موعاویە، ئەویش لە ماڵێکدا گەمارۆی دا، دواتریش ماڵەکەی بەسەردا سووتاند.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا خەڵکێك لە یەمەن لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەوەبوو عەلی سوپایەکی ئامادە کردو جاریەی کوڕی قودامەی کرد بە سەرکردەی سوپاکەو ناردی بۆ ئەوێ، لەوێ هەموو ئەوانەی کۆکردەوە کە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوەو دای لە گەردنی هەموویان و بە ئاگریش جەستەی ئەوانی سووتاند، چونکە عەلی کوڕی ئەبووطالیب فەرمانی بەو کارە کردبوو.[3]

هەروەها عەلی کوڕی ئەبووطالیب بیستی بوسری کوڕی ئەرطەئە لە حیجاز چ خوێنرێژیەکی کردوە، بۆیە جاریەی کوڕی قودامەی نارد بۆ حیجاز، ئەویش چوو بۆ ئەوێ و هەرکەسی ببینیایە بەیعەتدان بە عەلی هەڵوەشاندبێتەوە دەیکوشت.[4]

هەروەها جاریە لە جەنگەکانی تردا لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری کرد.[1]

---

1 - تأريخ الطبري، ج3، ص 15.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 226-227، تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 587.

3 - تهذيب الآثار للطبري، الرقم 1382.

4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 26.

جاهیمەی کوڕی عەبباس (رضي الله عنه)

ناوی جاهیمەی کوڕی عەبباسی کوڕی میرداسی سولەمیە، کونیەکەی ئەبوو موعاویەیە،[2] جاهیمە کوڕێکی هەبوو بە ناوی موعاویە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

جاهیمە یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای خەندەق.[4]

عەبباسی باوکی یەکێك بوو لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و بە ژمارەیەکی زۆری سوارەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا لەگەڵیدا لە فەتحی مەککەدا بەشدار بن.[5]

جاهیمە دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەبارەت بە جیهاد کردن راوێژی پێ بکەم،[6] لە گێڕانەوەیەکی تردا موعاویەی کوڕی جاهیمە دەڵێت وتم من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ئایا دایکت زیندووەو ماوە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ارجع فبرها)، (دەی بگەڕێرەوەو چاکە لەگەڵ دایکت بکە)، دواتر لە لایەکی ترەوە هاتمە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرموی (ویحك أحیة

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 545.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 387.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 446.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 446.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 271.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 446.

أمك؟)ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (دەی بگەڕێرەوە بۆ لای و چاکەی لەگەڵ بکە)، جاهیمە دەڵێت ئەمجاریان لە بەرامبەریەوە هاتمەوە خزمەتی و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نیەتی جیهادم هێناوە لەگەڵ تۆدا تا بەوە رەزامەندی خواو بەهەشت بەدەست بهێنم، ئەویش فەرمووی (ماڵوێران ئایا دایکت زیندووە؟) وتم بەڵێ، فەرمووی (ویحك، الزم رجلها فثم الجنة)، [1] (ماڵت وێران دەی برۆ پەیوەستی قاچەکانی بە چونکە بەهەشت لەوێدایە).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (اذهب فألزمها فإن الجنة عند رجليها)، [2] (برۆ لای دایکت بە چونکە بەهەشت لای پێکانی دایکتە).

ئەم فەرموودەیە ئاماژەیە بە گەورەیی فەزڵی دایك وباوك و چاکەکردن لەگەڵیاندا، هەروەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە یەکێك لە گوناهە گەورەکان بریتیە لە ئازاردانی دایكو باوك، خوای گەورەش فەرمان دەکات بە موسڵمان ئەگەر دایك و باوك یەکێکیان یان هەردووکیان پیر بوون و لای منداڵەکەیان مانەوەو ئازار و نارەحەتیشیان دروست کرد بۆیان ئەوا منداڵەکەیان تەنها ئۆف وتنێکیش چیە لە بەرامبەریاندا نەیڵێت، چ جای ئەو منداڵانەی کە بێ ئەوەی دایك و باوکیان پێویستیان بەوان بێت خراپە دەنوێنن لە رووی دایك وباوکیاندا، هەیانە کاریگەرە بە ماددە و هەیانە کاریگەرە بە ژنەکەی و هەیانە کاریگەرە بە منداڵەکەی و هەیانە کاریگەرە بە بیرو بیرکردنەوەی خۆی، هەریەك لەوانەو چەندینی تر هۆکارن بۆ

---

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 2777، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2781.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4181، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2438 و صححه الذهبي في التلخيص، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16571، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1608.

ئازاردانی دایك و باوك، وەك چۆن دەكرێت هەریەك لەوانە بكرێنە هۆكار بۆ دڵخۆش كردنی دایك و باوك، جا چ رەحمەتێكە كەسێك سۆزی دایك و باوكی بۆ بمێنێت، مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) تكای نەكرد لای خوای گەورە تا رێی پێ بدات سەردانی گۆڕەكەیان بكات؟ هەروەك بەپێی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) دەزانین ئەركی منداڵ بەرامبەر بە دایك و باوك تەنها بە مردنیان كۆتایی نایەت، بەڵكو چەندین مافی تری دایك و باوك هەن بەسەر منداڵەوە وەك نزاكردن بۆ دایك و باوك و سەردانی خزمان و كەسە خۆشەویستەكانیان و سەردانی گۆڕیان و خۆپاراستن لە قسەو كارێك كە ببێتە هۆكار تا خەڵكی تر نەفرین و قسەی ناشیرینیان پێ بڵێن.

هەروەها ئەوەش روونە كە فەزڵی چاكەكردن لەگەڵ دایكدا لەپێشترە لە ئاست باوكدا وەك چۆن لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) لە وەڵامی هاوەڵێكدا كە وتی كێ باشترین كەسە تا هاودەمی بكەم فەرمووی دایكت، تا سێ جار ئەوەی دووبارە كردەوە تا لە جاری چوارەمدا فەرمووی باوكت، ئەمە بەو مانایە نا باوك پشتگوێ بخرێت، چونكە چاكە لەگەڵ دایك و باوك و ئازاردانی دایكو باوك لە قورئان و فەرموودەدا پێكەوە باس كراون، چاكە لەگەڵ هەردووكیان واجبە و خراپە نواندیش بەرامبەریان گوناهی گەورەیە و هیچ راجیاییەكیش لەوەدا نیەو چەندین دەقی قورئان و فەرموودەش لەو بارەوە هەن،

سەبارەت بە حوكمی چوون و نەچوون بۆ جیهاد لەكاتی بوونی دایك و باوكدا، ئەوا ئەگەر جیهادكردنەكە جیهادی كیفایە بوو ئەوا مۆڵەت خواستنی دەوێت، بەڵام ئەگەر جیهادكردنەكە بوو بە فەرزی عەین ئەوا پێویست بە مۆڵەتی دایك و باوك ناكات، شەوكانی لە كتێبەكەیدا (نیل الأوطار) ئەم فەرموودەو فەرموودەی تریش

دێنێت و دواتر دەڵێت: هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە جیهاد لەسەر ئەو کەسە نەبووبێت بە فەرزی عەین، بەڵام کە بوو بە فەرزی عەین ئەوا گوێڕایەڵی بەندە لە سەرپێچی خوادا دروست نیە).[1]

جەبباری ثەعلەبی(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناسراوە بە جەبباری ثەعلەبی، لە بەسەرهاتی ژیانیدا هاتووە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕێیاندا بەرەو (ذي أمر) لە مانگی ڕەبیعولئەوەلدا و پاش بیست و پێنج مانگ دوای کۆچ بۆ مەدینە جەبباریان بەدیل گرت، ئەوانیش لای پێغەمبەر (ﷺ) دایاننا، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی کرد بۆ ئیسلام، ئەویش موسڵمان بوو.[2]

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە جەببار ڕێنیشاندەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو بەرەو لای غەطەفانیەکان.[3]

جەبباری کوڕی حەکەم (رضي الله عنه)

ناوی جەبباری کوڕی حەکەمی سولەمیە، یەکێکە لەوانەی وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بووە.[4]

---

1 - نيل الأوطار للشوكاني، ج8، ص 38.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 450.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 450.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 448.

جەبباری کوڕی سولما (رضي الله عنه)

ناوی جەبباری کوڕی سولمای کوڕی مالیکی کوڕی جەعفەرە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

جەببار بە نیازی کوشتنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عامری کوڕی طوفەیلدا هات بۆ مەدینە، بەڵام دواتر گەڕایەوە، ئینجا لە ڕۆژی بیئر مەعوونەدا بەشدار بوو و عامری کوڕی فهیرەی کوشت، بەڵام دواتر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، ئینجا خۆی دەیوت ئەوەی وایکرد موسڵمان ببم ئەوەبوو –لە بیئر مەعوونەدا– شمشێرێکم کرد بە سکی کەسێك لە موسڵمانەکاندا–ئەوانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردبوونی– کەچی بیستم دەیوت سوێند بەخوا براوە بووم، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم مەگەر من نەمکوشتووە ئیتر بە چی براوە بووە؟!! تا دواتر سەبارەت بەو قسەی پرسیارم کرد وتیان ئەوە شەهیدی دەستکەوتووە، منیش وتم سوێند بەخوا براوە بوو.[2]

کاتێك جەبباری کوڕی سولما شمشێرەکەی کرد بە سکی عامردا عامر وتی سوێند بەخوا بردمەوە، ئینجا تەرمەکەی بەرەو ئاسمان بەرزبوویەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ئاماژەی پێدا کە فریشتەکان بوون تەرمەکەیان بەرزکردەوە.[3]

لەساڵی نۆی کۆچیدا وەفدی بەنی کیلاب هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سیانزە کەس دەبوون، لەنێویاندا لوبەیدی کوڕی ڕەبیعەو جەبباری کوڕی سولما

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 448.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 388.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 231.

هەبوون، پێغەمبەریش (ﷺ) لە ماڵی رەملەی کچی حارث داینان، دۆستایەتیەك لەنێوان جەببار و کەعبی کوڕی مالیکدا هەبوو، کاتێك کەعب بیستی ئەوان هاتون بەخێرهاتنی کردن و دیاری و خەڵاتی دا بە جەببار، ئینجا هەموویان لەگەڵ کەعب چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەلامیان لێکردو وتیان ضحاکی کوڕی سوفیان لەنێوماندا بەپێی قورئان و سوننەتی تۆ دەجووڵێتەوەو بانگی کردین بۆ لای خوا، ئێمەش چووین بەدەم بانگەوازی خوا و پێغەمبەرەکەیەوە، هەروەها ضحاك زەکاتمان لێوەردەگرێت و دابەشی دەکاتەوە بەسەر هەژارەکانماندا.[1]

جەبباری کوڕی صەخر (رضي الله عنه)

ناوی جەبباری کوڕی صەخری کوڕی ئومەییەی کوڕی خەنسائی کوڕی سینانە،[2] کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵایە،[3] لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە سولەمیەکان.[4]

دایکی ناوی عەتیکەی کچی خەرشەی کوڕی عەمر بوو،[5] بەڵام ئیبن ئەثیر دەڵێت دایکی ناوی سوعادی کچی سەلەمە بوو.[6]

کچێکی ناوی سمیکە بوو، کچێکی تریشی ناوی عوصەیمە بوو کە هەردووکیان موسڵمان بوون و بەیعەتیان دابوو بە پێغەمبەر (ﷺ).[1]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 300.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 388.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 576.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 576.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 576.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 388.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان میقداد و جەبباری کوڕی صەخرەوە.[2]

جەبباری کوڕی صەخر یەکێك بوو لەو حەفتا کەسەی لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدارییان کرد.[3]

جەببار لە غەزای بەدردا بەشداری کرد،[4] لەو کاتەدا تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو.[5]

دواتر لە غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە غەزای خەیبەردا پێغەمبەر (ﷺ) جەبباری کوڕی صەخری نارد تا جوولەکەکان بخەمڵێنێت.[6]

جابیر دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتین تا نزیك بووینەوە لە ئاوێکی عەرەب، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ( من رجل يتقدمنا فيمدر الحوض فيشرب و يسقينا)،(چ پیاوێ هەیە پێش ئێمە بکەوێت و حەوزەکە بسوێت و ئاو بخواتەوەو ئاویش نۆشی ئێمە بکات)، جابیر دەڵێت: منیش هەستام و وتم ئەوە پیاوێکە-واتە من ئامادەم- ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی چ کەسێك لەگەڵ جابیر دەڕوات؟ ئەوەبوو جەبباری کوڕی صەخر هەستا، هەردووکمان چووین بۆ لای بیرەکە، سەتڵێك یان دوو سەتڵ ئاومان کردە ناو حەوزەکەوە، ئینجا چاك سویمان،

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 407.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 161.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 449.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 449.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 576.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 449.

ئینجا ئاومان تێکرد تا پڕمان کرد، یەکەم کەس گەیشت پێمان پێغەمبەر (ﷺ) بوو، فەرمووی (ئایا مۆڵەت دەدەن؟) وتمان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش ئاوی دا بە وشترەکەی، رەشۆکەی گرت و وشترەکەش میزی کرد، ئینجا وشترەکەی مۆڵ دا، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای حەوزەکەو دەستنوێژی لێگرت، دواتر منیش هەستام و لە شوێن دەستنوێژەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) دەستنوێژم گرت، ئینجا جەبباری کوڕی صەخر چوو تا دەست بە ئاو بگەیەنێت، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا تا نوێژ بکات، منیش لەلای چەپی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەستام، ئەویش دەستی گرتم و منی خستە لای راستیەوە، ئینجا جەبباری کوڕی صەخر هات و دەستنوێژی گرت، دواتر هات و لە لای چەپی پێغەمبەرەوە (ﷺ) وەستا، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هەردووکمانی گرت و پاڵی پێوەناین تا ئێمەی خستە پشت خۆیەوە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی لەسەرم بوو و منیش هەستم بەوە نەدەکرد، دواتر زانیم کە پێغەمبەر (ﷺ) چاوی لەسەرمە...[1]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێك عومەر جوولەکەکانی خەیبەری دەرکرد ژمارەیەك لە کۆچەران و پشتیوانانی لەگەڵدا بوو، جەبباری کوڕی صەخریش لەگەڵیدا بوو، جەببار خەمڵێنەری خەڵکی مەدینە بوو و ئەو حسابی بۆ دەکردن.[2]

دواجار جەبباری کوڕی صەخر لە تەمەنی شەست و دوو ساڵی و لە ساڵی سی کۆچی و لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[3]

1 - صحيح مسلم، الرقم 5442.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 449.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 449.

## جەبەلەی کوڕی ثەور (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی ثەوری حەنەفیەو یەکێك بوو لەوانەی لە وەفدی بەنی حەنیفەدا بوون، دواتریش ژیا و یەکێك بوو لەوانەی بەشدار بون لە کوشتنی موسەیلەمەی درۆزندا.[1]

## جەبەلەی کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی حارثەی کوڕی شەراحیلە، برای زەیدی کوڕی حارثە و مامی ئوسامەی کوڕی زەیدە، برا گەورەی زەیدی باوکی ئوسامەیە.[2]

دایکی ناوی سعدای کچی ثەعلەبەیە.[3]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککە بوو جەبەلە لەگەڵ حارثەی باوکیدا هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، حارثە چوو بۆ لای زەیدی کوڕی و لەلایەوە وەستا، جەبەلەش گەڕایەوەو دواتر هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[4]

جەبەلە دەگێڕێتەوە دەڵێت چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم براکەم بنێرە لەگەڵمدا با لەگەڵم بێتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (هو ذا فإن انطلق معك لم أمنعه)، (ئا ئەوەتا لەبەردەمتدایە، ئەگەر لەگەڵت بێت رێی لێ ناگرم)، بەڵام

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 456.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 456.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 40.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 393.

زەید وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەس بەسەر تۆدا هەڵنابژێرم، جەبەلە دەڵێت سەیرم کرد قسەکەی زەیدی برام لە قسەکەی من زۆر چاکتر بوو.[1]

جەبەلە براگەورەی زەید بوو، بەڵام زۆر بە چاوی ڕێز و گەورەتر لە خۆی تەماشای زەیدی دەکرد، بۆیە کاتێك پرسیاری لێکرا ئایا تۆ گەورەتریت یان زەیدی برات؟ وتی زەید زۆر لە من باشترەو منیش پێش ئەو لەدایك بووم، با ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە کە کاتێك دایکمان مرد ئێمە لە ماڵی باوکی دایکمان بووین، ئینجا هەردوو مامم هاتن و بە باپیرەی ئێمەیان وت ئێمە شیاوترین بە برازاکانمان، ئەویش وتی دەی جەبەلە ببەن و زەید بۆ من جێبهێڵن، ئەوەبوو مامەکانم منیان برد، سوپایەکی سوارەی تهامە هات و زەیدیان بە کۆیلە برد، حاڵی ئەمسەر و ئەوسەر بوو تا دواجار کەوتە لای خەدیجە و ئەویش بە خەڵات بەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ).[2]

جەبەلە دەڵێت جارێك دوو جل بە خەڵات هێنران بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش یەکێکیانی دانا بۆ خۆی و ئەوی تری بەخشی بە زەید-ی برای جەبەلە-.[3]

جەبەلە دەڵێت پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم شتێکم فێر بکە کە سوودم پێ بگەیەنێت، فەرمووی (إذا أخذت مضجعك، فاقرأ: قل يا أيها الكافرون،

1 - سنن الترمذي، الرقم 3833، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2150، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 1369، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3815.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 393.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4916.

فإنها براءة من الشرك)،[1] (کە چوویتە ناو جێی خەوەکەت قل یا أیها الکافرون بخوێنە، چونکە ئەوە دوورەپەرێزیە لە هاوەڵدانان).

## جەبەلەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی عەمری کوڕی ئەوسی کوڕی عامرە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە مەدینە مایەوە.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کەوتە داوی ئاشووبخوازانەوەو بەرامبەر عوثمانی کوڕی عەففان ناڕەزایی دەردەبڕی، ئەوەبوو جارێك عوثمان ئەو کۆمەڵەی دەدواند کە نارەزاییان دەردەبڕی، وتی چیتان دەوێت؟ وتیان یان دەتکوژین یان لاتدەبەین، ئەویش وتی ئەی بۆچی خەڵکێ نەنێرین بۆ ئاسۆکان تا لە هەر ناوچەیەك دەستەیەك لە چاکترینیان بێن و دادوەری نێوان من و ئێوە بکەن؟ ئەگەر مافێکم لێ زەوت کردون با بتاندەمەوە، پاشان وتی ئایا جەبەلەی کوڕی عەمری ساعیدیتان تێدایە؟ جەبەلە وتی بەڵێ، عوثمان وتی داوای چ مافێك دەکەیت لە من؟ ئەویش وتی تۆ چل قامچیت لێداوم، عوثمان وتی ئەرێ مەگەر من نەهاتم بۆ ماڵەوە بۆ لات تا مافت بدەمەوە کەچی رازی نەبوویت؟! ئەویش وتی

1 - المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 894، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10227، قال الحافظ ابن حجر في الإصابة: حديث متصل صحيح الإسناد.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 457.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 394.

با، عوثمان وتی ئێستا تۆ لەوە زیاترت لە من دەوێت، داوای خوێنم دەکەیت؟[1] هەروەها دواتریش بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی عوثمانی کوڕی عەففان ڕێگری دەکرد لەوەی تەرمی لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە بکرێت.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوطالیبدا لە سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[3]

دواتر جەبەلە چوو لە میصر نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە.[4]

جەبەلە لە ساڵی پەنجای کۆچیدا لەگەڵ موعاویەی کوڕی خدیجدا لە فەتحی ئەفریقیادا بەشداری کرد.[5]

## جەبەلەی کوڕی مالیك (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی مالیکی کوڕی جەبەلەی کوڕی صفارەی لەخمی دارییە، لەگەڵ هاتنی وەفدی دارییەکان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) جەبەلەش لەگەڵ داریەکان هات ئەو کات پێغەمبەر (ﷺ) لە تەبوك دەگەڕایەوە.[6]

1 - تاريخ المدينة، رقم الحديث، 1936.
2 - تاريخ المدينة، رقم الحديث، 322.
3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2154.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 394.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 394.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 394-395.

جەبەلەی کوڕی ئەبووکەریب (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی ئەبووکەریبی کوڕی قەیسە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

جەبەلەی کوڕی ئەزرەق (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلەی کوڕی ئەزرەقی حیمصیە،[2] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە[3] کە دەڵێت: جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پاڵ دیوارێکدا نوێژی دەکرد بە دیوارەکە وردە کونی زۆری هەبوو، نوێژی نیوەڕۆ یان عەسری کرد، کاتێك لە دووەم رکاتدا دانیشت دووپشکێك پێوەی دا، ئەوەبوو لەهۆش خۆی چوویەوەو خەڵکەکە هاتن بە دەمیەوەو روقیەیان بۆ کرد، کاتێك هاتەوە هۆش فەرمووی (الله شفاني و ليس برقيتكم)،[4] (خوا شیفای دام نەك بە روقیەکەی ئێوە شیفام بۆ هاتبێت).

جەبەلی کوڕی جەووال (رضي الله عنه)

ناوی جەبەلی کوڕی جەووالی کوڕی صەفوانی کوڕی بیلالی ذبیانی ثەعلەبیە، ئەم کەسە سەرەتا جوولەکە بوو و لەگەڵ بەنی قورەیضە بوو، دواتر موسڵمان بوو.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 458.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 455.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 432.
4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2153، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 3537.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 454.

جەبر (رضي الله عنه)

ناوی جەبرەو مەولای بەنی عەبدوددارە، ئەم کەسە سەرەتا جوولەکە بوو و لە مەککە بوو، گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە سوورەتی یووسفی دەخوێند، بەو هۆیەوە جەبر موسڵمان بوو و موسڵمانبوونی خۆی شاردەوە، دواتر مەولاکانی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە کە ئەو موسڵمان بووە، ئەوانیش سزایان دا، کاتێك فەتحی مەککە کرا، جەبر چوو لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) سکاڵای کرد کە تووشی چ ئازارێك بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) پارەی پێدا و جەبریش خۆی کڕیەوەو بەرەبەرە شتێکی پێکەوەنا و ئافرەتێکی خانەدانی لە هۆزی بەنی عامر بەهاوسەرگرت.[1]

ئیبن حبان دەڵێت ئەم هاوەڵە یەکێك بوو لەوانەی کە ئەم ئایەتە لە بارەیانەوە دابەزی (إلا من أكره و قلبه مطمئن بالإيمان...) هەروەها ئەم ئایەتەش سەبارەت بە جەبر دابەزیوە (وجعلنا بعضكم لبعض فتنة).[2]

جەبری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی جەبری کوڕی عەبدوڵای قیبطیە، دەوترێت مەولای بەنی غیفار بووە،[3] نوێنەری موقەوقس بوو کە ماریەی هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[4]

جەبری کوڕی عەبدوڵا دواتر لە ساڵی شەست و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 452.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 452.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 451.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 231.

جەبری کوڕی ئەنەس(رضي الله عنه)

جەبری کوڕی ئەنەسی کوڕی ئەبی زورەیق، تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیا و لە جەنگی صفینیشدا بەشداری کرد،[2] رایەکیش دەڵێت جەبر لە غەزای بەدردا بەشدار بوو،[3] بەڵام ئیبن حەجەر بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، هەروەك چۆن بەرپەرچی ئەوەش دەداتەوە جەبری کوڕی ئەنەس و جوبەیری کوڕی ئیاس یەك کەسایەتی بن.[4]

جەبری کیندی(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەش فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە کوڕەکەی لێوەی گێڕاوەتەوە و دەڵێت لە وەفدێکدا چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[5]

جەبری ئەعرابی(رضي الله عنه)

ناوی جەبرە و ناوی باوکی نەزانراوە، ئەسوەدی کوڕی هیلال دەڵێت کەسێکی ئەعرابیمان لەناودا بوو کە لە (الحیرة) بانگی دەدا، پێی دەوترا جەبر، دەیوت عوثمان نامرێت تا دوای ئەم دێت–دوای عومەری کوڕی خەططاب دەبێتە خەلیفە–، پێی وترا چۆن ئەوە دەزانیت؟ وتی من لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانیم دەکرد، کاتێك سەلامی دایەوە سەیری ئێمەی کرد و فەرمووی (إن ناسا من أصحابي وزنوا

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 451.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 451.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 390.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 451.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 391.

اللیلة فوزن أبو بکر فوزن ووزن عمر فوزن ثم وزن عثمان وهو صالح)، [1] (خەڵکانێ لە هاوەڵانم ئەمشەو کێشانە کران، ئەبووبەکر کێشانە کرا و کێشی –قورس– بوو، عومەریش کێشانە کرا و کێشی –قورس– بوو، ئینجا عوثمان کێشانە کراو کەسێکی صالح بوو)، بەڵام لە گێڕانەوەکەی ئەحمەددا ناوی جەبر نەهاتووە بەڵام هەمان بەسەرهاتە–واتە هەر جەبرە– و تیایدا سەبارەت بە عوثمانی کوڕی عەففان واهاتووە (ثم وزن عثمان فنقص صاحبنا وهو صالح)، [2] (ئینجا عوثمان کێشانە کرا و هاوەڵەکەمان کێشی تەواو نەبوو و پیاوچاك و صاڵحیشە).

جەثثامە (رضي الله عنها)

ئەم ئافرەتە هاوەڵە ناوی جەثثامەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا حەسسانە. [3]

دایکی باوەڕداران عائیشە دەڵێت جارێك پیرەژنێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێیت؟ وتی من جەثثامەی موزەنیم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی دوای دووریمان لەیەکتر حاڵتان چۆنە؟ ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم باشین، عائیشە دەڵێت کاتێك پیرەژنەکە چوو وتم ئەی پێغەمبەری خوا چۆن بەو جۆرە گەرموگوڕ پێشوازیت

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 143.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16285، قال شعیب الأرناؤوط إسناده صحیح و رجاله ثقات رجال الشیخین.

3 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج7، ص 551.

لەو پیرەژنە کرد؟ ئەویش فەرمووی (کاتێك خەدیجە مابوو ئەم ئافرەتە دەهات بۆ لامان).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە طەبەرانی هێناویەتی ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئینجا خواردن هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لێی دەخوارد و لە خواردنەکەی بەردەستیشی دەخستە بەردەم ئەو ئافرەتە، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو کاتێك خەدیجە مابوو ئەم ئافرەتە دەهات بۆ لامان و وەفاداریش یان پەیمان پارێزیش لە ئیمانەوەیە، عائیشە دەڵێت منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا ئەو ئافرەتە بەتەمەنەی–خەدیجە– بۆ گۆڕیت بە ئافرەتێکی گەنج– عائیشە–، پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو و دواتر فەرمووی (چی بکەم کە خوا لە خەدیجە منداڵی پێ بەخشیم کەچی لە تۆ منداڵی پێ نەبەخشیم)، عائیشەش دەڵێت وتم سوێند بەوەی تۆی بەحەق ناردووە ئیتر بەس بە چاکە باسی خەدیجە دەکەم.[2]

### جەثثامەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

هاوەڵی پێغەمبەرە (ﷺ) و فەرمودەیەکی لە عەبدوڵای کوڕی سوفیانەوە گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (من صام يوما في سبيل الله باعده الله من النار مقدار مائة عام)،[3] (هەرکەس ڕۆژێك لە پێناو خوادا ڕۆژوو بگرێت خوا ڕێژەی سەد ساڵ لە دۆزەخ دووری دەخاتەوە).

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 580.
2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18931.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 400.

جەثثامەی کوڕی موساحیق(رضي الله عنه)

ناوی جەثثامەی کوڕی موساحیقی کوڕی رەبیعی کوڕی قەیسی کینانیە، هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە ئەوی ناردووە بۆ لای هیرەقل، جەثثامە دەڵێت لەسەر شتێك دانیشتم نەمدەزانی ژێرم چیە، سەیرم کرد کورسیەك بوو لە زێڕ دروست کرابوو، کە بینیم دابەزیم، ئەویش پێکەنی و پێی وتم بۆچی لەسەر ئەو کورسیە دابەزیت خۆ ئێمە رێزمان لێنابوویت؟ منیش وتم لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دوورەپەرێزی لە شتی وا دەکرد.[1]

جەحدەم (رضي الله عنه)

ناوی جەحدەمەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەکیم کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[2]

جەحدەم دەڵێت لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست دەیفەرموو (من حلب شاته ورقع قمیصه وخصف نعله وأكل مع خادمه وحمل من سوقه فقد بريء من الكبر)،[3] (هەر کەس مەڕەکەی بدۆشێ و پینەی جلەکەی بکاتو نەعلەکەی بدوورێتەوەو لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا نان بخواتو خۆی شمەکی کڕینی ناو بازاڕی هەڵبگرێت، ئەوە پارێزراو دەبێت لە خۆبەزلزانین).

ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدی ئەم فەرموودەیە لاوازە.

1 - أسد الغابة، ج1، ص 400، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 464.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 400.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 465.

## جەحدەمی کوڕی فەضالە (رضي الله عنه)

ناوی جەحدەمی کوڕی فەضالەیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[1]

جەحدەم دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش دەستی هێنا بەسەر سەرمدا و فەرمووی (بارك الله في جحدم)، (خوا بەرەکەت بخاتە جەحدەمەوە)، ئینجا نامەیەکی بۆ نووسیم.[2]

کەسایەتیەکی تر هاتووە بە ناوی جەحدەمی جوهەنی و هەمان بەسەرهاتی دەست بەسەردا هێنان و هەمان نزای تێدایە، ئیبن حەجەریش دەڵێت لەوانەیە ئەم دوانە هەر یەك کەسایەتی بن و بە دوو سەنەدی جیا گێرانەوەکە هاتبێت.[3]

## جەحشی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه)

ناوی جەحشی کوڕی ریئابی ئەسەدیە، کوڕێکی هەبوو کە ناسرابوو بە ئەبووئەحمەد، کچێکیشی هەبوو بە ناوی بەررە کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی.[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 401.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1629، قال الحافظ ابن حجر في (الإصابة): في إسناده من لا يعرف ثم هو من رواية النضر بن سلمة بن شاذان وهو متروك.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 465.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 466.

جه‌ذعی ئه‌نصاری(رضي الله عنه)

له‌ پشتیوانانه‌و کوڕێکی هه‌بوو که‌ فه‌رمووده‌ی له‌ باوکیه‌وه‌ گێڕاوه‌ته‌وه‌، نازانرێت ئایا ئه‌و کوڕه‌شی هاوه‌ڵ بووه‌ یان نا.[1]

جه‌راحی ئه‌شجه‌عی (رضي الله عنه)

له‌ ئه‌شجه‌عیه‌کانه‌و له‌ گێڕانه‌وه‌ی فه‌رمووده‌یه‌کدا باسی هاتووه‌، که‌سانێ هاتن بۆ لای عه‌بدوڵای کوڕی مه‌سعوود و باسی پیاوێکیان بۆ کرد که‌ ژنێکی هێنا که‌چی پێش ئه‌وه‌ی بیگوازێته‌وه‌ مرد و ماره‌ییشی بۆ دیاری نه‌کردبوو، ئه‌ویش هیچی نه‌وت، دواتر گه‌ڕانه‌وه‌، ئینجا هه‌مدی هاتنه‌وه‌ بۆ لای عه‌بدوڵای کوڕی مه‌سعوود، ئه‌ویش وتی به‌ ئیجتیهادی خۆم رای خۆم ده‌ڵێم، ئه‌گه‌ر پێکام ئه‌وه‌ خوا ته‌وفیقی داوم بۆ ئه‌وه‌، ئه‌گه‌ریش نه‌مپێکا ئه‌وه‌ له‌ هه‌ڵه‌ی خۆمه‌وه‌یه‌، ئه‌و ئافره‌ته‌ ماره‌یی وه‌ك ماره‌یی ژنه‌کانی تری بۆ هه‌یه‌ و میراتیشی بۆ هه‌یه‌ و ده‌بێت عیدده‌ش ته‌واو بکات، ئه‌وه‌بوو که‌سێك له‌ ئه‌شجه‌عیه‌کان هه‌ستا و وتی من شایه‌تی ده‌ده‌م پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) به‌و جۆره‌ حوکمی دا، عه‌بدوڵا وتی ئاده‌ی شایه‌ت بێنه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) وای فه‌رمووه‌، هه‌ریه‌ك له‌ ئه‌بووسینان و جه‌راح که‌ دوو که‌سی ئه‌شجه‌عی بوون شایه‌تییان دا.[2]

دیاره‌ ئه‌م به‌سه‌رهاته‌ دوای وه‌فاتی پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) بووه‌، ئه‌مه‌ش به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی جه‌راح له‌ دوای وه‌فاتی پێغه‌مبه‌ریش (صلى الله عليه وسلم) ژیاوه‌.

1 - أسد الغابة، ج1، ص 403.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3950، قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم.

## جەربائی کچی قەسامە (رضي الله عنها)

ناوی جەربائی کچی قەسامەی کوڕی قەیسە، هاتوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باوەڕی هێناوەو شووی کردووە بە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، کچێکی هەبوو بە ناوی ئومموئیسحاق.[1]

ئەم ئافرەتە زۆر جوان بوو، هێندە جوان بوو کە هەر ئافرەتێك لەلای دەوەستا خۆی لەبەرچاو دەکەوت.[2]

## جەرهەدی کوڕی خوەیلید (رضي الله عنه)

ناوی جەرهەدی کوڕی خوەیلیدی کوڕی بەجرەی کوڕی عەبدیالیلیە،[3] ئیبن عەبدولبەر دەڵێت دەشوترێت ناوی جەرهەدی کوڕی ڕەزاحە.[4]

ئەم هاوەڵە لە ئەسلەمیەکان بوو، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمان بوو، کەسێکی ڕێزدار و ناسراو بوو.[5]

ئیبن حیببان دەڵێت دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو، بەڵام رای تر هەیە دەڵێت هەر لە مەدینە نیشتەجێ بووە، ئیبن حەجەریش دەڵێت راستتر ئەوەیە هەر لە مەدینە نیشتەجێ بووە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 552.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج5، ص 441.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 473.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 270.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 298.

ئەم هاوەڵە لە ئەهلی صوففە بوو.[1]

جەرهەد یەکێك بوو لە بەشداربوانی حودەیبیە.[2]

جەرهەد دەڵێت جارێك بە دەستی چەپ خواردنم دەخوارد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بە دەستی راست بخۆ)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی راستم ئازار و نەخۆشی هەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فووی کرد بەسەر دەستی راستیدا، جەرهەد دەڵێت ئیتر دەستی راستم ئازاری نەما.[3]

جەرهەد دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دانیشتبووم، رانیشم دەرکەوتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما علمت أن الفخذ عورة)،[4] (مەگەر نازانیت ران شەرمگەیە؟)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (داپۆشە چونکە ڕان لە شەرمگەیە).[5]

جەرهەد دوای سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژیا و لە مەدینە مایەوە تا لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا کۆچی دوایی کرد.[6]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 271.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 407.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 473.

4 - سنن أبي داوود، الرقم 3516، سنن الدارمي، الرقم 2603، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3003، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2102، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 4014.

5 - سنن الترمذي، الرقم 2793، صحيح ابن حبان، الرقم 1731، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3004، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2796.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 473.

جەروەلی کوڕی عەبباس(رضي الله عنه)

ناوی جەروەلی کوڕی عەبباسی کوڕی عامرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[1] جەروەل تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا کوژرا.[2]

جەروەلی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

رایەك دەڵێت ناوی جەروەلە و رایەکی تر دەڵێت ناوی جوروە، کوڕی مالیکی کوڕی عەمری کوڕی عوەیمرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی زورارە.[3]

جەروی سەدووسی(رضي الله عنه)

ناوی جەروەو لە سەدووسیەکانە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە دەڵێت هاتینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خورمایەکی یەمامەمان هێنایە خزمەتی، ئەویش فەرمووی (أی تمر هذا)، (ئەوە چ خورمایەکە)، وتمان ئەوە خورمای (جورام)ە، ئەویش فەرمووی (اللهم بارك فى الجرام)، (خوایە بەرەکەت بخەرە جورامەوە).[4]

جەروی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

سەبارەت بە ناوی ئەم هاوەڵە چەند رایەك هەیە، بە (جەرو) و و (جورەو) و (جەزء) یش هاتووە.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 407.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 473.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 473.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 406.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 472.

جەروی کوڕی عەمر دەگێڕێتەوە چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی.[1]

بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدی گێڕانەوەکە مەجهووڵە.[2]

جەروی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی جەروی کوڕی مالیکی کوڕی عەمرە، دەشوترێت بەڵکو ناوی جەزئە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[3]

جەریری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی جەریری کوڕی عەبدوڵای کوڕی جابیری کوڕی مالیکی کوڕ نەضری بەجلیە،[4] کونیەکەی ئەبووعەمرە، دەشوترێت بەڵکو ئەبووعەبدوڵایە.[5]

جەریری کوڕی عەبدوڵای بەجلی گەورەی هۆزی بەجیلە بوو.[6]

جەریر کەسێکی زۆر قۆز و کەشخە بوو، هێندە کەشخە بوو عومەر پێی دەوت جەریر یووسفی ئەم ئوممەتەیە.[7]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 406.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 472.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 472.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 409.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 530.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 237.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

جەریر کوڕێکی هەبوو بە ناوی عائیشە،[1] کچێکی تریشی هەبوو بە ناوی رواع،[2] کچێکی تری ناوی ئامینە بوو،[3] کوڕێکیشی هەبوو بە ناوی عومەر،[4] کوڕێکی تری ناوی زیاد بوو،[5] کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی ئیبراهیم و کوڕێکی تریشی ناوی ئەبان بوو.[6]

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی رای جیاواز هاتووە، رایەك گێڕانەوەیەکی جەریری هێناوە کە دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی بۆچی هاتویت؟ وتم هاتوم تا موسڵمان بم، ئەویش جلەکەی خۆی راخست بۆم و فەرمووی (إذا أتاكم كريم قوم فأكرموه)،[7] (ئەگەر گەورەو رێزداری قەومێك هات بۆ لاتان رێزی بگرن).

رایەکی تر دەڵێت پاش فەتحی مەککە کە وەفدی ناوچەکان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان دەبوون ئەوکات جەریریش هات.[8]

ئیبن عەبدولبەر پێی وایە جەریر چل رۆژ پێش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان بووە،[9] بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت ئەم رایە هەڵەیە بە بەڵگەی ئەو

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 30.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 31.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 86.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 238.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 73.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 297.
7 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15519،
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.
9 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 237.

فەرموودەی کە لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجی ماڵئاواییدا فەرمانی کرد بە جەریر تا خەڵکی بێدەنگ بکات.[1]

واقیدی پێی وایە جەریر لە مانگی رەمەزانی ساڵی دەی کۆچیدا هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) ناردوویەتی بۆ (ذي الخلصة) و پاش ئەوەش لە حەجی ماڵئاواییدا هاودەمی پێغەمبەری (ﷺ) کردووە.[2]

ئیبن سەعدیش رای وایە جەریر هاودەم بە سەدوپەنجا کەس لە هۆزەکەی هاتووە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[3]

بەڵام ئیبن حەجەر دەڵێت رام وایە جەریر پێش ساڵی دەی کۆچی موسڵمان بووە، چونکە لەو فەرموودەدا کە جەریر دەیگێڕێتەوە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین (إن أخاكم النجاشي قد مات فاستغفروا له)،[4] (نەجاشی براتان مرد دەی داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەن)، ئەمەش بەڵگەیە کە جەریر پێش ساڵی دەی کۆچی موسڵمان بووە چونکە نەجاشی پێش دەی کۆچی مردووە.[5]

جەریر دەڵێت من دوای دابەزینی سوورەتی مائیدە موسڵمان بووم و دەیشمبینی پێغەمبەر (ﷺ) مەسحی دەکرد.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 347.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18770، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2298، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11747، حسنه الألباني.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 79.

جەریر کە موسڵمان بوو بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر ئامۆژگاری کردنی هەر موسڵمانێك،[1] واتا لە کوێدا موسڵمانێکی بینی پێویستی بە ئامۆژگاری بوو ئامۆژگاری بکات.

جەریر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ألا تريحني من ذي الخلصة)، (ئایا ذەلخەلەصەم لەکۆڵ ناکەیتەوە؟) ذەلخەلەصەش ماڵێك بوو لە خەثعەم کە بە کەعبەی یەمانی ناسرابوو،[2] منیش وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من کەسێکم لەسەر ئەسپ خۆم ناگرم،[3] پێغەمبەر (ﷺ) دای بەسەر سنگمدا تا شوێن پەنجەکانیم لە سنگمدا بینی، فەرمووی (اللهم ثبته و اجعله هاديا مهديا)، (خوایە پێ چەسپاو و سەقامگیری بکەو بیکەرە رێنموونیکراو و رێنموونی کەر)، جەریر دەڵێت ئەوەبوو بە سەدو پەنجا سوار لە ئەحمەسەوە (لە گێڕانەوەکەی نەسائیدا هاتووە پەنجا سوار لە هۆزەکەی خۆم) دەرچووم بۆ ذەلخەلەصە و تێکماندا و سووتاندمان، ئینجا جەریر نوێنەری خۆی نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)[4]،- لە گێڕانەوەکەی موسلیم و ئەبوودawوددا هاتووە ئەو نوێنەرەش ناوی ئەبوو ئەرطەئە بوو،[5] لە گێڕانەوەکەی بەیهەقیشدا دەڵێت ئەو نوێنەرە ناوی حوصەینی کوڕی رەبیعە بوو،[6] ئەویش هەواڵی

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 531.
2 - صحيح البخاري، الرقم 2878،
3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8338.
4 - صحيح البخاري، الرقم 2878.
5 - صحيح مسلم، الرقم 4629، سنن أبي داوود، الرقم 2406.
6 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17279.

دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە چییان کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێنج جار نزای بەرەکەتی کرد بۆ هۆزی ئەحمەس و پیاوانی ئەحمەس.[1]

جەریر دەڵێت لەو کاتەوەی موسڵمان بووم هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) منی بدیایە یان رێی چوونی لێ بگرتمایە پێدەکەنی–لە هەندێ گێڕانەوەشدا هاتووە – بزەی دەکرد–.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نامەی نووسی بۆ هۆزی خەثعەم یەکێك لەوانەی شاهید بوو جەریری کوڕی عەبدوڵا بوو.[3]

جەریر باسی چوونی خۆی دەکات بۆ مەدینەو دەڵێت کاتێك هاتمە مەدینەو چوومە مزگەوت، پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی لێکردم و خەڵکەکەش بە زیتەی چاو سەیریان دەکردم، منیش بەو کەسەی پاڵ خۆمم وت ئەی بەندەی خوا ئایا پێغەمبەر (ﷺ) هیچی لە بارەی منەوە نەفەرمووە؟ ئەویش وتی با، بە جوانترین شێوە باسی کردیت، لەکاتی وتارەکەیدا بوو فەرمووی (إنه سيدخل عليكم من هذا الباب أو من هذا الفج من خير ذي يمن و إن على وجهه لمسحة ملك)، (لەو دەرگایەوە یان لەو لایەوە چاکترین کەسی یەمەنی دێتەژوورەوە بۆ لاتان،

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2878، صحيح مسلم، الرقم 4629، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8397، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17279، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18788، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2205،

2 - صحيح البخاري، الرقم 2892، صحيح مسلم، الرقم 4626، صحيح ابن حبان، الرقم 7307، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18763، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2176،

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 286.

دەموچاویشی شوێنەواری فریشتەی پێوەیە)، جەریر دەڵێت منیش سوپاسی خوام لەسەر کرد.[1]

گێڕانەوەیەك هاتووە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (جرير منا أهل البيت)،[2] (جەریر لە ئێمەیە لە ئەهلوبەیت)، بەڵام ئەلبانی حوكمی (مونكەر) دەدات بەسەر سەنەدەكەیدا.

جەریر دەڵێت لە یەمەن بووم كە فەرموودەی پێغەمبەرم (ﷺ) دەگێڕایەوە بۆ دوو كەس، ئەوانیش وتیان ئەگەر وابێت كە دەیڵێیت ئەوە هاوڕێكەت–پێغەمبەر (ﷺ)– نزیكەی سێ ساڵ دەبێت مردووە، جەریر دەڵێت ئەوەبوو لە ڕێدا بووین كە كاروانێك لە مەدینەوە هات، پرسیارمان لێكردن سەبارەت بە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانیش وتیان پێغەمبەر (ﷺ) كۆچی دوایی كردووەو ئەبووبەكر بووە بە خەلیفە، جەریر دەڵێت ئەو دوو كەسە وتیان بە هاوڕێكەت بڵێ ئێمە هاتین و لەوانەشە پشت بەخوا بگەڕێینەوە، ئینجا گەڕاینەوە بەرەو یەمەن، جەریر دەڵێت دواتر كە هاتم بۆ لای ئەبووبەكر باسی ئەو دوو پیاوەم بۆ كرد، ئەویش وتی بۆ نەتهێنان.[3]

دیارە جەریر پاش ئەو هاتنەی بۆ لای ئەبوبەكر ماوەیەكی زۆر ماوەتەوە، چونكە دەبینین ئەبووبەكر ئەوی ناردووە لەگەڵ خالیدی كوڕی سەعیددا تا بڕوات بۆ

---

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1686، صحيح ابن حبان، الرقم 7306، المستدرك على الصحيحين، الرقم 990 و وافقه الذهبي، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31700، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8029، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5452، صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 3193.

2 - الآحاد و المثاني لابن أبي عصم، الرقم 2222، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2168، حكم عليه الألباني ب(منكر) في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 1207.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 278.

شام، بەڵام جەریر داوای لە خالید کرد ڕێی بدات بگەڕێتەوە بۆ لای ئەبووبەکر تا هۆزی بەجیلە کۆبکاتەوە و لەگەڵیدا بن، کاتێك گەڕایەوەو مەسەلەکەی بۆ باس کرد خەلیفە لێی تووڕە بوو، بۆیە ئەمجار جەریری نارد بۆ لای خالیدی کوڕی وەلید لە عێراق.[1]

جەریر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری فتووحاتی کرد، ئەوەبوو عومەریش ئەوی کردە سەرکردەی هەموو (بەجیلە)، ئەو هۆزەش لە فەتحی قادسیەدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبوو.[2]

جەریر دەڵێت جارێك لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب و ژمارەیەك لە موسڵماناندا بووین، کەسێکیان بایەکی لێ بوویەوە، عومەر وتی ئێستا پێی دەڵێم بڕوات دەستنوێژ بگرێت، جەریر وتی بەڵکو فەرمان بکە با هەموومان دەستنوێژ بگرین، عومەر وتی دەبێت خۆم و هەموویشتان دەستنوێژ بگرین، هەستاین دەستنوێژمان گرت و نوێژمان کرد، عومەریش بە جەریری دەفەرموو (ڕەحمەتی خوات لێ بێت لە سەردەمی نەفامیدا گەورەیەکی زۆر چاك بوویت، لە سەردەمی ئیسلامیشدا گەورەیەکی زۆر چاك بویت).[3]

جەریر کەسێکی خاکی بوو، ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت جەریر لە من گەورەتر بوو کەچی خزمەتی دەکردم،[4] ئەنەس دەڵێت جەریر خزمەتی دەکردم و

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 348.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 409، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 535.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

دەیوت من دیومە پشتیوانان چۆن خزمەتی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەکرد، بۆیە هەرکامیان ببینم خزمەتی دەکەم.[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا جەریری کوڕی عەبدوڵا والی هەمەدان بوو،[2] پاش شەهید بوونی عوثمان عەلی داوای لێکرد تا بەیعەتی خەڵکی هەمەدانی بۆ وەربگرێت و بێت بۆ لای، جەریریش ئەو فەرمانەی بەجێگەیاند، کاتێك عەلی ویستی کەسێك بنێرێت بۆ لای موعاویە تا بەیعەتی لێ وەربگرێت، جەریر وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران من دەڕۆم، چونکە خۆشەویستیەك لە نێوان من و ئەودا هەیە، دەڕۆم و بەیعەتی لێ وەردەگرم بۆت، ئەشتەر لەوێ بوو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران جەریر مەنێرە ئەترسم هەواداری موعاویە بێت و لای بمێنێتەوە، عەلی وتی وازی لێ بهێنە، ئەوەبوو نامەیەکی نووسی بۆ موعاویەو تیایدا هەواڵی پێدا کە کۆچەران و پشتیوانانیش بەیعەتیان پێداوە، باسی رووداوی جەمەلیشی بۆ نووسیبوو، داوایشی لێکرد وەك ئەو خەڵکەی تر بەیعەتی پێبدات،[3] ئینجا جەریر خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا داوای لە موعاویە کرد گوێڕایەڵی بنوێنێت و ناکۆکی نەنێتەوەو نەبێتە هۆی جەنگی نێوان موسڵمانان، موعاویەش داوای کرد پەلەی لێ نەکات تا رای خەڵکی شام وەربگرێت،[4] کە جەریر نامەکەی دا بە موعاویە، موعاویە عەمری کوڕی عاص و گەورەکانی خەڵکی شامی کۆکردەوەو راوێژی کرد بە هەموویان، ئەوانیش وتیان تا بکوژانی عوثمان نەکوژرێنەوە بەیعەت

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 401.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 536.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 127.

نادەین یان دەبێت بکوژەکانی عوثمانیان بدرێنە دەست، ئەگەرنا جەنگی لەگەڵ دەکەن و بەیعەتی پێ نادەن، جەریر گەڕایەوەو هەواڵەکەی دا بە عەلی، ئەشتەر وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مەگەر من نەموت جەریر مەنێرە ئەگەر منت بناردایە موعاویە هەر دەرگایەکی بکردایەتەوە دامدەخست، جەریر بە ئەشتەری وت ئەگەر تۆ بوویتایە لە بری خوێنی عوثمان دەیانکوشتیت، ئەشتەریش بە توندی وەڵامی دایەوە، ئەمە جەریری تووڕە کرد، بۆیە جەریر چوو بەرەو قرقیسیا و نامەی نارد بۆ موعاویەش کە چی وتووەو چی پێ وتراوە، موعاویەش نامەی بۆ نووسی و داوای لێکرد بچێت بۆ لای،[1] بەڵام ئەو کەناری گرت و لە قرقیسیا مایەوە تا لەوێ مرد.[2]

دواتر جەریر لە کووفە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ مایەوە، لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا لە ریزی خەلیفەدا بوو، عەلی جەریری بە نوێنەر نارد بۆ لای موعاویە، دواتر جەریر کەناری گرت و چوو لە ناوچەی (قرقیسیا) نیشتەجێ بوو تا وەفاتی کرد.[3]

جەریر پێشتریش بەرپرسی ناوچەی قرقیسیا بوو.[4]

جەریر دەڵێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب منی نارد بۆ لای موعاویە تا بچم بەیعەتی لێ وەربگرم، کە چوومە ئەوێ دەبینم خەریکە وتار دەدات و کراسەکەی عوثمانی کوڕی عەففانیش کراوە بە نووکی رمێکەوەو خەڵکی لە دەوری دەگرین.[1]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 254.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 228.

جەریر لە ناوچەی قرقیسیا[2] یان ناوچەی سرات مرد،[3] لە ساڵی پەنجا و یەکی کۆچی[4] یان لە ساڵی پەنجاو چواری کۆچیدا مرد.[5]

جەریری کوڕی ئەرقەط(رضي الله عنه)

ناوی جەریری کوڕی ئەرقەطە، جەریر دەڵێت لە حەجیماڵئاواییدا پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی و لێم بیست دەیفەرموو (أعطيت الشفاعة).[6]

بەڵام ئیبن حەجەر سەنەدی ئەم گێڕانەوە بە لاواز دادەنێت.[7]

جەریری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی جەریری کوڕی ئەوسی کوڕی حارثەی طائیە،[8] برایەکی هەبوو بەناوی خورەیم.[9]

هەریەك لە جەریر و خورەیمی برای پێکەوە کۆچیان کرد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) لە تەبووك دەگەڕایەوە، ئەوەبوو موسڵمان بوو،

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 536.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 238.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 22.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 475.
5 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 238.
6 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1535.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 474.
8 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 240.
9 - أسد الغابة، ج1، ص 408.

هەروەها ئەو شیعرەی وتەوە کە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب لە وەسفی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وتبووی.[1]

جارێك لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا موعاویە بە خەڵکێکی وت ئەمڕۆ کێ گەورەی ئێوەیە، جەریریش لە نێویاندا بوو، هەستاو و تی گەورەمان ئەو کەسەیە کە بەخشینی هەبێت بۆ ئەو کەسەی داوای لێ دەکات و بەرامبەر نەفاممان چاوپۆشی هەبێت و لە زەبوونیشمان خۆش بێت، موعاویەش وتی ئافەرین ئەی جەریر.[2]

جەزء (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵەش ناوی جەزئە بەڵام ناوی باوك و ڕەچەڵەکی نەزانراوە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

جەزء هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژن و منالم لێم یاخی دەبن، جا بە چی سزایان بدەم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (تعفوا ثلاثا فإن عاقبت فعاقب بقدر الذنب و اتق الوجه)،[4] (سێ جار لێیان خۆش بە، ئەگەر–دوای ئەوە–سزات دان ئەوا بەپێی تاوانەکە سزایان بدەو وریاش بە نەدەیت لە دەموچاویان).

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 240.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 474.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 479

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1585، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2089، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 2850.

جەزی (رضي الله عنه)

ناوی جەزیە یان دەوترێت ناوی جەزئە، کونیەکەی ئەبووخوزەیمەیەو لە سولەمەیەکانە، یان دەوترێت لە ئەسلەمیەکانە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی حیببان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی عەبدولاّ کە فەرموودەی لە حیببانی برایەوە گێڕاوەتەوە.[1]

جەزی لەگەڵ چەند کەسێکی تر بێباوەڕ بوون و هاوەڵێکی پێغەمبەریان (ﷺ) بەند کردبوو، دواتر ئەوانە موسڵمان بوون و جەزیش موسڵمان بوو و هاوەڵەکەی هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) دوو جلی پێ بەخشی.[2]

پێدەچێت هۆکاری موسڵمانبوونەکەیان بەهۆی کاریگەری کردارو گوفتاری ئەو هاوەڵە بەندکراوەوە بووبێت، چونکە دەبینین هەموو ئەوانەی ئەو هاوەڵەیان بەندکردبوو باوەڕیان هێنا.

جەزئی کوڕی حیدریجان (رضي الله عنه)

ناوی جەزئی کوڕی حیدریجانی کوڕی مالیکی یەمانیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[3] جەزء و باوکیشی هەردووکیان هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 414.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 480.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 478.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 412.

هەروەها برایەکی هەبوو بە ناوی قوداد.[1]

جەزئی کوڕی حیدریجان دەڵێت قودادی برام بە ئیمانی خۆی و ژن و منداڵە موسڵمانبووەکانی و کەس‌وکاریەوە کە نزیکەی شەش سەد ماڵ دەبوون شوێن کەوتەی قداد بوون چوو بەرەو مەدینە، بەڵام لە رێدا گەیشت بە سریەیەکی پێغەمبەر (ﷺ)، قداد بەوانی وت موسڵمان بووە، بەڵام ئەوان بڕوایان پێ نەکرد و کوشتیان، جەزئی کوڕی حیدریجان دەڵێت کە ئەو هەواڵەم پێ گەیشت چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو ئەم ئایەتە دابەزی(یا أیها الذین ءامنوا إذا ضربتم في سبیل الله فتبینوا...)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خوێن بایی براکەمی پێدام کە سەد وشتری سوور بوو، هەروەها بەشداری هێرش بردنە سەر (طيء) م کرد و دەستکەوتێکی زۆرم دەستکەوت و چل ئافرەتم بە کەنیزە گرت و هەموویانم هێنا بۆ مەدینە،[2] خوای گەورە ئەو ئافرەتانەی رێنموونی کرد و موسڵمان بوون،[3] پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو ئافرەتانەی مارە کرد لە هاوەڵەکانی.[4]

جەزئی کوڕی حیدریجان ماوەیەك خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 478.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 478.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 413.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 478، و قال ابن حجر إسناده مجهول.

5 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 864.

جەزئی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جەزئی کوڕی عەمری عوذریە، هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خواش (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی.[1]

جەزئی کوڕی موعاویە (رضي الله عنه)

ناوی جەزئی کوڕی موعاویەی کوڕی حوصەینە، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی ئەهواز بوو، خەلیفە عومەریش تەنها هاوەڵانی دەکردە بەرپرس، بۆیە ئەوە بەڵگەیە لەسەر هاوەڵبوونی.[2]

جەعدە (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی باوکی و بنەماڵەکەی نەزانراوە، بەڵام هێندە زانیاری لەسەر هاتووە قژێکی لوولی هەبوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا جەعدە.[3]

جەعدەی کچی عوبەید(رضي الله عنها)

ناوی جەعدەی کچی عوبەیدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە،[4] دایکی ناوی رعاتی کچی عەددیە،[5] برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[6]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 413.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 479.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 484.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 552.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 443.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 552.

جەعدە ژنی نوعمانی کوڕی نەفعە و منداڵێکی لێی بوو بە ناوی حارثەی کوڕی نوعمان، ئینجا دوای مەرگی نوعمان شووی کرد بە حەبابی کوڕی ئەرقەم و لەویش منداڵێکی بوو کە ناوی نا حارث.[1]

## جەعدەی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی جەعدەی کوڕی خالیدی کوڕی صەممەی جوشەمیە، یەکێك بووە لە هاوەڵانی دانیشتووی بەصرە، رایەکیش دەڵێت دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.

جەعدە دەڵێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کابرایەکی قەڵەوی بینی، بە دەستی ئاماژەی دەکرد بۆ ورگی کابراو دەیفەرموو (لو كان هذا في غير هذا لكان خيرا لك)،[2] (ئەگەر ئەوە لە شتی تردا بوایە —ورگت دانەنایە— زۆر باشتر بوو بۆت).

هەروەها جەعدە دەڵێت پێغەمبەری خوام (صلى الله عليه وسلم) بینی، کابرایەکی بۆ هێنرا و پێی وترا ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم کەسە دەیویست تۆ بکوژێت، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو (لم ترع لم ترع لو أردت ذلك لم يسلطك الله علي)،[3] (ترست نەبێ، ترست نەبێ، نیازی ئەوەشت هەبوایە، خوا تۆی زاڵ نەدەکرد بەسەر مندا).

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 443.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15564، مسند الطيالسي، الرقم 1317، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7962 و صححه الذهبي في التلخيص، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2142، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 4861، كما ضعفه شعيب الأرناؤوط في تعليقه على مسند أحمد بن حنبل.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10466، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15565، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2141، مسند الطيالسي، الرقم 1318، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 4336، و قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف.

## جەعدەی کوڕی هانیء(رضي الله عنه)

ناوی جەعدەی کوڕی هانیئی حەضرەمیە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عومەری نارد بۆ لای کابرایەکی مەسیحی کە لە مەدینە بوو تا بانگی بکات بۆ لای ئیسلام.[1]

## جەعدەی کوڕی هوبەیرە (رضي الله عنه)

ناوی جەعدەی کوڕی هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهبی کوڕی عەمری مەخزوومیە، سەبارەت بە هاوەڵبوونی راجیایی هەیە، بوخاری دەڵێت هاوەڵە، ئیبن حیببان دەڵێت بەڵگەیەکی دروست نابینم بۆ هاوەڵبوونی، بەغەوی دەڵێت لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بووە، بەڵام پێغەمبەری خوای (ﷺ) نەدیوە، ئیبن حەجەر بە هاوەڵی دەزانێت.[2]

دایکی ناوی ئومموهانیئی کچی ئەبووطالیبە، هەروەها دوو برای هەبوو بە ناوەکانی هانیء و یووسف.[3]

جەعدەی کوڕی هوبەیرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێدەکردم خاتەمی زێڕ بەکاربهێنم.[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 418.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 527.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 418.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 527.

جەعدە کوڕێکی هەبوو بە ناوی یەحیا کە لە سەردەمی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا کوژرا.[1]

جەعفەری کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه)

ناوی جەعفەری کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیەو لە پشتیوانانەو لە فەتحی مەککەو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[2]

جەعفەری کوڕی ئەبووسوفیان (رضي الله عنه)

ناوی جەعفەری کوڕی ئەبوسوفیانی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبە، لەگەڵ باوکیدا چوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووەو لەگەڵ باوکیشیدا لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[3]

جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب (رضي الله عنه)

ناوی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، یەکێکە لە یەکەمین دەستەی موسڵمان بوان.

دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەسەدی کوڕی هاشمە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 349.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 489.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 485.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 34.

جەعفەر برای عەلی بوو و دە ساڵ گەورەتر بوو لە عەلی، هەروەها برای عەقیل بوو، عەقیلیش برا گەورەی جەعفەر بوو و دە ساڵ لە جەعفەر گەورەتر بوو،[1] طالیبی برایشیان گەورەی هەموویان بوو کە بیست ساڵ لە جەعفەر گەورەتر بوو.[2]

ژنەکەی جەعفەر ناوی ئەسمائی کچی عومەیس بوو کە ئەویش لە یەکەم موسڵمان بووەکان بوو،[3] منداڵەکانی جەعفەر و ئەسمائیش بریتی بوون لە عەبدوڵا و موحەممەد و عەون کە هەموویان لە خاکی حەبەشە لەدایک بوون.[4]

جەعفەر هەر لە قۆناغی مەککەو لە سەرەتاوە موسڵمان بوو، دەوترێت بیست و شەشەمین کەس بووە موسڵمان بووە، رایەکی تر دەڵێت سی و دووەم کەس بووە موسڵمان بووە.

ئەبووهورەیرە دەیوت دوای پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەر چاکترین کەس بوو، هەروەها دەیوت جەعفەر چاکترین کەس بوو بۆ هەژاران، لەگەڵ هەژاراندا هەڵسوکەوتی دەکرد و خزمەتی هەژارانی دەکرد و ئەوانیش خزمەتیان دەکرد، ئیتر وای لێهات پێغەمبەر (ﷺ) بە ئەبولمەساکین (باوکی هەژاران) ناوی دەبرد.[5]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 70.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 421.

3 - سير أعلام النبلاء، ج 1، ص 144.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 34.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 486.

جەعفەر لەرووی شێوەی روخساری و پەیڕەوی رەوشتیەوە زۆر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەفەرموو (أشبهت خلقي و خلقي)،[1] (لە شێوەو روخسارو رەوشتدا لە من دەچیت).

جەعفەر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ مایەوەو لەسەر دەستی ئەو نەجاشی و کەسانێکی تریش موسڵمان بوون، جەعفەر ماوەیەکی زۆر لە حەبەشە مایەوە تا دواتر لە کاتی جەنگی خەیبەردا لە حەبەشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

جەعفەر لە کۆچی دووەمی موسڵمانانیشدا بۆ حەبەشە هاودەم بە ئەسمائی ژنی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە.[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی کە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای کوڕی عورفوطە و عوثمانی کوڕی مەظعوون، قورەیشیش عەمری کوڕی عاص و عمارەی کوڕی وەلیدیان بە برێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەس‌وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[4] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا نایاندەمەوە دەستتان تا قسەیان

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2573، صحيح ابن حبان، الرقم 4951.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 486.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 34.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[1] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[2] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان ڕەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و ڕاستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین،[3] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی ڕایان پێچەوانەی ڕای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی ڕۆح و کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[4] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو بڕێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[1] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت بڕۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[2]

جەعفەر ئەمیری هاوەڵانی موسڵمانی حەبەشە بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوەی راگەیاند و نەجاشیش لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بووە، ئەم گێڕانەوەش بەڵگەیەکە لەو بارەیەوە:

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نامەی نووسی بۆ نەجاشی بە عەمری کوڕی ئومەییەدا نامەکەی بۆ نارد و تیایدا هاتبوو (بسم الله الرحمن الرحيم من محمد رسول الله إلى النجاشي الأصحم ملك الحبشة، سلام عليك، فإني أحمد إليك الله الملك القدوس المؤمن المهيمن، وأشهد أن عيسى ابن مريم روح الله، وكلمته ألقاها إلى مريم البتول الطيبة الحصينة، فحملت بعيسى، فخلقه من روحه ونفخه كما خلق آدم بيده ونفخه، وإني أدعوك إلى الله وحده لا شريك له، والموالاة على طاعته، وأن تتبعني وتؤمن بي وبالذي جاءني، فإني رسول الله، وقد بعثت إليكم ابن عمي جعفرا، ومعه نفر من المسلمين، فإذا جاءوك فاقرهم ودع التجبر فإني أدعوك وجنودك إلى الله وقد بلغت

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

ونصحت فاقبلوا نصيحتي , والسلام على من اتبع الهدى)، (بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ نەجاشی ئەصحەمی پاشای حەبەشە، سەلامت لێ بێت، من سوپاسی خوای مەلیکی قوددوسی موئمینی موهەیمینت لا دەکەم، من شایەتی دەدەم عیسای کوڕی مەریەم ڕۆح و کەلیمەی خوایە کە بەخشی بە مەریەمی پاکداوێن و ئەویش سکپڕ بوو بە عیسا، خوا لە ڕۆحی خۆی دروستی کرد و فووی پێداکرد وەك چۆن بە دەست و فووی خۆی ئادەمی دروست کرد، من تۆ بانگ دەکەم بۆ لای خوای تاکو تەنهای بێ هاوەڵ و هەواداری لەسەر گوێڕایەڵی خوا و شوێن من بکەویت و بڕوا بهێنیت بە خۆم و ئەو پەیامەی هێناومە، چونکە من پێغەمبەری خوام، هەروەها من جەعفەری ئامۆزام و دەستەیەك لە موسڵمانانم ناردووە بۆ لاتان، ئەگەر هاتن بۆ لات ڕێیان بکەرەوەو واز لە خۆسەپێنی بهێنە، چونکە من خۆت و سەربازانت بانگ دەکەم بۆ لای خوا، من گەیاندم و ئامۆژگاریم بەخشی، دەی ئامۆژگاریەکەم قبووڵ بکەن، وە سەلام لەوەی شوێن ڕێنموونی دەکەوێت)، لە وەڵامدا نەجاشی نووسی(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بۆ موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە نەجاشی ئەصحەمی کوڕی ئەبجەرەوە، سەلامو ڕەحمەت و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو خوایەی کە ڕێنموونی کردم بۆ ئیسلام، ئەی پێغەمبەری خوا نامەکەتم پێگەیشت کە سەبارەت بە عیسا باست کردووە، دەی سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی عیسا زیاتر نیە لەوەی کە باست کردووە، زانیمان چی پەیامێکت بۆ ناردوین، ئامۆزاکەت و هاوڕێکانیمان نزیك و ڕێزدار داناوە، شایەتی ڕاستی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت، من بەیعەتم داوە بە تۆ و بەیعەتم داوە بە ئامۆزاکەت و لەسەر دەستی ئەو موسڵمان بوم، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا من

ئەریحای کوڕی ئەصحەمی کوڕی ئەبجەرت بۆ دەنێرم چونکە من تەنها دەسەڵاتی خۆمم هەیە، ئەگەریش دەتەوێت بێم بۆ لات دێم بۆ لات ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چونکە من شایەتی دەدەم ئەوەی دەیفەرموویت حەقە).[1]

جەعفەر لە حەبەشە بەرپرس و دەمڕاستی موسڵمانان بوو، کاتێکیش کاروانێکی موسڵمانان لە یەمەنەوە کەوتنەڕێ و ڕێیان کەوتە حەبەشە، لای جەعفەر مانەوە تا تا دواتر هەموو پێکەوە چوونەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[2]

کاتێك جەنگی بەرد ڕوویدا و موسڵمانان سەرکەوتن، جەعفەر و هاوەڵانی هەواڵیان لا نەبوو، نەججاشی ناردی بە شوێن جەعفەرو هاوەڵانیدا، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای، لەماڵێکدا بوو جلی پینەکراوی لەبەردا بوو، جەعفەرو هاوەڵانی دڵیان سووتا بۆی، نەجاشی کە دەموچاوی بێتاقەتی ئەوانی بینی وتی من موژدەیەکتان پێدەدەم کە دڵخۆشتان دەکات، هەواڵگرەکەم لە خاکی ئێوەوە هاتووە بۆ لام و هەواڵی پێداوم خوا پێغەمبەرەکەی سەرخستووەو دوژمنەکەی شکاندووەو فڵان و فڵانەکەس بەند کراون، لە دۆڵێك جەنگەکە بووە کە پێی دەوترێت بەدر کە داری ئەراکی زۆرە، دەڵێیت ئەمڕۆیە دێتە بەرچاوم لەوێ شوانەیی وشترم دەکرد بۆ گەورەکەم کە کەسێك بوو لە بەنی ضەمرە، جەعفەر بە نەجاشی وت ئەوە چیە بۆچی لەسەر خۆڵ دانیشتویت و هیچ ڕاخەرێکت لەژێردا نیە و ئەو جلانەت لەبەرە؟ ئەویش وتی لەوەدا کە خوا داییەزاندووە بۆ سەر عیسا ئێمە ئەوەمان دیتووە کە حەقە لەسەر بەندەکانی خوا کاتێك بەخششێکی خوایان پێدەگات

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 599.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 71.

تەوازوع بنوێنن، کاتێك خواش سەرکەوتنی پێغەمبەرەکەی بەخشی پێم، منیش ئەم تەوازوعەم بۆ نواند.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پەیامی نارد بۆ نەجاشی تا ئوممو حەبیبەی لێ مارە بکات، نەجاشی ئامادەسازی بۆ کرد و ناردی بە شوێن جەعفەردا و موسڵمانانی هاوەدەمی جەعفەریشی بانگ کرد، کە هاتن نەجاشی وتارێکی پێشکەش کرد و بەبەرچاویانەوە شایەتومانی دووبارە کردەوە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت کاتێك جەعفەر و یارانی گەیشتنە مەدینە، پێغەمبەر (ﷺ) نێوچاوانی جەعفەری ماچ کرد،[3] ئینجا فەرمووی نازانم بە کامیان دڵخۆش بم، بە هاتنی جەعفەر یان بە فەتحی خەیبەر.[4]

جەعفەر و موسڵمانان هاودەم بە خۆیان بڕێکی زۆر دیاری و خەڵاتی نەجاشیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هێنابوو، دەستەی ئەبوومووسای ئەشعەریش کە لە یەمەنەوە چووبوونە حەبەشە لەگەڵ جەعفەر هاتنەوە بۆ مەدینە، هەروەها نەجاشی برازایەکی خۆی ناردبوو تا لە بری خۆیدا خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) بکات.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 307-308.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 443.

3 - سنن أبي داوود، الرقم 4564، البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 206.

4 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12697، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1453،مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31567، مسند البزار، الرقم 1981، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1351، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4193، صححه الذهبي في تعليقاته على المستدرك،

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 78.

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)له‌ ده‌ستكه‌وته‌كانی خه‌یبه‌ردا جه‌عفه‌ر و هاوه‌ڵانی به‌شدار كرد، ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ساڵانه‌ په‌نجا كۆڵ خورمای بڕیه‌وه‌ بۆ جه‌عفه‌ر.[1]

به‌ فه‌رمایشتی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) شایه‌تی بۆ جه‌عفه‌ر و هاوده‌مانی دراوه‌ كه‌ پاداشتی دوو كۆچیان بۆ نووسراوه‌، كۆچێك بۆ حه‌به‌شه‌و كۆچێكیش بۆ مه‌دینه‌، وه‌ك له‌و فه‌رمووده‌ی صه‌حیحی بوخاریدا هاتووه‌ كاتێ كۆچه‌رانی حه‌به‌شه‌ هاتنه‌وه‌ بۆ مه‌دینه‌، خه‌ڵكێ له‌ كۆچه‌ران پێیان ده‌وتن ئێمه‌ پێش ئێوه‌ كۆچمان كردووه‌ بۆ مه‌دینه‌، ئه‌سمائی كچی عومه‌یسیش كه‌ له‌و كۆچه‌رانه‌ی حه‌به‌شه‌ بوو به‌ سه‌ردان چوو بۆ لای حه‌فصه‌ی ژنی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، عومه‌ر چوویه‌ ژووره‌وه‌ بۆ لای حه‌فصه‌و ئه‌سمائی له‌وێ بینی، به‌ حه‌فصه‌ی وت ئه‌و ئافره‌ته‌ كێیه‌؟ وتی: ئه‌سمائی كچی عومه‌یسه‌، عومه‌ر وتی ئه‌مه‌ حه‌به‌شیه‌كه‌یه‌، ئه‌مه‌ له‌وانه‌ی كه‌شتیه‌كه‌یه‌؟ (واته‌ ئه‌و كۆچه‌رانه‌ی به‌ كه‌شتی له‌ حه‌به‌شه‌وه‌ هاتبوون بۆ مه‌دینه‌)، دایكی باوه‌ڕداران وتی به‌ڵێ، عومه‌ر وتی: به‌ كۆچكردن پێشتان كه‌وتین، جا ئێمه‌ له‌ئێوه‌ له‌پێشترو شیاوترین به‌ پێغه‌مبه‌ری خوا، ئه‌سمائیش تووڕه‌ بووو وتی نه‌به‌خوا، ئێوه‌ له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوون‌و نانی برسیتانی ده‌داو ئامۆژگاری نه‌زانتانی ده‌كرد، به‌ڵام ئێمه‌ له‌ خاكێكی-یان وڵاتێكی- دوورو ناخۆش بووین له‌ حه‌به‌شه‌، ئه‌وه‌ش له‌به‌ر خواو له‌به‌ر پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی، سوێند به‌خوا نان ناخۆم و ئاو ناخۆمه‌وه‌ تا ئه‌وه‌ی وتت باسی نه‌كه‌م بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، ئێمه‌ ئازارمان به‌رده‌كه‌وتو ده‌ترساین، ده‌چم‌و بۆی باس ده‌كه‌م و پرسیاری لێده‌كه‌م‌و درۆ و فێڵیش ناكه‌م‌و كه‌م‌و زیادی بۆ ناكه‌م، ئه‌سماء چوو بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)و مه‌سه‌له‌كه‌ی بۆ باس كرد، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 41.

پێی فەرموو ئەی تۆ چیت پێ وت؟ وتی ئاواو ئاوام پێ وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ليس بأحق بي منكم، وله ولأصحابه هجرة واحدة، ولكم أنتم – أهل السفينة – هجرتان) (ئەو لە ئێوە شیاوتر نیە بە من، ئەوو هاوەڵانی یەك کۆچیان بۆ هەیەو ئێوەش–یارانی کەشتی– دوو کۆچتان بۆ هەیە).[1]

عەلی کە برای جەعفەر بوو زۆر جەعفەری خۆشدەویست، بۆیە عەبدوڵای کوری جەعفەر کە برازای عەلیە دەڵێت هەرکات داوای شتێکم لە عەلی بکردایەو نەیکردایە بموتایە لەبەر خاتری جەعفەر ئەوەم بدەرێ یەکسەر پێی دەدام.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ عومرەی پاش حودەیبیە جەعفەریشی لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەری نارد بۆ داوای مەیموونەی کچی حارث، مەیموونەش مەسەلەکەی دایە دەست عەبباس کە مێردی خوشکەکەی بوو، عەبباسیش مەیموونەی لە پێغەمبەر (ﷺ) مارە کرد.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ شەڕی موئتە لە خاکی شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولای ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەو غەزایەدا شەهید بوو.

موئتە لە خوارووی بەلقا بوو ماوەیەك دوور بوو لە شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولادا پێغەمبەر (ﷺ) بە نامەیەکەوە حارثی کوڕی عومەیری ئەزدی نارد

1 - صحيح البخاري، الرقم 4004، صحيح مسلم، الرقم 4462، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8113، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19089، مسند أبويعلى الموصلي، الرقم 7151،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 486.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 229.

بۆ لای پاشای بوصرا، کەچی کە گەیشتە موئتە شورەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و کوشتی، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی لەسەر سەخت بوو، بۆیە سوپایەکی نارد کە نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمیری خەڵکەکە زەیدی کوڕی حارثەیە، ئەگەر کوژرا ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا ئەوە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا با موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن و بیکەنە ئەمیریان)، پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی سپی دایە دەست زەیدی کوڕی حارثەو وەسیەتی کرد بۆیان تا بچنە شوێنی کوژرانەکەی حارثی کوڕی عومەیر و خەڵکی ئەوێ بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەرنا پشت بەخوا ببەستن و دژیان بجەنگن، خۆیشی بۆ بەڕێکردنیان لەگەڵیان چوو تا گەیشتە (ثنية الوداع)، ئیتر لەوێ وەستا و ماڵئاوایی کرد لێیان، موسڵمانانیش نزایان دەکرد بۆیان و دەیانوت خوا بتانپارێزێ و بە چاکی و دەستکەوتەوە بتانگێڕێتەوە، دوژمنیش ئەم هەواڵەی بیست و سوپای کۆکردەوەو شورەحبیل نزیکەی سەد هەزار سەربازی کۆکردەوەو دەستەی پێشڕەوی نارد.

کاتێك موسڵمانان گەیشتنە خاکی شام و هەواڵی زۆری سوپای دوژمن و هاتنی هیرەقلیشیان بە سوپایەکەوە بیست کە نزیك لەو ناوچە بوو، وتیان با نامە بنێرین بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانین فەرمان بە چی دەکات، بەڵام عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە موسڵمانانی هاندا تا درێژە بدەن بە چوونەکەیان، ئەوەبوو درێژەیان دا بە چوونەکەیان تا گەیشتنە موئتە، دوژمنیش بە سوپایەکی گەورەوە هاتن و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، زەید بە ئاڵاکەوە جەنگا تا ڕمێکی بەرکەوت و شەهید بوو، ئینجا

جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب ئاڵاکەی گرتەدەست و لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و دەمارێکی پێی ئەسپەکەی بڕی تا نیشانی بدات راکردن نیە، ئینجا جەنگا تا سەربازێکی رۆمی بە شمشێر لێیدا و وا لێیدا کردی بە دوو بەشەوە، یەکێك لە بەشەکانی جەستەی نزیکەی سی و ئەوەندە برینداری پێوە بوو، بە هەموو جەستەیەوە نزیکەی حەفتاو ئەوەندە برینداری بینرا چ لە بەرکەوتنی شمشێر یان رم بێت، ئینجا عەبدوڵای کوڕی رەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت و ئەویش جەنگا تا کوژرا، ئینجا موسڵمانان ئاڵاکەیان دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید و ئەویش بە پلانێکی سەرکەوتوو توانی پاشەکشە بکات بە سوپای موسڵمانان.[1]

کاتێك جەعفەر ئاڵاکەی بەدەستی راستەوە گرتبوو شمشێرێك درا لە دەستی و دەستی بڕا، بۆیە بە دەستی چەپ ئاڵاکەی گرتە دەست، پاش کەمێکی تر درا لە دەستی چەپیشی و هەردوو دەستی بڕا.[2]

کاتێك ئەم رووداوانە روویاندەدا پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە لەلایەن پەروەردگارەوە هەواڵی پێدەدراو دەیگێڕایەوە بۆ هاوەڵان.[3]

ئەسمائی ژنی جەعفەر دەڵێت جارێك هەویرم شێلا بوو و منداڵەکانم شۆردبوون و رۆنم دابوو لە قژیان و پاکو پوختم کردبوونەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمووی (منداڵەکانی جەعفەرم بۆ بهێنە)، منیش ئەوانم هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ) بۆنی ئەوانی دەکرد و فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارەوە، وتم ئەی پێغەمبەری

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 128-129.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 246.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13843.

خوا (ﷺ) به دایك و باوكمەوه به قوربانت بم بۆچی دەگریت، ئایا هیچت سەبارەت به جەعفەر و هاوەڵانی بیستووه؟ فەرمووی (نعم أصیبوا هذ الیوم)، (بەڵێ ئەمڕۆ كوژران)، ئەسمائی كچی عومەیس دەڵێت منیش هەستام دەستم كرد به شیوەن و ژنان له دەورم كۆبوونەوه و پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوه بۆ ماڵەوەو به ژن و خێزانەكانی فەرموو (لا تغفلوا آل جعفر من أن تصنعوا لهم طعاما فإنهم قد شغلوا بأمر صاحبهم)،[1] (بنەماڵەی جەعفەر پشتگوێ مەخەن و چاوتان لێیان بێت خواردنیان بۆ ئامادە بكەن چونكه ئەوان خۆیان پەشۆكاون به مردووەكەیانەوه).

له گێڕانەوەیەكی تردا هاتووه پێغەمبەر (ﷺ) به خەڵكی فەرموو (اصنعوا لآل جعفر طعاما فإنه قد أتاهم أمر شغلهم)،[2] (خواردنێك ئامادە بكەن بۆ خێزانی جەعفەر چونكه بارێكیان تووش بووه كه پەشۆكاوی كردون).

كاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی كوژرانی جەعفەر و زەید و عەبدوڵای كوڕی ڕەواحەی بیست، دانیشت و خەفەت دەموچاوی داگرتبوو، پیاوێك هات وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتانی جەعفەر وا دەگرین و بەردەوامن له گریانیان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كرد بڕوات ڕێی گریانیان لێ بگرێت، ئەویش چوو و هاتەوەو وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من پێم وتن بەڵام بەگوێیان نەكردم، پێغەمبەر (ﷺ) هەمتر ناردیەوه، كابرا چوو و هاتەوەو وتی بەخوا چاریان ناكەم هەر دەگرین، جاری

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26475، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20234، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 2741، سنن ابن ماجة، الرقم 1605، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1311، سنن الدارقطني، الرقم 1615، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6690، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1685، مسند الشافعي، الرقم 1544، مسند الطيالسي، الرقم 1014، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6650، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1456، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 3132، كما حسنه شعيب الأرناؤوط في تعليقه على مسند أحمد بن حنبل.

سێیەمیش هەر وا بوو، عائیشە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بە کابرای فەرموو (فاحث في أفواههن التراب)، (دەی خۆڵ بپرژێنە بە دەموچاویاندا).[1]

پێغەمبەر (ﷺ) تا سێ ڕۆژ مۆڵەتی دا خێزانی جەعفەر ماتەمینی بگێڕن، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لایان و فەرمووی (لا تبكوا على أخي بعد اليوم)، (لەمڕۆ بەدواوە مەگرین بەسەر براکەمدا)، ئینجا فەرمووی (برازاکانم بۆ بانگ بکەن)، ئەوانیش هاتن، ئینجا داوای سەرتاشی کرد و سەرتاش هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد سەری کوڕەکانی جەعفەری چاك کرد.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (رأيت جعفرا يطير في الجنة مع الملائكة)،[3] (جەعفەرم بینی لە بەهەشتدا لەگەڵ فریشتەکاندا دەفڕی).

پەندو وانە

دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو بارە سەختەکاندا خۆیشی و ئازیزانیشی هاودەم بە هاوەڵان بەشدار کردووە، بۆ جێهێشتنی خاکی خۆیان و کۆچێکی دوور و سەخت پێغەمبەر (ﷺ) جەعفەری ئامۆزای دەنێرێت، بۆ فەتحی خەیبەر عەلی ئامۆزای دەنێرێتە پێشەوە، بۆ جەنگی موئتە جەعفەر دەنێرێت، خۆی بەشداری هەموو ناڕەحەتیەکان دەبێت، ئەمە وادەکات ئیتر هاوڵاتی لەئاست کێشەو

1 - صحيح البخاري، الرقم 1250، صحيح مسلم، الرقم 1602، صحيح ابن حبان، الرقم 3204، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1953، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6678، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23755.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 3678، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8330، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1684، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1445، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 5227.

3 - سنن الترمذي، الرقم 3782، صحيح ابن حبان، الرقم 7156، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3763.

نارەحەتیەکاندا نارەزایی دەرنەبڕێت، چونکە دەبینێت سەرکردە و دەوروبەرەکەشی وەك ئەو دەژین.

پەندو وانەیەك کە لە سەرکردایەتی جەعفەرەوە فێری دەبین بنەڕەتە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵە گەورەی کە ئەمڕۆ لەناو موسڵماناندا هەیە، ئەویش شەرمکردن و ترسانە لە وتنی هەندێ راستی ئیسلام بە بیانووی جۆراوجۆر کە زۆربەی کات ئەو بیانووانە زادەی بیرکردنەوەی عەقڵی نین بەڵکو ترسە لە بەرامبەرو بەرگەنەگرتنی شاڵاویانە، دەبینین جەعفەر کاتێك پرسیاری لێدەکرێت سەبارەت بە پیرۆزترین بنەمای ئاینی وڵاتی حەبەشە، لە وەڵامدا تەنها ئەوە دەڵێت کە خوا دایبەزاندووەو پەیامی خوایە، ئیتر باکی نیە چی بەسەر دێ، چونکە ئەوان لەبەر نەگۆڕینی پەیامی خوا کۆچیان کردووە بۆ حەبەشە، جا ئێستا چۆن دەکرێت پاش ئەو هەموو نارەحەتیە ئەو کارە بکەن کە ئامادە نەبوون لە وڵاتی خۆیان بیکەن ئەویش دەسکاری کردنی پەیامی خوایە، دەبینین لەمڕۆشدا موسڵمانانێك لەبەر ئایینی خوا چەندین نارەحەتییان دێتەڕێ و قبووڵی دەکەن و ئامادەن لەو پێناوەدا باج بدەن، کەچی لەلایەکی ترەوە ئەو ماندووبوونەیان سفر دەکەنەوە.

لە نامەکەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆ نەجاشی رەچاوی ئەو خاڵە دەکەین کە پێغەمبەر (ﷺ) لە دواندنی بەرامبەردا رەچاوی باری بەرامبەری کردووەو لەەر مەسەلە پەیوەستەکانی نێوانیشیان دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) دەزانێت ئایینی نەجاشی و حەبەشە مەسیحیەتە، بۆیە سەبارەت بە عیسا و مەریەم قسە دەکات، سەبارەت بەو پرسانەی کێشەی ناو ئەو ئایینە بوون کە بریتی بوو لە بەندایەتی عیسا و لەدایکبوونی عیسا و پاکداوێنی مەریەم، بەمە هەم ئەو مەسەلانەی

بۆ یەکلا کردەوە، هەم تێیگەیاند کە خاڵی هاوبەش لەنێوانیان ئیسلام و مەسیحیەتدا هەیە.

ڕێزگرتنی نەجاشی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە ئاستێکی زۆر گەورەدا بووە، دەبینین لە هەنگاوی یەکەمدا باوەڕی پێ دەهێنێت و بە هەموان دەڵێت ئامادەم ببمە خزمەتکاری، پاشان کوڕەکەی خۆی دەنێرێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا لە وەڵامی نامەکەیدا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەم دەربڕینە بەکاردێنێت (بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بۆ موحەممەدی پێغەمبەری خوا لە نەجاشی ئەصحەمی کوڕی ئەبجەرەوە، سەلامو رەحمەت و بەرەکەتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا)، ئەمەش لووتکەی ڕێزە کە هەرچەندە ئەو نامەنووسە کەچی ناوی خۆی دەخاتە دوای ناوی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها هاودەم بە جەعفەرو یارانی برازاکەی خۆی دەنێرێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا خزمەتی بکات، جگە لەوەش گرانبەهاترین دیاری بۆ دەنێرێت.

دروستی ماچکردنی پیاو بۆ پیاو و هەروەها ئافرەت بۆ ئافرەتیش، ئەوەش وەك نیشاندانی ئەوپەڕی خۆشەویستی، پێغەمبەر (ﷺ) کە جەعفەری بینی باوەشیان بە یەکدا کرد و پێغەمبەر (ﷺ) نێوچاوانی جەعفەری ماچ کرد، وەك چۆن حەسەن و حوسەینیشی دەگرتە کۆش و ماچی دەکردن.

لەبەرچاوگرتنی ئەگەرەکان خاڵێکی بنەڕەتی و پێویستە لە سەرکردەدا هەبێت، پێغەمبەر (ﷺ) لە ناردنی ئەو سوپایەدا ئەگەری دانا بۆ کوژرانی سێ سەرکردەو ریزبەندی دانا کە ئەگەر هەرکامیان کوژرا ئەوی تریان بچێتە شوێنی، دوای ئەوەش با ئیتر موسڵمانان لەنێو خۆیاندا سەرکردەیەك دیاری بکەن.

چوونی پێغەمبەر (ﷺ) بە پیادە بۆ ماڵئاوایی کردن لە سوپاکەی موئتەو پەرۆشی بۆیان پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ورەو گوڕو تینی سەربازان، هەروەها بەشداری کارای سەرکردە یەکدوای یەکەکانی ئەو سوپایەو جەنگانیان بە گوڕو تینەوە دووبارە ورەبەرزیە بۆ سوپا بە گشتی.

ئامادەکردنی خواردن بۆ مردوو فەرمانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بۆ موسڵمانان بەتایبەت بۆ دەرودراوسێی ماڵی مردووەکە چونکە ئەوان لە بارێکی سەختدان، کەچی ئەمڕۆ بارەکە لای زۆرێك لە موسڵمانان پێچەوانە بوەتەوەو کەس‌وکاری مردووەکە لەبەر سەرقاڵییان بە ئامادەکردنی خواردن بۆ ئەوانەی دێن بۆ سەرەخۆشییان پەشۆکاویەکەیان دەبێت بە چەند بەرامبەر.

جەعفەری کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی جەعفەری کوڕی یەزیدی کوڕی هاشمی قورەیشیە، برایەکی هەبوو بەناوی رکانە، لە غەزای خەیبەردا کە پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش کرد پەنجا کۆڵ خورمای پێ بەخشی، ئەوەندەشی بەخشی بە رکانەی برای.[1]

جەمرەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها)

ناوی جەمرەیە و کچی عەبدوڵای تەمیمی یەربووعیە، هەم خۆی و هەم باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 488.
2 - أسد الغابة، ج7، ص 56.

جەمرە دەڵێت باوکم منی برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بەرەکەت بکە بۆ ئەم کچەم، پێغەمبەریش (ﷺ) داینیشاندم و دەستی خستە سەر سەرم و نزای بەرەکەتی بۆ کردم.[1]

ئەم ئافرەتە دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[2]

جەمرەی کچی قوحافە (رضي الله عنها)

ناوی جەمرەیە و کچی قوحافەی کیندیە،[3] کچێکی هەبوو بە ناوی ئومموکلثوم کە فەرموودەی لە دایکیەوە گێڕاوەتەوە.[4]

جەمرە دەڵێت لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ ئومموسەلەمەدا بووم و گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو ئەی ئوممەتە خۆشەویستەکەم ئایا گەیاندم پێتان؟ جا کوڕێکی جەمرە وتی دایە گیان ئەوە چیە دایکی بانگ دەکات؟ منیش وتم کوڕی شیرینم مەبەستی ئوممەتەکەیەتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (ألا إن أعراضكم و أموالكم و دماءكم عليكم حرام، كحرمة يومكم هذا، في بلدكم هذا، في شهركم هذا)،[5] (وریابن ئابڕوو و سامان و خوێنتان لەیەکتر حەرامە وەك حەرامی ئەم ڕۆژەتان، لەم خاکەتاندا و لەم مانگەتاندا).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 554.
2 - أسد الغابة، ج7، ص 56.
3 - أسد الغابة، ج7، ص 57.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 554.
5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20382، أسد الغابة، ج7، ص 57.

## جەمرەی کچی نوعمان (رضي الله عنها)

ناوی جەمرەی کچی نوعمانی عەدەویە، ئەم ئافرەتە فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد موو و خوێن بخرێنە ژێر خاک.[1]

## جەمرەی کوڕی عەوف (رضي الله عنه)

ناوی جەمرەی کوڕی عەوفە، کونیەکەی ئەبوویەزیدە، لەو هاوەڵانە ئەژمار دەکرێت کە دواتر لە فەلەستین نیشتەجێ بووە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی یەزید کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، برایەکیشی هەبوو بە ناوی حورەیث.[2]

یەزید دەڵێت لەگەڵ جەمرەی باوکم چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتمان دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) نزای بۆ کرد و دەستی هێنا بەسەر سنگیدا،[3] نزای بەرەکەتیشی بۆ کرد.[4]

## جەمرەی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی جەمرەی کوڕی نوعمانی کوڕی هەوەذەی کوڕی مالیکی کوڕی سەمعانی عوذریە، یەکەم کەس بوو لە حیجازدا صەدەقەو زەکاتی هۆزەکەی خۆی بردە

1 - أسد الغابة، ج7، ص 57.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 430.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 496.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1626.

خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)،[1] چوونەکەشی لەگەڵ وەفدێکی دوانزە کەسیدا بوو کە لە مانگی صەفەری ساڵی نۆی کۆچیدا بوو.[2]

جەمرە گەورەی هۆزەکەی خۆی بووە، پێغەمبەر (ﷺ) ناوچەیەکی بۆ بڕیەوەو ئەویش تا وەفاتی کرد لەوێ مایەوە.[3]

جەمووحی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی جەمووحەو لە هاوەڵە پشتیوانیەکانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی سەلەمە.

بەنی سەلەمە بتێکیان هەبوو کە پێی دەوترا مەناف، کەسێك لە هۆزەکە کە پێی دەوترا جەمووح هەستاو ئەو بتەی بە پەتێکەوە بەستەوە بە سەگێکەوە، ئینجا فڕێی دایە ناو بیرێکەوە–چاڵێکەوە– و بە شیعر گاڵتەی پێ دەکرد.[4]

جەمیعی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی جەمیعی کوڕی مەسعوودی کوڕی عەمری کوڕی ئەصرەمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێك بوو لە خێرخوازەکان.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 356.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 73.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 356، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 497.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 498.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 498.

جەمیلەی کچی زەید(رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی زەیدەو خوشکی عەلبەی کچی زەیدە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو بەیعەتی داوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

جەمیلەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی سەعدی کوڕی رەبیعە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە،[2] کونیەکەی ئوموسەعدە.[3]

سەعدی باوکی لەگەڵ براکەیدا (مامی جەمیلە) لە غەزای ئوحوددا شەهید بوون و هەردووکیان لە یەك گۆڕدا ئەسپەردە کران.[4]

جەمیلە لەگەڵ زەیدی کوڕی ثابتدا هاوسەرگیری کرد و خاریجە و یەحیا و ئیسماعیل و سولەیمانی لێ بوو.[5]

جەمیلەی کچی سینان (رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی سینانە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە،[6] دایکی ناوی خەولەیە.[7]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 560.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 60.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 560.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص 1803.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 560.

6 - أسد الغابة، ج7، ص 60.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 561.

جەمیلەی کچی صەیفی(رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی صەیفیە، دایکی ناوی نواری کچی قەیسە، جەمیلە شووی کرد بە عەتیکی کوڕی قەیس.[1]

جەمیلەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی عەبدوڵای کوڕی حەنظەلەیە، لە پشتیوانانەو لەو ئافرەتانەیە کە بەیعەتیان داوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).

جەمیلەی کچی عەبدولعوززا (رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی عەبدولعوززای کوڕی قەطەنی خوزاعیە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەروەها ئەم ژنە هاوسەری عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوام بوو.[2]

جەمیلەی کچی عەمر (رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی عەمری کوڕی زەیدە، دایکی ناوی ئەنیسەی کچی عاصیمە، ئەم ئافرەتەش لەوانەیە کە بەیعەتیان داوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، سەرەتا شووی کرد بە عوبادەی کوڕی صامت و وەلیدی لێ بوو، دواتر شووی کرد بە رەبیعی کوڕی سوراقە و عەبدوڵا و موحەممەدی لێ بوو، دواتر شووی کرد بە کلدەی کوڕی ئەبووخالید.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 561.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 563.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 561.

جەمیلەی کچی ئەبولئەفلەح(رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی ئەبولئەفلەح بوو، ئەم ئافرەتە سەرەتا ناوی عاصیە بوو بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا جەمیلە.[1]

لە ساڵی حەوتی کۆچیدا عومەر جەمیلەی بەهاوسەر گرت و عاصمی لێ بوو، دواتر تەڵاقی دا، ئینجا یەزیدی کوڕی حارث بەهاوسەری گرت و عەبدوڕەحمانی لێ بوو.[2]

جەمیلە کاتێك هاوسەری عومەر بوو هێشتا ناوی عاصیە بوو وتی عومەر رقمە لە ناوەکەی خۆم ناوێکی ترم لێ بنێ، ئەویش ناوی نا جەمیلە، ئەویش تووڕە بوو و وتی هیچت بۆ نەدۆزیمەوە جگە لە ناوی کەنیزەیەك؟ بۆیە چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) رقم لە ناوەکەمە ناوێکی ترم لێ بنێ، ئەویش ناوی نا جەمیلە، بەڵام ئەو تووڕە بوو و وتی کە پێشتریش عومەر وا ناوی ناوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (أما علمت أن الله عند لسان عمر و قلبه)،[3] (مەگەر نازانیت خوا لەگەڵ زمان و دڵی عومەرە؟).

جەمیلەی کچی ئەبووجەهل(رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی کچی ئەبووجەهلی کوڕی هیشامی مەخزوومیە.

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 556.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 59.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 558.

جەمیلە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لاماندا و داوای ئاوی كرد و منیش ئاوم بۆ برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (خير أمتي قرني، ثم الذين يلونهم)،[1] (چاكترینی ئوممەتەكەم سەردەمەكەی منن، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن).

جەمیلەی كچی ئوبەی (رضي الله عنها)

ناوی جەمیلەی كچی ئوبەی كوڕی سەلوولە، خوشكی عەبدوڵای كوڕی سەلوولی سەرۆكی دووڕووەكانی مەدینەیە.[2]

ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەكان.[3]

جەمیلە سەرەتا ژنی حەنظەلەی كوڕی ئەبی عامر بوو، بەڵام لە ڕۆژی ئوحوددا حەنظەلە شەهید بوو، دواتر شووی كرد بە ثابتی كوڕی قەیس.[4]

ئەم ئافرەتە یەكەم ئافرەت بوو كە لە ئیسلامدا تەڵاقی خولعی بەكارهێنا.

جەمیلە هاوسەری ثابتی كوڕی قەیسی كوڕی شەمماس بوو، بڕیاری دا لە ثابت جیا بێتەوەو چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوای تەڵاقی كرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مارەییەكەت چیە؟ ئەویش وتی باخێكە، فەرمووی ئامادەی بیدەیتەوە بە ثابت؟ وتی بەڵێ، بەوەش یەكەم ئافرەت بوو لە ئیسلامدا خولعی بەكارهێنا.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 559.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 556.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 556.
4 - أسد الغابة، ج7، ص 58.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 556.

کاتێك جەمیلە لە ثابت جیا بوویەوە سکی پڕ بوو بە موحەممەد، کاتێك موحەممەدی بوو سوێندی خوارد شیری خۆی پێ نەدات، ثابت هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باس کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نزیکی بکەرەوە لێم) واتە منداڵەکەی مەبەست بوو، ئەویش نزیکی کردەوە لێی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) تفی دا لە دەمی و ناوی نا موحەممەد و بە خورمایەکی عەجوە لێوی سوی و فەرمووی (بیبە خوای گەورە رۆزی دەریەتی).[1]

## جەمیلی کوڕی مەعمەر (رضي الله عنه)

ناوی جەمیلی کوڕی مەعمەری کوڕی حەبیبی جومەحیە،[2] یەکێك بوو لەو کەسانەی کە قسەی نەدەشاردەوە.[3]

جەمیل برایەکی هەبوو بە ناوی سوفیان کە یەکێك بوو لەوانەی زوو موسڵمان بوون و یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشە.[4]

جەمیل یەکێك بوو لە بەشداربوانی جەنگی فوججار و تەمەنیشی کەم نەبوو، واتە مێردمنداڵ نەبوو.[5]

1 - أسد الغابة، ج5، ص 85.
2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 247.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 433.
4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 630.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.

کاتێك عومه‌ری کوڕی خه‌طتاب موسڵمان بوو، پرسیاری کرد چ که‌سێك له‌ناو قوڕه‌یشدا زۆر قسه ئاشکرا ده‌کات؟ پێی وترا جه‌میلی کوڕی مه‌عمه‌ر، عومه‌ریش چوو بۆ لای و هه‌واڵی پێدا که موسڵمان بووه و پێی وت به‌ڵام تکام وایه لای که‌س باسی نه‌که‌یت و بیشاریته‌وه، جه‌میلیش تا توانی له‌ناو خه‌ڵکدا هاواری کرد عومه‌ر وازی له ئایینه‌که‌ی هێناوه.[1]

عه‌بدوڵای کوڕی عومه‌ر ده‌ڵێت که عومه‌ر موسڵمان بوو وتی کێ زۆر قسه ده‌گێڕێته‌وه، پێی وترا جه‌میلی کوڕی مه‌عمه‌ری جومه‌حی، ده‌مه‌و به‌یان بوو که چوو بۆ لای، منیش به‌دوایدا چووم و ته‌ماشام ده‌کرد بزانم چی ده‌کات، که گه‌یشته لای جه‌میل وتی ئه‌ی جه‌میل ئه‌رێ زانیوته من موسڵمان بووم و چوومه‌ته ناو ئایینی موحه‌ممه‌ده‌وه؟ عه‌بدوڵا ده‌ڵێت سوێند به‌خوا جه‌میل هه‌رکه ئه‌وه‌ی بیست هه‌ستا و عه‌باکه‌ی به‌دوایدا ده‌خشا و عومه‌ریش به‌دوایدا ده‌رۆیشت و منیش به‌دوایاندا چووم، جه‌میل گه‌یشته لای ده‌رگای که‌عبه، قوڕه‌یشیه‌کانیش له کۆڕ و مه‌جلیسیاندا دانیشتبوون، جه‌میل تا توانی هاواری کرد ئه‌ی خه‌ڵکینه کوڕی خه‌طتاب له‌دین ده‌رچوو، عومه‌ریش له پشتیه‌وه ده‌یوت درۆ ده‌کات به‌ڵکو من موسڵمان بووم و شایه‌تی ده‌ده‌م هیچ په‌رستراوێ نیه جگه له خوا و موحه‌ممه‌دیش پێغه‌مبه‌ری خوایه، خێرا قوڕه‌یشیه‌کان به‌ڕوویدا راپه‌ڕین و عومه‌ریش به‌رگری له‌خۆی ده‌کرد و به‌رامبه‌ریان وه‌ستایه‌وه... کابرایه‌ك هات و وتی ئه‌وه چیه؟ وتیان عومه‌ر له دین هه‌ڵگه‌ڕاوه‌ته‌وه، ئه‌ویش وتی وازبێنن کابرا شتێکی بۆ خۆی هه‌ڵبژاردووه‌و ده‌ستی لێ

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.

هەڵبگرن، بۆ وادەزانن بەنی عەددی هەروا وازتان لێدێنن چیتان دەوێت بەرامبەر عومەر بیکەن؟ ئیتر ئەوانیش وازیان لێهێنا.[1]

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی جەمیل دوو را هەیە، رایەك دەڵێت لە پاش فەتحی مەککە، رایەکیش دەڵێت لە پێش فەتحی مەککە بووە، ئەوکات تەمەنیشی زۆر بوو،[2] بەڵام ئەو رایە راسترە کە پێش فەتحی مەککە موسڵمان بووە چونکە لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد.[3]

هەروەها لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد و تیایدا یەکێك لە بەندکراوەکانی کوشت بەناوی زوهەیری کوڕی ئەبحور.[4]

جەمیل دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصریشدا بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا وەفاتی کرد و عومەریش بە مەرگی زۆر دلگران بوو، ئەوکات تەمەنی جەمیل نزیك بە سەدساڵ دەبوو،[5] جەمیل پاش وەفاتی خۆی نەوەی جێنەهێشت.[6]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6989، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 351، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 82 و قال الحافظ ابن كثير إسناده جيد قوي، صحيح السيرة النبوية للألباني(191/1).

2 - أسد الغابة، ج1، ص 433.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 433.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 631.

جەمیلی کوڕی ردام (رضي الله عنه)

ناوی جەمیلی کوڕی ردامی عوذریە، پێغەمبەر (ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی و نووسەری نامەکەش عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو.[1]

جەمیلی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی جەمیلی کوڕی عامیری کوڕی حوذەیمی جومەحی، برایەکی هەبوو بە ناوی سەعید، کوڕێکیشی هەبوو بە ناوی عەبدولا، بەڵام هیچ فەرموودەیەك لە جەمیلەوە نەگێردراوەتەوە.[2]

جەنابی کەلبی(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا موسڵمان بووەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت بیستم پێغەمبەر (ﷺ) بە کەسێکی ڕەبعەی دەفەرموو (جبرەئیل لە راستمەوەیەو میکائلیش لە چەپمەوەیەو فریشتەکانیش سێبەریان کردووە بۆ سەربازگەکەم، دەی شتێ لە وتەی–شیعری– خۆت بڵێ)، کابراش شیعرێکی هۆنیەوە، منیش وتم ئەرێ ئەو شاعیرە کێ بوو؟ وترا حەسسانە، بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بۆ دەکرد و فەرمایشتی خێری دەفەرموو.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 499.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 500.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 435.

## جەنابی کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی جەنابی کوڕی حارثەی کوڕی صەخری کوڕی مالیکە، یەکێکە لە کۆچەران، کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینە باوکی زۆر خەفەتی پێ خوارد و بە پارچە شیعرێکیش ئەو خەفەت و دڵتەنگیەی خۆی نووسی بۆ جەنابی کوڕی.

ئیبن حەجەر دەڵێت جۆرێك لە هەست کردن بە موسڵمانبوونی حارثەی باوکی جەناب لەو شیعرەیدا بەدی دەکرێت.[1]

## جەنادەی کوڕی تەمیم (رضي الله عنه)

ناوی جەنادەی کوڕی تەمیمی مالیکی کینانیە، تاکە بەڵگەی هاوەڵبوونی ئەوەیە کە عەمری کوڕی عاص لە جەنگی ئەجنادەین ئەوی وەك بەرپرسی یەکەیەکی سوپا داناوە،[2] پێشتریش وتمان ئەو هاوەڵانە تەنها گەورە هاوەڵانی دیاریان دەکرد بە بەرپرسی سوپا و ناوچەکان.

## جەنادەی کوڕی ئەبی نەقبە (رضي الله عنه)

ناوی جەنادەی کوڕی ئەبی نەقبە عەبدوڵای کوڕی عەلقەمەیە، برایەکی هەبوو بە ناوی هوذەیم کە هەردووکیان لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوون.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 501.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 503.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 504.

جەنادیحی کوڕی مەیموون (رضي الله عنه)

ناوی جەنادیحی کوڕی مەیموونەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[1]

جەندەعی کوڕی ضەمرە (رضي الله عنه)

ناوی جەندەعی کوڕی ضەمرەیە، یان دەوترێت ناوی جوندوبە، لە کۆچەران بوو، بەڵام کۆچەکەی نەگەیشتووەتە مەدینە.

جەندەع لە مەککە نیشتەجێ بوو و موسڵمانیش بوو، بەڵام کۆچکردنەکەی دواخست، دواتر بڕیاریدا کۆچ بکات بۆ مەدینە، بەڵام لە ڕێدا مرد و نەگەیشتە مەدینە.[2]

ئەبوونوعەیم دەڵێت ئەم ئایەتە لەسەر جەندەع دابەزی (و من یخرج من بیته مهاجرا إلی الله و رسوله...).

جەندەعی کوڕی ضەمرە لە مەککە نەخۆش بوو و لە کەسە پەککەوتە و لاوازەکان بوو، کاتێك بیستی خوای گەورە سەبارەت بە کۆچکردن چی دابەزاندووەو چەندە خێری هەیە داوای کرد بیبەن بۆ مەدینە،[3] جەندەع چوار منداڵیشی هەبوو، وتی خوایە من بە گیانی خۆم پێغەمبەرەکەت سەردەخەم، وا لە ناو بێباوەڕانەوە دەچم بۆ دارولهیجرەو لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبم و ژمارەو ڕەنگی کۆچەران و

---

1 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص 502.

2 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص 515.

3 - الجامع لأحكام القرآن للقرطبي، دار عالم الكتب(الرياض-2003)، ، ج5، ص 349.

پشتیوانان زیاد دەکەم، ئینجا بە کوڕەکانی وت بمبەن بۆ دارولهیجرە تا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بم،[1] راخەرێکی بۆ ئامادە کرا و خرایە سەر راخەرەکەو سوار کرا و بەرەو مەدینە برا، ئەوەبوو لە ناوچەی تەنعیم کۆچی دوایی کرد، خوای گەورەش ئەو ئایەتەی لەو بارەوە دابەزاند.[2]

جەندەعی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی جەندەعەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[3] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە و دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)،[4] (هەرکەس دەست ئەنقەست درۆیەك بەدەم منەوە بکات با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا دیاری بکات).

جەندەلی کوڕی نەضلە(رضي الله عنه)

ناوی جەندەلی کوڕی نەضلەی کوڕی عەمرە، چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من شاعیرێك بووم و هاوەڵێکی جنۆکەشم هەبوو، ئاگاداری کردمەوە لە هاتنی تۆ، منیش بەرەو لای تۆ هاتم، ئەویش بە شیعرێك هانی دام تا بەرەو لای تۆ بێم، ئەوەبوو جەندەل هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمان بوو.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 443.

2 - الجامع لأحكام القرآن للقرطبي، ج5، ص 349.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 516.

4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1624، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 516.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 517.

جەهبەلی کوڕی سەیف(رضي الله عنه)

ناوی جەهبەلی کوڕی سەیفەو لە بەنی جەللاحە، ئەم هاوەڵە بوو کە هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد بۆ حەضرەمەوت.[1]

جەهجاهی کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی جەهجاهەو کوڕی سەعیدە، یان دەوترێت کوڕی قەیسە یان دەوترێت کوڕی مەسعوودی غیفاریە.[2]

جەهجاهی غیفاری دەڵێت لەگەڵ دەستەیەك لە ئەندامانی هۆزەکەم هاتم تا موسڵمان بم، کاتێك هاتین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی ئێوارە بوو، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامی دایەوە فەرمووی (با هەرکامتان دەستی ئەوەی پاڵی بگرێت)، ئیتر هیچ کەس لە مزگەوتدا نەمایەوە جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و من، منیش کەسێکی باڵابەرز و قەبە بووم و کەس خۆی نەدەدا لە قەرەم، ئەو شەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بردەوە بۆ ماڵی خۆی، ئەوەبوو بزنێك دۆشرا بۆم، منیش هەموویم خواردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) شیری حەوت بزنی بۆ هێنام و منیش شیرەکەم دەخواردەوە، دواتر خواردنێکی ترم بۆ هێنرا و منیش خواردمەوە، ئوممولەیمەن وتی خوایە ئەوەی ئەمشەو پێغەمبەری خوای (ﷺ) برسی کرد برسی بکەیت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (مه يا أم أيمن أكل رزقه و رزقنا على الله تعالى)، وس ئەی ئوممو ئەیمەن، ڕۆزی خۆی خواردووە و ڕۆزی ئێمەش لای خوایە، بۆ بەیانی هەمدی هەموو هاوەڵان کۆبوونەوەو هەر هاوەڵێك باسی ئەوەی دەکرد شەو

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 517.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 518

چی کردووه‌و چی خواردووه‌، جه‌هجاهیش وتی من شیری حه‌وت بزنم خواردوه‌ته‌وه‌و خواردنێکی تریشم (البرمة) بۆ هێنراوه‌و ئه‌ویشم خواردووه‌، ئینجا هه‌موویان له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نوێژی ئێواره‌یان کرد، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی (با هه‌رکه‌ستان که‌سه‌که‌ی پاڵ خۆی بباته‌وه له‌گه‌ڵ خۆی)، ئه‌وه‌بوو هه‌موو چوونه‌وه‌و ته‌نها مایه‌وه سه‌ر من و پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، منیش که‌سێکی باڵابه‌رز و زه‌به‌لاح بووم و که‌س خۆی نه‌ده‌دا له قه‌ره‌م، هه‌مدی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) منی برده‌وه‌و بزنم بۆ دۆشرا و منیش تێرم خوارده‌وه‌و تێر بووم، ئوممو ئه‌یمه‌ن وتی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئایا ئه‌وه میوانه‌که‌ی دوێنێ شه‌ومان نه‌بوو؟ فه‌رمووی با، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی (إنه أكل في معاء مؤمن الليلة و أكل قبل ذلك في معاء كافر، والكافر يأكل في سبعة أمعاء و المؤمن يأكل في معاء واحد)،[1] (ئه‌و ئه‌مشه‌و به ریخۆڵه‌ی باوه‌ڕدار نانی خوارد و پێشتر به ریخۆڵه‌ی بێباوه‌ڕ نانی ده‌خوارد، بێباوه‌ڕ له حه‌وت ریخۆڵه‌دا نان ده‌خوات و باوه‌ڕداریش له یه‌ك ریخۆڵه‌دا نان ده‌خوات).

ئه‌م فه‌رمووده‌یه به گێڕانه‌وه‌ی تر له هاوه‌ڵی تریشه‌وه هاتووه که به صه‌حیح دانراوه‌، وه‌ك له سونه‌نی ترمذیشدا هه‌مان به‌سه‌رهات و هه‌مان فه‌رمووده هاتووه‌و ئه‌بوهوره‌یره ده‌یگێڕێته‌وه‌، به‌ڵام ناوی میوانه‌که نابات، شێخی ئه‌لبانیش به صه‌حیحی داناوه‌.[2]

---

1 - الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم 909، المطالب العالية لابن حجر، الرقم 2495، مسند ابن أبي سيبة، الرقم 24033، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2111، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1631.

2 - سنن الترمذي، الرقم 1788، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 1819.

بەمەدا دەردەکەوێت جەهجاهی غیفاری شەوی یەکەم کە چووەتەوە بۆ ماڵ پێغەمبەر (ﷺ) تازە لە وەفدەکەدا بووەو بە بێباوەڕی چووەتەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) و شەو لەوێ ماوەتەوەو بۆ بەیانیەکەی باوەڕی هێناوە، هەروەك ئیبن ئەثیر بە روونی ئەوە دەڵێت (حەوت شیرەکەی پێش موسڵمانبوونی خوارد، بەڵام کە باوەڕی هێنا شیری یەك دانەشیانی تەواو نەکرد).[1]

هەروەها چەند هاوەڵی تر هەبون کە ئەو فەرموودەیان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بیستووە، لەوانە نافیع دەڵێت ئیبن عومەر نانی نەدەخوارد تا هەژارێك نەهاتایە بۆ لای و نانی لەگەڵ نەخواردایە، ئەوەبوو جارێك کەسێکم برد بۆ لای تا نانی لەگەڵدا بخوات، دوایی ئیبن عومەر وتی ئەی نافیع ئەو کابرایە نەهێنیتەوە بۆ لام، چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (المؤمن يأكل في معاء واحد و الكافر يأكل في سبعة أمعاء)،[2] (باوەڕدار لە یەك ریخۆڵەدا نان دەخوات و بێباوەڕیش لە حەوت ریخۆڵەدا نان دەخوات).

هەریەك لە ئەبووهورەیرە و ئەبوسەعیدی خودری و ئەبی نەضرەی غیفاری و جەهجاهی غیفاری و ئەبوو مووسا و مەیموونەو عەبدوڵای کوڕی عەمر ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە،[3] ئەم هاوەڵە لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 451.

2 - صحيح البخاري، الرقم 5083،

3 - سنن الترمذي، الرقم 1787.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 518.

جەهجاهی غیفاری لە غەزای مورەیسیعدا بەشدار بوو، ئەوەبوو لەگەڵ سینانی کوڕی وەبرەدا لەسەر ئاو کێشەو دەمەقاڵەیەکی بۆ دروست بوو، جەهجاهی غیفاری بە دەستی دای لە سینان، سینان هاواری کرد ئەی پشتیوانان فریا کەون، جەهجاهیش هاواری کرد ئەی قورەیش ئەی کینانە فریا کەون، هەردوولا خێرا هاتن و شمشێریان هەڵکێشا، خێرا برێك لە کۆچەران و پشتیوانان قسەی خێریان کرد، سینان وازی هێنا لە مافەکەی خۆی و لێی خۆش بوو و کێشەکە کۆتایی هات.[1]

جەهجاهی غیفاری دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ژیا، لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا جەهجاه تووشی هەڵەیەك بوو، کاتێك خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان وتاری دەدا جەهجاهی کوڕی سەعید هەستا و دارەکەی دەستی لەدەست سەندو بە ئەژنۆی دارەکەی شکاند، خەڵکی هاواریان لێکرد و عوثمانیش لە مینبەر دابەزیە خوارەوە و چوویەوەماڵەوە و دواتر شەهید کرا، ئەوەبوو ئەژنۆی جەهجاهی غیفاری تووشی نەخۆشی بوو و ساڵێکی بەسەر شەهیدبوونی عوثماندا تێپەڕ نەبوو کە جەهجاهی غیفاری بەو نەخۆشیەشەوە مرد.[2]

پەندو وانە

ئیسلام وەك چۆن بۆ هەر مەسەلەیەکی ژیان رێنمایی و رێسای تایبەتی خۆی هەیە وەك لە بواری هاوسەرگیریدا، لە بواری سەربازیدا، لە مەیدانی ئابووریدا...هتد، رێنمایی تایبەتیشی هەیە سەبارەت بە شێوازی خواردن و خواردنەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (ما ملأ آدمي وعاء شرا من بطن بحسب ابن آدم أكلات يقمن

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 65.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 519.

صلبه، فإن كان لا محالة فثلث لطعامه وثلث لشرابه وثلث لنفسه)،[1] (ئادەمیزاد هیچ بۆشایی و قاپێکی پڕنەکردووە هێندەی پڕکردنی سکی خراپ بێت، ئەوەندە بۆ ئادەمیزاد بەسە چەند پارووپەك بخوات تا پشتی راست راگرێت، ئەگەر هەر چار نەبوو و ویستی زیاتر بخوات ئەوا با سێ یەکی بۆ خواردنی و سێ یەکی بۆ خواردنەوەی و سێ یەکیشی بۆ نەفسی بێت).

جەهدەمە (رضي الله عنها)

ئەم ئافرەتە ناوی جەهدەمەیەو هاوسەری بەشیری کوڕی خەصاصیەیە،[2] ئەم ژنە سێ فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

جەهر (رضي الله عنه)

ناوی جەهرەو کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[4]

1 - سنن الترمذي، الرقم 2359، صحيح ابن حبان، الرقم 675، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7202، سنن ابن ماجة، الرقم 3346، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6558، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16851، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 17429، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5390، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، و صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2380.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 62.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 564.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 520.

جەهر دەڵێت لە دوای پێغەمبەرەوە (ﷺ) قورئانم دەخوێند، پێغەمبەریش (ﷺ) کە لای کردەوە فەرمووی (یا جهر أسمع ربك و لا تسمعنی)،[1] (ئەی جەهر ئەوە بخوێنە تا خوا بیبیستێت نەك من بیبیستم).

## جەهمی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی جەهمی کوڕی سەعدەو یەکێك بووە لە نووسەرەوەکانی خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، جەهم و زوبەیر هەردووکیان سامانی زەکاتیان تۆمار دەکرد.[2]

## جەهمی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی جەهمی کوڕی قەیسی کوڕی عەبدشەرحەبیله و وەك بچووککردنەوەی ناوەکەی بە جوهەیمیش بانگ کراوە،[3] دایکی ناوی روهەیمە بوو و لەو دایکەشیەوە برایەکی هەبوو بە ناوی جوهەیمی کوڕی صەلت،[4] جەهم یەکێك بووە لەوانەی کە کۆچی کردووە بۆ حەبەشە.[5]

ژنەکەی ناوی حورەیملەی کچی عەبدولئەسوەد بوو، ئەم ژن و مێردە دوو منداڵیان هەبوو بە ناوەکانی عومەر و خوزەیمە، کاتێك کۆچی دووەمی حەبەشە

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2157، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1622.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 522.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 521.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 122.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 521.

رووبیدا ئەم خێزانە هەموویان پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو لەوێ حورەیملەی ژنی لە حەبەشە کۆچی دوایی کرد.[1]

جەهمی کوڕی قوثەم (رضي الله عنه)

ناوی جەهمی کوڕی قوثەمەو وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

مشتومڕێك لەو بارەوە هەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) خوشکەکەی ماریەی پێشکەشی جەهم کردبێت، بۆ ئەوەش واقیدی گێڕانەوەیەکی هێناوە، بەڵام رای زیاتر لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) خوشکەکەی ماریەی داوە بە حەسسانی کوڕی ثابت.[3]

جرمووزی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی جرمووزی کوڕی ئەوسی کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەریری هوجەیمیە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[4]

جرمووز کوڕێکی هەبوو بە ناوی حارث کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[5]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 122.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 454.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 520.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 471.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 405.

جرمووز دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریم بکە، ئەویش فەرمووی (أوصيك ألا تكون لعانا)،[1] (وەسیەتت بۆ دەکەم–ئامۆژگاریت دەکەم– کەسێ نەبیت نەفرەت بکەیت–نەفرەت نەبەخشیتەوە بەرامبەر خەڵك–).

بۆیە جرمووز هەتا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد نەفرەتی لە یەك کەس نەکرد.[2]

## جوبەیبی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە کە دایکی باوەڕداران عائیشە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت جوبەیبی کوڕی حارث هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی من تەواو تاوانم لەسەر کەڵەکە بووە، ئەویش فەرمووی (دەی بگەڕێرەوە بۆ لای خوا ئەی جوبەیب)، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من تەوبە دەکەم و دواتر دەگەڕێمەوە سەر تاوانەکە، ئەویش فەرمووی (دەی هەرکات تاوانت کرد تەوبە بکە)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەی تاوانەکانم زیاد دەبن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (عفو الله أكثر من ذنوبك يا جبيب بن الحارث)، (لێخۆشبوونی خوا زۆر زیاترە لە تاوانەکانی تۆ ئەی جوبەیبی کوڕی حارث).[3]

---

1 - الآحاد و المثانى لابن أبي عاصم، الرقم 1067، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20151، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2139، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1590، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 471، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغير و زيادته، الرقم 4307.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 79.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1603، أسد الغابة، ج1، ص 395.

جوبەیری کوڕی حوباب(رضي الله عنه)

ناوی جوبەیری کوڕی حوبابی کوڕی مونذیرە،[1] لە پشتیوانانە.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە ناو ریزەکانی سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[3]

جوبەیری کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی جوبەیری کوڕی مالیکە، بەڵام زیاتر بە جوبەیری کوڕی بوحەینە ناسراوە، بوحەینە دایکی بوو،[4] برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، ئەم هاوەڵە لە ئەزدیەکانە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

جوبەیری کوڕی موطعیم (رضي الله عنه)

ناوی جوبەیری کوڕی موطعیمی کوڕی عەددی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدمەنافی قورەیشی نەوفەلیە،[6] سەبارەت بە کونیەکەی دەوترێت ئەبوومحەممەدە، دەشوترێت بەڵکو کونیەکەی ئەبووعەددی بووە.[7]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 396.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 460.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 396.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 396.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 460.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 462.
7 - أسد الغابة، ج1، ص 397.

دایکی ناوی ئوممومحەبیبی کچی سەعید بوو، یان دەوترێت دایکی ناوی ئوممو جەمیلی کچی سەعید بوو.[1]

جوبەیر کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[2] کوڕێکی تریشی هەبوو بە ناوی نافع کە ئەویش فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[3] هەروەها کچێکی هەبوو بە ناوی ئوممومحەبیب.[4]

ژنەکەی جوبەیر ناوی قتیلەی کچی عەمر بوو کە لەم ژنەی موحەممەدی بوو، ژنێکی تریشی هەبوو بە ناوی ئوممومقیتالی کچی نافع کە لەم ژنەی نافیعی بوو.[5]

جوبەیر یەکێك بوو لە کەسە ژیر و خانەدانەکانی ناو قوڕەیش و سەبارەت بە رەچەڵەکی عەرەبیش پرسیاری لێ دەکرا چونکە شارەزایی زۆری هەبوو بە رەچەڵەکی عەرەب.[6]

جوبەیر سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو و هەندێ جار کەسی رادەسپارد تا کاری بازرگانی بۆ بکات.[7]

کاتێك بێباوەڕانی قوڕەیش ماوەی چەند ساڵێك پەیوەندییان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دارودەستەکەی پچڕاند و لە پەڕەیەکدا ئەوەیان نووسی،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 462.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 398.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 49.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 30.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 205.
6 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 95.
7 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 165.

جوبەیر لەو ماوەدا بە نهێنی سەردانی پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکەکەی دەکرد و دواتریش یەکێك بوو لەوانەی بەشدار بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێککەوتنەدا.[1]

جوبەیر لە جەنگی بەدردا بە بێباوەڕی بەشداری کرد، خۆی دەڵێت پێش ئەوەی شکست بخۆین شتانێکم دەبینی لە ئاسمانەوە وەك مێرووڵەی سپی دادەبەزین، گومانم نیە ئەوانە فریشتە بوون.[2]

کاتێك جەنگی بەدر تەواو بوو و بەندیەکانی بێباوەران لای پێغەمبەر (ﷺ) بوون، جوبەیر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سەبارەت بە بەندکراوانی بەدر قسەی لەگەڵ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لو كان المطعم بن عدي حيا ثم كلمني في هؤلاء النتنى لتركتهم له)، (ئەگەر موطعیمی کوڕی عەددی زیندوو بوایە و سەبارەت بەو بۆگەنانە بیدواندمایە-داوای بکردایە ئازادیان بکەم- ئازادم دەکردن).[3]

جوبەیر کۆیلەیەکی هەبوو بە ناوی وەحشی کە کۆیلەیەکی حەبەشی بوو، کاتێك طوعەیمەی کوڕی عەددی کە مامی جوبەیر بوو لە جەنگی بەدردا کوژرا، جوبەیر پێی وتم ئەگەر حەمزە بکوژیت ئەوا ئازادت دەکەم،[4] رمێکیشت دەدەمێ کە کەم جار لە وەشاندنیدا هەڵەی پێ کراوە و هەمیشە ئامانج دەپێکێت، ئەوەبوو وەحشی لە جەنگی ئوحوددا حەمزەی شەهید کرد.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 95.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 282.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2987.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 11.

5 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 175.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە طائیف گەڕایەوە جوبەیر پەنای پێغەمبەری خوای (ﷺ) دا تا طەوافی عومرەی کرد.[1]

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی جوبەیر دوو را هەیە، رایەك دەڵێت پێش فەتحی مەککە موسڵمان بووە، رایەکی تریش دەڵێت پاش فەتحی مەککە موسڵمان بووە.[2]

بەڵام ذەهەبی دەڵێت یەکێك بووە لە طولەقاء کە بە چاکی موسڵمان بووە، واتە لە پاش فەتحی مەککە موسڵمان بووە.[3]

جوبەیر دەڵێت گوێم لێ بوو پێغەمبەر (ﷺ) لە نوێژی ئێوارەدا سوورەتی (الطور) ی دەخوێند.[4]

جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد، جوبەیر دەڵێ لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لە حونەین دەگەڕایەوە و خەڵکی لەگەڵیدا بوون، ئەعرابەکان زۆر دەئاڵان بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا عەباکەی برا، پێغەمبەر (ﷺ) ناچار لای دارێك وەستا و فەرمووی (أعطوني ردائي، فلو كان عدد هذه

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 95.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 398.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 95.

4 - صحيح البخاري، الرقم 744، صحيح مسلم، الرقم 734، صحيح ابن خزيمة، الرقم 493، سنن أبي داود، الرقم 696، سنن ابن ماجة، الرقم 830، سنن الدارمي، الرقم 1317، صحيح ابن حبان، الرقم 1855، موطأ مالك، الرقم 169، مستخرج أبي عوانة، الرقم 1395، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1041، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3752، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16412، مسند الشافعي، الرقم 967، مسند الطيالسي، الرقم 976، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1475.

العضاه نعما لقسمته بينكم ثم لا تجدوني بخيلا و لا كذوبا و لا جبانا)،[1] (عەباکەمم بدەنەوە، ئەگەر بە هێندەی ژمارەی ئەو دارە (عضاە)–جۆرێك داری دڕکاوی گەورە بوو– وشتر بوایە بە دڵنیاییەوە دابەشم دەکرد لەنێوانتاندا و نەشتاندەبینی پیسکە و درۆزن و ترسنۆك بم).

ئەو سێ سیفەتەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردن نابێت هەرگیز لە سەرکردەدا هەبن (پیسکەیی، درۆزنی، ترسنۆکی)، چونکە هەر سێییان هۆکاری لەناوچوونی تواناو هێزی سەرکردەو نەمانی متمانەی خەڵکن بە سەرکردەکەیان، کاتێك سەرکردە پیسکە بوو هەمیشە ژێردەستەکانی برسی دەبن، سەرکردە کە درۆزن بوو هاوڵاتیان متمانەیان پێی نامێنێت، سەرکردەش کە ترسنۆك بوو لەسەر ئەو ترسەی بڕیاری خێرای وادەدات کە وڵات بەرەو هەلاکەت و نوشستی دەبات.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتی غەزای حونەینی دابەش کرد بەسەر تازە موسڵمان بواندا، سەد وشتریشی دا بە جوبەیر.[2]

جارێك جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەك ئەوەی بڵێت ئەگەر

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2996، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16435، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1533،

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 96.

مردبوویت، ئەویش فەرمووی (إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[1] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).

جوبەیر ژنێکی هێنابوو، بەڵام پێش ئەوەی بیگوازێتەوە تەڵاقی دا، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە (إلا أن يعفون أو يعفو الذي بيده عقدة النكاح)، جوبەیر وتی جا من لەو شیاوترم بە لێبوردەیی، بۆیە لە هەموو مارەییەکە خۆش بوو بۆ ئافرەتەکە.[2]

جوبەیر دەڵێت جارێك لەگەڵ عوثمانی کوڕی عەففان چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، عوثمان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ بەخششت داوە بە بەنی موطەللیب و ئێمەت پشتگوێ خستووە، مەگەر ئێمەو ئەوان بۆ تۆ لە یەك ئاستدا نین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنما بنو هاشم و بنو المطلب شيء واحد)،[3] (بەراستی بەنووهاشیم و بەنوموطەللیب یەك شتن).

جوبەیر لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ماوەیەك والی کووفە بوو و پێش ئەوەی موغیرەی کوڕی شوعبە ببێتە والی کووفە جوبەیر لەوێ والی بوو.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3480، صحيح مسلم، الرقم 4501، سنن الترمذي، الرقم 3696، صحيح ابن حبان، الرقم 6766، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15428، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16434، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7234، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1538.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 98.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3332، سنن أبي داود، الرقم 2601، سنن ابن ماجة، الرقم 2878، صحيح ابن حبان، الرقم 3356، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4306، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2664، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16459، مسند الشافعي، الرقم 1413، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1523،

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 97.

جوبەیر دەڵێت لە کۆتا حەجی عومەری کوڕی خەططابدا بەشدار بووم ، ئێمە لە عەرەفە وەستابوین ... کەسێکی لیهبی دەیوت بەخوا عومەر ساڵێکی تر لەم شوێنەدا ناوەستێت، جوبەیر دەڵێت منیش چووم و چەند قسەیەکم وت بەو کابرایە.[1]

رایەك دەڵێت کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا جوبەیری کوڕی موطعیم نوێژی لەسەر کرد، هەندێکیش دەڵێن بەڵکو حەکیمی کوڕی حیزام بووە، هەندێکیش دەڵێن بەڵکو میسوەری کوڕی مەخرەمە نوێژی لەسەر کردووە.[2]

جوبەیر لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و لە ساڵی پەنجاو حەوت[3] یان پەنجاو هەشت یان پەنجاو نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

## جوبەیری کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی جوبەیری کوڕی نەوفەلەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، جوبەیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ما تقرب عبد إلى الله بأفضل مما خرج منه)،[5] (بەندە بە هیچ شتێك هێندەی ئەوە لە خوا نزیك نابێتەوە کە لێی دەرچووە—واتە قورئان—).

1 - أسد الغابة، ج4، ص 185.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 616.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 398.
4 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 98.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 463.

## جوبەیری کوڕی ئیاس(رضي الله عنه)

ناوی جوبەیری کوڕی ئیاسی کوڕی خەلدەی کوڕی موخەللەدی کوڕی عامرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[1] لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[2]

گێڕانەوەی فەرموودەیەك هاتووە کە تیایدا باسی جوبەیر کراوە، ئەویش ئەوەیە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە حودەیبیە گەڕایەوە، ئەو گەورانەی جوولەکە کە لە مەدینە مابوونەوەو خۆیان بە موسڵمان نیشاندابوو بەڵام دووڕوو بوون هاتن بۆ لای لوبەیدی کوڕی ئەعصەم کە جوولەکە بوو، لوبەید هاوپەیمانی بەنی زریق بوو و جادووگەریش بوو، ئەو جوولەکانە داوایان لە لوبەید کرد تا جادوو بکات لە پێغەمبەر (ﷺ) و بەرامبەر بەوە سێ دیناریان پێدا، ئەویش جادوویەکی ئامادە کرد و دواتر لەناو بیردا داینا، ئیتر باری پێغەمبەر (ﷺ) وای لێهات وای دەزانی شتێکی کردووە کەچی نەشیکردبوو تا ئەوەبوو خوای گەورە ئاگاداری کردەوە کە جادووی لێکراوەو جادووەکەش لە کوێیە، پێغەمبەر (ﷺ) جوبەیری کوڕی ئیاسی بانگ کرد کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەدر، شوێنی جادووەکەی لە بیرەکەدا پێ نیشان دا تا بڕوات ئەو جادووە دەربکات، جوبەیر چوو و جادووەکەی دەرکرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بە شوێن لوبەیددا و فەرمووی (چی وایکرد ئەوە بکەیت، وا خوا ئاگاداری کردمەوە لە جادووەکەت و هەواڵی پێدام چیت کردووە)، ئەویش وتی ئەی ئەبولقاسم خۆشەویستی دینار وایکرد ئەو کارە بکەم.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 460.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 592.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 197.

بەڵام لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە عائیشە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا جادووەکەت دەرهێنا؟ فەرمووی نا،[1] ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد و بیرەکە پڕ کرایەوە.[2]

جوەیریەی عەصری (رضي الله عنه)

بە جوەیریەی عەصری ناسراوەو دەڵێت لەگەڵ وەفدی عەبدولقەیس هاتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و مونذیرمان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (دوو ئاکارت تێدان کە خوا خۆشی دەوێن، لەسەرخۆیی و نەرمونیانی).[3]

جوەیریەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی جوەیریەی کچی حارثی کوڕی ئەبی ضیراری خوزاعی موصطەلەقیە،[4] جوەیریە دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

جوەیریە برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە ئەویش دواتر موسڵمان بوو و فەرموودەشی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[5]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5440.
2 - صحيح مسلم، الرقم 4153.
3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1556.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 565.
5 - صحيح البخاري، الرقم 2607.

ئەم ئافرەتە ژنی موسافیعی کوڕی صەفوان بوو کە لە غەزای مورەیسیعدا کوژرا، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای مورەیسیعدا هێرشی بردە سەر بەنیلموصطەلەق جوەیریە بە کەنیزەك گیرا، بوو بە پشکی ثابتی کوڕی قەیس.[1]

جوەیریە دەڵێت کاتێك سوپاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرەو روومان هات، باوکم وتی وا سوپایەکی بێ سەر و بن هات، منیش سوپایەکم بەرچاو دەکەوت کە لە زۆریدا لەباس نەدەهات، کەچی کاتێك موسڵمان بووم و پێغەمبەر (ﷺ) بەهاوسەری گرتم و موسڵمانانم بینی زانیم ئەوە هەمووی ترس و شکۆیەك بوو کە خوا بەخشیبووی بە موسڵمانان.[2]

جوەیریە دەڵێت سێ شەو پێش ئەوەی موسڵمانان هێرش بێنن بۆمان خەوم بینی مانگ لە مەدینەوە هات و کەوتە ناو ژوورەکەمەوە، بەڵام حەزم نەکرد ئەو خەوە بۆ کەس بگێڕمەوە.[3]

جوەیریە ئافرەتێکی زۆر جوان و خوێن شیرین بوو و هەرکەس بیبینیایە دڵی دەچوویە سەری.[4]

جوەیریە بۆ ئەوەی نەبێتە کۆیلەی ثابت هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوای یارمەتی کرد، دایکمان عائیشە دەڵێت سوێند بەخوا هەر کە بینیم رق بەرامبەری دایگرتم، جوەیریە کە هاتە ژوورەوە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 565-566.
2 - تأريخ الإسلا للذهبي، ج2، ص 260.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 159.
4 - الطبقات الكبرى، ج8، ص 116.

جوەیریەی کچی حارثم کە گەورەی هۆزەکەی خۆیەتی، دەبینیت تووشی چی بوم، جا من لەگەڵ ثابت پەیمانی خۆکڕینەوەم داوە، دەی یارمەتیم بدە تا خۆم بکڕمەوەو خۆم ئازاد بکەم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئایا لەوە چاکترت پێ ببەخشم و بە هاوسەرت بگرم؟) ئەویش وتی بەڵێ، ئەوەبوو پێغەمبەریش (ﷺ) وایکرد، ئینجا خەڵکی بیستیانەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) جوەیریەی بەهاوسەر گرتووە وتیان چۆن دەکرێت خزمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای ئێمە کۆیلەو کەنیزەك بن، بۆیە چی کۆیلەو کەنیزەکی بەنیلموصطەلەقیان لا بوو هەموویان ئازاد کردن، بەوە بەهۆی ئەم ئافرەتەوە خوای گەورە نزیکەی سەد ماڵی بەنیلموصطەلەقی ئازاد کرد.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) جوەیریەی بە هاوسەر گرت باوکی جوەیریە هات و وتی کچی وەك کچی من نابێت بە کەنیزەك بگیرێت، دەی وازی لێ بهێنەو ئازادی بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێت چۆنە من جوەیریە خۆی سەرپشك بکەم بۆ بڕیاردان؟ باوکی پرسیاری کرد لە جوەیریە هاتنەوەت پێ باشە یان مانەوە؟ جوەیریە لە وەڵامدا وتی من خواو پێغەمبەرم (ﷺ) هەڵبژاردووە.[2]

جوەیریە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بەهاوسەری گرتم من تەمەنم بیست ساڵان بوو.[3]

1 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص 263.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 566.

3 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 190.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ لای جوەیریەو ڕۆژی هەینی بوو و ئەوکات جوەیریە بەڕۆژوو بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئایا دوێنێ بەڕۆژوو بوویت؟ وتی نا، فەرمووی بەیانیش ڕۆژوو دەگریت؟ وتی نا، فەرمووی دەی ڕۆژووەکەت بشکێنە.[1]

سەرەتا ناوی بەڕرە بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە جوەیریە.[2]

جوەیریە زۆر جار سەرقاڵی پەرستش و خواپەرستی بوو، جارێك پێغەبمەر (ﷺ) دای بە لای جوەیریەدا بینی سەرقاڵی نزاکردنە، دوای ماوەیەکی تر هەمدی دای بە لایدا تەماشای کرد سەرقاڵی پەرستشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هێشتا سەرقاڵیت بەو حاڵەتەوە؟(سەرقاڵی نزا کردنیت؟) وتی بەڵێ، فەرمووی (لقد قلت بعدك أربع كلمات ثلاث مرات، لو وزنت بما قلت منذ اليوم لوزنتهن: سبحان الله وبحمده، عدد خلقه ورضا نفسه وزنة عرشه ومداد كلماته)،[3] (من دوای تۆ سێ جار چوار وشەم وت ئەگەر کێشانە بکرێن لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ تۆ دەتوتن قورسایی ئەوەی تۆیان دەبێت: سبحان الله وبحمده ، عدد خلقه ورضا نفسه وزنة عرشه ومداد كلماته).

سەبارەت بە کاتی مردنی جوەیریە ڕاجیایی هەیە، ڕایەك دەڵێت لە ساڵی پەنجای کۆچیدا وەفاتی کردووە، ڕایەکی تریش دەڵێت لە مانگی ڕەبیعولئەوەلی

1 - صحيح البخاري، الرقم 1902، صحيح ابن حبان3671، الرقم ، صحيح ابن خزيمة، الرقم2009، سنن أبي داود، الرقم2082، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 7836، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2711، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26165.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 5910، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2889.

3 - صحيح مسلم، الرقم 5011، صحيح ابن خزيمة، الرقم 728، سنن أبي داود، الرقم 1298، سنن ابن ماجة، الرقم 3805.

ساڵی پەنجاو شەش کۆچیدا وەفاتی کرد، دەوترێت کاتێك وەفاتی کردووە تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو،[1] مەڕوانی کوڕی حەکەمیش نوێژی لەسەر کرد.[2]

جوەیریەی کچی ئەبووجەهل(رضي الله عنها)

ناوی جوەیریەی کچی ئەبووجەهلی کوڕی هیشامە، دایکی ناوی ئەروای کچی عەیصە، جوەیریە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[3]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب کاتێك کە فاطیمەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی بوو، چووە داوای جوەیریەی کچی ئەبووجەهل، بەنوموغیرە بۆ ئەو مەسەلەیە هاتن داوای مۆڵەتیان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی نەدان و فەرمووی (فاطیمە بەشێکە لە من و ئەو شتەی ئەو ئازار دەدات منیش ئازار دەدات).[4]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سوێند بەخوا کچی پێغەمبەری خوا و کچی دوژمنی خوا لای یەك پیاو کۆ نابنەوە)، عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە ئەمەی بیست کشایەوە و نەیهێنا.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 566.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد ، ج8، ص 120، تاريخ الإسلام للذهبي، ج4، ص 190.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 262.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 262.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3544، صحيح مسلم، الرقم 4589، سنن ابن ماجة، الرقم 1995، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13837، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18527، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 16844.

دواتر عیتابی کوڕی ئەسید چووە داوای جوەیریەو بەهاوسەری گرت،[1] لەم مێردەی کوڕێکی بوو بە ناوی عەبدوڕەحمان.[2]

جوەینی کوڕی نابیغە (رضي الله عنه)

ناوی جوەینی کوڕی نابیغەیە، هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ شام و لەوێ لەگەڵ سەرکردەکاندا بوو، دواتر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا گەڕایەوە بۆ ناوچەی هۆزەکەی خۆی.[3]

جودەی کوڕی موررە (رضي الله عنه)

ناوی جودەی کوڕی موررەی کوڕی سوراقەی بەلویە، هاودەم بە باوکی لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد و هەردووکیان لەو غەزایەدا شەهید بوون.[4]

جودەیع (رضي الله عنه)

ناوی جودەیعی کوڕی سەبرەیەو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد،[5] بەڵام ئیبن ئەثیر بە جوذرە ناوی هێناوە.[6]

1 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 531.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 487.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 526.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 469.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 468.
6 - أسد الغابة، ج1، ص 402.

جودەیعی کوڕی نوذەیر (رضي الله عنه)

ناوی جودەیعی کوڕی نوذەیری مورادی کەعبیە، یەکێك بوو لە خزمەتکارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام گێڕانەوەی لێوە تۆمار نەکراوە.[1]

جودەیمەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جودەیمەی کوڕی عەمری عەصریە، یەکێك بووە لە ئەندامانی وەفدی عەبدولقەیس.[2]

جوذامەی کچی جەندەل(رضي الله عنها)

ناوی جوذامەیەو کچی جەندەلە،[3] ئیبن ئەثیر دەڵێت ناوی جودامەیە،[4] یان دەوترێت کچی وەهبە، لە دەستەی یەکەمینی موسڵمانبوانی ناو مەککە بوو، کۆچی کرد بۆ مەدینە.[5]

جوذامە ژنی ئونەیسی کوڕی قەتادەی ئەوسی بوو، ئەو پیاوە ژنێکی تریشی هەبوو بە ناوی خەنسائی کچی خذام، ئەم پیاوەش لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[6]

جوذامە فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[7]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 402.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 469.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 551.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 53.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 551

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 551.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 243.

جورەیجی ئیسرائیلی (رضي الله عنه)

ناوی جورەیجە و سەرەتا جوولەکە بووو موسڵمان بووەو چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[1]

ئیبن ئەثیریش ناوی هاوەڵێکی هێناوە بە ناوی جورەیج کە کونیەکەی ئەبووشاتەو کوڕی سەلامەی کوڕی ئەوسە و دەڵێت لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدار بوو و تیایدا بەیعەتی داوە بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[2]

جوعالی حەبەشی (رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە حەبەشی بوو، هەرچەندە ئەبووموسا دەڵێت نازانم ئەوە جوعالی کوڕی سوراقەیە یان جوعالێکی جیاوازە، بەڵام هەریەك لە ئیبن ئەثیر و ئیبن حەجەر بە جیا لە جوعالی کوڕی سوراقەی دەزانن.

ئیبن حەجەر دەڵێت صەففار لە کتاب الانسابدا وتوویەتی حەبەشی بووە.[3]

ئیبن ئەثیریش دەڵێت ئەمەیان لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) کوژراوە، بەڵام جوعالی کوڕی سوراقە دواتر فەرموودەی لێوە بیستراوە، واتە دوای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کردووە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 474.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 408.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 482.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 417.

ئیبن عومەر دەڵێت کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر من لەبەردەستتدا بجەنگم تا دەکوژرێم ئایا پەروەردگارم دەمخاتە بەهەشتەوەو بە کەمم ناگرێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵێ)، ئەویش وتی ئەی چۆن وا دەبێت لە کاتێکدا من بۆنم ناخۆشەو رەنگم رەشە و بنەماڵەم هیچ نیە، کابرا چوو جەنگا تا شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لای تەرمەکەیدا و فەرمووی (الآن طيب الله ريحك يا جعال و بيض وجهك)،[1] (ئەی جوعال ئێستا خوا بۆن خۆش و رووسپی کردیت).

## جوعالی کوڕی سوراقە (رضي الله عنه)

ناوی جوعالە، یان دەوترێت ناوی جوعەیلە،[2] کوڕی سوراقەیە، هاوەڵە لە غیفاریەکانە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ضەمریەکانە،[3] ئیبن حەجەر رای راستتر بەوە جیا دەکاتەوە کە لەوانەیە ئەوە دوو هاوەڵی جیاواز بووبن و یەکێکیان غیفاری بێت و ئەوی تریان ضەمری بێت، چونکە لە غەزای بەنیلموصتەلەقدا پێغەمبەر (ﷺ) جوعالی ضەمری لەسەر مەدینە دانا، هەروەها جوعالێکی تریش لە غەزاکەدا بەشداری کردووە.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 417.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 416.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 245.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 481.

جوعال دەموچاوێکی ناشیرینی هەبوو، لە موسڵمانبووە یەکەمینەکان بوو و لە ئەهلی صوففەش بوو، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[1]

جوعال دەڵێت کاتێك بەرەو غەزای ئوحود دەچووین وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم وترا تۆ سبەینێ دەکوژرێیت، ئینجا جوعالی کوڕی سوراقە لەگەڵیشیدا ئاهی هەڵدەکێشا، پێغەمبەریش بە دەستی دای بەسەر سنگیداو فەرمووی (أولیس الدهر کله غدا)،[2] (مەگەر هەموو زەمانەو ژیان سبەینێ ناکات؟) واتە سبەینێ بەیانی ناکات و تا ڕۆژی دوایی سبەینێ دەگرێتەوە.

هەروەها جوعال لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کردو لەگەڵ موسڵماناندا سەرقاڵی هەڵکەندنی خەندەقەکە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەو ڕۆژەدا ناوی گۆڕی بە عومەر، موسڵمانانیش دەیانوت خۆی ناوی جوعەیل بوو ناوی نا عومەر، ئەویش خۆی لەگەڵ موسڵمانان دەیوتەوەو پێدەکەنی.[3]

بەڵام دیارە ئەم ناوگۆڕینە بۆ ئەوە نەبووە ئیتر ناوەکەی تری جوعال نەمێنێت، بەڵکو وەك ناوێکی زیادە بووە، چونکە دەبینین دوای ئەو غەزایەش جوعال یان جوعەیل هەر بەو ناوانەی خۆی بانگ کراوە وەك چۆن لە غەزای خەیبەر و تەبووکیشدا کە باسی کراوە هاوەڵان و پێغەمبەریش (ﷺ) هەر بە جوعال و جوعەیل ناویان بردووە، واتە مەرج نیە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نابێت لە هەر کەسێك ئیتر ناوەکەی تری نەمابێت، بەڵکو ئەگەر ناوی پێشووی ناشیرین بووبێت ئەوە ئەو

1 - أسد الغابة، ج1، ص 416.

2 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج4، ص 245.

3 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج4، ص 246.

ناوەی نەماوە، ئەگەریش واتاکەی ئاسایی بووبێت هەندێ جار ئەو ناوەشی ماوەتەوە وەك ئەمەی جوعال، هەندێ جاریش هاوەڵە ناولێنراوەکە لە خۆشی فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) هەر ناوە پێشووەکەی خۆی بە یەکجارەکی وازلێهێناوە.

جوعال لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری دەکرد و لە غەزای خەیبەریشدا بەشداری کرد، لە غەزای بەنی قورەیضەشدا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا چاوێکی لەدەستدا.[1]

لە غەزای بەنیلموصتەلەقدا کە لە شەعبانی ساڵی شەشەمی کۆچیدا روویدا، پێغەمبەر (ﷺ) جوعالی کوڕی سوراقەی لە مەدینە هێشتەوە تا لەکاتی رۆیشتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەو غەزایە بەرپرسیارێتی ئەوێ بگرێتە ئەستۆ، لە هەمان کاتدا هاوەڵێکی تر هەبوو بە ناوی جوعالی کوڕی سوراقە کە لەو غەزایەدا بەشداری کرد.[2]

لە غەزای ذاتوریقاعیشدا بەشداری کرد و کاتێك بڕیار بوو بگەڕێنەوە، پێغەمبەر (ﷺ) جوعالی بە نوێنەر نارد تا زوو مزگێنی سەلامەتی پێغەمبەر (ﷺ) بدات بە خەڵکی مەدینە.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) جارێك دەستکەوتی دابەش دەکرد کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ سەد وشترت دا بە ئەقرەعی کوڕی حابیس و عویەینەی کوڕی حوصەین، کەچی هیچت نەدا بە جوعەیل(جوعال)، ئەویش فەرمووی (والذي نفسي بيده لجعيل خير من طِلاَع الأرض كلهم مثل عيينة والأقرع ولكني تألفتهما

1 - أسد الغابة، ج1، ص 416.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 481.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 246.

لیسلما ووکلت جعیلاً إلی إسلامه)،[1] (سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە جوعەیل زۆر باشترە لە پڕی دنیا نموونەی عویەینەو ئەقرەع، بەڵام من دڵی ئەو دوانەم ڕاگرت تا موسڵمان بن و جوعەیلیشم ڕاسپارد بە موسڵمانێتیەکەی).

ئەو غەزایەش غەزای خەیبەر بوو و ئەو کەسەش کە ئەو پرسیارەی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بوو.[2]

ئەبووذەر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکردم جوعەیل چۆن دەبینیت؟ وتم وەك ئەو خەڵکەی تر هەژارە، فەرمووی ئەی فلانەکەس چۆن دەبینیت؟ وتم گەورەیەکی ناو خەڵکە، فەرمووی (دەی جوعەیل چاکترە لە پڕی ئەم دنیا نموونەی ئەو کەسە)، ئەبووذەر دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فلانەکەس کە وایە بۆ وا چاکەی لەگەڵ دەکەیت؟ فەرمووی ئەو گەورەی هۆزەکەیەتی و من دڵیان ڕادەکێشم.[3]

هەروەها جوعال لە غەزای تەبووکیشدا بەشداری کرد، عیرباضی کوڕی ساریە بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ جوعال دەگێڕێتەوەو دەڵێت من لە هەموو کات لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەبووم هەم لە ماڵەوەو هەم لە سەفەریش، شەوی تەبووك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی بچێتە ناو خێوەتەکەی و ئومموسەلەمەی خێزانیشی لەگەڵدا بوو، من بۆ پێویستیەك چووبووم و هاتمەوە، کە هاتمە خزمەتی فەرمووی (لە شەوەوە لە کوێ بوویت؟) منیش مەسەلەکەم بۆ باس کرد، جوعالی کوڕی سوراقەو

1 - دلائل النبوة للبیهقي، الرقم 1933.

2 - الطبقات الكبری لابن سعد، ج4، ص 246.

3 - حلیة الأولیاء لأبي نعیم الأصبهاني، ج1، ص 353.

عەبدوڵای کوڕی موغەففەلی موزەنی و من هەرسێکمان تەواو برسی بووین و لەبەر دەرگای ماڵی پێغەمبەریش (ﷺ) دەژیاین، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ژوورەوە تا شتێکمان بۆ بهێنێت بیخۆین، کەچی هیچی شك نەبرد و هیچیان نەبوو، بۆیە هاتە دەرەوەو بیلالی بانگ کرد و فەرمووی هیچ خواردنێ نیە بۆ ئەم چەند کەسە؟ بیلال وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە کۆڵەکانمان تەکاندون هیچیان تێدا نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی سەیرێ بکەرەوە بەڵکو شتێك پەیدا بکەیت، ئەویش یەك یەك توێشووەکانی دەتەکاند تا یەك دوو خورمایەك کەوتن تا حەوت خورمای کۆکردەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) داوای قاپێکی کرد و خورماکانی خستە ناوی و دەستی لەسەر خورماکان داناو ناوی خوای لێ هێنا و فەرمووی (بە ناوی خواوە بخۆن)، ئێمە لێمان خوارد، من پەنجاو چوار خورمام ژمارد کە ناوکەکەشیان لە دەستەکەی ترمدا بوو و دوو هاوڕێکەشم هەروایان دەرکد، هەرکاممان پەنجا خورمای خوارد و تێر بووین، کە دەستمان لادەبرد حەوت خورماکە هەروەك خۆیان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یا بلال ارفعها فإنه لا یأکل منها أحد إلا نهل منها شبعا)، (ئەی بیلال هەڵیانگرە چونکە هەرکەس لێیان بخوات تێر دەبێت)، ئینجا ئێمە لای خێوەتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بووین و ئەویش شەونوێژی دەکرد، دواتر نوێژی سوننەتی کرد، ئینجا بیلال بانگی فەرموو و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد بۆ خەڵکەکەو دواتر گەڕایەوە بەرەو لای خێوەتەکەیو دانیشت و ئێمەش لە دەوری دانیشتین، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری نانی بەیانی لێکردین، منیش لە دڵی خۆمدا وتم نانی بەیانی چی؟ ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد لە بیلال خورماکان بهێنێت، ئەویش خورماکانی هێنا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خورماکانی خستە ناو قاپەکەو دەستی خستە سەر خورماکان و فەرمووی بخۆن بە ناوی خواوە، سوێند بەخوا

دەکەس بووین تێرمان خوارد، ئینجا دەستمان هەڵگرت دەبینین خورماکان وەك خۆیان ماونەتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لولا أني أستحي من ربي لأكلنا من هذه التمرات حتى نرد المدينة من آخرنا)، (ئەگەر لەبەر شەرمم لە پەروەردگارم نەبوایە لەو خورمایانەمان دەخوارد تا دواجار هەموومان دەگەڕاینەوە مەدینە)، ئینجا مێردمنداڵێك هات، پێغەمبەر (ﷺ) خورماکانی دا بەو مێردمنداڵەو ئەویش خورماکانی دەمژی.[1]

پەندو وانە

ڕێزو گەورەیی لای خوای گەورە بە پلەو پایەو ناوبانگ نیە، یان بە ئاستی ڕێزی ئەو کەسە لای خەڵك نیە، بەڵکو تاکە ڕێز و پلەبەرزی لای خوای گەورە بریتیە لە ئاستی تەقوا، هەر بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو وانەی فێری هاوەڵان کرد کە هەموو سەر زەوی پڕ بێت لە نموونەی کەسانێکی ئیمان لاوازی لای خەڵك ڕێزلێگیراو هێندەی هەژارێکی دەموچاوناشیرینی لەخواترس بەهایان نیە، بەڵکو تەنها جوعال بەرامبەر ملیارەها ئیمان لاوازی دڵراگیرکراو لای خوا گەورەترە.

هەروەها ئەوەش فێر دەبین کە پشکی دنیا پێوەر نیە بۆ خەڵات کردنی کەسێك، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) بە سەد وشتری دەدا بە تازە موسڵمان بوان، کەچی هیچی نەدا بە جوعال کە لەخواترسێکی هەژار بوو، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) لە حونەینیشدا دەستکەوتەکانی دا بە تازە موسڵمانبوانی مەککەو پشتیوانانی بێبەش کرد، لە هەردوو بارەکەدا موسڵمانان خۆیان نەگرت و ئەوەیان پێ نائاسایی

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 434، تاريخ دمشق لابن عساكر، ج40، ص 189، البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 118.

بوو، بۆیە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، لە وەڵامدا پێغەمبەر (ﷺ) بە پشتیوانانی فەرموو ئێوەش ئەو سامانەتان دەوێت یان پێغەمبەری خواتان دەوێت لەگەڵتان بێتەوە؟ هەروەها بە هاوەڵانی فەرموو ئەگەر ئەوەم داوە بەو کەسانە ئەوا جوعەیل گەورەترە لە پڕی دنیا لە نموونەی لەوانەو ئیمان و موسڵمانێتیم هێشتوەتەوە بۆ جوعال.

هەروەها ئەوەش وەردەگرین کە پێغەمبەر (ﷺ) تەنانەت لە کاتی سەفەرو لە غەزاکانیشدا شەونوێژی لەبیر نەکردووە، ئەوەش وانەیەکە بۆ موسڵمان تا بزانێت خۆپەروەردەکردنی شەو زۆر گرنگەو دەبێت تاکی موسڵمان بە گشتی و تاکی بانگخواز بە تایبەتی بەردەوام گرنگی بدات بە شەونوێژ.

### جوعشەمولخەیر (رضي الله عنه)

ناوی جوعشەمولخەیری کوڕی خولەیبەی کوڕی شاجی کوڕی مەوهیبی صەدەفی حورەیمیە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) جلەکەی خۆی کردە بەری و نەعلەکانی خۆی پێدا و لە قژی خۆیشی پێدا.[1]

جوعشەمولخەیر ئامینەی کچی طلیقی بەهاوسەرگرت.[2]

جوعشەمولخەیر دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ژیاو لە سەردەمی فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 419.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 277.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 484.

## جولاسی کوڕی صولەیت (رضي الله عنه)

ناوی جولاسی کوڕی صولەیتی یەربووعیە، کچێکی هەبوو کە ناسرابوو بە ئوممومونقیذ فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[1] کوڕان و نەوەکانی جولاس خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە ئیسلام کرد.[2]

جولاس چوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سەبارەت بە دەستنوێژ پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد.[3]

## جولاسی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جولاسی کوڕی عەمری کیندیە، جولاس دەڵێت لەگەڵ دەستەیەك لە هۆزەکەم لە کیندە هاتین بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێك ویستمان بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی خۆمان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاری کردین (إن لكل ساع غاية و غاية ابن ءَدم الموت)،[4] (هەموو هەوڵدەرێك پێگەیشتنێکی هەیە، پێگەیشتنی ئادەمیزادیش مەرگە).

ئیبن حەجەر دەڵێت سەنەدی فەرموودەکە لاوازە.[5]

جولاس فەرموودەی لە ئەبووهورەیرەوە گێڕاوەتەوە.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 494.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 494.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 428.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 428.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 495.
6 - مسند الشاميين للطبراني، الرقم 889.

جولاس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ڕۆژی هەینی دەستنوێژی گرت و لەسەر گوێرەوی و نەعلەکانی مەسحی کرد.[1]

جولەیحەی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه)

ناوی جولەیحەی کوڕی عەبدولای کوڕی موحارییە، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای طائیف و لەو غەزایەشدا شەهید بوو.[2]

جوللاسی کوڕی سوەید(رضي الله عنه)

ناوی جوللاسی کوڕی سوەیدی کوڕی صامیتی کوڕی خالیدەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[3] سەرەتا لە دووڕووەکان بوو و پاشان تەوبەیەکی دروست و تەواوەتی کرد.[4]

جولاس لە جەنگی تەبووکدا[5] دەیوت ئەگەر ئەوەی موحەممەد دەیڵێت حەق بێت ئەوە ئێمە لە گوێدرێژ خراپترین، عومەیر کە لەوێ بوو وتی سوێند بەخوا ئەوەی ئەو دەیفەرموێت حەقەو ئێوەش لە کەر کەمترن، ئینجا ئەو مەسەلەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باس کرد، جولاس هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و حاشای کرد لەو قسەو سوێندی خوارد وای نەوتووە، خوای گەورە ئایەتی لەو بارەوە دابەزاند(يحلفون بالله ما قالوا و لقد قالوا كلمة الكفر و كفروا بعد إسلامهم)، ئینجا جولاس وتی ئەی

---

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 1957.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 496.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 427.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 493.

5 - مصنف عبدالرزاق الصنعاني، الرقم 17641.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو راست دەکات و من ئەوەم وت، خوای گەورە تەوبەو گەڕانەوەی بۆ خستوومەتەڕوو، من لەوەی وتم لای خوا تەوبە دەکەم.[1]

جومانەی کچی حەسەن (رضي الله عنها)

ناوی جومانەی کچی حەسەنەو لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو و حوزەیفەی کوڕی یەمان ئەم ئافرەتەی بەهاوسەرگرت.[2]

جومانەی کچی ئەبووطالیب(رضي الله عنها)

ناوی جومانەی کچی ئەبووطالیبە، ئەم ئافرەتە شووی کرد بە ئەبووسوفیانی کوڕی حارث و عەبدوڵای لێ بوو، جومانە خوشکی ئوممهانیئیش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتی فەتحی خەیبەردا پشکی سی کۆڵ خواردنی بۆ جومانە بڕیەوە.[3]

دایکی جومانە ناوی فاطیمەی کچی ئەسەد بوو.[4]

هەروەها کوڕێکی هەبوو بە ناوی جەعفەر.[5]

جومەیلی کچی یەسار (رضي الله عنها)

ناوی جومەیلی کچی یەسارە، خوشکی مەعقیلی کوڕی یەسارە.[6]

---

1 - تأريخ المدينة لابن أبي شبة، الرقم 652.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 567.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 553.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 122.

5 - أسد الغابة، ج1، ص 420.

6 - أسد الغابة، ج7، ص 57.

مەعقیلی کوڕی یەساری موزەنی دەڵێت من خوشکێکی خۆم لە پیاوێك مارە کرد، ئەویش تەڵاقی دا، کە عیددەی خوشکەکەم تەواو بوو کابرا هاتەوەو خوازبێنی کردەوە، منیش پێم وت خوشکەکەمم لێ مارە کردیت و رێزم لێنایت کەچی تۆ تەڵاقت دا، ئێستایش هاتوویتەتەوەو هەمتر خوازبێنی دەکەیت؟ نا سوێند بەخوا جارێکی تر نایبینیتەوە، ئەو کابرایش کابرایەکی خراپ نەبوو، ئافرەتەکەش دەیویست بچێتەوە بۆ لای، ئەوەبوو خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند(فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن....) منیش چووم و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێستا رازیم، ئەوەبوو خوشکەکەمم مارە کردەوە لێی.[1]

### جومەیمەی کچی حومام (رضي الله عنها)

ناوی جومەیمەی کچی حومامی کوڕی جەمووحە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانەو یەکێکە لەوانەی کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

### جونادە (رضي الله عنه)

سەبارەت بە رەچەڵەکی ئەم هاوەڵە زانیاری نیە، بەڵام ناوی لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە تیایدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەی نووسیوە بۆ جەنادە، نامەکەش بەم جۆرەیە (ئەمە نووسراوی موحەممەدی پێغەمبەری خوایە بۆ

1 - صحيح البخاري، الرقم 4838.

2 - أسد الغابة، ج7، ص 62.

جەنادەو هۆزەکەی و ئەوانەی شوێنی کەوتون بە نوێژبەجێگەیاندن و زەکات دان، وە ئەوەش گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوە پەنای خوا و پەنای پێغەمبەرەکەی بۆ هەیە).[1]

بەپێی ئەو زانیاریەی کە ئیبن سەعد هێناویەتی جونادە ئەزدی بووە، چونکە ئەو نامە دێنێ کە پێغەمبەر (ﷺ) نووسیویەتی و دەڵێت بۆ جەنادەی ئەزدی نووسیوە.[2]

## جونبوذی کوڕی سەبع(رضي الله عنه)

ناوی جونبوذی کوڕی سەبع یان کوڕی سەبوعەو کونیەکەی ئەبوو جومعەیە.[3]

جونبوذ دەڵێت دەمەو بەیانی رۆژ بێباوەڕ بووم و دژ بە پێغەمبەر (ﷺ) دەجەنگام، کەچی دەمەو ئێوارەکەی بە موسڵمانی لە ریزی سوپای پێغەمبەردا (ﷺ) دەجەنگام، ئێمە سێ پیاو و شەش ژن بووین–کە موسڵمان بووین–، ئەم ئایەتەش لەسەر ئێمە دابەزی(لولا رجال مؤمنون و نساء مؤمنات...)،[4] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت ئێمە نۆ کەس بووین، حەوت پیاو و دوو ژن.[5]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1561.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 270.

3- الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 506.

4 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1525، المطالب العالية لابن حجر العسقلاني، الرقم 3795.

5 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1557، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2161،

ئیبن قەییم سەبارەت بەو ئایەتە دەڵێت: ئەو کەسانە لەناو هۆزەکەیاندا ئیمانی خۆیان دەشاردەوەو نەیاندەتوانی ئاشکرای بکەن.[1]

قورطوبی دەڵێت واتە ئەو باوەڕدارانەی ناو مەککە کە لەنێوەندی بێباوەڕاندا بوون.[2]

جوندوب(رضي الله عنه)

فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەیفەرموو (اللهم استر عورتي و آمن روعتي و اقض ديني).[3]

جوندوبی کوڕی جونادە (ئەبووذەری غیفاری)(رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی جونادەی کوڕی سوفیانی کوڕی عوبەیدی کوڕی حەرامی کوڕی غیفارە، کونیەکەی ئەبووذەری غیفاریە[4] و زیاتر بەوەش ناسراوە، لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانەو پێغەمبەر (ﷺ) چەندین وەسفی کردووە.

رایەکی تر دەڵێت بەڵکو ناوی بورەیری کوڕی جونادە بووە،[5] بەڵام ذەهەبی دەڵێت رای راست ئەوەیە ناوی جوندوبی کوڕی جونادەیە،[6] هەروەك ئیبن ئەثیریش دەڵێت رای راستتر و زیاتر ئەوەیە ناوی جوندوبە.[7]

1 - التفسير القيم لابن القيم، ج1، ص 190.
2 - الجامع لأحكام القرآن للقرطبي، دار عالم الكتب(الرياض-2003)، ج16، ص 285.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 514.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 440.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 219.
6 - تأريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 405.
7 - أسد الغابة، ج6، ص 106.

دایکی ناوی ڕەملەی کچی وەقیعەی غیفاری بوو،[1] ئەبووذەر برایەکی هەبوو کە ناوی ئونەیسی کوڕی جەنادەی غیفاری بوو و برا گەورەی ئەبووذەر بوو.[2]

ئەبووذەر کوڕێکی هەبوو بە ناوی عیمارە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

ئەبووذەر لە سەردەمی نەفامیشدا بڕوای بە بتەکان نەبوو و باسی بوونی خوایەکی تاك و تەنهای دەکرد.[4]

ئیبن سەعد گێڕانەوەیەکی هێناوە کە ئەبووذەر پێش موسڵمانبوونی کەسێکی ڕێگر بوو و لەگەڵ ئەوەشدا ئازا بوو و بەتەنها خۆی ڕێگری دەکرد، دواتر خوا دڵی ڕاکێش کرد بۆ ئیسلام و وازی هێنا لە ڕێگری.[5]

ئونەیس لەگەڵ ئەبووذەری برای و دایکیدا پێکەوە دەژیان، دواتر نەبوونیو وشکە ساڵی ناچاری کردن شوێنی خۆیان جێ بهێڵنو بچن بۆ لای خاڵوانیان لە نەجد، دواتریش ئەوێیان جێهێشت بەرەو مەککە، ئەبووذەر چوویە مەککەو هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیست و دواتر چوویە خزمەتیو موسڵمان بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ لای ئونەیسی برایو دایکی وبانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، ئەوانیش

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص107.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص136.

3 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 4961.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 222.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 222.

موسڵمان بوونو گەڕانەوە بۆ لای هۆزەکەیان تا پەیامی ئیسلام بگەیەنن بەهۆزەکەشیان، لەوەشا سەرکەوتوو بوون.[1]

ئەبووذەر دەڵێت ئێمە کە لەناو هۆزەکەمان چووینە دەرەوە ئەوان لە مانگە حەرامەکاندا شەڕیان رەوا کردبوو، من و دایکم و ئونەیسی برام دەرچووین و چووین بۆ لای خاڵۆمان، ئەویش رێزی گرتین و چاکەی لەگەڵ نواندین، بەڵام هۆزەکەی حەسوودییان لەڕووماندا نواند و کەوتنە درۆهەڵبەستن بۆمان، نێوانی ئێمەو خاڵمیان تێکدا، بۆیە بڕیارماندا بچین و بارگەو بنەمان پێچایەوە، خاڵۆیشمان سەیری دەکردین و دەگریا، چووین تا لە نزیك مەککە دابەزین، ئونەیس وتی من لە مەککە بڕێ ئیشم هەیە بۆیە چاوەڕێم بە تا دێمەوە بۆ لات، ئەوەبوو ئونەیس چوو و ماوەیەکی زۆری پێ چوو، دواتر هاتەوە، وتم بۆچی هێندە دواکەوتیت؟ وتی کەسێکم لە مەککە بینی لەسەر ئایینی تۆ بوو و بانگەشەی ئەوەی دەکرد پێغەمبەری خوایە، منیش وتم ئەی خەڵکی چییان پێ دەوت؟ وتی خەڵکی پێیان دەوت شاعیر و کاهین و جادووگەر، ئونەیس خۆیشی شاعیر بوو، ئونەیس وتی سوێند بەخوا قسەی کاهینانم بیستووە قسەکانی ئەو لە قسەی کاهینان ناچێت، قسەکانیشی لەئاست گەورەترین شاعیراندا زۆر بەرزترن و هی شاعیر نین، سوێند بەخوا ئەو راستگۆیەو خەڵکی مەککە درۆزنن، منیش وتم دەی لێرە چاوەڕێم کە تا بڕۆم و تەماشایەك بکەم، وتی باشە بەڵام بەرامبەر خەڵکی مەککە وریابە چونکە ئەوان هێرشی دەکەنەسەر، منیش چوومە مەککەو و لای پیاوێکیان خۆم بێناز و نەناس نیشاندا و وتم ئەرێ ئەو کابرا لەدین هەڵگەڕاوەی باسی دەکەن لەکوێیە؟ ئەویش ئیشارەتی کرد و وتی ئەوەیە، منیش

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5430، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 772.

خۆم داپۆشی و چوومە لای ئاوی زەمزەم و لە ئاوەکەم خواردەوەو خوێنی دەموچاوم شۆرد و لەوێ نزیکەی شەو و ڕۆژێك مامەوە و هیچ خواردنێکم نەبوو جگە لە ئاوی زەمزەم، برسێتی زۆری بۆ هێنام، دوو ئافرەتیش لەوێ بوون تەوافیان دەکرد، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر هاتن و لە شاخەوە دابەزیبوون، وتم ئەوە چیتانە؟ وتیان لەدین هەڵگەڕاوە، پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکەی هاتن و پاش تەواف کردن نوێژی کرد، کە لە نوێژەکەی بوویەوە منیش چووم بۆ لای، یەکەم کەس بووم سەلامی ئیسلامم لێکرد، ئەویش فەرمووی (وعليك رحمةالله)، (ڕەحمەتی خوا لە تۆش) تۆ لە کێیت؟ وتم لە هۆزی غیفارم، دەستی هێنا بەسەر تەوێڵیدا، منیش لە ناخی خۆمدا وتم ئەوە حەزی نەکردووە من لە غیفاریەکانم، ئینجا دەستیم گرت، پرسیاری لێکردم لە کەیەوە لێرەیت؟ وتم نزیکەی شەو و ڕۆژێکە، پرسیاری کرد ئەی کێ نانی پێدەدایت؟ وتم تەنها خۆراکم ئاوی زەمزەم بووە، ئیتر هێندە لاواز بوم خەریکە سکم دێتەوەیەك، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (إنها مباركة إنها طعام طعم)، (ئەو ئاوە موبارەکە، ئەو ئاوە خۆراکی و خواردنە)، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتم بدە ئەمشەو من نانی پێ بدەم، ئەویش ڕێی دا، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر چوون و منیش لەگەڵیان چووم، ئەبووبەکر دەرگایەکی کردەوەو لە مێوژی طائیفی بۆ هێناین، ئەوە یەکەم خواردن بوو خواردم، دواتر کە گەیشتمەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (زەویەکم پێ نیشان دراوە تا بۆی بچم کە خورمای هەیە و وادەزانم هەر یەثریب بێت، جا ئایا تۆ پەیامم دەگەیەنیت بە هۆزەکەت بەڵکو خوا بەهۆی تۆوە سوودمەندیان بکات و لەسەر ئەوانیش پاداشتی تۆ بداتەوە)، منیش چوومەوە تا گەیشتم بە ئونەیسی برام، وتی چیت کرد؟ وتم من موسڵمان بووم و باوەڕم پێ هێنا، ئونەیسیش وتی منیش موسڵمان بوم و باوەڕم پێ هێناوە، ئینجا

هەردووکمان چووین بۆ لای دایکمان و ئەویش هەمان قسەکەی ئونەیسی کرد، ئینجا هەرسێکمان چووینەوە بۆ ناو خۆزەکەمان و بانگەوازمان کردن، پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بێت بۆ مەدینە نیوەیان موسڵمان بوون، ئیمائی کوڕی رخصەش بەرنوێژی دەکرد بۆیان، ئەو گەورەی هۆزەکەش بوو، ئەو نیوەکەی تریش وتیان هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدینە موسڵمان دەبین، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەدینە ئەو نیوەکەی تریش موسڵمان بوون، ئینجا ئەسلەمیەکانیش هاتن و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەش وەك براکانمان موسڵمان دەبین، ئەوانیش موسڵمان بوون، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد بۆ غیفار و سەلەمەش.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کاتێك ئەبووذەر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری لا بوو کە هێشتا رۆژێ یان دوو رۆژ بوو موسڵمان بووبوو، دەیوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخوا ئاوا ئایینەکەمان ناشارینەوەو ئاشکرای دەکەین، پێغەمبەریش (ﷺ) وەڵامی نەدەدایەوە، منیش وتم ئەی موحەممەد تۆ بانگەواز بۆ چی دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی (بۆ لای خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ و وازهێنان لە بتەکان و شایەتی ئەوەش بدەیت من پێغەمبەری خوام)، منیش وتم شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و تۆش پێغەمبەری خوایت.[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئەبووذەر دەڵێت لە مەککە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مامەوەو ئەویش ئیسلامی فێر کردم و شتێ لە قورئانم لە خزمەتیدا خوێند، ئینجا وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمەوێت ئایینەکەم ئاشکرا بکەم، فەرمووی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 219-222.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 222.

(من دەترسم بکوژرێیت)، وتم هەر دەبێت وابکەم با تەنانەت بشکوژرێم، پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، چووم بینیم قورەیشیەکان بازنەیان بەستبوو و لای کەعبەوە قسەیان دەکرد، منیش وتم (أشهد ان لا اله الا الله و أشهد أن محمدا رسول الله)، هەموو دابارین بەسەرمدا و کەوتنە لێدانم، لە هۆش خۆم چووم و ئەوانیش وایان زانی منیان کوشتووە، دواتر هاتمەوە هۆش و هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش حاڵی منی بینی و فەرمووی مەگەر ئاگادارم نەکردیتەوە شتی وا نەکەیت؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا حەز و ویستێکی دەروونم بوو بەجێم هێنا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم بگەڕێمەوە ناو هۆزەکەم تا هەرکات هەواڵی دەرکەوتنی پێغەمبەرم (ﷺ) بیست بچمەوە بۆ لای.[1]

کاتێك کە لێیان دەدا عەبباس دای بە لایاندا و وتی ئەی گرۆی قورەیشیەکان ئێوە بازرگانن و ڕێگەکەشتان بەناو غیفاریەکاندایە، ناترسن ڕێتان پێ ببڕن و بەرتان پێ بگرن؟ ئەوانیش بڵاوەیان لێکرد، کەچی بۆ بەیانی ئەبووزەر هەمان شتی دووبارە کردەوە، ئەوانیش هەمان شتیان لەگەڵدا کردەوە، دووبارە عەبباس دایەوە بە لایاندا و هەمان شتی وتەوە پێیان، ئەوانیش وازیان لێهێنا.[2]

گێڕانەوەیەك لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە وردەکاری موسڵمان بوونەکەی ئەبووزەر دەخاتەڕوو، ئەبووزەر بە براکەی وت بڕۆ بۆ ئەو دۆڵە و هەواڵی ئەو کابرایەم بۆ وەربگرە کە بانگەشەی ئەوە دەکات پێغەمبەرەو لە ئاسمانەوە هەواڵ و پەیامی بۆ دێت، گوێ لە وتەکانی بگرەو دواتر وەرەوە بۆ لام، براکەی چوو تا چوویە

1 - حلية الأولياء، ج1، ص 158.

2 - حلية الأولياء، ج1، ص 159.

خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و قسەکەی بیست و گەڕایەوە بۆ لای ئەبووذەر و پێی وت بینیم فەرمانی دەکرد بە ڕەوشتی بەرز و قسەیەکی دەکرد کە شیعر نەبوو، ئەبووذەر وتی ئەوەی من دەمویست بۆت نەهێناومەتەوە، بۆیە خۆی بارگەی پێچایەوەو ئاوی هەڵگرت و چوو تا گەیشتە مەککەو چوو بۆ لای کەعبە و بەدوای پێغەمبەردا (ﷺ) دەگەڕا و ئەویشی نەدەناسی، حەزیشی نەدەکرد لای خەڵك هەواڵی بپرسێت، بۆیە بەو حاڵەوە مایەوە تا نزیکەی شەو، ئینجا ڕاکشا، عەلی کە ئەوی بینی زانی کەسێکی بێگانەیە، کاتێك بینی شوێنی کەوت و هیچکام پرسیاریان لەهیچکام نەکرد تا بەیانی، دواتر ئەبووذەر لە ماڵی عەلیەوە توێشووەکەی هەڵگرتەوەو چوویەوە بۆ لای کەعبە و سێ ڕۆژ ئەم شتە دووبارە بوویەوە، لە ڕۆژی سێیەمدا عەلی کە بردیەوە لەگەڵ خۆی پرسیاری لێکرد ئەرێ پێم ناڵێیت بۆچی هاتویت بۆ ئێرە؟ ئەویش وتی ئەگەر بەڵێنم پێ بدەیت ڕێنموونیم بکەیت پێت دەڵێم، ئەویش بەڵێنی دا، ئەبووذەریش پێی وت بۆچی هاتووە، عەلیش وتی ئەو پێغەمبەرە ڕاست دەکات، کە ڕۆژ بوویەوە شوێنم بکەوە، ئەگەر من شتێکی مەترسیدارم بینی واهەڵدەستم وەك ئەوەی ئاو بڕژم، ئەگەریش بەردەوام چووم شوێنم بکەوە تا دەتبەم بۆ لای، ئەوەبوو بەیانی ئەبووذەر شوێنی کەوت تا چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوێی لێگرت و هەر لەوێ موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (بگەڕێرەوە ناو هۆزەکەت و هەواڵی–ئایینەکەیان– پێبدە تا فەرمانی منت پێدەگات) ئەبووذەر وتی سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە لە نێوەندی ئەم بێباوەڕانەدا هاواری ئەم ئایینە دەکەم، بۆیە چوویە کەعبەو بەوپەڕی توانایەوە هاواری کرد(أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أن محمدا رسول الله) ئەوەبوو خەڵکەکە هەستان و کەوتنە لێدانی تا لەهۆش خۆی چوو، عەبباس هات و خۆی دا بەسەر ئەبووذەردا و وتی قوڕتان بەسەر مەگەر

نازانن ئەو لە غیفاریەکانەو ڕێی بازرگانیشتان بەو ڕێیەدایە، ئەوانیش وازیان لێهێنا، بۆ بەیانیەکەشی هەمان شت ڕوویدایەوە و دووبارە عەبباس ڕزگاری کرد.[1]

سەبارەت بەوەی ئەبووزەر چەندەم کەس بووە موسڵمان بووە ڕایەك دەڵێت چوارەم کەس بووە، ڕایەکی تریش دەڵێت پێنجەم کەس بووە موسڵمان بووە.[2]

ئەبووزەر لەناو هۆزەکەیدا مایەوەو لە ماوەی جەنگی بەدرو ئوحود و خەندەقیشدا هەر لەناو هۆزەکەیدا بوو و دوای ئەوە هات بۆ مەدینە،[3] ئیتر لەوێ مایەوە تا وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) لە مەدینە بوو و لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکریشدا لە مەدینە بوو، بەڵام دوای وەفاتی ئەبووبەکر چوو بۆ شام و لەوێ مایەوە تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان، ئیتر لە سەردەمی عوثماندا خەلیفە داوای لێکرد بێت بۆ مەدینە و ئەویش هاتە مەدینەو دواتر لە ناوچەی ڕەبذە مایەو لەوێ کۆچی دوایی کرد.[4]

پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ئەبووزەر دەیفەرموو (ما أقلت الغبراء ولا أظلت الخضراء من رجل أصدق لهجة من أبي ذر).[5]

ئەبووزەر خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد، کاتێك لە خزمەتکردنی دەبوویەوە دەچوو بۆ مزگەوت و لەوێ دەخەوت، شەوێك ئەبووزەر لە سەر زەوی ناو

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3670، صحيح مسلم، الرقم 4625، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 2683.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 252.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 226.

4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 252-253.

5 - سنن ابن ماجة، الرقم 154، سنن الترمذي، الرقم 3819، مسند احمد بن حنبل، الرقم 6436،صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 156.

مزگەوت راکشابوو کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە، بە نووکە پێیەك رایچڵەکاند و فەرمووی (بۆ دەبینم خەوت لێ ناکەوێت؟) ئەویش وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە کوێ بخەوم، مەگەر لەم شوێنە زیاتر شوێنی ترم هەیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) لەلای دانیشت و پێی فەرموو (ئەی چۆنە ئەگەر لێرە دەرت بکەن؟) وتی ئەوکات دەچم بۆ شام، چونکە شام خاکی کۆچ و خاکی مەحشەر و زەوی پێغەمبەرانە و منیش دەبم بە هاوڵاتیەکی ئەوێ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ئەی چی دەکەیت ئەگەر لە شامیش دەریانکردیت؟) وتی جا دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە و ئێرە دەبێتە ماڵ و مەنزڵم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی چی دەکەیت ئەگەر هەمتر دەریانکردیت؟) وتی ئەوکات شمشێر هەڵدەگرم و بە بەرگری لە خۆم دەجەنگم تا دەمرم، پێغەمبەر (ﷺ) زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و بە دەستی سوکناییەکی پێدا و فەرمووی (ئایا لەوە چاکترت پێ نیشان بدەم؟) وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (تنقاد لهم حيث قادوك و تنساق لهم حيث ساقوك حتى تلقاني و أنت على ذلك)،[1] (چی فەرمانیان پێکردیت ملکەچیان بیت و بۆ کوێیان ناردیت بڕۆیت تا دەگەیتەوە بە من هەر بەو جۆرە بە).

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەفەرموو ( يا أباذر إني أراك ضعيفا، وإني أحب لك ما أحب لنفسي، لا تأمرن على إثنين ولا تولين مال يتيم)[2] (ئەی ئەبووزەر من تۆ بە لاوازی دەبینم، ئەوەشی بۆ خۆم خۆشم دەوێت بۆ تۆیش حەزم پێیە، دەی بەرپرسیارێتی دوو کەسیش مەگرە ئەستۆ و ماڵ و سامانی هەتیویش مەگرە ئەستۆ)

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26946، ضعفه شعيب الأرناؤوط لوجود شهر بن حوشب في السند و هو ضعيف.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3493، سنن أبي داوود، الرقم 2499، صحيح ابن حبان، الرقم 5641، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6296، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 18788.

لە جەنگی تەبووکدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان کەوتنەڕێ ژمارەیەك کەس دواکەوتن، جا کە کەسێك دوابکەوتایە و نەچوایە هاوەڵان دەیانوت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فلانەکەس نەهاتووە، ئەویش دەیفەرموو (وازی لێبهێنن ئەگەر خێری تیا بێت ئەوا خوا پەیوەستی ئێوەی دەکات، ئەگەریش نا ئەوا خوا لەدەست ئەو حەساوەتان دەکات)، تا ئەوەی وترا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووذەر دواکەوتووە، چونکە وشترەکەی ئەبووذەر نەدەچوو، بۆیە ئەبووذەر بارەکەی دا بە شانیدا و خۆی بە پێ کەوتەڕێ، پێغەمبەر (ﷺ) لە رێدا دابەزی و موسڵمانێك تەماشای کرد کەسێك دێت، وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە کەسێکە بە پیادە دێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵکو ئەبووذەر بێت)، کاتێك خەڵکەکە لێی رامان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەخوا ئەوە ئەبووذەرە، ئەویش فەرمووی (رحم الله أباذر يمشي وحده و يموت وحده و يبعث وحده)،[1] (رەحمەتی خوا لە ئەبووذەر بێت، بە تەنها هات و بەتەنهاش دەمرێت و بەتەنهاش زیندوودەکرێتەوە).

لە فەرموودەیەکدا کە بورەیدە گێڕاویەتیەوە هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (فەرمانم پێکراوە بە خۆشەویستی چوار لە هاوەڵانم و خوا هەواڵی پێداوم کە ئەوانی خۆش دەوێت)، بورەیدە دەڵێت وتم ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی (عەلی و ئەبووذەری غیفاری و سەلمانی فارسی و میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندی).[2]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4321 و قال الذهبي فيه إرسال، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1972، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 5531.

2 - مسند الروياني، الرقم 29، مسند احمد بن حنبل، الرقم 22355، سنن ابن ماجة، الرقم 148، سنن الترمذي، الرقم 3738، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4598، ضعفه الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة، الرقم 2171.

مەعرووری کوڕی سوەید دەڵێت ڕۆژێك ئەبووزەری غیفاریم بینی کە دووجلی یەکرەنگی لەبەردا بوو، کۆیلەکەشی دوو جلی یەکڕەنگی لەبەردا بوو، ئێمەش پرسیارمان لێکرد بۆچی هەردووکیان یەك جۆرە جلیان لەبەرکردووە؟[1] ئەبووزەر وتی جارێك من لەگەڵ برایەك بووم بە کێشەم کە دایکی عەجەمی بوو، منیش بە تانەدان لە دایکی شکاندمەوە، ئەویش لای پێغەمبەر (ﷺ) شکاتی کردم،[2] ئینجا کە گەیشتم بە پێغەمبەر (ﷺ)پێی فەرمووم (أعيرته بأمه)،[3] (ئایا بە تانەدان لە دایکی شکاندت؟)، وتم ئەی پێغەمبەری خوا هەرکەس قسە بڵێت بە پیاوان قسە بە دایك و باوکی دەڵێن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەبووزەر تۆ کەسێکیت باری نەفامیت تێدا ماوەتەوە)،[4] پاشان فەرمووی (إن إخوانكم خولكم جعلهم الله تحت أيديكم، فمن كان أخوه تحت يده فليطعمه مما يأكل و ليلبسه مما يلبس و لا تكلفوهم ما يغلبهم فإن كلفتموهم ما يغلبهم فأعينوهم)،[5] (براکانتان خزمەتکاری ئێوەن و خوا ئەوانی خستوەتە ژێر دەستی ئێوە، دەی با هەرکامتان براکەی لەژێر دەستیدا بوو لەو خواردنەی دەرخوارد بدات کە خۆی دەیخوات و لەو جلەی بپۆشێت کە خۆی دەیپۆشێت و لە توانای خۆیشیان زیاتریان بەسەردا مەدەن، ئەگەر کارێکتان بەسەردا دان کە لە توانای خۆیان زیاتر بوو و ماندووی دەکردن ئەوا خۆتان یارمەتییان بدەن).

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2427.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3224.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2427.

4 - صحيح مسلم، الرقم 3224.

5 - صحيح البخاري، الرقم 2427، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 14692.

ئەبووذەر لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا:

مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا ئەبووذەر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە.

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر دواکەوتن و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[1]

ئەم مەسەلەیە پەیوەست کراوە بە ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و ئیمامەت، شیعە پێیان وایە ئیمامەت لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) بە میراتی بۆ عەلی و نەوەکانی ماوەتەوە تا ڕۆژی دوایی و ئەبووبەکر و هاوەڵانی تر ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە، سوننەش پێیان وایە هیچ بنەڕەتێك نیە بۆ مەسەلەی ئیمامەتی عەلی و خیلافەتی ئەبووبەکریش دروست بووە و هەموو موسڵمانانیش لەسەری کۆدەنگ بون.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیمامەت بەشێکی چەسپاوی بیروباوەڕەو مافی عەلی کوڕی ئەبووطالیبو نەوەکانیەتی:

1 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

یەکەم: ئەو بنەرەتە کە بڕیارە بەهەشت ودۆزەخ یەکلا بکاتەوەو ریشەی قەڵەمڕەوی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامیە تا رۆژی دوایی، بۆچی بە ئایەتێك راشکاوانە باسنەکراوە، ئایا ئەمە ناراستی ئەو بانگەشەیە نیە؟ یان ئەوەیە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان لە کۆکردنەوەی قورئاندا راستیگەلێکی ناو قورئانیان لابردووە؟ جا ئەگەر بڵێین یەکەمیان راستە، ئیتر بنەرەتی بانگەشەی ئیمامەت بە دەلیلی قورئانی لەکاردەکەوێت، ئەگەریش بڵێین دووەمیان راستە، ئەوە هیچ بنەرەتێکی دروست بۆ ئیسلام نامێنێتەوە کە لەسەری بڕۆین، چونکە ئەگەر ئەوان و هاوەڵانی تر قورئانیان ناتەواو تۆمار کردبێت، کەوابوو هەم قورئان تەواوی پەیامی خوا نیە، هەم چی فەرموودەیە لەکاردەکەوێت، هەم خوێندکارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبنە خوێندکارانێکی باش پەروەردە نەکرا و و ناپاك و هەلپەرست (دوور لەوان).

دووەم: چۆن دەکرێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر (ﷺ)و میراتگری دین و دنیایی پێغەمبەر (ﷺ)بێت، کەچی ئامادە نەبێت لەسەر ئەو مافە خوداییە شەڕ بکاتو دەرفەت بدات کەسانێکی تر رێرەوی بڕیاری خوا و ئایینی خوا بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چەندین جار لە غەزاکاندا چووەتە گەرمەی جەنگەوەو باکی نەبووە لە مان و نەمانی لە دنیادا.

سەبارەت بە مەسەلەی بەیعەتدانی هاوەڵان بە ئەبووبەکری صدیق و دواکەوتنی چەند هاوەڵێك، ئەگەر لێرەدا بمانەوێت بە وردی لەسەری بدوێین، پێویست بەوە دەکات بەرگێکی بۆ تایبەت بکەین، بەڵام بە کورتی چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

یەکەم: دوو گێڕانەوەی جیاواز هەن سەبارەت بە بەیعەتدانی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب:

لەوەی لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب پاش شەش مانگ لە خیلافەتی ئەبووبەکر و لە دوای وەفاتی فاطیمە بەیعەتی داوە بە ئەبوبەکری صدیق و پێشتر بەیعەتی نەداوە.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە حاکم و بەیهەقی هێناویانە هاتووە عەلی و زوبەیر لە ڕۆژی پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بەیعەتیان داوە بە ئەبووبەکری صدیق.[2]

ئەهلی سوننە پێیان وایە هەردوو فەرموودەکە تەواوکەری یەکدین، عەلی لە ڕۆژی پاش وەفاتدا بەیعەتی داوە، دواتریش کە بەهۆی دڵڕەنجانی فاطیمە لە ئەبووبەکر، دەنگۆیەك پەیدا بوو لەسەر ناکۆکی ئەبووبەکر و عەلی، عەلی بەیعەتی دووبارە کردەوە بۆ ئەبووبەکر تا ئەو گومانە نەهێڵێت.

بەپێی ئەو گێڕانەوەی بوخاری و موسلیم کە پێشتر وتمان، عەلی ئاشکرا دەڵێت چاوەڕێی ئەوەبووە لەو مەسەلەدا راوێژ و پشکێکی هەبێت، بۆیە ئەوەی بە قۆرخکردنی دەسەڵات زانیوەو لە دڵی گرتووە، دواتر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکر.

هەر لەو ماوەش کە بەیعەتی نەداوە بەردەوام ئامادەی نوێژەکان بووە لە مزگەوت و لە دوای ئەبووبەکرەوە، دواتریش کەسی نزیك و راوێژ پێ کراوی ئەبووبەکر بووە.

1 - صحيح البخاري، الرقم 4011، صحيح مسلم، الرقم 3391.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4405، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15382.

چوونی ئەبووذەر بۆ ناوچەی رەبذە:

یەکێك لەو مەسەلانەی کە کراوە بە رەخنە لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان و تانەدان لە خیلافەتەکەی، مەسەلەی چوونی ئەبووذەر بوو بۆ ناوچەی رەبذە، چونکە ئەو تۆمەتەی ئاڕاستە کراوە کە ئەو بە زۆر و بە فەرمان ئەبووذەری دوورخستوەتەوە بۆ ناوچەی رەبذە، سەبارەت بەم مەسەلەش وردەکاریەکی پێویست دەخەینە ڕوو:

ئیبنولعەرەبی لە کتێبەکەیدا (العواصم من القواصم) سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت:

سەبارەت بەوەی گوایە ئەبووذەری دوورخستبێتەوە بۆ ناوچەی رەبذە ئەوە راست نیەو وای نەکردووە، ئەبووذەر کابرایەکی دنیانەویست و زاهید بوو و سەرکۆنەی کاربەدەستەکانی عوثمانی دەکرد و ئەم ئایەتەی بەسەریاندا دەخوێندەوە (والذين يكنزون الذهب و الفضة و لا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم).

ئەبووذەر پێی وابوو ئەوان لە سوار و جلوبەرگدا زێدەڕۆیی دەکەن، بۆیە لەسەر ئەوە نارەزایی بەرامبەریان دەردەبڕی و سەرکۆنەی دەکردن، دەیویست چی لەو ماڵو سامانەی بەردەستیان هەیە دابەش بکرێت، ئەوەش شتێکی پێویست نەبوو.

ئیبن عومەر و هاوەڵانێکی تریش دەیانوت هەرچیەك زەکاتەکەی بدەیت ئیتر بریتی نیە لە کۆکردنەوەی -زێڕ و زیو-، ئەوەبوو لە شام دەمەقاڵەیەك

لەنێوان ئەبووذەر و موعاویەدا روویدا، ئیتر ئەبووذەر هات بۆ مەدینە، خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەویش هەمان رێی خۆی دەگرتەبەر –دنیانەویستی و ویستی ئەوەی هەموان بەوجۆرە بن–، عوثمان پێی وت خۆزگە کەنارت بگرتایە، مەبەستی ئەوەبوو تۆ لەسەر رێبازێکیت کە بۆ تێکەڵی خەڵك نابێت، چونکە تێکەڵی مەرجی خۆی هەیە و کەنارگرتنیش مەرجی خۆی هەیە، هەرکەسیش بیەوێت وەك ئەبووذەر بژی دەبێت بە تەنها بژی، یان تێکەڵی خەڵك بکات بەڵام وازبهێنێت خەڵکی لەو بارەدا بژین کە لە شەریعەتدا حەرام نەکراوە، ئەوەبوو بۆ پشتگوێخستنی دنیا، ئەبووذەر بە سەربەرزی چوو بەرەو ناوچەی رەبذە، حاڵی ئەبووذەر باشتر بوو، بەڵام ئەو حاڵە بۆ هەموو خەڵك نابێت، چونکە ئەگەر لەسەر ئەو رێبازە بچوونایە بەدڵنیاییەوە لەناودەچوون، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە هەموو حاڵەکانی رێکخستووە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو رەخنە لە عوثمان دەگیرێت لەسەر کارێك کە عومەر –پێشتر– کردبووی، دەگێردرێتەوە کە عومەری کوڕی خەططاب ماوەی یەك ساڵ ئیبن مەسعوودو چەند هاوەڵێکی تری لە مەدینە بەند کرد تا ئەو کاتەی شەهید بوو، ئەوکات عوثمان ئازادی کردن، عومەر لەبەرئەوە بەندی کردن چونکە ئەوانە فەرموودەی زۆریان لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەگێڕایەوە.

دەمەقاڵەیەك لەنێوان ئەبووذەرو موعاویەدا روویدا، ئاخۆ ئەبووذەر برێ قسەی دەکرد کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا ئەوانەی نەدەوت، بۆیە موعاویە ئەم مەسەلەی باس کرد بۆ عوثمان و ترسا ئاشووبێك لەنێو

خەڵکیدا دروست بێت، چونکە ئەبووذەر هانیان دەدات بۆ دنیانەویستی و برێ حاڵ کە هەموو خەڵکی بەرگەی ناگرن، بەڵکو بە تایبەت بۆ هەندێ کەس دەبێت و کەمینەیەك دەتوانن بەرگەی بگرن، بۆیە وەك پێشتر باسمان کرد عوثمان نامەی بۆ نووسی تا ئەبووذەر بێت بۆ مەدینە، کاتێك هاتە مەدینە خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەبووذەر بە عوثمانی وت بەنیازم بچم بۆ ناوچەی رەبذە، عوثمانیش وتی وابکە، ئەبووذەریش وایکرد، تەنها ئەو هەنگاوەش بۆ ئەو گونجاو بوو.[1]

ئیبن تەیمیەش پێی وایە چوونی ئەبووذەر بۆ رەبذە لەبەر نەگونجانی ئەو ئیجتیهادەی بوو کە کردبووی، لەو بارەوە دەڵێت:

ئەبووذەر لە رەبذە نیشتەجێ بوو و لەوێش مرد، ئەمەش لەبەر هۆکارێك کە کێشە کەوتە نێوان ئەو و خەڵکەوە، چونکە ئەبووذەر کەسێکی صالحی دنیانەویست بوو، پەیامیشی وابوو کە دنیانەویستی واجبە و مرۆڤ چی لێ زیادە پێویستی خۆی هەڵبگرێت ئەوە کەنز و سامانێکە کە لە رۆژی دواییدا پێی داخ دەکرێت، هەروەها پشتی دەبەست بە شتێك کە لە قورئان و سوننەتدا بەڵگەی لەسەر نیە، ئەو پشتی دەبەست بە فەرمایشتی خوا (والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله...)، بۆیە چی زیاد لە پێویست بوایە بە کەنزی دادەنا، بۆ ئەوەش پشتی دەبەست بەوەی لە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیستبوو کە فەرموویووی(يا أبا ذر ما أحب أن لي مثل أحد ذهبا يمضي عليه ثالثة وعندي منه دينار إلا دينارا أرصده لدين)، (ئەی ئەبووذەر حەز ناکەم هێندە کێوی ئوحود زێرم هەبێت و سیانەی

1 - العوصم من القواصم، تحقيق محب الدين الخطيب و محمود مهدي الأستانبولي، ط2، دار الجيل(بيروت-1987)، ص 85- 88.

بەسەردا تێپەڕ بێت و دیناریٚ لەو زێڕە لای من مابێت مەگەر بۆ قەرزم دانابێت).... کاتێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف مرد و سامانێکی جێهێشت ئەبووذەر ئەوەی بەو کەنزە دانا کە لەسەری سزا دەدرێت، عوثمانیش سەبارەت بەو مەسەلە دانوستان و مشتومڕی لەگەڵ ئەبووذەر دەکرد تا ئەوەی کەعب هاتەژوورەوەو هاوڕای عوثمان بوو، ئەبووذەر لێیدا، هەر لەسەر ئەوەش ئەبووذەر لە شام کێشەی لەگەڵ موعاویە هەبوو، دەستەیەکیش هەبوون هاوڕای ئەبووذەر بوون... خۆ خوای گەورە لە قورئاندا میراتی دیاری کردووەو دابەشی کردووە، دەی میراتیش بۆ کەسێك دەبێت کە دوای خۆی سامانێك جێبهێڵێت، چەندین هاوەڵ لە پشتیوانان و بگرە لە کۆچەرانیش هەبون کە لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) سامانیان هەبووە، چەندین پێغەمبەریش هەبون کە سامانیان هەبووە، ئەبووذەر دەیویست شتێك لەسەر خەڵك واجب بکات کە خوا واجبی نەکردبوو لەسەریان، لەسەر شتێك سەرکۆنەیان بکات کە خوا لەسەر ئەوە سەرکۆنەی نەدەکردن، ئەو لەو رایەیدا موجتەهید بوو و وەك هەموو موجتەهیدانی تر لەسەر گوێڕایەڵیەکەی پاداشت وەردەگرێت...لە سەردەمی خیلافەتی عوثماندا –ماڵ و سامان زۆر بوو– و دەوڵەمەندان خوویان دایە زۆر بواری دنیا کە هەیانبوو لە رووی رێژە و جۆرەوە دەچوونە مەیدانی موباحەوە، ئەبووذەریش هێندە نکوولی دەکرد لێیان تا ئەوەی رێی موباحیشی لیٚ دادەخستن، ئەمەش هۆکارێکی کێشەی نێوان دوو تاقمەکە بوو، بۆیە کەنارگرتنی ئەبووذەر لەبەر ئەو هۆکارە بوو، ئەگەرنا عوثمان هیچ کێشە و مەرامێکی بەرامبەر بە ئەبووذەر نەبوو، ئەوەش کە دەڵێت ئەبووذەر ڕاستگۆترین کەسە واتای ئەوە نییە لە هەموویان باشتر بێت، بەڵکو کەسێکی باوەڕداری لاواز بوو، وەك لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی ( یا أباذر إني أراك ضعيفا، وإني أحب لك ما

أحب لنفسي، لا تأمرن على إثنين ولا تولين مال يتيم) (ئەی ئەبووذەر من تۆ بە لاوازی دەبینم، ئەوەشی بۆ خۆم خۆشم دەوێت بۆ تۆیش حەزم پێیە، دەی بەرپرسیارێتی دوو کەسیش مەگرە ئەستۆ و ماڵ و سامانی هەتیویش مەگرە ئەستۆ)، یان لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە (المؤمن القوي خير وأحب إلى الله من المؤمن الضعيف و في كل الخير) ئەهلی شورایش باوەڕدارانی بەهێز بوون، ئەبووذەرو هاووێنەکانیشی باوەڕدارانی لاواز بوون، باوەڕدارانی چاکی نێو خیلافەت وەك عوثمان و عەلی و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف باشتر بوون لە ئەبووذەر و هاووێنەکانی.[1]

عەسکەری دەڵێت: ئەبووذەر خۆی لەبەر زوهد و دوورگرتنی لەو سامانەی لە دەستی خەڵکدایە چوون بۆ رەبذەی هەڵبژارد.[2]

ئیبن خەلدوون دەڵێت: ئەبووذەر داوای مۆڵەتی کرد لە عوثمان تا لە مەدینە بچێتە دەرەوە، عوثمانیش مۆڵەتی دا و ئەبووذەریش چوو لە رەبذە دابەزی و لەوێ مزگەوتێکی بنیاد نا و عوثمانیش وشتری پێدا و دوو مەملووکی –خزمەتکاری– بۆ دانا و مووچەشی بۆ بڕیەوە،[3] هەروەها عوثمان پەیامی نارد بۆ ئەبووذەر و پێی وت جارجارە سەردانی مەدینە بکە تا نەریتی دەشتەکی وەرنەگریت، ئەویش وایدەکرد.[4]

---

1 - منهاج السنة النبوية لابن تيمية، تحقيق د.محمد رشاد سالم، ط1، مؤسسة قرطبة، ج6، ص 173- 174.

2 - الأوائل للعسكري، ج1، ص 55.

3 - تاريخ ابن خلدون، ط5، دار القلم (بيروت-1984)، ج2، ص 588.

4 - تأريخ الطبری، ج2، ص 616.

مردنی ئەبووذەر

مردنی ئەبووذەر لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە مانگی ذیلحیججەدا بوو،[1] ئیبن مەسعوودیش نوێژی مردووی لەسەر کرد، چونکە ئەوکات ئیبن مەسعوود لە مەدینەوە بەرەو کووفە دەچوو، داوا کرا لە ئیبن مەسعوود نوێژی لەسەر بکات، ئەویش وتی ئەوە کێیە؟ وترا ئەبووذەرە، ئەویش گریانێکی زۆر گریا و وتی برا و کەسی خۆشەویستم بە تەنها ژیا و بە تەنها مرد و بە تەنهاش زیندوو دەکرێتەوە، خۆشبەختی بۆ خۆی.[2]

کاتێك ئەبووذەر لەسەرەمەرگدا بوو ژنەکەی دەستی کرد بە گریان، ئەبووذەر وتی بۆچی دەگریت؟ وتی لەبەرئەوەی کە هەر دەبێت من کفنت بکەم و هیچ جل و بەرگێکم لا نیە تا پێی کفنت بکەم، ئەویش وتی مەگری چونکە بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) رۆژێك کە لەگەڵ چەند کەسێکی تر لەلای بووم دەیفەرموو (لیموتن رجل منکم بفلاة من الأرض تشهده عصابة من المؤمنین)، (کەسێك لە ئێوە لە چۆڵەوانیەکی زەویەکدا دەمرێت، دەستەیەك لە موسڵمانان ئامادەی مەرگی دەبن)، دەی هەرکام لەوانەی ئەو رۆژە لەگەڵم بوون لە ناو کۆمەڵ و قەرەباڵغیدا مردن، ئیتر ئەوە منم کە لە چۆڵەوانیدا دەمرم، سوێند بەخوا درۆم نەکردووەو درۆشم لەگەڵ نەکراوە، دەی سەیرێکی رێگەکە بکە، ژنەکەشی وتی جا سەیری چی بکەم کە حاجییان چون و رێگەش بڕاوە، ئەویش وتی بڕۆ و جوان سەیر بکە، ژنەکەی زوو

1 - البدایة والنهایة لابن کثیر، ج7، ص 165.

2 - الإستیعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 253.

زوو دەچوو سەیرێکی ڕێگەکەی دەکرد و دەهاتەوە بۆ خزمەت کردنی ئەبووذەر، ئینجا تاوە تاوە دەچوویەوە سەیرێکی دەورووبەری دەکرد، تا جارێك خەڵکێکی بینی بە بارگەو بنەو ولاخەوە دەهاتن، کە گەیشتنە لای وتیان ئەوە چیتە لێرە ئەی ئافرەت؟ ئەویش وتی کەسێکی موسڵمانان دەمرێت، وتیان کێیە؟ وتی ئەبووذەر، وتیان ئەبووذەری هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ)؟ وتی بەڵێ، ئەوانیش هەموو دەیانوت بە دایك و باوکمانەوە بەقوربانی بین، خێرا چوون بەرەو لای و چوونە لای، ئەویش بەخێرهاتنی ئەوانی کرد و وتی کاتێك من و چەند کەسێکی تر لای پێغەمبەر (ﷺ) بووین بیستم پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (کەسێك لە ئێوە لە چۆڵەوانیەکی زەویەکدا دەمرێت، دەستەیەك لە موسڵمانان ئامادەی مەرگی دەبن)، دەی هەرکام لەوانەی ئەو ڕۆژە لەگەڵم بوون لە ناو کۆمەڵ و قەرەباڵغیدا مردن، ئیتر ئەوە منم کە لە چۆڵەوانیدا دەمرم، ئێوە گوێبیستی منن کە ئەگەر خۆم یان ژنەکەم پۆشاکێکمان هەبوایە بۆ کفن کردنم ئەوا بەو پۆشاکەی خۆم یان ژنەکەم کفن دەکرام، ئێوە گوێبیستمن کە من بەشایەتتان دەگرم یەکێك لە ئێوە کفنم بکات کە ئەمیر یان عەریف یان پۆستەچی یان نەقیب نەبووبێت، هەرکامیان یەکێك لەو سیفەتانەی تێدا بوو جگە لە گەنجێکی پشتیوانان کە وتی مامە گیان من کفنت دەکەم و هیچکام لەوانەشم نیە کە باست کرد، لەم عەبایەی خۆمدا کفنت دەکەم، هەروەها لە دوو پۆشاکی تریشمدا کە دایکم بۆی ئامادە کردبووم.[1]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6779، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5444، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20915، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1470، حسنه شعيب الأرناؤوط، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف الترغيب و الترهيب، الرقم 3314.

دوای ئەوەی نوێژی مردووی لەسەر کرا و ئەسپەردە کرا، ئینجا ئەو دەستەی موسڵمانان خێزانەکەی ئەبووزەریان بردەوە بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففان،[1] عوثمانیش ژن و منداڵەکانی ئەبووزەری لەگەڵ ژن و منداڵەکانی خۆی دانا.[2]

ئەبووزەر یەکێك بوو لەو کەسانەی کە زۆر فەرمانی دەکرد بە چاکەو ڕێگری دەکرد لە خراپە، لەبەر ڕەزامەندی خوا گوێی نەدەدا بە لۆمەی هیچ کەسێك.[3]

ئەبوونوعەیمی ئەصبەهانی سەرەتای دەستپێکردنی ژیاننامەی ئەبووزەری غیفاری بە وەسفێکی ناوازە دێنێت و دەڵێت (العابد الزهيد، القانت الوحيد، رابع الإسلام، ورافض الأزلام قبل نزول الشرع والأحكام، تعبد قبل الدعوة بالشهور والأعوام، وأول من حيا الرسول بتحية الإسلام، لم يكن تأخذه في الحق لائمة اللوام، ولا تفزعه سطوة الولاة والحكام، أول من تكلم في علم البقاء، وثبت على المشقة والعناء، وحفظ العهود والوصايا، وصبر على المحن والرزايا، واعتزل مخالطة البرايا إلى أن حل بساحة المنايا، أبو ذر الغفاري رضي الله عنه، خدم الرسول، وتعلم الأصول، ونبذ الفضول).[4]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 442.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 165.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 406.

4 - حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج1، ص 156-157.

ئایا ئەبووذەر لە ئاشووبخوازەکان بوو؟

بێگومان ئەبووذەری غیفاری لە ئاشووبخوازەکان نەبوو، بەڵکو موجتەهیدێك بوو کە لە بوارێکی ئیجتیهادەکانیدا نەیپێکا، بەڵام ئەوەی کە کێشە بوو ئەوەبوو ئاشووبخوازان ئەو بانگەوازەی ئەبووذەریان قۆستەوە بۆ مەرامی پیسی خۆیان و توانییان بیکەنە چەکێك بۆ دژایەتی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و دواجار ڕەواکردنی خوێنی، هیچکام لە هاوەڵان و تابعیەکان و زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەش گومانیان نیە لەوەی ئەبووذەر هیچ پەیوەندی و هاوکاریەکی نەبووە لەگەڵ ئاشووبخوازان، بەڵکو نیازێکی چاکسازی هەبووەو ئیجتیهادێکی کردووەو ئیجتیهادەکەی نەیپێکاوەو پشت بەخوا یەك پاداشتی دەست کەوتووە.

جوندوبی کوڕی عەبدوڵای بەجلی (رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی عەبدوڵای کوڕی سوفیانی بەجلیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڵایە، جوندوب دەڵێت من لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) مێردمنداڵێك بووم.[1]

جوندوب دەڵێت ئێمە کۆمەڵێك گەنجی تازە پێگەیشتوو و تازە بازوو بووین لە دەوری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووین، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێش ئەوەی فێری قورئانمان بکات ئیمانی فێر کردین، ئینجا دوای ئەوە قورئان فێر دەبووین و بە قورئان ئیمانمان زیادی دەکرد،[2] کەچی ئەمڕۆ ئێوە پێش فێربوونی ئیمان قورئان فێر دەبن.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 509.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 60، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 61.

3 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4918، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1658،

هەروەها جوندوب دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداریم کرد لە جەژنی قوربان‌دا، هەواڵی پێگەیشت کە پێش نوێژ هەندێ کەس قوربانییان سەربڕیوە، بۆیە فەرمووی (من كان ذبح أضحيته قبل أن يصلي – أو نصلي –، فليذبح مكانها أخرى، ومن كان لم يذبح، فليذبح باسم الله)،[1] (هەرکامتان پێش ئەوەی نوێژ بکات–یان نوێژ بکەین– ئاژەڵی سەربڕیوە ئەوا با دووبارە ئاژەڵێکی تر سەرببڕێت، ئەوەش سەری نەبڕیوە با لەسەر ناوی خوا سەری ببڕێت).

جوندوب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (كان فيمن كان قبلكم رجل به جرح فجزع، فأخذ سكينا فحز بها يده، فما رقأ الدم حتى مات، قال الله تعالى بادرني عبدي بنفسه، حرمت عليه الجنة)،[2] (لەپێش ئێوەدا پیاوێك هەبوو کە برینێکی هەبوو و ئازاری زۆر بوو، چەقۆیەکی هەڵگرت و دەستی خۆی پێ بڕی، ئەوەندە خوێنی لێ ڕۆیشت تا مرد، خوای گەورە فەرمووی بەندەکەم پێش من کەوت بە کوشتنی خۆی، بۆیە بەهەشتم لەسەر حەرام کرد).

جوندوبی کوڕی عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من قتل تحت راية عمية يدعو عصبته أو ينصر عصبته فقتلة جاهلية)،[3] (هەرکەس لەژێر ئاڵایەکی ناڕووندا بجەنگێت کە نەزانرێت ئایا حەقە یان ناحەقە و بانگەواز بکات بۆ

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3715 و اللفظ له، صحيح البخاري، الرقم 956، صحيح ابن حبان، الرقم 5997، سنن ابن ماجة، الرقم 3149، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4353.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3294.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3529، صحيح ابن حبان، الرقم 4649، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3458، مسند الطيالسي، الرقم 1341، مسند الروياني، الرقم 940، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1651، مستخرج أبي عوانة، الرقم 5770.

دەمارگیری خۆی یان دەمارگیری خۆی سەربخات ئەوە جەنگو کوژرانەکەی جەنگ و کوژرانی نەفامیە).

دوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لە کووفە سەقامگیر بوو، دواتر لەگەڵ موصعەبی کوڕی زوبەیردا چوو بۆ بەصرە.[1]

لە سەردەمی شۆڕشەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا جوندوب هەواڵی نارد بۆ لای عەسعەسی کوڕی سەلامەو وتی بڕێ لە براکانت کۆبکەرەوە بۆم تا قسەیان بۆ بکەم و فەرموودەیان بۆ بگێڕمەوە، کاتێك هاتن و قسە کرا جوندوب بەسەرهاتێکی گێڕایەوە بۆیان و وتی پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی سوپای موسڵمانانی نارد بۆ سەر بڕێ لە بێباوەڕەکان، کاتێك جەنگ روویدا یەکێك لە بێباوەرەکان دەچوو بۆ موسڵمانێك، موسڵمانێکیان بێئاگایی ئەو کەسەی قۆستەوەو هەڵیکوتایە سەری–ئەو هاوەڵە ئوسامەی کوڕی زەید بوو– شمشێری لێ هەڵکرد و کابراش وتی لا إله إلا الله، بەڵام ئەو کوشتی، کە موژدەبەر هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ئەوەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هاوەڵەی بانگ کرد و فەرمووی بۆچی کوشتت؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆری لە موسڵمانان دا و فلانەکەس و فلانەکەسی کوشت، – ناوی چەند هاوەڵێکی برد کە ئەو کابرا شەهیدی کردبوون– منیش هەڵمکوتایە سەری، کە شمشێرەکەی منی بینی وتی لا إله إلا الله، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئیتر کوشتت؟ وتی بەڵێ، فەرمووی (ئەی کە رۆژی دوایی هات چی دەکەیت بە لا إله إلا الله؟) ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە،

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 444.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەی کە ڕۆژی دوایی هات چی دەکەیت بە لا إله إلا الله ؟)، بەردەوام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو شتەی پێ دەفەرموو.[1]

جوندوبی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی عەمری کوڕی حوممەی دەوسیە،[2] کچێکی هەبوو بە ناوی ئوم ئەببان، یەکێك بوو لە هاوەڵانی بەشداربووی جەنگی ئەجنادەین، بەڵام هیچ فەرموودەیەکی لێوە نەگێردراوەتەوە.[3]

کاتێك جوندوب بەرەو شام کۆچی کرد ئوم ئەببانی کچی لای عومەری کوڕی خەططاب داناو پێی وت ئەگەر کەسێکی چاکت بەدیکرد بۆ کچەکەم ئەوا مارەی بکە لێی با تەنانەت مارەییەکەی قایشی نەعلەکەی بێت، ئەگەریش کەسی چاك نەهاتە داوای ئەوا لای خۆت بیهێڵەوە تا دەیگەیەنیتەوە بە هۆزەکەی، ئیتر ئوم ئەببان لای عومەر بوو و بە باوکی خۆی ناوی دەبرد تا ئەو کاتەی عومەر ئوم ئەببانی لە عوثمان مارە کرد، ئەوەبوو هەر لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا عەمری لێ بوو.[4]

جوندوب لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

1 - صحيح مسلم، الرقم 167، الإيمان لابن مندة، الرقم 62.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 445.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 510.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 510.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 445.

## جوندوبی کوڕی عەممار (رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی عەمماری کوڕی نوعەیمی کوڕی شەهابی طائیە، یەکێك بوو لە شاعیرە دیارەکان، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، دواتریش لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و لەو بارەشەوە شیعری هۆنیوەتەوە.[1]

## جوندوبی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی کەعبی کوڕی عەبدوڵای ئەزدی غامیدیە، بە جوندوبولخەیر ناسراوە،[2] ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە.[3]

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نامەیەکی نووسی بۆ ئەبووظبیانی ئەزدی کوڕی غامید و تیایدا خۆی و هۆزەکەی بانگ کرد بۆ ئیسلام، ئەوەبوو دەستەیەك لە هۆزەکەی چوون بەدەم بانگەوازەکەی پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه وسلم)، لەوانە موحنەف و عەبدوڵا و زوهەیر و عەبدشەمس، ئەمانە هاتن بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و لە مەککە چوونە خزمەتی، بەڵام جوندوبی کوڕی زوهەیر و جوندوبی کوڕی کەعب و حیجر لە مەدینە چوونە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 510.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 446.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 512.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 512.

جوندوب فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (حد الساحر ضربة بالسيف)،[1] (حەدد و سزای جادووگەر لەگەردن دانیەتی بە شمشێر).

کاتێك وەلیدی کوڕی عوقبە لە عێراق والی بوو، کەسێك لەلای بوو کە جادووی دەکرد، ئەو جادووگەرەش ناوی بوستانی بوو، بوستانی مرۆڤێکی هێنا و سەری بڕی و دواتر سەری لکاندەوە پێیەوە، خەڵکەکە سەرسام بوون بە کارەکەی، بۆ بەیانی جوندوب هاتەوە و شمشێری هەڵکێشاو ئەو جادووگەرەی کوشت، دواتر مەسەلەکە باس کرا بۆ عوثمانی کوڕی عەففان کە خەلیفەی موسڵمانان بوو، ئەویش پێی وت لە ئیسلامدا شمشێرێکت هەڵکردووە کە ئەگەر لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) نەبیستایە سەبارەت بە تۆ چی فەرموو ئەوا بە چاکترین شمشێری مەدینە دەمدا لە گەردنت.[2]

### جوندوبی کوڕی مەکیث(رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی مەکیثی کوڕی عەمری کوڕی جەرادی جوهەنیە، برایەکی هەبوو بە ناوی رافیع کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، جوندوب لە هاوەڵانی دانیشتووی مەدینە بوو.[3]

1 - سنن الترمذي، الرقم 1419، سنن الدارقطني، الرقم 2803، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15345، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1644، المستدرك على الصحيحين، الرقم 8145 صححه الذهبي و قال صحيح غريب، لكن ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 1460.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 512.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 447.

جوندوب لە حودەیبیە و بەیعەتی ڕیضواندا بەشداری کرد.[1]

جوندوب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵای کوڕی غالیبی لەیثی کردە بەرپرسی سریەیەك و منیش لە سریەکەدا بەشدار بووم، سریەکەی نارد و فەرمانی کرد هێرش ببەنە سەر بەنیلمولەوویح لە ناوچەی کەدید، ئەوەبوو چووین تا گەیشتینە ئەوێ، لەوێ گەیشتین بە حارثی کوڕی بەرصائی لەیثی، ئێمەش ئەومان گرت، حارث وتی من هاتوم تا موسڵمان بم و بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچووم، ئێمەش وتمان ئەگەر موسڵمان بیت ئەوە سەنگەرنشینی شەو و ڕۆژێکمان زیانت پێ ناگەیەنێت، ئەگەریش موسڵمان نەبیت ئەوا جوان دەتبەستینەوە، بۆیە جوان بەستمانەوە.[2]

هەروەها کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کورزی کوڕی جابیری فەهری کردە بەپرسی سریەیەك تا هێرش ببەنە سەر ناوچەی عرنین لەبەرئەوەی هێرشیان بردبووە سەر ڕانەوڵاخەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، جوندوبیش لەو سریەدا بەشداری کرد.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی هێرش بکاتە سەر مەککە، جوندوب و ڕافیعی نارد بۆ لای جوهەینەو فەرمانی کرد جوهەنیەکان ڕەمەزان لە مەدینە ئامادە بن،

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 346.

2 - سنن أبي داوود، الرقم 2317، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16874، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2504 و قال الحاكم صحيح على شرط مسلم و لم يخرجه، و وافقه الذهبي، لكن ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داوود، الرقم 2678.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 346.

هەروەها بۆ غەزای تەبووکیش دووبارە ئەو دوو برایەی نارد بۆ لای جوهەینە تا پێیان بڵێن خۆ ئامادە بکەن بۆ جیهاد و لە غەزای تەبووکدا بەشداری بکەن.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) جوندوبی کوڕی مەکیثی دانابوو بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی جوهەینە.[2]

جوندوب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی هاتنی وەفدەکاندا جوانترین و باشترین جلی خۆی دەپۆشی، فەرمانیشی دەکرد بە هاوەڵانی تا وا بکەن، جا ئەو رۆژەی وەفدی کیندە هات، من پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی جلێکی یەمانی لەبەردا بوو و ئەبووبەکر و عومەریش هەروایان کردبوو.[3]

## جوندوبی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی نوعمانەو لە ئەزدیەکانە، کونیەکەی ئەبووعەزیزە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[4]

جوندوب هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) کردی بە عەریفی هۆزەکەی خۆی.

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 346.

2 - أسد الغابة، ج1، ص 447.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 346، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1497.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 514.

جوندوب لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ شام و لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، خانووەکەشی ناسرابوو بە داروننەخلە، کە وەفاتیشی کرد هەر لەوێ خۆیشی و سەعیدی کوڕیشی ئەسپەردە کران.[1]

جوندوبی کوڕی ئەدلەع(رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی ئەدلەعەو لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو، بەڵام لەگەڵ حرراسی کوڕی ئومەییەدا کێشەیەکی کۆنی هەبوو، بۆیە حرراس جوندوبی کوشت.[2]

جوندوبی کوڕی ئەعجەم (رضي الله عنه)

ناوی جوندوبی کوڕی ئەعجەمە و لە ئەسلەمیەکانە، لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو و تیایدا ئاڵاهەڵگر بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵاکانی دابەش کرد دوو ئاڵای بەخشی بە ئەسلەمیەکان، ئاڵایەکیان بە بورەیدە بوو و ئەوی تریان بە جوندوبی کوڕی ئەعجەم بوو.[3]

جوهەیشی کوڕی ئوەیس(رضي الله عنه)

ناوی جوهەیشی کوڕی ئوەیسی نەخەعیە،[4] ئیبن سەعد دەڵێت ناوە ئەسڵیەکەی رەقەمە،[5] وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 514.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 506.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 506.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 455.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 346.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 455.

ئەبووهورەیرە دەڵێت جوهەیشی کوڕی ئوەیسی نەخەعی لەگەڵ دەستەیەك لە هاوەڵانی لە هۆزی مەذحیج هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[1] کە هاتنە خزمەتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشنیازی موسڵمانبوونی کرد بۆیان و ئەوانیش رازی بوون و بەیعەتیان پێدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرسام بوو بە هەڵکەوتەییان و فەرمووی ئایا لە هۆزەکەتاندا کەسی وەك خۆتان هەیە؟ ئەوانیش وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە لە هۆزەکەماندا حەفتا کەسمان هەیە کە هەموویان لە ئێمە باشترن، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد بۆ هەردووکیان و بۆ هۆزەکانیان و فەرمووی (خوایە بەرەکەت بخەرە ناو نەخەعەوە).[2]

جوهەیمی کوڕی صەلت (رضي الله عنه)

ناوی جوهەیمی کوڕی صەلتی کوڕی مەخرەمەیە،[3] دایکی ناوی روهەیمەیە، جوهەیم لە دایکیەوە برایەکی هەبوو بە ناوی جەهمی کوڕی قەیس کە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان بوو،[4] سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی راجیایی هەیە، رایەك دەڵێت لە فەتحی خەیبەردا موسڵمان بووەو لە دەستکەوتیشیدا پشکی هەبووەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) سی کۆڵ خواردنی پێدا، رایەکی تر دەڵێت لە شەڕی تەبووکدا پێغەمبەر (ﷺ) کە رێککەوتنی بەست لەگەڵ بەحنەی کوڕی روئبەدا، نووسەرەوەی

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1618، قال ابن الأثير (في إسناد حديثه نظر)، انظر: أسد الغابة، ج1، ص 455.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 346.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 524.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 122.

ڕێککەوتنەکە جوهەیم بوو، واتە لەو سوپایەدا بەشدار بووەو موسڵمان بووە، ڕایەکیش دەڵێت دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو.[1]

ئیبن ئەثیر پێی وایە موسڵمانبوونەکەی لە ساڵی فەتحی خەیبەردا بووە،[2] هەروەها ناوی جوهەیمی کوڕی صولەیتی لە لیستی ئەو ناوانەدا هێناوە کە نووسەرەوەی خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بون.[3]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەی نووسی بۆ یەزیدی کوڕی طوفەیل، نووسەرەوەی نامەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جوهەیم بوو.[4]

### جیبارەی کوڕی زوراره (رضي الله عنه)

ناوی جیبارەی کوڕی زورارەی بەلویە، هاوەڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردو دوای ئەویش ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، بەڵام هیچ فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) نەگێڕاوەتەوە.[5]

### جیدار (رضي الله عنه)

ناوی جیداری ئەسلەمیە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوەو دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزادا بووین، کە گەیشتین بە دوژمن پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و سوپاس و ستایشی خوای کرد، دواتر فەرمووی:(أيها الناس إنكم قد

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 524.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 455.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 80.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 268.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 389.

أصبحتم وعليكم من الله نعم...)،[1] (ئەی خەڵکینە ئێوە کە وا ڕۆژتان کردووەتەوە بەخششی خواتان بەسەرەوەیە...).

سەنەدی ئەم فەرموودەیە لاوازە وەك چۆن ئیبن حەجەر دەقی زانایانێکی لەو بارەوە هێناوە کە هەموویان بە لاوازیان داناوە.[2]

## جیسر (رضي الله عنه)

ناوی جیسری کوڕی وەهبی کوڕی سەلەمەی ئەزدیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی زەهران، جیسر دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (الخيل في نواصيها الخير إلى يوم القيامة)، (ئەسپ تا ڕۆژی دوایی خێر بە یاڵەکانیەوەیەتی)، ئیبن حەجەر دەڵێت ئەم سەنەدە مەجهوولە.[3]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 401-402.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 466.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 480.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بـاذام(رضي الله عنه) | 5 |
| باقوم (رضي الله عنه) | 5 |
| باقومی رۆمی (رضي الله عنه) | 5 |
| بەحیرای راهیب(رضي الله عنه) | 8 |
| بەحیری ئەنماری(رضي الله عنه) | 10 |
| بەدر ئەبووعەبدولاّ (رضي الله عنه) | 11 |
| بەدری کوڕی عەبدولاّ (رضي الله عنه) | 11 |
| بەدری کوڕی عەبدولاّی موزەنی(رضي الله عنه) | 12 |
| بەدری کوڕی عەبدولاّ (رضي الله عنه) | 12 |
| بەرائی کوڕی عازب (رضي الله عنه) | 13 |
| بەرائی کوڕی حەزم(رضي الله عنه) | 21 |
| بەرائی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 22 |
| بەرائی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 22 |
| بەرائی کوڕی مەعرور(رضي الله عنه) | 27 |

| | |
|---|---|
| بەرائی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 33 |
| بەرذەعی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 34 |
| بەرذەعی کوڕی زەیدی جذامی(رضي الله عنه) | 34 |
| بەری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 35 |
| بەرەکەی حەبەشی | 37 |
| بەرەکەی کچی یەسار | 37 |
| بەرزەی کچی مەسعوود | 38 |
| بەریرەی خزمەتکار | 38 |
| بەسبەسی جوهەنی(رضي الله عنه) | 39 |
| بەشیری ثەقەفی(رضي الله عنه) | 40 |
| بەشیری حارثی (رضي الله عنه) | 40 |
| بەشیری کوڕی جابر(رضي الله عنه) | 41 |
| بەشیری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 42 |
| بەشیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 42 |
| بەشیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 47 |
| بەشیری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 47 |

| | |
|---|---|
| بەشیری کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه) | 48 |
| بەشیری کوڕی عەتیك (رضي الله عنه) | 54 |
| بەشیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 55 |
| بەشیری کوڕی عەنبەس (رضي الله عنه) | 55 |
| بەشیری کوڕی عورفوطە (رضي الله عنه) | 56 |
| بەشیری کوڕی مەعبەد (رضي الله عنه) | 56 |
| بەشیری کوڕی موعاویە (رضي الله عنه) | 57 |
| بەشیری کوڕی نەذیر (رضي الله عنه) | 58 |
| بەشیری کوڕی نەهھاس (رضي الله عنه) | 64 |
| بەشیری کوڕی ئەبی زەید (رضي الله عنه) | 64 |
| بەشیری کوڕی ئەبی زەید (رضي الله عنه) | 65 |
| بەشیری کوڕی یەزید (رضي الله عنه) | 65 |
| بەشیری کوڕی ئەککال (رضي الله عنه) | 66 |
| بەشیری کوڕی ئەنەس (رضي الله عنه) | 67 |
| بەشیری ئەنصاری (رضي الله عنه) | 67 |
| بەصرەی کوڕی ئەبوو بەصرە (رضي الله عنه) | 68 |

| | |
|---|---|
| 69 | بەصرەی کوڕی ئەکثەم(رضي الله عنه) |
| 70 | بەعجەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) |
| 70 | بوغووم(رضي الله عنها) |
| 71 | بەغیضی کوڕی حەبیب(رضي الله عنه) |
| 71 | بەکری کوڕی حارث(رضي الله عنه) |
| 71 | بەکری کوڕی عەبدولاّ (رضي الله عنه) |
| 72 | بەکری کوڕی موبەشیر(رضي الله عنه) |
| 72 | بەکری کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) |
| 74 | بەکری کوڕی جەبلە(رضي الله عنه) |
| 75 | بەکری کوڕی حارثە(رضي الله عنه) |
| 75 | بەکری کوڕی حەبیب(رضي الله عنه) |
| 76 | بەکری کوڕی شودداخ(رضي الله عنه) |
| 78 | بەننەی جوهەنی(رضي الله عنه) |
| 78 | بەهزاد (رضي الله عنه) |
| 79 | بەهزی قوشەیری(رضي الله عنه) |
| 79 | بەولا (رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| بەیحەرەی کوڕی عامر(رضي الله عنه) | 80 |
| برتای کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 80 |
| بقیلەی ئەشجەعی(رضي الله عنه) | 81 |
| بلیحی کوڕی مەخشی(رضي الله عنه) | 81 |
| بوجەیری خوزاعی(رضي الله عنه) | 82 |
| بوجەیری ثەقەفی(رضي الله عنه) | 82 |
| بوجەیری کوڕی زوهەیر(رضي الله عنه) | 82 |
| بوجەیری کوڕی ئەبوبوجەیر(رضي الله عنه) | 84 |
| بوححاثی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 84 |
| بوحری کوڕی ضوبوع(رضي الله عنه) | 85 |
| بوحەینە | 85 |
| بوسرەی کچی صەفوان | 85 |
| بوشەیرە(رضي الله عنها) | 86 |
| بوثەینەی کچی نوعمان(رضي الله عنها) | 86 |
| بوشەیرەی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 86 |
| بوشەیرەی کچی نوعمان(رضي الله عنها) | 86 |

| | |
|---|---|
| بوقەیرە(رضي الله عنها) | 86 |
| بودەیل (رضي الله عنه) | 87 |
| بودەیل (رضي الله عنه) | 87 |
| بودەیلی کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 87 |
| بودەیلی کوڕی عەمری خەطەمی(رضي الله عنه) | 88 |
| بودەیلی کوڕی کولثوم(رضي الله عنه) | 89 |
| بودەیلی کوڕی وەرقاء(رضي الله عنه) | 89 |
| بورەیدەی کوڕی حوصەیب(رضي الله عنه) | 92 |
| بورەیدی ئەسلەمی(رضي الله عنه) | 102 |
| بورز(رضي الله عنه) | 102 |
| بورزی باوکی ئەبولعشرا(رضي الله عنه) | 102 |
| بوسری کوڕی جیحاش(رضي الله عنه) | 103 |
| بوسری کوڕی سوفیان(رضي الله عنه) | 104 |
| بوسری کوڕی سولەیمان(رضي الله عنه) | 106 |
| بوسری کوڕی عەبدورەحمان(رضي الله عنه) | 106 |
| بوسری کوڕی عصمە(رضي الله عنه) | 106 |

| | |
|---|---|
| بوسری کوڕی ئەبووبوسر (رضي الله عنه) | 107 |
| بوهەیری حارثی (رضي الله عنه) | 108 |
| بوهەیسی کوڕی سەلما (رضي الله عنه) | 108 |
| بوهلوولی کوڕی ذوئەیب (رضي الله عنه) | 108 |
| بیرحی کوڕی عوسکر (رضي الله عنه) | 109 |
| بیشری سولەمی (رضي الله عنه) | 110 |
| بیشری کوڕی بەراء (رضي الله عنه) | 111 |
| بیشری کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 116 |
| بیشری کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 116 |
| بیشری کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 117 |
| بیشری کوڕی حەنظەلە (رضي الله عنه) | 117 |
| بیشری کوڕی راعیلعیر (رضي الله عنه) | 120 |
| بیشری کوڕی سوحەیم (رضي الله عنه) | 123 |
| بیشری کوڕی سوفیان (رضي الله عنه) | 124 |
| بیشری کوڕی عاصم (رضي الله عنه) | 125 |
| بیشری کوڕی عەبد (رضي الله عنه) | 126 |

| | |
|---|---|
| بیشری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 127 |
| بیشری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 127 |
| بیشری کوڕی عورفوطە (رضي الله عنه) | 128 |
| بیشری کوڕی عیصمە (رضي الله عنه) | 128 |
| بیشری کوڕی عیصمە (رضي الله عنه) | 129 |
| بیشری کوڕی عەقرەبە (رضي الله عنه) | 130 |
| بیشری کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 132 |
| بیشری کوڕی قودامە (رضي الله عنه) | 134 |
| بیشری کوڕی موحتەفەز (رضي الله عنه) | 135 |
| بیشری کوڕی موعاویە (رضي الله عنه) | 135 |
| بیشری کوڕی موعەلا (رضي الله عنه) | 137 |
| بیشری کوڕی هەجەننەع (رضي الله عنه) | 138 |
| بیشری ئەسەدی (رضي الله عنه) | 138 |
| بیلالی کوڕی رەباح (رضي الله عنه) | 139 |
| بیلالی کوڕی حارث (رضي الله عنه) | 156 |
| بیلالی کوڕی ئوحەیحە (رضي الله عنه) | 157 |

| | |
|---|---|
| بیلز(﵁) | 158 |
| پیتی (ت) | 159 |
| تەلیبی کوڕی ثەعلەبە(﵁) | 161 |
| تەمامی حەبەشی(﵁) | 162 |
| تەمامی کوڕی عوبەیدە(﵁) | 164 |
| تەمیمی کوڕی بیشر(﵁) | 164 |
| تەمیمی کوڕی جەراشە | 165 |
| تەمیمی کوڕی حارث(﵁) | 166 |
| تەمیمی کوڕی حوجر(﵁) | 167 |
| تەمیمی کوڕی رەبیعە(﵁) | 167 |
| تەمیمی کوڕی زەید(﵁) | 167 |
| تەمیمی کوڕی سەعد(﵁) | 168 |
| تەمیمی کوڕی عەبدعەمر(﵁) | 168 |
| تەمیمی کوڕی مەعبەد(﵁) | 169 |
| تەمیمی کوڕی یەزید(﵁) | 170 |
| تەمیمی کوڕی ئەسید(﵁) | 170 |

| | |
|---|---|
| تەمیمی کوڕی ئەسید(رضي الله عنه) | 173 |
| تەمیمی کوڕی یەعار(رضي الله عنه) | 174 |
| تەمیمی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 174 |
| تەمیمی مەولای بەنی غەنەم(رضي الله عنه) | 184 |
| تەمیمی مەولای خراش(رضي الله عنه) | 185 |
| تەماضوری کچی ئەصبەغ(رضي الله عنها) | 185 |
| تەمیمەی کچی ئەبی سوفیان | 185 |
| توەیله(رضي الله عنها) | 186 |
| تەوئەم ئەبوودوخان(رضي الله عنه) | 186 |
| تەیهان(رضي الله عنه) | 186 |
| پیتی (ث) | 187 |
| ثابتی حەجبی(رضي الله عنه) | 189 |
| ثابتی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 189 |
| ثابتی کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 189 |
| ثابتی کوڕی خەنساء(رضي الله عنه) | 190 |
| ثابتی کوڕی دەحداح(رضي الله عنه) | 190 |

| | |
|---|---|
| ثابتی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) | 192 |
| ثابتی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 193 |
| ثابتی کوڕی روەیفع(رضي الله عنه) | 194 |
| ثابتی کوڕی ریفاعە(رضي الله عنه) | 194 |
| ثابتی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 195 |
| ثابتی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 195 |
| ثابتی کوڕی سوفیان(رضي الله عنه) | 195 |
| ثابتی کوڕی صامت(رضي الله عنه) | 196 |
| ثابتی کوڕی صوهەیب(رضي الله عنه) | 196 |
| ثابتی کوڕی ضحاك(رضي الله عنه) | 196 |
| ثابتی کوڕی ضحاك(رضي الله عنه) | 197 |
| ثابتی کوڕی ئەثلە(رضي الله عنه) | 197 |
| ثابتی کوڕی جذع(رضي الله عنه) | 198 |
| ثابتی کوڕی عەتیك(رضي الله عنه) | 198 |
| ثابتی کوڕی عەدی(رضي الله عنه) | 198 |
| ثابتی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 199 |

| | |
|---|---|
| ثابتی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 199 |
| ثابتی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 200 |
| ثابتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس(رضي الله عنه) | 202 |
| ثابتی کوڕی موخەللەد (رضي الله عنه) | 209 |
| ثابتی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 209 |
| ثابتی کوڕی نوعمانی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 210 |
| ثابتی کوڕی نوعمانی ئەوسی(رضي الله عنه) | 210 |
| ثابتی کوڕی هەززال(رضي الله عنه) | 210 |
| ثابتی کوڕی وەدیعە(رضي الله عنه) | 211 |
| ثابتی کوڕی یەسار(رضي الله عنه) | 211 |
| ثابتی مەولای ئەخنەس(رضي الله عنه) | 211 |
| ثابتی کوڕی ئەقرەم(رضي الله عنه) | 211 |
| ثابتی کوڕی ئیثلە(رضي الله عنه) | 214 |
| ثەروانی کوڕی فەزارە | 215 |
| ثەعلەبەی کوڕی حاطب(رضي الله عنه) | 215 |
| ثەعلەبەی کوڕی حاطب(رضي الله عنه) | 216 |

| | |
|---|---|
| ثەعلەبەی کوڕی حەکەم(رضي الله عنه) | 219 |
| ثەعلەبەی کوڕی خیدام(رضي الله عنه) | 220 |
| ثەعلەبەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 221 |
| ثەعلەبەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 222 |
| ثەعلەبەی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه) | 222 |
| ثەعلەبەی کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 222 |
| ثەعلەبەی کوڕی سەعیە(رضي الله عنه) | 223 |
| ثەعلەبەی کوڕی سەلام(رضي الله عنه) | 224 |
| ثەعلەبەی کوڕی سوەید(رضي الله عنه) | 225 |
| ثەعلەبەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 225 |
| ثەعلەبەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 225 |
| ثەعلەبەی کوڕی عەنمە(رضي الله عنه) | 226 |
| ثەعلەبەی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه) | 227 |
| ثەعلەبەی کوڕی وەدیعە (رضي الله عنه) | 227 |
| ثەعلەبەی کوڕی ئەبووبەلتەعە(رضي الله عنه) | 229 |
| ثەعلەبەی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 229 |

| | |
|---|---|
| ثەقافی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 229 |
| ثەقبی کوڕی فەروە(رضي الله عنه) | 230 |
| ثەقفی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 230 |
| ثەوب(رضي الله عنه) | 231 |
| ثەوبان(رضي الله عنه) | 231 |
| ثەوبانی مەولای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) | 231 |
| ثەوبانی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 235 |
| ثەوری کوڕی عزرە(رضي الله عنه) | 235 |
| ثەوری کوڕی میعەن(رضي الله عنه) | 236 |
| ثەوری سولەمی(رضي الله عنه) | 236 |
| ثوبەیتە(رضي الله عنها) | 236 |
| ثوبەیتەی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 236 |
| ثوبەیتەی کچی نوعمان(رضي الله عنها) | 237 |
| ثومامەی کوڕی عەددی(رضي الله عنه) | 237 |
| ثومامەی کوڕی ئەبو ثومامە(رضي الله عنه) | 237 |
| ثومامەی کوڕی ئوثال(رضي الله عنه) | 238 |

| | |
|---|---|
| پیتی (ج) | 243 |
| جابانی باوکی مەیموون(رضي الله عنه) | 245 |
| جابیری کوڕی سەمورە(رضي الله عنه) | 249 |
| جابیری کوڕی صەخر(رضي الله عنه) | 252 |
| جابیری کوڕی طاریق(رضي الله عنه) | 253 |
| جابیری کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 254 |
| جابیری کوڕی حابیس(رضي الله عنه) | 254 |
| جابیری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 255 |
| جابیری کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 255 |
| جابیری کوڕی سوفیان(رضي الله عنه) | 256 |
| جابیری کوڕی ظالیم(رضي الله عنه) | 257 |
| جابیری کوڕی عەبدولاّی عەبدی(رضي الله عنه) | 257 |
| جابیری کوڕی عەبدولاّی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه) | 259 |
| جابیری کوڕی عەبدولاّی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 262 |
| جابیری کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) | 281 |
| جابیری کوڕی یاسر(رضي الله عنه) | 281 |

| | |
|---|---|
| جابیری کوڕی ئەرزەق(رضي الله عنه) | 282 |
| جابیری کوڕی ئوسامە(رضي الله عنه) | 283 |
| جابیری کوڕی شەیبان(رضي الله عنه) | 284 |
| جابیری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 284 |
| جابیری کوڕی عەبدوڵای راسی(رضي الله عنه) | 285 |
| جابیری کوڕی عەتیکی سولەمی(رضي الله عنه) | 286 |
| جابیری کوڕی عەتیکی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 286 |
| جابیری کوڕی عەتیکی ئەوسی(رضي الله عنه) | 286 |
| جابیری کوڕی ئەبی سەبرە(رضي الله عنه) | 289 |
| جابیری کوڕی ئەبی صەعصەعە(رضي الله عنه) | 290 |
| جاروودی کوڕی مونذیر(رضي الله عنه) | 291 |
| جاروودی کوڕی موعەللا (رضي الله عنه) | 292 |
| جاریەی کوڕی ظوفەر(رضي الله عنه) | 296 |
| جاریەی کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 297 |
| جاریەی کوڕی حومەیل(رضي الله عنه) | 297 |
| جاریەی کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 297 |

| | |
|---|---|
| جاریەی کوڕی عەبدوڵای ئەشجەعی (رضي الله عنه) | 298 |
| جاریەی کوڕی عەبدولمونذیر (رضي الله عنه) | 298 |
| جاریەی کوڕی قودامە (رضي الله عنه) | 299 |
| جاهیمەی کوڕی عەبباس (رضي الله عنه) | 302 |
| جەبباری ثەعلەبی (رضي الله عنه) | 305 |
| جەبباری کوڕی حەکەم (رضي الله عنه) | 305 |
| جەبباری کوڕی سولما (رضي الله عنه) | 306 |
| جەبباری کوڕی صەخر (رضي الله عنه) | 307 |
| جەبەلەی کوڕی ثەور (رضي الله عنه) | 310 |
| جەبەلەی کوڕی حارثە (رضي الله عنه) | 310 |
| جەبەلەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 312 |
| جەبەلەی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 313 |
| جەبەلەی کوڕی ئەبووکەریب (رضي الله عنه) | 314 |
| جەبەلەی کوڕی ئەزرەق (رضي الله عنه) | 314 |
| جەبەلی کوڕی جەووال (رضي الله عنه) | 314 |
| جەبر (رضي الله عنه) | 315 |

| | |
|---|---|
| جەبری کوڕی عەبدوڵا (رضي الله عنه) | 315 |
| جەبری کوڕی ئەنەس(رضي الله عنه) | 316 |
| جەبری کیندی(رضي الله عنه) | 316 |
| جەبری ئەعرابی(رضي الله عنه) | 316 |
| جەثامە(رضي الله عنها) | 317 |
| جەثامەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 318 |
| جەثامەی کوڕی موساحیق(رضي الله عنه) | 319 |
| جەحدەم(رضي الله عنه) | 319 |
| جەحدەمی کوڕی فەضالە(رضي الله عنه) | 320 |
| جەحشی کوڕی ریئاب(رضي الله عنه) | 320 |
| جەذعی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 321 |
| جەراحی ئەشجەعی(رضي الله عنه) | 321 |
| جەربائی کچی قەسامە(رضي الله عنها) | 322 |
| جەرهەدی کوڕی خوەیلید(رضي الله عنه) | 322 |
| جەروەلی کوڕی عەبباس(رضي الله عنه) | 324 |
| جەروەلی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 324 |

| | |
|---|---|
| جەروی سەدووسی(رضي الله عنه) | 324 |
| جەروی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 324 |
| جەروی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 325 |
| جەریری کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 325 |
| جەریری کوڕی ئەرقەط(رضي الله عنه) | 334 |
| جەریری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 334 |
| جەزء(رضي الله عنه) | 335 |
| جەزی(رضي الله عنه) | 336 |
| جەزئی کوڕی حیدریجان(رضي الله عنه) | 336 |
| جەزئی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 338 |
| جەزئی کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) | 338 |
| جەعدە(رضي الله عنه) | 338 |
| جەعدەی کچی عوبەید(رضي الله عنها) | 338 |
| جەعدەی کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 339 |
| جەعدەی کوڕی هانیء(رضي الله عنه) | 340 |
| جەعدەی کوڕی هوبەیرە(رضي الله عنه) | 340 |

| | |
|---|---|
| جەعفەری کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه) | 341 |
| جەعفەری کوڕی ئەبووسوفیان (رضي الله عنه) | 341 |
| جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب (رضي الله عنه) | 341 |
| جەعفەری کوڕی یەزید (رضي الله عنه) | 357 |
| جەمرەی کچی عەبدوڵا (رضي الله عنها) | 357 |
| جەمرەی کچی قوحافە (رضي الله عنها) | 358 |
| جەمرەی کچی نوعمان (رضي الله عنها) | 359 |
| جەمرەی کوڕی عەوف (رضي الله عنه) | 359 |
| جەمرەی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه) | 359 |
| جەمووحی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 360 |
| جەمیعی کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه) | 360 |
| جەمیلەی کچی زەید (رضي الله عنها) | 361 |
| جەمیلەی کچی سەعد (رضي الله عنها) | 361 |
| جەمیلەی کچی سینان (رضي الله عنها) | 361 |
| جەمیلەی کچی صەیفی (رضي الله عنها) | 362 |
| جەمیلەی کچی عەبدوڵا (رضي الله عنها) | 362 |

| | |
|---|---|
| جەمیلەی کچی عەبدولعوززا(رضي الله عنها) | 362 |
| جەمیلەی کچی عەمر(رضي الله عنها) | 362 |
| جەمیلەی کچی ئەبولئەفلەح(رضي الله عنها) | 363 |
| جەمیلەی کچی ئەبووجەهل(رضي الله عنها) | 363 |
| جەمیلەی کچی ئوبەی(رضي الله عنها) | 364 |
| جەمیلی کوڕی مەعمەر(رضي الله عنه) | 365 |
| جەمیلی کوڕی ردام(رضي الله عنه) | 368 |
| جەمیلی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 368 |
| جەنابی کەلبی(رضي الله عنه) | 368 |
| جەنابی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 369 |
| جەنادەی کوڕی تەمیم(رضي الله عنه) | 369 |
| جەنادەی کوڕی ئەبی نەقبە(رضي الله عنه) | 369 |
| جەنادیحی کوڕی مەیموون(رضي الله عنه) | 370 |
| جەندەعی کوڕی ضەمرە(رضي الله عنه) | 370 |
| جەندەعی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 371 |
| جەندەلی کوڕی نەضلە(رضي الله عنه) | 371 |

| | |
|---|---|
| جەهبەلی کوڕی سەیف(رضي الله عنه) | 372 |
| جەهجاهی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 372 |
| جەهدەمە(رضي الله عنها) | 376 |
| جەهر(رضي الله عنه) | 376 |
| جەهمی کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 377 |
| جەهمی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 377 |
| جەهمی کوڕی قوثەم(رضي الله عنه) | 378 |
| جرمووزی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 378 |
| جوبەیبی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 379 |
| جوبەیری کوڕی حوباب(رضي الله عنه) | 380 |
| جوبەیری کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 380 |
| جوبەیری کوڕی موطعیم(رضي الله عنه) | 380 |
| جوبەیری کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه) | 386 |
| جوبەیری کوڕی ئیاس(رضي الله عنه) | 387 |
| جوەیریەی عەصری(رضي الله عنه) | 388 |
| جوەیریەی کچی حارث(رضي الله عنها) | 388 |

| | |
|---|---|
| جوەیریەی کچی ئەبووجەهل(رضي الله عنها) | 392 |
| جوەینی کوڕی نابیغە(رضي الله عنه) | 393 |
| جودەی کوڕی موررە(رضي الله عنه) | 393 |
| جودەیع | 393 |
| جودەیعی کوڕی نوذەیر(رضي الله عنه) | 394 |
| جودەیمەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 394 |
| جوذامەی کچی جەندەل(رضي الله عنها) | 394 |
| جورەیجی ئیسرائیلی(رضي الله عنه) | 395 |
| جوعالی حەبەشی(رضي الله عنه) | 395 |
| جوعالی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه) | 396 |
| جوعشەموخەیر(رضي الله عنه) | 402 |
| جولاسی کوڕی صولەیت(رضي الله عنه) | 403 |
| جولاسی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 403 |
| جولەیحەی کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه) | 404 |
| جوللاسی کوڕی سوەید(رضي الله عنه) | 404 |
| جومانەی کچی حەسەن(رضي الله عنها) | 405 |

| | |
|---|---|
| جومانه‌ی کچی ئه‌بووتالیب(رضي الله عنها) | 405 |
| جومه‌یلی کچی یه‌سار(رضي الله عنها) | 405 |
| جومه‌یمه‌ی کچی حومام(رضي الله عنها) | 406 |
| جوناده(رضي الله عنه) | 406 |
| جونبوذی کوڕی سه‌بع(رضي الله عنه) | 407 |
| جوندوب(رضي الله عنه) | 408 |
| جوندوبی کوڕی جوناده(رضي الله عنه) (ئه‌بووذه‌ری غیفاری) | 408 |
| جوندوبی کوڕی عه‌بدوڵای به‌جلی(رضي الله عنه) | 430 |
| جوندوبی کوڕی عه‌مر(رضي الله عنه) | 433 |
| جوندوبی کوڕی عه‌ممار(رضي الله عنه) | 434 |
| جوندوبی کوڕی که‌عب(رضي الله عنه) | 434 |
| جوندوبی کوڕی مه‌کیث(رضي الله عنه) | 435 |
| جوندوبی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 437 |
| جوندوبی کوڕی ئه‌دله‌ع(رضي الله عنه) | 438 |
| جوندوبی کوڕی ئه‌عجه‌م(رضي الله عنه) | 438 |
| جوهه‌یشی کوڕی ئوه‌یس(رضي الله عنه) | 438 |

| | |
|---|---|
| جوهەیمی کوڕی صەلت(رضي الله عنه) | 439 |
| جیبارەی کوڕی زورارە(رضي الله عنه) | 440 |
| جیدار(رضي الله عنه) | 440 |
| جیسر(رضي الله عنه) | 441 |